حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

## قۆناغی بنەڕەتی
## پۆلی نۆیەم




حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان



# بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

## قۆناغی بنەڕەتی
## پۆلی نۆیەم





٩

چاپی شانزەهەم ٢٠٢٢ زاینی ٢٧٢٢ کوردی ١٤٤٣ کۆچی

## ئامادەکردنی

لیژنەیەکی هاوبەش لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە

### پێداچوونەوەی زانستی و بژارکردنی

**بەشی مێژوو**

عمر علی شریف - ئاکۆ صابر عبداللە - عبید خضر فتح اللە

**بەشی جوگرافیا**

ویسی صالح حمدامین - محمد عبداللە اسماعیل - کاوە جواد عمر

### سەرپەرشتی زانستی چاپ

شەوبۆ عبدالکریم حمدامین  -  کاوە جواد عمر

### پێداچونەوەی نەخشەکان

سردار محمد عبدالرحمن

### پێداچونەوەی زمانەوانی

صادق احمد عثمان

### ئامادەکردنی چالاکییەکان

جمال عمر عبداللە - بۆتان کریم عبداللە

### نەخشەسازی ناوەڕۆک  و سەرپەرشتی هونەری چاپ

خالد سلیم محمود

### بەرگ

ڕەوەند سعید صابر

## پێشەکی

مامۆستای بەڕێز کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دوو بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، ئەویش بەشی مێژوو و بەشی جوگرافیایە، ئەمساڵ پێداچوونەوەی زانستی و بژارکردن و شێوازی دیزاین و دارشتنەوەی گۆڕانکاری تێدا کراوە، هەر بەشەش بەسەر چەند بەند و وانەیەك دابەشکراوە بەپێی پێوەرەکانی زانستی نوێی فێربوون، بەگوێرەی وانەکان چالاکی ناوپۆل و هەڵسەنگاندن و زانیاری و چالاکی ماڵەوەی بۆ دانراوە، بۆ ئەوەی قوتابی ئەو بابەتەی دەیخوێنێت فێری بێت و پرسیاری لەلا دروست ببێت، تاکو بتوانێت بابەتەکە هەڵبسەنگێنێت.

بەشێك لە پرسیارەکان پێویستی بە گەڕان و بەدواداچوون هەیە لە سەرچاوەی دیکەی زانیارییەکان، بۆیە پێویستە مامۆستای بەڕێز ڕەچاوی ئەو چالاکیانە بکات کە بۆ ئەم کتێبە دانراون، بەشێوەیەك کە قوتابی تەوەری سەرەکی فێرکردن بێت، مامۆستاش ئاراستەکار و ڕێنیشاندەر بێت.

ئێوەی بەڕێزیش لە ڕێگەی سەرنج و تێبینی و پێشنیازەکانتان دەتوانن بۆ چاپی داهاتوو کتێبەکە زیاتر دەوڵەمەند بکەن.

**لیژنەی پێداچونەوە**

## ناوەڕۆك بەشی مێژوو


| بەندەکان | وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| یەکەم/ کوردستان لە سەردەمی مەغۆل (ئێلخانی و جە لائیری) | یەکەم | مەغۆلەکان | ١٢ |
| | دووەم | ڕاپەڕینی کورد دژ بە مەغۆل | ١٦ |
| | سێیەم | دەسەڵاتداریێتی سیاسی کوردی لە سەردەمی مەغۆل (ئێلخانی و جەلائیری) | ٢٠ |
| بەندی دووەم/ کوردستان لە ململانێی عوسمانی و ئێرانییدا | یەکەم | پێنجەم کوردستان لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەمدا | ٢٦ |
| | دووەم | دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی | ٢٨ |
| | سێیەم | کوردستان لە دوای شەڕی چاڵدێران | ٣٠ |
| | چوارەم | ڕێکەوتننامەی کوردی- عوسمانی | ٣٢ |
| | پێنجەم | سیاسەتی عوسمانییەکان بەرامبەر بە کورد | ٣٤ |
| بەندی سێیەم/ کوردستان لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکان | یەکەم | کورتەیەك دەربارەی مێژووی هەندێك لە میرنشینە کوردییەکان | ٣٨ |
| | دووەم | میرنشینی بادینان | ٤٢ |
| | سێیەم | میرنشینی بابان | ٤٨ |
| بەندی چوارەم/ کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانی و ئێرانیدا | یەکەم | بارودۆخی کوردستان دوای ڕووخانی میرنشینەکان | ٥٢ |
| | دووەم | سەرهەڵدانی بزاڤی نەتەوایەتی کورد | ٥٤ |
| | سێیەم | کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا | ٥٨ |
| | چوارەم | کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان | ٦٠ |
| بەندی پێنجەم / کوردستان لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی | یەکەم | جەنگی یەکەمی جیهان ١٩١٤_١٩١٨ | ٦٦ |
| | | پەیمانی سیڤەر ١٠ ئابی ١٩٢٠ ز | ٧٢ |
| | دووەم | چۆن ولایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) لکێندرا بە | ٧٦ |
| | سێیەم | دەوڵەتی عێراق؟ | ٨٠ |
| | چوارەم | پەیمانی سەعد ئاباد ساڵی ١٩٣٧ ز | |
| بەندی شەشەم/ کوردستان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی تا ساڵی ١٩٥٨ | یەکەم | چوارەم جەنگی دووەمی جیهانی | ٨٤ |
| | دووەم | کۆماری کوردستان و کاریگەری بەسەر ڕەوشی سیاسی کوردستان | ٨٦ |
| | سێیەم | دامەزراندنی کۆماری کوردستان مەهاباد | ٨٨ |
| | چوارەم | هۆیەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان | ٩١ |
| بەندی حەوتەم/ باشووری کوردستان دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ | یەکەم | حەوتەم شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ | ٩٦ |
| | دووەم | کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ | ١٠٠ |
| | سێیەم | ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ | ١٠٢ |
| | چوارەم | ڕێکەوتننامەی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول | ١٠٦ |
| | پێنجەم | هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ | ١١٠ |
| | شەشەم | ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ | ١١٢ |
| | حەوتەم | ڕیفراندۆم | ١١٨ |

## ناوەرۆك بەشی جوگرافیا


| بەندەكان | وانە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| یەكـەم/ جوگرافیـای ولاتـی عێـراق | یەكەم | ڕووبەرو هەڵكەوتەی عێراق ،پێكهاتەی ڕووی زەوی | ١٢٤ |
| | دووەم | ئاووهەوای عێراق | ١٣١ |
| | سێیەم | دەرامەتی ئاو لەعێراق | ١٣٤ |
| | چوارەم | خاكی عێراق | ١٣٦ |
| | پێنجەم | ڕووەكی سروشتی | ١٣٨ |
| بەندی دووەم/ چالاكی ئابووری | یەكەم | كشتوكاڵ | ١٤٢ |
| | دووەم | بەرهەمی ئاژەڵی | ١٤٦ |
| | سێیەم | پیشەسازی | ١٥١ |
| | چوارەم | دەرهێنانی كانزا | ١٥٥ |
| | پێنجەم | ڕێگاكانی هاتوچۆ وبازرگانی | ١٥٩ |
| | شەشەم | دانیشتوان | ١٦٥ |
| بەنـدی سـێیەم/ جوگرافییـای سروشـتی هەرێمـی كوردسـتان | یەكەم | چەمكی هەرێمی كوردستان، شوێنی جوگرافی | ١٧٤ |
| | دووەم | بەرزونزمی ڕووی زەوی | ١٧٧ |
| | سێیەم | ئاووهەوا | ١٨٥ |
| | چوارەم | هەرێمەكانی ئاووهەوای هەرێمی كوردستان | ١٩٦ |
| | پێنجەم | خاكی هەرێم | ١٩٧ |
| | شەشەم | ڕووەكی سروشتی | ١٩٩ |
| بەنـدی چـوارەم/ دەرامەتـی ئـاو | یەكەم | دەرامەتی ئاو | ٢٠٦ |
| | دووەم | بەست و بەنداوەكان | ٢١٣ |
| | سێیەم | سامانی كانزا | ٢١٨ |
| | چوارەم | نەوت | ٢٢١ |
| بەنـدی پێنجـەم / جوگرافیـای مرۆیـی هەریمـی كوردسـتان | یەكەم | دانیشتوان، پێكهاتەی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان | ٢٢٦ |
| | دووەم | پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان | ٢٣٥ |
| | سێیەم | كشتوكاڵ و سامانی ئاژەڵ | ٢٤٢ |
| | چوارەم | سەیران و گەشت وگوزار | ٢٥١ |
| | پێنجەم | گواستنەوە و هاتووچۆ | ٢٥٦ |

## پلانی ساڵانه

بەگوێرەی هەردوو وەرزەکە، وەرزی یەکەم بابەتی (مێژوو) و وەرزی دووەم بابەتی (جوگرافیا) دەخوێندرێت، بەند و وانەکان بەپێی ساڵنامەی خوێندن، دابەشی سەر مانگەکانی ساڵی خوێندن دەکرێت و هەر مانگێك بەپێی خشتەی بەشەوانەی هەفتانە دابەشی سەر هەفتەکان دەکرێت.

## پلانی رۆژانه

## هەنگاوەکانی نموونەی پلانێکی رۆژانه

قۆناغ:

ڕێکەوت:

ناونیشان:

دەستپێك:

ئامانجی تایبەت:

هۆیەکانی فێرکردن:

خستنەڕووی ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوە:

هەڵسەنگاندن:

پوختەی وانە:

چالاکی ماڵەوە:

# نموونەی پلانی ڕۆژانەی بابەتی مێژوو

قۆناغ: نۆیەم
ڕێکەوت:

بابەت: مێژوو
پۆل:

وانەی:

ناونیشان: **میرنشینە کوردییەکان**

دەستپێك: مامۆستا ئازادە لە بەکارهێنانی هەر شێوازێك بۆ ئامادەکردنی قوتابیان پێش ئەوەی بچێتە ناو بابەتی وانەکە.

١_ ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو ٢_ بەستنەوەی بابەتی پێشوو بە بابەتی نوێ ٣_ خستنەڕووی بابەتی وانەکە.

## ئامانجی تایبەت:

١_ هەڵسەنگاندن بۆ میرنشینی ئەردەلان و بۆتان بکات.
٢_ میری میرنشینەکان بناسێت.
٣_ شیکردنەوە بۆ ڕۆڵ و کار و دەسەڵاتی میرەکان بکات.

## هۆیەکانی فێرکردن:

قەلەمی ڕەنگاوڕەنگ (ماجیك).
تەختەی سپی (وایت بۆرد).
کاغەزی A٤
دروستکردنی خشتە بۆ لێکچوون و جیاوازیکردن.
بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی دیکە لە کرداری فێرکردن پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت.

## پێشەکی:

_ ئامادەکردنی قوتابیان پێش دەستپێکی بابەتی وانە بە ئاراستەکردنی چەند پرسیارێك.
_ بەکارهێنانی هەر شێوازێك لە دەسپێك پەیوەندی بە بابەتی وانە هەبێت.

## خستنەڕووی ڕێگا و شێواز و چالاکییەکانی وانەوتنەوە: (٢٥ خولەك)

مامۆستا داوا لە قوتابییەك دەکات ناونیشانی بابەتی وانەکە لەسەر (وایت بۆرد) بنووسرێتەوە، دواتر ڕوونکردنەوە بۆ میرنشینەکانی ئەردەلان و بۆتان دەخاتەڕوو، دواتر چەند قوتابییەك دەستنیشان دەکات، بەڕێگای ڕۆڵبینین هەر یەکێکیان ناوی میرێك لەسەر کاغەز دەنووسن و باسی میرێك دەکەن و شیکردنەوە بۆ ڕۆڵ و کارو دەسەڵاتیان دەکەن و دواتر مامۆستا پرسیار لەبارەی جیاوازی نێوان هەردوو میرنشینەکە دەکات، خاڵە جیاوازەکان دیاری دەکرێت و قوتابییان لەسەر وایت بۆرد دەینووسن. (٥ خولەك)

**هەڵسەنگاندن:** (٥ خولەك)

ـ هەمـان پرسـیارەكانی نـاو كتێـب لەبابەتـی: كورتەیـەك دەربـارەی مێـژووی هەندێـك لـە میرنشـینە كوردییـەكان.

**پوختەی وانە:** (٥ خولەك)

میرنشـینی ئـەردەلان و بۆتـان دوو میرنشـینی بەناوبانـگ بـوون لـە مێـژووی كوردسـتان، میرەكانیـان ڕۆڵێكـی گرنگیـان هەبـوو لـەڕووی سـەقامگیری و ئارامـی و خۆشـگوزەرانی و هەرزانـی و ئاوەدانكردنـەوە و لایەنـی ئابـووری و ڕۆشـنبیری، بـەڵام لەبـەر لاوازی میـر (خوسـرەوخانی نـاكام) لـە بەڕێوەبردنـی میرنشـینی ئـەردەلان میرنشـینەكە لەناوچـوو، هەروەهـا میرنشـینی بۆتـان بـە هـۆی هێرشـی عوسـمانییەكان لەناوچـوو.

**ئەركی ماڵەوە:**

لە كتێـب ئامـاژەی پێكراوە، بۆ وانـەی داهاتـوو لێپرسـینەوە و بەدواداچوون بـۆ ئەركی ماڵـەوە بكرێت.

## نموونەی پلانی ڕۆژانەی بابەتی جوگرافیا

قۆناغ: نۆیەم ڕێكەوت:

بابەت: جوگرافیا پۆل:

وانەی:

ناونیشان: بازرگانی

دەسـتپێك: مامۆسـتا ئـازادە لـە بەكارهێنانـی هـەر شـێوازێك بـۆ ئامادەكردنـی قوتابیـان پێـش ئـەوەی بچیتـە نـاو بابەتـی وانەكـە.

١ـ ڕەخسـاندنی كەشـێكی گونجـاو ٢ـ بەسـتنەوەی بابەتـی پێشـوو بـە بابەتـی نـوێ ٣ـ خسـتنەڕووی بابەتـی وانەكـە.

**ئامانجی تایبەت:**

١ـ جۆرەكانی بازرگانی بزانێت.

٢ـ جیاوازی لەنێوان بازرگانی ناوەخۆ و دەرەكی بكرێت.

٣ـ شیكردنەوە بۆ گرنگی ڕۆڵی جوگرافیا لە بازرگانی بكرێت.

## هۆیەکانی فێرکردن:

قەلەمی ڕەنگاوڕەنگ (ماجیك).

تەختەی سپی (وایت بۆرد).

دروستکردنی خشتە بۆ لێکچوون و جیاوازیکردن.

بەکارهێنانی کاغەزی A٤

بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی دیکە لە کرداری فێرکردن پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت.

## پێشەکی: ( ٥ خولەك )

ـ ئامادەکردنی هزری قوتابییان بۆ بابەتی وانە و سەرنج ڕاکێشانیان بە شێوازی دەستنیشانکردنی وشەکان کە پەیوەندیان بە بابەتەکەوە هەیە: (بازرگانی ناوەخۆ، ئاڵوگۆڕکردن، نەختینە، دابارین، گواستنەوە، هەرێمی شاخاوی، هەناردە، پیشەسازی).

ـ بەیەکبەستنەوەی بابەتی پێشوو بەبابەتی نوێ، یان بەکارهێنانی هەر شێوازێك پەیوەندی بە بابەتی وانەکە هەبێت.

## خستنەڕووی ڕێگا و شێواز و چالاکییەکانی وانەوتنەوە: (٢٥ خولەك)

مامۆستا داوا لە قوتابییەك دەکات ناونیشانی بابەتی وانەکە لەسەر (وایت بۆرد) بنووسێتەوە، دواتر بەشێوازی جیاوازی قوتابیان خاڵە جیاوازەکانی نێوان بازرگانی ناوەخۆ و دەرەکی دەستنیشان دەکەن، مامۆستا پرسیاریان سەبارەت بە گرنگی هەردوو جۆری بازرگانییەکان ئاراستەی دەکات، قوتابیانیش شیکردنەوە بۆ گرنگیان دەکەن.

## هەڵسەنگاندن: (٥ خولەك)

ـ هەمان پرسیارەکانی ناو کتێب هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

## پوختەی وانە: (٥ خولەك)

ـ بازرگانی ناوەخۆ واتا کرداری ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا( شمەک ) و خزمەتگوزارییە و لەناو سنووری دەوڵەت دەرناچێت، گرنگییەکەی لەوەدایە پارێزگاری لە دراوی نەختینەی وڵات دەکات و ڕێگا بەچوونەدەرەوەی نادات و هانی پیشەسازی نیشتمانی دەدات، بازرگانی دەرەکی ئاڵوگۆڕی بەروبووم کاڵا و خزمەتگوزاری و سەرمایە لەنێوان وڵاتانی جیهان واتا هەناردەکردنی هەر شتێك لەناو وڵات زیاد بێت و هاوردەکردنی هەر شتێك وڵات پێویستی پێهەبێت.

#### ئەرکی ماڵەوە:

لە کتێب ئاماژەی پێکراوە، بۆ وانەی داهاتوو گفتوگۆ و شیکردنەوە بۆ ئەرکی ماڵەوە بکرێت.

# وەرزی یەكەم

# بەشی مێژوو

# (مێژووی نوێ و هاوچەرخی كوردستان)

# بەندی یەکەم

## کوردستان لە سەردەمی مەغۆل (ئێلخانی و جەلائیری)

### ئامانجی فێربوون

- مەغۆل وتاتار کێن و لە کوێ هاتوون و چۆن گەورەترین ئیمپراتۆریەتیان پێکهێنا ؟
- لەشکرکێشیەکانی مەغۆل وتاتار بۆسەر کوردستان تێبگات.
- شیکردنەوە بۆ ئەو هۆکارانە بکات کە وایکرد کوردستان بکەوێتە بەر هێرشی مەغۆل وتاتار.
- رۆڵی کورد بزانێت لە راپەرینەکانی دژ بە مەغۆلەکان.
- جەنگیزخان و هۆلاکۆ و تەیمورلەنگ بناسێت.
- هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی کوردستان بکات لە سەردەمی هەردوو دەوڵەتی قەرەقۆینلو و ئاق قۆینلو.
- دیارترین میرنشینە کوردییەکانی ئەو سەردەمە بناسێت.
- چۆن گەلی کوردستان لەرێگەی میرنشینە کوردییەکانەوە توانیان پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن؟

## وانەی یەكەم/

## مەغۆڵەكان:

(مەغۆل و تاتار) كۆمەڵێك هۆزی نیشتەجێی ناوچەكانی ناوەڕاستی ئاسیا (بەتایبەتی مەنگۆلیا و دەوروبەری) بوون، بەهۆی سەختی ژینگەكەیان كە بیابانێكی وشك بوو، بە میللەتێكی توندوتیژ و شەڕانگێز و تێكدەر لەمێژوودا باسكراون. لە دەوروبەری ساڵی (١٢٠٦ز) وەك هێزێكی سەربازی و سیاسی دەركەوتن، كاتێك سەركردەی بەناوبانگیان (جەنگیزخان) توانی هەموو هۆزەكانی مەغۆل و تاتار یەكبخات و پاشان وڵاتانی چین و وڵاتی پشت ڕووبار(بلاد ماوراو النهر) و خوراسان و فارس و ئازەربایجان و ناوچەی قەفقاس(قەوقاز)ی داگیركرد.

سەرەتای لەشكركێشی و هێرشی مەغۆڵەكان بۆ سەر (كوردستان) بۆ ساڵی (١٢٢١ز ) دەگەڕێتەوە، كاتێك دەستیان بەسەر چەند ناوچە و شارێكی خۆرهەڵاتی كوردستان داگرت. ساڵی (١٢٣١ز) مەغۆڵەكان لەشكرێكی گەورەیان نارده سەر (شارەزوور)، بەڵام لەبەرئەوەی سوڵتانی هەولێر و خەلیفەی عەباسی لەشكریان بۆ پێشگرتن لە هێرشەكە ئامادەكرد بوو، مەغۆلەكان سەركەوتوو نەبوون و بەناچاری پاشەكشەیان كرد، بەڵام مەغۆلەكان لە ساڵی١٢٤٥ز هێرشێكی گەورە و بەربڵاوی دیكەیان بۆ سەر ناوچەی (شارەزوور) كرد، خەڵكێكی زۆریان كوشت و كاولكارییەكی گەورەشیان ئەنجامدا، ئەمەش وایكرد بەشێك لە دانیشتوانی (شارەزوور) و گەلێك ناوچەی دیكەش ناچاربوون وڵاتی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕووبكەنە (وڵاتی شام).

**جەنگیزخان:** دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی بوو، لەساڵی ١١٦٥ ز، لە وڵاتی مەنگۆلیا لەدایكبووە، توانی هێزێكی سەربازی پێك بهێنێت و چەندین وڵات داگیر بكات، لەساڵی ١٢٢٧ ز، كۆچی دوایی كردووە




پەیكەری جەنگیزخان لە (ئولان باتور)ی پایتەختی مەنگۆلیا

## هێرشەکانی هۆلاکۆ

دواتر بە سەرکردایەتی (هۆلاکۆ) مەغۆلەکان خۆیان بۆ داگیرکردنی (بەغدا) (پایتەختی خەلافەتی عەباسی) ئامادەکرد، پێشتر شاری (کرماشان)ی خۆرهەڵاتی کوردستان بە دەستی مەغۆلەکان تووشی وێرانی ببوو، چونکە کەوتبووە سەر رێگای هێرشی مەغۆلەکان، هۆلاکۆ ساڵی(١٢٥٨ز) توانی شاری بەغداش داگیر بکات و کۆتایی بە خەلافەتی عەباسی بهێنێت و (المستعصم باللە) بکوژێت کە دواخەلیفەی عەباسییەکان بوو. لەهەمان ساڵدا، هۆلاکۆ لەشکرێکی گەورەی بەسەرکردایەتی (ئەرقیۆنویان) بۆ داگیرکردنی (قەڵای هەولێر)نارد، بەڵام کوردانی قەڵا بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ ڕووبەڕووی گەمارۆی مەغۆلەکان بوونەوە، بەڵام هۆلاکۆ بەهاوکاری لەشکری حاکمی موسڵ (بدرالدین لؤلؤ) کە ملکەچی خۆی بۆ هۆلاکۆ ڕاگەیاند بوو، توانیان قەڵای هەولێر داگیر بکەن.

دواتر لەشکری مەغۆل بەرەو باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان پێشڕەویان کرد و شاری **(میافارقین)** یەکێك بوو لەو شارە کوردیانەی باکووری کوردستان، کەبەسەرکردایەتی**(الملك الكامل)**ی ئەیوبی توانی بۆ ماوەی دوو ساڵ بەرووی گەمارۆی لەشکری مەغۆل بوەستێت.

**هۆلاکۆ:** نەوەی جەنگیزخانە ساڵی ١٢٥٨ زاینی هێرشی کردۆتە سەر قەڵای هەولێر، بەڵام کوردانی قەڵا بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ ڕووبەڕووی گەمارۆی مەغۆلەکان بوونەوە



شاری میافارقین لە باکوری کوردستان

**گرنگترین ئەو هۆکارانەی وایان کرد کوردستان بکەوێتە بەر هێرشی مەغۆلەکان ئەمانە بوون:**

١- تەماحکاری و گیانی فراوانخوازیی مەغۆلەکان بۆ دەستگرتن بەسەر شار و ئاوەدانی ناوچەکە و بەهرەمەندبوون لە خێرو بێرەکەی.

٢- دەسەڵاتی چەند هێزێك لە ناوچەکە هەبوو وەك (خەوارەزم)یەکان کە دوژمنایەتییان لەگەڵ مەغۆلدا هەبوو، ئەمە وایکرد کوردستان ببێتە گۆڕەپانی ململانێ و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانیان. (دەوڵەتی خەوارەزم) یەکێك بوو لەو دەسەڵاتدارە موسڵمانانەی کە حوکمی (وڵاتی پشت ڕووبار و خوراسان)ی دەکرد، ڕووخاندنی ئەو دەوڵەتە بە دەستی مەغۆلەکان، ڕێگەی داگیرکردنی کوردستان و بەغدای بۆ مەغۆل کردەوە.

٣- گرنگی کوردستان وەك ڕێگە و دواتر دەروازەیەك بۆ مەغۆلەکان کە لێیەوە بگەنە بەغدا و وڵاتی شام.




دواتر لەشکری هۆلاکۆ ڕوویکردە شارەکانی وڵاتی شام و هەرچی ڕووی شارستانی و ئاوەدانی هەبوو هەموویان تێکدا و سیمای شارستانیان سڕیەوە، بەڵام ساڵی (١٢٦٠ز) فەرمانڕەوایانی میسر (مەمالیك) توانیان لە شەڕی (عەین جالوت) نزیك (عەکا) لە فەلەستین، لەشکری هۆلاکۆ بشکێنن، لەم شەڕەدا شانبەشانی مەمالیك کوردانی خۆرئاوای کوردستان و کوردانی وڵاتی شام ڕۆڵێکی گرنگیان لەشکاندنی مەغۆلەکان بینی. بەمجۆرە سەرتاسەری کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەری بوونە بەشێك لە دەوڵەتی (مەغۆلی ئێلخانی).



هۆلاکۆ

**وڵاتی پشت ڕووبار:** ناوچەیەکی مێژووییە و بەشێکە لە ئاسیای ناوەڕاست، لە ئێستادا وڵاتی ئۆزبەکستان و بەشی زۆری کازاخستان و قیرغیستان و تاجیکستان دەگرێتەوە.بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە چونکە ناوچەکە دەکەوێتە پشت ڕووباری جەیحون (ئامودریا).

## چالاكی ناو پۆل

مامۆستای بەڕێز دوای خوێندنەوەی بابەتەكە قوتابییان بەسەر چەند گرووپێك دابەشبكە: پێناسە بۆ ئەمانە بكەن (مەغۆل و تاتار، جەنگیزخان، هۆلاكۆ) هەروەها سەرەتای لەشكركێشی مەغۆلەكان بۆ سەر كوردستان باسبكەن، دواتر شیكردنەوە بۆ ئەو هۆكارانە بكەن كە وایكرد كوردستان بكەوێتە بەر ئەو هێرشانە.

## هەڵسەنگاندن

١- جەنگیزخان كێیە و چۆن توانی هۆزەكانی مەغۆل و تاتار یەكبخات؟

٢- بۆچی شاری كرماشان تووشی وێرانی هات بەدەستی مەغۆلەكان؟

٣- باسی شەڕی عەین جالوت بكە.

٤- بدرالدین لؤلؤ ڕۆڵی چی بوو لە داگیركردنی قەڵای هەولێر؟

## چالاكی ماڵەوە:


_ قوتابی ژیر بەهاوكاری ئەندامێكی ماڵەوە لەو هۆكارانە بكۆڵەوە كە بەدرێژایی مێژوو وایكردوە، خاكی كوردستان بكەوێتە بەرهێرشی داگیركەران. بەچەند خاڵێك باسیبكە.

## وانەی دووەم/


## ڕاپەڕینی کورد دژ بە مەغۆلەکان:

دوای داگیرکارییەکەی مەغۆل بۆ کوردستان، کورد سەریان بۆ بێگانە و داگیرکەران شۆڕ نەکرد، چەندین ڕاپەڕین لە دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستان دژ بە مەغۆلەکان سەری هەڵدا، ساڵی ١٢٦٢ز کوردانی موسڵ توانیان لەشکری مەغۆل لە شارەکە دەربپەڕێنن، کاتێکیش مەغۆل لەشکری زیاتریان بۆ گرتنەوەی شارەکە نارد، کوردانی شارەکە ڕووبەڕوویان بوونەوە و ئازایەتی و نەبەردی خۆیان نواند. هەروەها لە هەولێر (إربل)یش (ڕاپەڕینی سەربازگەی هەولێر) بەرپابوو کە ماوەی (سێزدە ساڵ)ی خایاند.

بارودۆخی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی (ئیلخانی مەغۆلی) تاکو مردنی ئیلخانی نۆیەم سوڵتان (ئەبو سەعید بەهادرخان) ساڵی ١٣٣٦ز لەژێر باری ئەم سیاسەتە تۆقێنەرە و ناهەموارە مایەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کەسی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشتبوو لە فەرمانڕەواییدا جێگای بگرێتەوە، بۆیە سەرکردەیەکی دیکەی مەغۆلی کە ناوی (شێخ حەسەن جەلائیری) بوو، دەسەڵاتی گرتە دەست و دەوڵەتێکی نوێی لە شوێنی دەوڵەتی ئیلخانی بە ناوی دەوڵەتی (جەلائیری مەغۆلی) دامەزراند.



ڕاپەڕینی کوردان دژ بە مەغۆلەکان



شاری ماردین لە باکوری کوردستان

## دەوڵەتی جەلائیری مەغۆلی:

دەوڵەتی جەلائیری لە ساڵی ١٣٣٦ز لەلایەن(شێخ حەسەن جەلائیری) دامەزرا کە عێراق و بەشی زۆری خاکی کوردستانی دەگرتەوە، شاری (بەغدا)ش پایتەختی ئەم دەوڵەتە بوو، تا ساڵی ١٤١١ز حوکمڕانییەکەی لەم ناوچانەدا بەردەوامبوو.

چەند ساڵێك پێش ڕووخانی ئەم دەوڵەتە، ناوچەکانی ئێران و عێراق و بەشی زۆری کوردستان و ئەنادۆل تووشی داگیرکردنی فەرماندەیەکی دیکەی مەغۆل و تاتار بوونەوە بە ناوی (تەیمورلەنگ).

**تەیمورلەنگ:** سەرکردەیەکی دیکەی (مەغۆل وتاتار) بوو لە وڵاتی پشت ڕووبار (بلاد ماوراء النهر)ەوە هێرشێکی گەورەی کردە سەر ئێران و عێراق و بەشی زۆری کوردستان تا گەیشتە ناوەڕاستی ئەنادۆل و داگیری کرد.



تەیمورلەنگ

تەیمورلەنگ وەك سەرکردەکانی دیکەی مەغۆل و تاتار کوشتارێکی زۆر و کاولکارییەکی گەورەی بەسەر ئەو ناوچانەدا هێنا کە پیایاندا تێپەڕی، لەوانەش شاری بەغدا.

دانیشتوانی میرنشینی (لوڕی بچووك) لە خۆرهەڵات کوردستان توانیان زۆر دلێرانە بەڕووی پەلامار و هێرشی تەیمورلەنگ بوەستن و تووشی شکستی بکەن، بەڵام تەیمورلەنگ دوای هێنانی هێزێکی زۆر و گەمارۆدانێکی توند، توانی دەست بەسەر (خورم ئاباد)ی پایتەختی میرنشینەکە دابگرێت.

هەروەها دانیشتوانی شاری (ماردین) لەباکووری کوردستان زۆر قارەمانانەچەندجارێك لەشکری (تەیمورلەنگ) یان شکاند، بەڵام دواجار دانیشتوانەکەی بەر کوشتار کەوتن و شارەکەش تووشی کاولکاریی بۆوە.

## زانیاری پێویست

کوردستان لە سەردەمی هەردوو دەوڵەتی قەرەقۆینلو و ئاق قۆینلو:

زۆری پێناچێت تەیمورلەنگ دەمرێت و جەلائیرییەکان بەسەرکردایەتی (ئەحمەدی جەلائیری) دەست بەسەر بەغدا دەگرنەوە، بەڵام ئەمجارەیان فەرمانڕەواییان درێژە ناکێشێ، چونکە هێزەکانی (قەرەقۆینلو- بەرخی رەش) بەسەرکردایەتی (قەرە یوسف) ی تورکمانی ساڵی ١٤١١ز دەست بەسەر بەغدا دادەگرن و کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی جەلائیری دەهێنن و دەست بەسەر ناوچەکانی ژێر دەستیان دادەگرن، بەمجۆرە عێراق و بەشی زۆری کوردستان دەبنە بەشێك لە دەوڵەتی قەرەقۆینلو.

ساڵی ١٤٦٨ز هێزەکانی ئاق قۆینلو (بەرخی سپی) ی تورکمانی بە سەرکردایەتی (ئوزون حەسەن) توانیان پاش چەندین جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە کۆتایی بە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی قەرەقۆینلو بهێنن و دەست بەسەر ناوچەکانی ژێر دەستیان دابگرن، تاکو ساڵی (١٥٠٨ز) (عێراق و بەشی زۆری کوردستان) بوونە بەشێك لە دەوڵەتی ئاق قۆینلو، کاتێك کە (شا ئیسماعیلی سەفەوی) شاری بەغدا داگیر دەکات و کۆتایی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئاق قۆینلو دەهێنێت.



ئوزون حەسەن

لەم ماوەیەشدا ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم دوو دەوڵەتە بوونە گۆڕەپانی جەنگ و شەڕی نێوان فەرمانڕەواکان لەسەر دەسەڵات، بۆیە پشتگوێخستن و کاولکاری و دواکەوتوویی و دزیی و تاڵانکاری، جارێکی دیکە باڵی بەسەر زۆربەی خاکی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کێشابوو، لەگەڵ ئەمانەشدا فەرمانڕەوایانی دەوڵەتانی خۆسەپێن زۆر بە ئاستەنگ و دژواریی توانیان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکانی کوردستان بسەپێنن.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز ئەم گوزارشتە لە پۆلدا لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆی لەسەربکەن: (کورد بەدرێژایی مێژوو سەری بۆ دوژمنان شۆڕ نەکردووە، بەردەوام بەرگری لە خاك و وڵاتەکەی کردووە). باسی بارودۆخی کوردستان لەسەردەمی قەرەقۆینلو و ئاق قۆینلو بکەن.

## هەڵسەنگاندن

١ـ ڕاپەڕینی سەربازگەی هەولێر چی بوو؟
٢ـ میرنشینی لوڕی بچووك لەکام ناوچەی کوردستان و لەکام بەشی کوردستان بوو؟
٣ـ پێناسەی دەوڵەتی خەوارەزم بکە.
٤ـ دەوڵەتی قەرە قۆینلو و ئاق قۆینلو بناسێنە.

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی خۆشەویست بۆچی مەغۆلەکان هەر شوێنێکیان داگیر بکردایە کوشتار و کاولکارییان لێ ئەنجامدەدا، بەچەند دێریك باس لە ڕەفتار و فراوانخوازییەکانی تەیمورلەنگ بکە.

وانەی سێیەم/

## دەسەڵاتدارێتی سیاسی کوردی لە سەردەمی مەغۆل (ئێلخانی و جەلائیری)

وێڕای ئەوەی کوردستان لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا زۆرکات کەوتۆتە بەر شاڵاوی داگیرکەران، بەڵام ویست(ئیرادە)و ئارەزووی کوردان بۆ سەربەخۆیی و ملکەچ نەکردن بۆ بێگانە و داگیرکەران بە بەردەوامی، بۆتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی کوردی لە چوارچێوە و شێوەی جیاجیادا لێرەو لەوێ سەرهەڵبداو ببێتە ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرا لە سەردەمە یەك لە دوای یەکەکانی مێژووی کوردستان، لەوانەش لە سەردەمی مەغۆل (ئێلخانی و جەلائیری).

دەسەڵاتی سیاسی کورد لەو سەردەمەدا لەم شێوانەدا خۆی دەنواند:

١- میرنشینەکان.

٢- فەرمانڕەوایی قەڵا و شوراکان و ناوچەکان.

٣_ فەرمانڕەوا و سەردارانی شارەکان.

دیارترین میرنشینە کوردییەکانی ئەو سەردەمە ئەمانە بوون:-

### ١- میرنشینی لوڕی مەزن (میرنشینی فەزلەوی):

لوڕستان هەرێمێکی سەخت و شاخاوی و پڕ هەڵدێرە دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان، دەسەڵاتی سیاسی کوردی لە سەدەی دەیەمی زایینیەوە لە لوڕستان و بەختیاری سەریهەڵداوە.

(ئەبو حەسەن فەزلەوی) باپیرە گەورەی میرانی لوڕستان بوو، بۆیە میرنشینەکەش بەناوی ئەوەوە ناونرا (میرنشینی فەزلەوی)، میرەکان پەیوەندی سیاسییان لەگەڵ مەغۆل (ئێلخانی و جەلائیری) و (مەمالیك) هەبووە و گرنگییان بەحوکمڕانی و ئاوەدانی و ئابووری داوە.



وێنەی قەڵای فلك الافلاك لە (خورم ئاباد) ی پایتەختی لوڕستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**بەناوبانگترین میرەکانی میرنشینەکە:**

**أ- میر هەزار ئەسپ کوڕی میر ئەبو تاهیر محەمەد:**

لە دیارترین میرەکانی لورستانە لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەیەمی زایینی، زۆر گرنگی بە بوژاندنەوەی ئابووری و پەرەپێدانی ئاوەدانی و بیناسازی داوە، بۆیە خەلیفەی عەباسی (الناصر لدین الله) نازناوی (ئەتابەك)ی پێبەخشیوە، دەسەڵاتی خۆی تا نزیك (ئەسفەهان) فراوانکردووە، لە ساڵی ١٢٥٢ز کۆچی دوایی کردووە.

**ب- میر نەسرەت دین ئەحمەد:**

لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەیەمی زایینی فەرمانڕەوایی کردووە و میرنشینەکە لەسەردەمی ئەم میرە لە ڕووی سیاسی و ئابووری زۆر گەشاوەتەوە، و هێمنی و سەقامگیری باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو، ئەم میرە ساڵی ١٣٣٣ز کۆچی دوایی کردووە.

## ٢- میرنشینی هەکاری:

میرنشینی هەکاری لە سەدەی سێزدەیەمی زایینی لە هەرێمی (جۆلەمێرگ) لە باکووری کوردستان سەریهەڵداوە، هێز و دەسترۆیشتوویی میرەکانی و دەسەڵاتیان لەزێی گەورە تا دەریاچەی( وان)ی گرتۆتەوە، زۆرجار لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش دەسەڵاتیان گەیشتۆتە (سەلماس) و (خوی).

لەناو کوردانـدا بنەماڵەی میرانی هەکاری بەخانەدان ناویان ڕۆیشتووە، وەك پاشاو گەورەمیر ناسراون و بۆ خەڵکی خۆیان مشورخۆر و بەکاربوون، سەرجەم ئەو شار و دێهاتانەی ژێر دەسەڵاتیان بەرەو ئاوەدانی بردووە و هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵکیان داوە، بەتەنگ ڕێگەوبان و بازرگانی وڵاتی خۆیان بوون و گرنگیان بە زانست و زانیاری داوە و ڕێزیان لە زانا و چاکەکاران گرتووە، قوتابخانە و مەڵبەندی فێربوونیان ئاوەدانکردۆتەوە.

لە بەناوبانگترین میرەکانیان:

١- میر ئەسەدەدین موسا کوڕی مەنگەلان: لە کاتی هاتنی مەغۆلەکان بۆ دەڤەرەکە، میری میرنشینەکە بووە.

٢- میر عیمادەدین موجلی: نەوەی میر ئەسەدەدین بووە، بەوە ناسراوە زۆر حەزی لە زانست و زانیاری بووە، ڕێزی لە زانایان ناوە و قوتابخانەی بۆ کردونەتەوە.

٣- میر (عزەدین شێر)ی هەکاری: لەماوەی ساڵانی (١٣٧٦ز - ١٤١٩ز) فەرمانڕەوایی کردووە، زۆر بەهێز و توانا و خاوەن دەسەڵات بووە،تەیمورلەنگ دانی بە دەسەڵاتەکەی داناوە. هەر بۆیەشە پێیان وتووە (پادشای مەزن). میرنشینی هەکاری دوای ئەو سەردەمە هەر بە بەهێزی ماوەتەوە و لە سەردەمی عوسمانیەکانیشدا میرەکانی خاوەن دەسەڵات بوون.

## ٣- میرنشینی بەدلیس:

ئەو میرنشینە لە سەردەمی عەباسییەکان لە شاری بەدلیس لە باکووری کوردستان هەبووە، بەهۆی یەکگرتنی پیاوماقوڵانی هۆزی (رۆژەکی) دامەزراوە، بە سەدان ساڵ دەسەڵاتیان بە پشتاوپشت لەباوك و باپیران بۆماوەتەوە، خانەوادەی مێژوونووسی بەناوبانگ (شەرەفخانی بەدلیسی) لەمیرانی ئەو میرنشینە بوون، بەپێی قسەی (شەرەفخانی بەدلیسی) ناوی (١٨) میری میرنشینەکەی دەستکەوتووە کە فەرمانڕەواییان کردووە.



شەرەفخانی بەدلیسی

### لە میرە بەناوبانگەکانیان:

ـ (میر شەرەفەدین ئەبوبەکر) لەسەرەتاکانی سەردەمی دەوڵەتی جەلائیری فەرمانڕەوایی کردووە، لە کتێبی شەرەفنامەدا ناوی هاتووە، میرنشینەکە لە سەردەمی ئەم میرە بچووك و سنوردار بووە.

ـ **(میر زیائەدین رۆژەکی)** کە لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەیەمی زایینی میری میرنشینەکە بووە، بەئازایی و لێهاتوویی ناوبانگی دەرکردووە و سنوری میرنشینەکەی بۆ باکووری دەریاچەی وان فراوان کردووە.

#### زانیاری پێویست

**شەرەفخانی بەدلیسی:** کوڕی میر شەمسەدین کوڕی میر شەرەفخانی بەدلیسی ،ساڵی ١٥٤٣ز لەدایکبووە. لەتەمەنی ١٢ ساڵی پلەی میرایەتی لەلایەن شا(تەهماسب)ی سەفەوی پێدراوە، وپاشان شائیسماعیلی دووەم پلەی میری میرانی پێداوە، لەم ماوەیەدا فەرمانڕەوایی چەندین ناوچەی لە ئێران پێ سپێردراوە . ساڵی ١٥٧٥ز دەبێتە میری میرنشینی بەدلیس،ساڵی ١٥٩١ز واز لە دەسەڵات دەهێنێ بۆ کوڕەکەی میر شەمسەدین ودەستیکرد بەنووسینەوەی کتێبە ناوازەکەی (شەرەفنامە). ئەم میر و سیاسەتوان و مێژوونووسە ناودارەی کوردە ساڵی ١٦٠٤ز لە شاری بەدلیس کۆچی دوایی کردووە.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز با قوتابییان بە گروپ میرنشینەکان پۆلین بکەن و ناوی میری ئەو میرنشینانە بنووسن، پاشان بەراوردێك لەنێوان هەر سێ میرنشینی (لوڕی مەزن و هەکاری و بەدلیس) بکەن.

## هەڵسەنگاندن

١_ خەلیفەی عەباسی (ناسرلدین الله) نازناوی (ئەتابەك)ی بە میر (هەزار ئەسپ)ی لوڕی بەخشی ؟


٢_ میرنشینی لوڕی مەزن بە میرنشینی (فەزلەوی)ش ناودەبرێت؟

٣_ چی دەربارەی شەرەفخانی بەدلیسی دەزانیت؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ژیر بەهاوکاری ئەندامانی خێزانەکەت، (لە ڕابردوودا کورد چەندین دەسەڵات و میرنشینی هەبووە، هەندێکیان سەربەخۆ و هەندێکی دیکەیان نیمچە سەربەخۆ بوون، بەڵام نەماون، ئێستاش گەلی کوردستان خاوەن قەوارەیەکی تایبەت بەخۆیەتی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان)، بەڕای تۆ چیبکەین تا ئەو هەرێمە بپارێزین لە پیلانی دوژمنان و ناحەزان؟ بەچەند خاڵێك ڕوونیبکەوە.

## کوردستان لە نێوان دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی



# بەندی دووەم

## كوردستان لە ململانێی عوسمانی و ئێرانییدا

### ئامانجی فێربوون

١. قوتابی شیكردنەوە بۆ بارودۆخی كوردستان لە سەرەتاكانی سەدەی شازدەیەم.

٢. قوتابی لەو نەهامەتییانە تێبگات كە سەفەوییەكان و عوسمانییەكان بە سەر كوردستان

و گەلەكەیان دا هێنا.

٣. قوتابی شیكردنەوە بۆ ئەنجامەكانی شەڕی چاڵدێران بكات.

٤. قوتابی میرە كوردەكان بناسێت.

٥. قوتابی شەڕی چاڵدێران بزانێت.

٦. قوتابی ڕۆڵی هێزەكانی كورد لە شەڕی چاڵدێران هەڵبسەنگێنێ.

٧. قوتابی ڕێكەوتننامەی زەهاو بزانێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بكات.

## وانەی یەکەم/

کوردستان لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەمدا

کوردستان لەم سەردەمەدا خاوەنی قەوارە و ئیدارەی سیاسی خۆی بوو، هەرچەندە دەوڵەتێکی یەکگرتوو لەسەر خاکی کوردستان پێك نەهاتبوو، یەك سەرکردە و سەرۆکیشی نەبوو، بەڵام لەسەر ئەم خاکە چەندین میرنشین و دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی هەبوو، کە هەر یەکەیان لە دەڤەرێکدا حوکمڕانیان دەکرد و وەك نیمچە دەوڵەتێك وابوون، لەژێر سایەی ئەم میرنشین و قەوارانەدا کوردستان دەرفەتی بۆ ڕەخسابوو پارێزگاری لەکەلتووری نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی خۆی بکات و لە نەمان رزگاری بکات، تا هاتنی سەفەوییەکان و عوسمانییەکان هیچ جۆرە شەڕ و ناخۆشی و ململانێیەك لەنێوان میرنشینەکان نەبوو.

ئەم میرنشینە کوردیانە هەموویان وەك یەکتر نەبوون، هەندێکیان بچووك بوون و دەسەڵاتیان زۆریان نەبوو، وەك میرنشینی (پالۆ) لە باکووری کوردستان تەنیا دەسەڵاتی لەشاری (پالۆ) و دەوروبەری هەبوو. هەندێکیشیان تەنیا یەك هۆزی کوردیان لەخۆدەگرت وەك میرنشینی (برادۆست)، بەڵام میرنشینی (بادینان) هەرێمێکی فراوانی لەژێر دەست دابوو کە دەڤەری بادینانی ئێستای دەگرتەوە.

ژمارەی ئەو میرنشینە کوردیانە نزیکەی (٣٠) میرنشین دەبوو لەو سەردەمەدا، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- هەکاری، بۆتان، بەدلیس، پازۆکی، زراکی، چەمشگزگ، مەحمودی: لە باکووری کوردستان.

٢- دونبولی، موکریان، ئەردەلان، لوڕستان: لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

٣- بادینان، سۆران، بابان، داسنی: لە باشووری کوردستان.

### دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی:

دەوڵەتی سەفەوی ساڵی ١٥٠١ز لە هەرێمی (ئازەربایجان) ی ئێران لەسەر دەستی ئیسماعیل سەفەوی دامەزرا و شاری (تەورێز) ی کردە پایتەختی دەوڵەتەکەی و نازناوی (شا) ی لە خۆنا و مەزهەبی (شیعە) ی کردە مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەتەکەی،پاشان دەستی گرت بەسەر هەموو (ئێران) دا، دواتر شاڵاوە فراوانخوازییەکانی ئەم دەوڵەتە بەشێکی کوردستان و هەموو عێراق و چەند ناوچەیەکی قەفقاس(قەوقاز)یشی گرتەوە.

ساڵی ١٥٠٦ز یەکەم هێرشی سەفەوییەکان بۆسەر کوردستان دەستی پێکرد، هێزەکانی سەفەوی ڕووبەڕووی بەرگرییەکی دلێرانەی کوردان بوونەوە، بەتایبەتی لەلایەن هەردوو میرنشینی (موکریان) و (بۆتان)، بەڵام دواتر سەفەوییەکان لە هێرش و فرانخوازییەکانیاندا توانیان بەشێکی گرنگی کوردستان بخەنە سەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکەیان، کە میرنشینەکانی (لوڕستان) و (هەکاری) و (بەدلیس) و شارە گرنگەکانی (وان) و (ئامەد ــ دیاربەکر) یشی لەگەڵدا بوو.

هەر لە چوارچێوەی ئەو ساڵاوانەدا شا ئیسماعیل لە ساڵی ١٥٠٨ز توانی شاری (بەغدا) داگیر بکات و دەوڵەتی (ئاق قۆینلو) لە ناو ببات کە پایتەختیان لەوێ بوو. دواتر دەسەڵاتی سەفەوی پەلی هاوێشت بۆ خوارووی عێراق و شاری (بەسرە)شیان داگیرکرد.

شا ئیسماعیلی سەفەوی لە سەرەتادا سیاسەتێکی نەرمی لەگەڵ میر و سەرۆکە کوردەکان پیادەکرد تا پێگەی خۆی قایم کرد، دواتر دوژمنایەتی ڕاستەقینەی خۆی دەرخست و تەنانەت دژی ئەو چەند میرە کوردانەش وەستا کە بۆ دەرخستنی نیازپاکی و پیرۆزبایی لە (شا) چوونە شاری (خوی) لە خۆرهەڵاتی کوردستان، کەچی (شا) بێ هیچ بیانوویەك ئەو میرە کوردانەی خستە زیندان و میرە قزڵباشەکانی لە شوێنی میرە کوردەکان دانا.



شا ئیسماعیلی سەفەوی

ناوی دەوڵەتی سەفەوی دەگەڕێتەوە بۆ (شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی) کە لە ساڵی (١٣٣٤)ز کۆچی دوایی کردووە، باپیرە گەورەی شائیسماعیل بووە.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ قوتابیان شی بکەوە (هەندێك جار داگیرکەران لە کوردستان سیاسەتی نەرمو نیانیان پیادە کردووە)؟ هەڵوێستی کورد چۆن بووە لەم بارەیەوە؟

## هەڵسەنگاندن

- دەوڵەتی سەفەوی کەی و لە کوێ دامەزرا ؟
- فراوانخوازیەکانی شا ئیسماعیل چ ناوچەیەکی گرتەوە ؟
- یەکەم هێرشی سەفەویەکان بۆ سەر کوردستان چۆن وەڵام درایەوە؟

## چالاکی ماڵەوە

_ قوتابی خۆشەویست بۆچی وڵاتانی دەوروبەری کوردستان بەردەوام چاویان بڕیوەتە خاکی کوردستان، بەچەند دێڕێك ڕای خۆت دەرببڕە.

وانەی دووەم/

## دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی:

عوسمانییەکان بە ڕەچەڵەك سەر بە هۆزێکی تورکن کە لەسەرەتاکانی (سەدەی سێزدەمی زایینی) لەژێر سەرکردایەتی (میر ئارتوغرول) لە(ناوەڕاستی ئاسیا)وە هاتوون و لە(باکوری خۆرئاوای ئەنەدۆڵ) گیرسانەوە. ساڵی ١٢٩٩ز عوسمانی کوڕی ئارتوغرول توانی میرنشینێکی بچووك دابمەزرێنێت و بە (عوسمانی) ناوبرا، بەدرێژایی هەردوو سەدەی چواردەیەم و پازدەیەمی زایینی خەریکی فراوانخوازی بوون لە ئاسیای بچووك(ئەنادۆڵ) و نیمچەدوورگەی بەلقان. لە ساڵی ١٤٥٣ز عوسمانییەکان بەسەرکردایەتی سوڵتان محەمەدی دووەم (محەمەدی فاتیح) توانیان شاری (قوستەنتینیە)ی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بگرن، ئیمپراتۆریەتەکەش بروخێنن، ناوی شارەکەشیان گۆڕی بۆ (ئەستەنبوڵ) و کردیان بە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی تا لەناوچوونی دەوڵەتەکە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم.



سوڵتان محەمەدی فاتیح

عوسمانییەکان لە فراوانخوازییەکانیان بەردەوامبوون بەرەو خۆرئاوا لەسەر خاکی ئەوروپا تا گەیشتنە نزیك شوراکانی ڤیەننا، بەڵام کە سوڵتان یاوز (سەلیمی یەکەم) (١٥١٢ - ١٥٢٠)ز، هاتە سەر حوکم، ڕووی ئاراستەی لەشکرکێشییان بەرەو خۆرهەڵات گۆڕی (واتە بەرەو کوردستان و خاکی عەرەب و...) هاتن.

### گرنگترین هۆکارەکانی ئەم گۆڕانە ئەمانەبوون:

- سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران و فراوانخوازییەکانی لە کوردستان و لە عێراق .
- عوسمانییەکان ڕازی نەبوون کە ئەم ناوچە پڕ بایەخ و ستراتیژییانە لەژێر دەسەڵاتی سەفەوی دابێت.
- عوسمانییەکان لەسەرەتاکانی سەدەی شازدەیەم زیاتر هەڵوێستی بەرگرییان وەرگرت نەك هێرشبردن.
- داگیرکردنی وڵاتانی خۆرئاوای عەرەب، و کەنداو لەلایەن ئیسپانییەکان و پورتوگالییەکان، هانی عوسمانیەکانیدا بۆ ئەوەی ڕووبەڕوویان بوەستن، نەوەك دەرگا بازرگانییەکانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەڕووی عوسمانییەکان دابخرێن.

## زانیاری پێویست

### شەڕی چاڵدێران ساڵی ١٥١٤ز:

لەشکری عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی سوڵتان یاوز (سەلیمی یەکەم) و لەشکری سەفەوییەکان بەسەرکردایەتی شا ئیسماعیلی سەفەوی لە (٢٣)ی ئابی ١٥١٤ز لەدۆڵی چاڵدێران لە باکووری رۆژئاوای دەریاچەی ئورمیە لە (شەڕی چاڵدێران) لەسەر خاکی کوردان رووبەڕووی یەکتربوونەوە، لەم شەڕەدا عوسمانییەکان سەرکەوتن. سەرەڕای ئەم تێکشکانە مەزنەش هێشتا دەوڵەتی سەفەوی نەڕووخا، چونکە سوڵتان سەلیم هەرچەندە دوای شەڕەکە چووە ناو شاری (تەورێز)ی پایتەختی ئەم دەوڵەتە، کەچی دواتر پاشەکشەی لێکرد و هەوڵی داگیرکردنی ناوچەکانی تری ئێرانی نەدا، وگەڕایەوە (ئەماسیە) لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ.

### ڕۆڵی هێزەکانی کورد لە شەڕی چاڵدێران:

هێزەکانی کوردیش ڕۆڵیان هەبوو لە سەرکەوتنی عوسمانییەکان بەسەر سەفەوییەکان لە شەڕی چاڵدێران، بەهۆی نارەزایی لە سیاسەتی توندوتیژی شائیسماعیلی سەفەوی لەلایەك و هەوڵەکانی مەلا ئیدریسی بەدلیسی (کە کەسێکی پایەبەرزی سیاسی و ئایینی کورد بوو لای سوڵتان سەلیم لەلایەکی تر، ئەوەبوو شازدە میر و سەرکردەی کورد بەهێزەکانیانەوە هاتنە ڕیزی لەشکری عوسمانی لە چاڵدێران، هەربۆیە سوڵتان لەدوای سەرکەوتنی، لەنامەیەکی تایبەتدا ستایشی میرەکانی کوردی کرد و نازناوی (بەگلەربەگ)یشی پێبەخشین.

**چاڵدێران:** ئێستا قەزایەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەربە پارێزگای ئورمیە(ئوستانی ئازەربایجانی غەربی) و بە (سیاە چەشمە) ناسراوە.



سوڵتان سەلیمی یەکەم

### چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز قوتابیان بە گرووپ ناوی گرنگترین میرنشینە کوردییەکان لەسەر کاغەز بنووسن و هەڵبیواسن، دواتر جیاوازی لەنێوان دەسەڵاتی سەفەوی و عوسمانییەکان بکەن.

### هەڵسەنگاندن

١ـ شەڕی چاڵدێران بە وەرچەرخانێکی مێژوویی دادەنرێت؟
٢ـ مەلا ئیدریسی بەدلیسی کێیە؟
٣ـ بۆچی سوڵتان سەلیم نازناوی بەگلەربەگی بە میرە کوردەکان بەخشی؟
٤ـ یەکەم هێرشی سەفەوییەکان بۆ سەر کوردستان ساڵی چەند بوو؟

### چالاکی ماڵەوە

قوتابی ئەزیز بەڕای تۆ ئەگەر میرنشینەکان لەناو خۆیان یەکگرتوو بوونایە ئێستا کوردستان خاوەنی چی دەبوو؟ ئەو هۆکارانە چین کە وا دەکات پارچەکانی کوردستان یەکنەگرن؟ بەچەند دێرێك ڕوونی بکەوە.

وانەی سێیەم/

## كوردستان لەدوای شەڕی چاڵدێران:

ڕاستەوخۆ لەدوای گەیشتنی هەواڵی شكانی سەفەوییەكان لە شەڕی چاڵدێران، ڕاپەڕینێكی سەرتاسەری لە كوردستاندا بەرپابوو، چونكە كوردان بەرامبەر سیاسەت و ڕەفتاری شا ئیسماعیل و سەفەوییەكان داخ لەدڵبوون، ئەم ڕووداوەیان بە هەلزانی، بۆئەوەی هێرش بكەنە سەر پاشماوەی هێزەكانیان و لە شار و قەڵاكانی كوردستان وەدەریان بنێن، ئەمە لەكاتێكدابوو كە لەشكری عوسمانی هێشتا پێی نەنابووە ئەم ناوچانە، بەڵكو میر و سەرانی كورد كە دەسەڵاتەكانیان لە لایەن دەوڵەتی سەفەوییەوە لێ زەوتكرابوو، هەریەكەیان لە ناوچەكانی خۆیان ڕێبەرایەتی هێزە ڕاپەڕیوەكانی كوردیان دەكرد، لەپێناو بەدەستهێنانەوەی ئەو دەڤەر و ناوچانەی باووباپیرانیان تێدا دەسەڵاتدار بوون. لەوكاتەدا خەڵكی ئامەد(دیاربەكر) توانیان سەردارە سەفەوییەكە لە شارەكەیان وەدەرنێن، میری (بەدلیس)یش میرنیشینەكەی خۆی وەرگرتەوە، هەروەها (سێرت) و (ساسۆن) و (پالۆ) و (ئەگیل) و (بۆتان) و هەندێ شار و ناوچەی تریش ڕزگار كران.

میری سۆرانیش (كەركوك) و (هەولێر)ی لە پاشماوەی هێزەكانی سەفەوی پاك كردەوە. سەفەوییەكان لەو ماوەیەدا توانیبوویان هێز بهێننەوە بەرخۆیان و لەشكر كۆبكەنەوە، بۆئەوەی دەسەڵاتیان لە كوردستان دابمەزرێننەوە، بۆ ئەو مەبەستە شا ئیسماعیل هێزێكی بەسەركردایەتی (قەرەخان) ڕەوانە كردو گەمارۆیەكی توندودرێژی خستە سەر شاری ئامەد (دیاربەكر)، بەڵام كوردانی شارەكە توانیان لەشكری سەفەوی بشكێنن.

### زانیاری پێویست

**گرنگترین ئەنجامەكانی شەڕی چاڵدێران لەسەر كوردستان ئەمانە بوون:**

- دابەشكردنی كوردستان بەشێوەیەكی كرداریی بۆ یەكەمجار لە مێژووی نوێدا بۆ دوو بەش، بەشی ڕۆژهەڵاتی كەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەوی(ئێرانی)، بەشە زۆرەكەی تریشی كەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی.
- عوسمانییەكان بەهۆی داگیركردنی بەشی زۆری كوردستان، توانیان پارێزگاری لە سنووری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتەكەیان بكەن.

٣- سەردەمێكی درێژ لە جەنگ و ململانێ لە نێوان دەوڵەتانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی دەستی پێكرد كە لە سەرەتاكانی سەدەی شازدەهەم تاكو سەرەتاكانی سەدەی بیستەمی خایاند، لە ماوەی ئەم چوار سەدەیەشدا چەندین جەنگ و كوشتار لەنێوان دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی ڕووی دا، كە زۆربەی كات خاكی كوردستان گۆڕەپانی ئەم جەنگ و ململانێیە بوو.



شەڕی چاڵدێران

**شەڕی قۆچ حەسار:** ئەو شەڕە ساڵی ١٥١٦ز نزیك ماردین ڕوویدا، کورد و عوسمانییەکان توانیان بەسەر سەفەوییەکان سەرکەون.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز بەشێوازی فێربوونی ئاڵوگۆڕ، قوتابیان هەریەکە و دێڕێك دەخوێنێتەوە و پرسیاری لێ دروست دەکەن، دواتر وەڵامی پرسیارەکە دەدرێتەوە، بۆ نموونە شەڕی چاڵدێران لەساڵی چەند ڕوویدا؟

## هەڵسەنگاندن

ئەمانە پێناسە بکە: قەرەخان، شەڕی قۆچ حەسار.

١ـ بۆچی کوردان ڕاستەوخۆ پاش شەڕی چاڵدێران دژی سەفەوییەکان ڕاپەڕین؟

٢ـ ئەنجامەکانی شەڕی چاڵدێران لەسەر کوردستان چی بوو؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ژێر لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریەی لە بابەتەکە فێربووی دەربارەی ناکۆکی نێوان عوسمانی و سەفەوی هەبوو، ئایا ئەو ناکۆکییە تا ئێستاش ماوە؟ کوردستان چ پەیوەندی بەو ناکۆکییەی نێوانیان هەیە؟ ڕای خۆت دەرببڕە..

### وانەی چوارەم/

## ڕێکەوتننامەی کوردی- عوسمانی:

سوڵتان سەلیمی یەکەم کاتێك بڕیاریدا شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی بکات، لە ڕێگای مەلا ئیدریسی بەدلیسی پەیوەندی بە میر و فەرماندەکانی کورد کرد بۆ پاڵپشتی و هاوکاریکردن، ئەوانیش ڕازیبوون ببنە لایەنگری عوسمانی، بەمەرجێك دەسەڵاتی ناوخۆییان لە میرنشینەکانیاندا بمێنێ، سوڵتانی عوسمانی ئەو مەرجەی پەسەند کرد، هەروەك لەنامەیەکی فەرمیی کە لەساڵی ١٥١٥ز بۆ مەلا ئیدریسی ناردووە بەدیار دەکەوێت.

ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەی کوردی ـ عوسمانی:

١- میرنشینە کوردییەکان سەربەخۆیی ناوخۆییان پارێزراو دەبێت.

٢- دانانی عوسمانییەکان بە حوکمی پشتاوپشتی میرە کوردەکان، یا ئەو ڕێبازەی کە لە میرنشینەکان پەیڕەو دەکرێت.

٣- دەوڵەتی عوسمانی پارێزگاری لە میرنشینە کوردییەکان دەکات دژ بە هێرشی دەرەکی.

٤- کورد بەشداری جەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی بکات.

٥_ کورد باج و پیتاك بداتە دەوڵەتی عوسمانی.

بایەخ و گرنگی ئەو ڕێکەوتننامەیە لەوەدایە کە لە نووسراوە فەرمییەکانی عوسمانییدا تۆمار کراوە و لە ڕێکخستنە کارگێڕییەکانیشدا پیادەکراوە. بۆیە کاریگەری ئەو ڕێکەوتننامەیە بۆ چەند سەدەیەك بەردەوام بووە، تەنانەت ئەو گەڕیدە بیانییانەش کە سەردانی ناوچەکەیان کردووە، تێبینی ئەوەیان کردووە کورد لە دەوڵەتی عوسمانیدا خاوەن قەوارە(کیان)ی خۆماڵی و سەربەخۆیی ناوخۆیی خۆیان بوون.

فراوانخوازییەکانی سوڵتان سلێمانی قانونی:

هەرچەندە (سوڵتان سەلیمی یەکەم) دوای کوردستان توانی دەوڵەتی مەمالیك لەناو ببات و دەست بگرێت بەسەر تەواوی وڵاتی شام و میسر و حیجاز، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەر لەژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا مایەوە، بەڵام کە شا ئیسماعیلی سەفەوی ساڵی ١٥٢٤ز مرد ئەوەبوو شا (تەهماسب)ی کوڕی هاتە سەرتەخت، هەر لەوساڵەدا جولانەوەیەکی جوداخوازی بەسەرکردایەتی (ذوالفقارخان)ی سەرۆکی هۆزی (موصلو)ی کوردی کەلهوڕ لە دژی سەفەوییەکان لە بەغدا بەرپابوو، ئەم سەرکردە کوردە توانی ساڵی ١٥٢٧ز والی سەفەوییەکان لە بەغدا لابدات و خۆی بکات بە دەسەڵاتداری بەغدا، بۆیە شا (تەهماسب) لەشکرێکی گەورەی ناردە عێراق بۆ گرتنەوەی بەغدا،ئەوەبوو دوای گەمارۆیەکی توند و چەندین شەڕی نابەرامبەر دواجار بەغدای گرتەوە و (ذوالفقارخان)یشی کوشت.



نەخشەی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی

## زانیاری پێویست

شا تەهماسب هەر بەمەش نەوەستا بەڵکو هەوڵیدا لە باکووری کوردستان دەسەڵات پەیدا بکاتەوە، بەتایبەتی کە میری (بەدلیس) لەم ماوەیەدا ڕووی لە دەوڵەتی عوسمانی وەرگێڕابوو داوای یارمەتی لە سەفەوییەکان کردبوو،بۆیە سوڵتان سلێمان قانونی (١٥٢٠ - ١٥٦٦)ز، ئیبراهیم پاشای سەدری ئەعزەم (الصدر الاعظم)ی لە سەرووی هەڵمەتێکی گەورەی سەربازییەوە بەرەو کوردستان نارد، دوای ماوەیەکی کەم سوڵتان خۆیشی بەهێزێکی ترەوە هاتە پاڵ ئیبراهیم پاشا و لە ناو جەرگەی خاکی کوردستان و دەوڵەتی سەفەوی دا پێشڕەوییان کرد، وئەوەبوو عوسمانییەکان بەسەرکردایەتی سوڵتان سلێمان قانونی توانیان لە ساڵی ١٥٣٤ز شاری بەغدا بەبێ شەڕ داگیر بکەن و ساڵی (١٥٤٦ز) یش دەسەڵاتیان گەیاندە شاری (بەسرە).

هەر لەسەردەمی سوڵتان سلێمان قانونی عوسمانییەکان دەسەڵاتیان گەیشتە لیبیا و تونس و جەزائیر، بەم جۆرە عوسمانییەکان ئیمپراتۆریەتێکی پان وبەرینیان پێك هێنا لەبەشێکی هەرسێ کیشوەری (ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا).

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز قوتابییانی دابەشی چەند گرووپێك بکە و هەر گرووپەی خاڵێك لە خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی کوردی- عوسمانی بنووسنەوە، هەر گرووپێك ڕوونکردنەوە بۆ خاڵێك بکات، دواتر هەر گرووپە و باسی ڕۆڵی ئەمانە بکەن:

سوڵتان سەلیمی یەکەم　مەلا ئیدریسی بەدلیسی

تەهماسب　ذوالفقارخان　ئیبراهیم پاشا

_________　_________　______

______　________

ـ بڕیاری جەنگی دا دژ ......................... ...................

...................... ................

به سەفەویەکان.

ـ توانی لە ڕێگەی مەلا ......................... ...................

...................... ................

ئیدریسی بەدلیسی پەیوەندی به میرەکانی کورد بکات.

## هەڵسەنگاندن

١ـ سوڵتان سلێمان قانونی کێیە؟

٢ـ ذوالفقارخان ڕۆڵی چی بوو لە حوکمڕانی شاری بەغدا ؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی زیرەك ڕێکەوتننامەی کوردی- عوسمانیچی تێدابوو؟ ئاخۆ تا چەند لە بەرژەوەندی گەلی کورد بوو، ئێستا کورد دەتوانێ چۆن ڕێکەوتن لەگەڵ وڵاتان بکات، ڕەچاوی چی بکات؟ لەبارەی ئەمە دوو خاڵ بنووسە.

## وانەی پێنجەم/

### سیاسەتی عوسمانییەکان بەرامبەر بە کورد:

هەرچەندە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتادا سیاسەتێکی نەرم و میانڕەویان بەرامبەر کورد پیادەکرد و دانیان بە قەوارە و سەربەخۆیی ناوخۆیی کورد بەپێی ڕێکەوتننامەکە دانا، بەڵام لەسەر ئەو ئاراستەیە بەردەوام نەبوون و لەو چوارچێوەیەدا دەسەڵاتدارانی عوسمانی دوای ١٥ساڵ لە ڕێکەوتننامەی کوردی - عوسمانی و ئەو بەڵێنانەی کە بە (مەلا ئیدریسی بەدلیسی) یان دابوو پاشگەزبوونەوە و دەستیان لە کاروباری ناوخۆی ناوچە و میرنشینە کوردییەکانیان وەردا و ئەو میر و سەرۆکە کوردەی بەدڵیان نەبوایە لایاندەدا و یەکێکی تریان لەشوێنی دادەنا، کە بەپێی سیاسەتی ئەوان هەڵسوکەوت بکات، هەروەها هانی دووبەرەکی و ناتەباییان دەدا لە نێوان میرنشینەکان و تەنانەت لەنێو یەك میرنشیندا ململانێیان دروستدەکرد، ئەمانە هەموو بۆ ڕێگرتن بوو لە یەکێتی و یەکدەنگی کورد و بنبڕکردنی هەوڵەکانی سەربەخۆییان.

### کاردانەوەی کورد لە بەرامبەر سیاسەتی عوسمانییەکان و ئێرانییەکان:

سەرەڕای ئەو سیاسەتە چەوت و نادروستانەی دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ئێرانی، کوردان هەر سووربوون لەسەر داکۆکیکردن لەو دەستکەوت و مافانەی بەدەستیان هێنابوو، بەو هەوڵێستەش توانیان تا ڕاددەیەکی زۆر پارێزگاری لەو سەربەخۆییە ناوخۆییەی خۆیان بکەن، ئەوەتا زۆربەی میرنشین و قەوارە کوردییەکان تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بوونیان هەبووە و بەردەوامبوونە لە حوکمڕانێتی، تەنانەت هەندێکیان بەهێزتر و فراوانتریش بوون وەك میرنشینی بادینان و هەکاری و بابان و سۆران و بۆتان و ئەردەلان.

### کاردانەوەی کوردان:

کاردانەوەی کوردان بەرامبەر هەردوو دەوڵەت بەدرێژایی ئەو ماوەیە چەندین شێوازی وەرگرت، لە پێش هەموویاندا ئەو ڕەفتارە چەوتانەی دەسەڵاتدارانی هەردوو دەوڵەت ڕەنگدانەوەی لەسەر تێڕوانینی کوردان هەبوو بەرامبەریان و بووە مایەی ئەوەی چیتر بەچاوی ڕێزو دۆستانە سەیر نەکرێن. لەلایەکی تر ئەم کارانە متمانەی لە دڵی کوردان نەهێشت و بووەهۆی ئەوەی بەدوای پاڵپشتی دەرەکییدا بگەڕێن، بێگومان سەرباری ئەمانەش کوردان (وەك شێوازی خەباتی هەمیشەیی) دەستبەرداری بەرخۆدان و ڕاپەڕینی چەکداری نەبوون، میر و سەرکردە کوردەکان بەپاڵپشتی ڕۆڵەکانیان توانیان دژ بە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی ڕاپەڕن.


قەڵای دمدم لە نزیك شاری ئورمیە

**نموونەی هەندێك لە ڕاپەڕینی كوردان لەو سەردەمە:-**

* ڕاپەڕینی (برادۆست) لەساڵی ١٦٠٨ز بەسەركردایەتی (ئەمیر خانی لەپ زێڕین) لە دژی دەسەڵاتی سەفەوی كە لەناو ئەدەب و فۆلكلۆری كوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەداستانی (قەڵای دمدم) بەناوبانگە.

* ڕاپەڕینی (جان پۆلا)ی میری (كلیس) لە باكووری حەلەب لە دژی دەسەڵاتی عوسمانی لەساڵی ١٦٠٧ز.

* میرەكانی بابانیش بەبەردەوامی دژ بە دەسەڵاتی عوسمانی ڕاپەڕیوون، وەك میر بابە سلێمان و بەكر بەگ و سەلیم پاشا و عەبدولرەحمان پاشا.



خانی لەپ زێڕین

* بەرخودانی (قوباد خان)ی میری موكریان ساڵی ١٦١٠ز لە دژی لەشكری سەفەوی لە سەردەمی شا (عەباس)ی سەفەوی.

* ڕاپەڕینە بەردەوامەكانی كوردانی ئێزیدی لە شەنگال و شێخان، هەروەها كوردانی زازا لە دەرسیم.

**ڕێكەوتننامەی زەهاو (پەیمانی ڕێكخستنی سنوور و دابەشكردنی كوردستان بەشێوەیەكی فەرمی**

ساڵی ١٦٢٣ز سەفەوییەكان بەسەركردایەتی شا عەباسی سەفەوی توانیان شاری بەغدا داگیر بكەن، بەڵام عوسمانییەكان بەسەركردایەتی سوڵتان موورادی چوارەم ساڵی ١٦٣٨ز واتە دوای(١٥) ساڵ، توانیان جارێكی دیكەدەست بگرنەوە بەسەر بەغدا.

دوای ئەوەی عوسمانییەكان توانیان بەغدا بسێننەوە لە سەفەوییەكان،ئەوەبوو لەلایەن (سوڵتان موورادی چوارەم) و (شا صفی) لە (١٧ی مایسی ١٦٣٩ز) ڕێكەوتننامەیەك مۆركرا بەناوی ڕێكەوتننامەی زەهاو (پەیمانی ڕێكخستنی سنوور) لە شارۆچكەی سەرپیل زەهاو نزیك (قەسری شیرین) لە خۆرهەڵاتی كوردستان، بەگوێرەی ڕێكەوتننامەكەش كوردستان بۆ یەكەم جار بە ڕەسمی(بەفەرمی) دابەشكرا بۆ دوو بەشەكەی كەلە شەڕی چاڵدێرانەوە لەسەری ڕێككەوتبوون.

## زانیاری پێویست

کاریگەرییەکانی ڕێکەوتننامەی زەهاو

لە کاریگەرییەکانی ڕێکەوتنامەی زەهاو(پەیمانی ڕێکخستنی سنوور) ئەوەبوو هەردوو دەوڵەتی عوسمانی(تورکی) و سەفەوی(ئێرانی) هاوکاری یەکتری دەکەن دژی هەموو جولانەوەیەك لە کوردستان کە مەبەستی رزگاری سەربەخۆیی و فراوانخوازی بێت(تا ئەمرۆشی لەگەڵدابێت) و، لەشکری هەر کام لەم دەوڵەتانە بۆیان هەیە بەناوی ڕاوەدوونانی (یاخی و جوداخواز و گێرەشێوێن و تێکدەر و...هتد)، سنوور ببەزێنن.

هەروەها لە کاریگەرییەکانی تری ڕێکەوتنامەکە، لێکدابڕاندنی خودی یەك عەشیرەت و هۆز و بنەماڵە بوو لە یەکتری، هەر لە (بەدرە)وە تا دەگاتە (ماکۆ) و (قارس)، هەر بۆ نموونە عەشیرەتی جاف بوون بە جافی مورادی و جافی جوانرۆ، هەورامان بوو بە (هەورامانی لهۆن و هەورامانی تەخت).

جگە لە ناچارکردنی کوردان بۆ ئەوەی ببن بە پاسەوانی هەریەك لەو دوو دەوڵەتە.

گرنگترین کاریگەرییش ئەوەبوو نەهێڵن ناوچە سنوورییەکانی هەردوولا ژیان و ئاوەدانی و کار و چالاکی تێدابێت و هەر بە کاولکاری بمێننەوە.

## چالاکی ناوپۆل

_ مامۆستای بەڕێز دوای باسکردنی ناوەرۆکی بابەتەکە دواتر لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆ لەبارەی سیاسەتی عوسمانی و سەفەوییەکان بکەن دژ بە کورد، ڕۆڵی ئەو دوو دەوڵەتە چی بوو لە دابەشکردنی کوردستان و لەناوبردنی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد؟

## هەڵسەنگاندن

پێناسەی ئەمانە بکە:

١- ئەمیر خانی لەپ زێڕین ٢- ڕاپەڕینی جان پۆلا ٣- سوڵتان مورادی چوارەم.

٢_ ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەی کوردی - عوسمانی چی تێدا هاتبوو؟

٣_ ڕێکەوتنامەی زەهاو چی بوو؟

٤_ چی دەربارەی داستانی قەڵای دمدم دەزانی؟

## چالاکی ماڵەوە

_ کاریگەری ڕێکەوتنامەی زەهاو (پەیمانی ڕێکخستنی سنوور) لەسەر کوردستان چی بوو؟ ئایا ئەم کاریگەرییە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەدی دەکرێت ؟ ڕات چییە؟ ڕوونی بکەوە.

# بەندی سێیەم

## کوردستان لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکان

### ئامانجی فێربوون

**قوتابیان**

- هەڵسەنگاندن بۆ کوردستان بکات لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکان.
- بەناوبانگترین میرەکانی میرنشینەکان بناسێت وگرنگترین ئەو کار وچاکسازی و خزمەتانەی لەماوەی حوکمڕانییان ئەنجامیان داوە چی بوون.
- ئایا شوێنەوار وپاشماوەی شارستانێتی میرنشینە کوردییەکان ماون و چییان لێ بەسەرهاتووە؟
- ڕۆڵی کەریم خانی زەند وەك سەرکردەیەکی کورد لە حوکمڕانی وڵاتێکی گەورەوفراوانی وەك ئێران بزانێت.
- بەناوبانگترین قوتابخانە، شاعیر، ئەدیب، نووسەر و زانایانی ئەو سەردەمە بناسێت.

وانەی یەکەم/

## کورتەیەك دەربارەی مێژووی هەندێك لە میرنشینە کوردییەکان:

### أ- میرنشینی ئەردەلان:

ئەم میرنشینە ساڵی ١١٩٧ز لە ناوچەی شارەزوور (کە کەرکوکیشی دەگرتەوە)لەلایەن (بابە ئەردەلان)دامەزراوە، پاشان دەسەڵاتی میرنشینەکە لە سەدەکانی داهاتوودا بەشی زۆری (باشور و خۆرهەڵاتی کوردستان)ی گرتەوە. لەم میرنشینەدا زیاتر لە (٤٠) میر فەرمانڕەوایان کردووە ، لەوانە:

حەسەن بەگ کوڕی خدر بەگ(١٣٤٥-١٣٨٢ز) ،کەتوانی سوپایەکی ڕێکوپێك و مەشقپێکراو پێکبهێنێ ئەمەش وایکرد کە بتوانێ بەڕووی هێرشی جەلائیرییە مەغۆلەکان بوەستێ و نەهێڵێ ناوچەکانی میرنشینەکە داگیربکەن. هەروەها یەکەم وەزیریش کە ناوی هاتبێ لە مێژووی میرنشینی ئەردەلان لەسەردەمی ئەم میرەدابوو کە ناوی (ئیبراهیم بەگ) بوو، ئەمەش هۆکاری گرنگیدانی ئەم میرە بوو بە کاروباری ئیداری و بەڕێوەبردنی میرنشینەکە بەرەو بەدەوڵەتیبوون.

هەڵۆخان (١٥٩١- ١٦١٩ز)یش ، میرنشینەکەی زۆر ئاوەدان و پێشخستووە ،قەڵای (حەسەن ئاوا) کە لەسەر کێوێکی بەرز بوو ،کردی بە پایتەختی خۆی و هەرسێ قەڵاکەی تری (زەڵم) و (مەریوان ) و (پاڵنگان)شی سەرلەنوێ نۆژەن و ئاوەدانکردنەوە و قایمی کردن. لەکاتی ئەم میرەدا ئارامی و خۆشی و هەرزانی باڵی بەسەر قەڵەمڕەوی میرنشینەکەدا کێشابوو، نە سەری بۆ شای سەفەوی نە بۆ سوڵتانی عوسمانی دەچەماندەوە، هەردوو دەوڵەتیش بەجووتە لێی دەترسان، بۆیە شا عەباسی سەفەوی بە زۆر شێوە لەدژی وەستا.

خان ئەحمەد خان (١٦١٩ز- ١٦٣٢ز)یش شاری (سنە) دەکاتە پایتەختی خۆی و دەسەڵاتی فراوانتر دەکاو دەست بەسەر تەواوی ناوچەی کرماشان و موکریان و شارەکانی وەك: مەهاباد (ساباڵاغ) و ئورمیە و شنۆ و مەراغە و خوی دادەگرێت، هەموو هۆز و خێڵەکانی موکریان و بلباس دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، پاشان سکە بەناوی خۆیەوە لێدەدات، بۆیە سەردەمی ئەم میرە بە چاخی زێڕین لە مێژووی میرنشینی ئەردەلان دادەنرێت.

دەسەڵاتدارانی قاجاری (ئێرانی) هەر لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە توانیان خۆیان بخزێننە نێو خودی بنەماڵەی ئەردەلانیەکان و لێیان نزیك بوونەوە، بە تایبەتی لە سەردەمی (ئەمانوڵلا خان) کە یەکێ بوو لەو میرانەی چەندین کاری چاکەکاری و ئاوەدانکردنەوە و کۆشك و تەلار و باخ و باخاتی نایابی دروستکرد کە تا ئێستا شوێنەواری زۆربەیان ماوە بەتایبەتی لە (سنە) ی پایتەخت (لەوانە کۆشکی خوسرەو ئاوا کەلە

شاكاره سەرنجراكێشەكانی ئەمانوڵلا خان دادەنرێت) ، بەڵام لە هەمان كاتیشدا دەرگای واڵا كرد بۆ قاجارەكان بۆ ئەوەی دەست لە كاروباری ناوخۆی میرنشینەكە وەربدەن، كوڕەكەشی كە ناوی (خوسرەو خانی ناكام)بوو زیاتر كارەكەی بەرەو هەڵدێر برد. دوا جاریش ساڵی ١٨٦٧ز دوای مردنی (غولام شا خان)ی دوا میری ئەردەلان ئیتر میرنشینەكە هەڵوەشایەوە كاتێ (ناسرەدین شا)ی قاجاری، مامی خۆی كرد بە والی ئەردەلان.

میرنیشینی ئەردەلان لەو ماوەیە درێژەی كە تێیدا بەرقەرار بوو ڕۆڵێكی گرنگی لە مێژووی كوردستاندا گێڕا و شوێنەواری لە زۆربەی بوارەكانی ئاوەدانكاری بەجێماوە.

میرنیشینی ئەردەلان لە بواری ڕۆشنبیرییشدا ڕۆڵی دیار بووە، چەندین شاعیر و مێژوونووسی وەك (مەستورەی كوردستانی) و (مەلا محەمەد شەریفی قازی) و(خەسرەو بەگی ئەردەلان) لە ژێر سایەیدا پەیدا بوون



كۆشكی خوسرەو ئاوا لە شاری سنە لە شاكارەكانی ئەمانوڵلاخان

## ب ـ میرنشینی بۆتان:

لە ناوەڕاستی سەدەی سێزدەیەمی زایینی میر عبدالعزیز سلێمان ئەم میرنشینەی دامەزراند، بۆیە زۆرجار بەم میرنشینە وتراوە (ئازیزان)، ئەم میرنشینە لە ناوچەی (جزیرە)ی بۆتان و دەوروبەری پێكهات كە شوێنی هۆزی (بۆتی) یا (بوختی) بوو، بۆیە بە میرنشینی بۆتان ناوی دەركرد، ئەم هۆزەش هۆزێكی گەورە و دێرینی كوردە.

لەم میرنشینەشدا ژمارەیەكی زۆری میری بە تواناو لێهاتوو میرایەتیان كردووە و توانیویانە میرنشینەكە بپارێزن و سنوورەكەشی فراوان بكەن و لە دەست دوژمن و نەیاران دووری بخەنەوە، لەوانە:

میر (شەرەف كوڕی میر بەدر بەگ) كە توانی سێ جار لەشكری زۆر و گەورەی شا ئیسماعیلی سەفەوی تێك بشكێنێ، كاتێ شاڵاوی بۆ سەر میرنشینەكە هێنا.

هەروەها كوردانی بۆتان لەژێر سەركردایەتی (شا عەلی بەگ) ساڵی ١٥١٥ز ڕۆڵێكی گرنگیان بینی لە شكاندنی لەشكری سەفەوییەكان كاتێ گەمارۆی شاری ئامەد (دیار بەكر) یان دابوو. دواتریش عوسمانییەكان شاری (موسڵ) یان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، حوكمی شارەكەیان دا بە میر (بەدر بەگ كوری شا عەلی بەگ) لەگەڵ حوكمڕانی میرنشینەكەش. یەكێك لەو میرە بەناوبانگانەی كە لە سەرەتاكانی سەدەی حەڤدەیەم حوكمی میرنشینی بۆتانی گرتە دەست (میر شەرەف كوری خان ئەبدال) بوو، كە توانی دادپەروەری و هێمنی و ئاساییش لە ناوچەكە سەقامگیر بكات و گوزەرانی خەڵك بەرزبكاتەوە، هەروەها چەندین بینا و قوتابخانە و مزگەوتی دروست كرد لەوانە (مەدرەسا سوور) كە چەندین ژووری تایبەتی بۆ مامۆستایان و قوتابیان تێدابوو، هەروەها چەندین مامۆستای بەتوانا لە هەموو بوارەكانی زانست و هونەر وانەیان تێدا دەووتەوە و شاعیری گەورەی كورد مەلای جزیری لەو قوتابخانەیە دەرچووە. هەر لەسەردەمی حوكمڕانی ئەم میرنشیە جگە لە (مەلای جزیری) شاعیرانی گەورەی كورد وەك (مەلا مەحمودی بایەزیدی) و(ئەحمەدی خانی) دەركەوتوون.

### زانیاری پێویست

**بەدرخان پاشا**

بەدرخان پاشا(١٨٢١-١٨٤٧ز) یەكێكە لە میرە بەناوبانگەكانی میرنشینی بۆتان، هەر لە سەرەتای بوونی بە میری ئەم میرنشینە خەونی بە ڕزگاربوونی كوردستانەوە دەبینی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەكان، بۆ ئەو مەبەستە (پەیمانی پیرۆز) ی پێكهێنا كە تیایدا ژمارەیەك میر و سەركردە و پیاوانی ئایینی و سەرۆك هۆزەكانی ناوچەكانی (وان، هەكاری، موش، بەدلیس، سێرت، قارس، بادینان، ئەردەلان) بەڵێنی یەكهەڵوێستیان دا. هەروەها میری بۆتان دوو كارخانەی دروستكردنی

چەك و كەرستەی جەنگیی(باروت) لە شاری (جزیرە) دامەزراند، ونێردەیەكی لە قوتابیان نارد بۆ ئەوروپا بۆ بەدەستهێنانی پسپۆریی پێویست لەبوارەكانی دروستكردنی چەك و تەقەمەنی و كەشتی جەنگی، لەگەڵ دروستكردنی كەشتیگەلێكی بچووك لە دەریاچەی وان، هەروەها هەستا بە لابردنی چەندین باج و سەرانەی قورس كە عوسمانییەكان پێشتر سەپاندبوویان.



بەدرخان پاشا

ساڵی ١٨٤٢ سكە(پارە)ی بە ناوی خۆیەوە لێدا و هەر لەو ساڵەدا سەربەخۆیی كوردستانی ڕاگەیاند، لە ڕاپەڕینێكدا سنووری میرنشینەكەی فراوانكرد، بۆیە ئەم ڕاپەڕینە بووە جێگەی بایەخدانی بەرپرسانی عوسمانی و ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییانەی بەرژەوەندییان لەو ناوچەیە هەبوو، دەستیان خستە ناو پرسەكە و هانی دەسەڵاتدارانی عوسمانییان دا بۆ سەركوتكردنی ڕاپەڕینەكە(بەتایبەتی بەریتانیا).

لەكۆتاییدا بەسەركردایەتی عوسمان پاشا لەشكری عوسمانی هێرشی كردە سەر ئەو دەقەرانەی هاوپەیمانی میر بەدرخان بوون، ئەمەش لەپێناو دابڕینیان بوو لە میر بەدرخان، لە ئەنجامدا توانیان لە ساڵی ١٨٤٧دا لە شەڕێكی یەكلاكەرەوەدا لە قەڵای (ئاروخ) دوای گەمارۆیەكی توند بەسەر هێزەكانی بۆتان سەربكەون و دوای ماوەیەك بەدرخان پاشا ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدات و بۆ دورگەی (كریت) دوور خرایەوە. دواتر میرنشینی بۆتان هەڵوەشێنرایەوە.

### چالاكی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز چەند قوتابییەك دەستنیشان بكە، بە شێوەی ڕۆڵبینین هەریەكەیان ڕۆڵی میرێك ببینێ لە هەردوو میرنشینەكە، باس لە كارو دەسەڵاتی میرەكە بكات.

### هەڵسەنگاندن

١ـ ئەمانە پێناسە بكە: قەڵای حەسەن ئاوا، قەڵای ئاروخ، پەیمانی پیرۆز.

٢ـ لە سەردەمی خان ئەحمەد خان دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەلان بەرفراوان بوو؟

٣ـ بە میرنشینی بۆتان دەگوترا میرنشینی ئازیزان؟

٤ـبەدرخان پاشا چەند كاری گرنگی كرد بیانژمێرە؟

### چالاكی ماڵەوە

قوتابی خۆشەویست یەكێك لەو میرە بەناوبانگانەی حوكمی میرنشینی بۆتانی گرتە دەست (میر شەرەف كوری خان ئەبدال) بوو، كە توانی دادپەروەری و هێمنی و ئاسایش لە ناوچەكە سەقامگیر بكا. بەچەند دێرێك باس لە دادپەروەری بكە.

وانەی دووەم/

## ج- میرنشینی بادینان(بەهدینان):

ئەم میرنشینە لە نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەمی زایینی لە (قەڵای ئامێدی) لەلایەن (میر بەهائەدین)دامەزراوە کە لە بنەچەدا خۆی و بنەماڵەکەی لە قەڵای (تارون) لە ناوچەی (شەمزینان)ەوە هاتوون.

لەناو میرانی بادینان هەندێك میری بەتوانا هەبوون کە توانیویایە سنووری میرنشینەکەیان فراوان بکەن و ئاوەدانی بخەنە ناوچەکەوە، لەوانە:

(میر حەسەن کوڕی سیف الدین) کە زیاتر لە ٦٠ ساڵ حوکمڕانی کردووە و لە سەرەتای حوکمڕانیدا میرنشینەکەی تووشی پەلاماری لەشکری ئاق قۆینلو بوو، بەڵام لەشکری بادینان بە سەرۆکایەتی میر حەسەن توانیان لەشکری ئاق قۆینلو بشکێنن و زۆریشیان لێ بکوژن، هەروەها ئەم میرە توانی زاخۆ و دهۆك و ئاکرێ و میرنشینی داسنی و تەواوی ناوچەکە بکاتە بەشێك لە میرنشینی بادینان.



شوێنەوارێکی دێرینی شاری ئامێدی

ئەم میرە ساڵی ١٥٣٤ ز دەمرێ و دوای ئەو کوڕە گەورەکەی کە ناوی (میر سوڵتان حوسێن) دەبێتە میری بادینان، توانیویەتی بۆماوەی چوار ساڵ فەرمانڕەوایی (شاری موسڵ) بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەم میرە زۆر حەزی لە زانست و خوێندن بووە و خزمەتی زۆری زانایانی کردووە، هەر لە سەردەمی ئەودا بوو کە زانای بەناوبانگی کورد(ئەبو سعود ئامێدی) ناسراو بە(مفتي الثقلين ) پلەی(شيخ الإسلام ) ی پێبەخشرا لەلایەن سوڵتان سلێمان قانونی، کە بەرزترین پلەی ئایینی بوو لەدەوڵەتی عوسمانی. هەر لەسەردەمی ئەم میرەدا مزگەوتی گەورەی ئامێدی نۆژەنکرایەوە و منارەیەکی ناوازەی بە بەرزیی ٣٠ مەتر بۆ دروستکرد.

دوای ئەوەی لەساڵی ١٥٧٣دا سوڵتان حوسێن مرد، ئەم بوژانەوەیە لەبادینان بەردەوام نەبوو، لە بەرئەوەی کێبڕکێ لەسەر دەسەڵات لەمیرنشینەکەدا بەرپابوو، تا ساڵی ١٦٣٩ز کاتێك کە (میر مرادخان) دێتە سەرحوکم، ئەم میرە لەشکرێکی بیست هەزار چەکداری پڕ چەك و جبەخانەی هەبووە کە هەموو کاتێك ئامادەبوون بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی بێگانە و داگیرکەران، مرادخان لە کار و کردار و بڕیارەکانیدا سەربەست و سەربەخۆ بوو پەیوەندی بە (ئەستەنبوڵ) ەوە نەبوو، تەنیا لە خوتبە(وتار)ی هەینی ناوی سوڵتان دەهێنرا.

لەسەردەمی ئەو میرەدا پەیوەندی نێوان میرنشینی بادینان و سۆران زۆر بەهێز بووە لەبەر ئەوەی خێزانەکەی مردخان خوشکی میری سۆران بووە.

لەشاری ئامێدی شوێنەواری چەندین قوتابخانە و پەرستگای ئایینە جیاوازەکان هەن لەوانە قوتابخانەی (قوبەهان) و قوتابخانەی (موراد خان) کە سەدەها کتێب و چەندین مامۆستای لێهاتوویان تێدابوو، تائێستاش شوێنەواری قوتابخانەی (قوبەهان) لە شاری ئامێدی ماوە.

(بارام پاشا) یەکێکە لە میرە بەناوبانگەکانی میرنشینی بادینان کە لەساڵی ١٧١٤دەسەڵاتی گرتەدەست، گرنگییدا بە ئاوەدانی و هێمنی و ئاسایشی ناوچەکە ، بە دادپەروەری و دەستکراوەیی خۆشی پشتیوانی خەڵکی بادینانی مسۆگەر کرد، هەروەها پەرەی بە پەیوەندییەکانی دا لەگەڵ حکومەتی عوسمانی و گوێی بەوالیەکانی دەوروبەر نەدا، بەتایبەتی (ئەحمەد پاشا)ی والی بەغدا کە دەیویست دەسەڵاتی خۆی بەسەر بادیناندا بسەپێنێ، ئەم والیە هێزێکی گەورەی ناردە سەر بادینان، بەڵام بەسەرکردایەتی بارام پاشا دانیشتوانی بادینان هێرشەکەیان تێکشکاند، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە بارام پاشا بە (پاشایێ مەزن) بەناوبانگە.

دوای مردنی بارام پاشا لەساڵی ١٧٦٨دا (ئیسماعیل پاشای یەكەم)ی كوڕی هاتە شوێنی، بەڵام ئیتر نائارامی ڕووی لە بادینان كرد، ئەمەش لەئەنجامی كێشە و گرفتی ناوخۆیی لەلایەك و ناكۆكییەكان لەگەڵ ویلایەتی موسڵ لەلایەكی تر، بۆنموونە لەساڵی ١٧٧٩دا (عەبدولباقی پاشا)ی والی موسڵ كە بە زۆرداری و دڵڕەقی بەناوبانگ بوو، هێرشێكی گەورەی كردە سەر ناوچەی بادینان و كوشتار و كاولكاریەكی زۆری لە گوند و دێهاتەكاندا ئەنجامدا و تاڵانیكردن، و گەمارۆی (ئامێدی دا، بەڵام هێزەكانی بادینان بەسەركردایەتی ئیسماعیل پاشای یەكەم توانیان هێرشەكە تێك بشكێنن و پاشەكشە بە لەشكرەكە بكەن. هەر ئەم والیەی موسڵ ساڵی ١٧٨٧ز هێرشێكی دیكەی درندانە دەكاتەوە سەر ئێزیدیەكانی شێخان، كوشتارێكی زۆریان لێ دەكات و كاولكارییەكی گەورە بەسەر ناوچەكەدا دێنێ، بەڵام لەگەڕانەوەیدا ئێزیدییەكان پێشی لێدەگرن و دەیكوژن و تۆڵەی هەموو تاوانەكانی لێ دەكەنەوە.

ساڵی ١٨٤٢ ز میرنشینی بادینان بەتەواوی ڕووخێنرا، دوای ئەوەی هێزەكانی عوسمانی سەر بە ویلایەتی موسڵ توانیان بەسەر ئەو بزووتنەوەیەدا زاڵبن كە ئیسماعیل پاشای میری بادینان بەرپایكرد بۆ پارێزگاری كردن لە قەوارەی میرنشینەكەی.

### د- میرنشینی سۆران:

ئەم میرنشینە لە سەرەتاكانی سەدەی پازدەیەم لەلایەن (میر عیسا كوڕی كەلۆس بەگ) لە ناوچەی ڕەواندز دامەزراوە، دوای ئەم میرە چەند میرێكی دیكە جلەوی حوكم دەگرنە دەست و سنوری میرنشینەكەش فراوان دەكەن تاكو تەواوی ناوچەكانی نێوان زێی گەورە و زێی بچووك (واتە پارێزگای هەولێری ئێستا) دەگرێتەوە.

یەكێك لەو میرانە (میر سەیدی كوری شا عەلی بەگ) بوو، كە شاری (شەقڵاوە)ی كردە پایتەختی میرنشینەكەی خۆی، سەردەمی ئەو میرە هاوكات بوو لەگەڵ شەڕی چاڵدێران ساڵی ١٥١٤ز، بۆیە شكانی سەفەوییەكان لەم شەڕە بە هەل(دەرفەت) دەزانێت بۆ ئەوەی سنوری میرنشینەكەی فراوان بكات و ئەو ناوچانە رزگاربكات كە لەژێر دەستی سەفەوییەكان مابوون، لە ئەنجامدا هەولێر و كەركوكی ئازادكردەوە.

لەسەرەتای سەدەی حەڤدەمدا (عەلی بەگی كوڕی سلێمان بەگ) كە لە (هەریر)دا حوكمی سۆرانی دەكرد، بایەخێكی زۆری بەزانست و زانیاری و زانایان دا، هەر لەسەردەمی ئەمدا بوو كە (شێخ حەیدەر ماوەرانی ) بوو بە (گەورەی زانایانی سەردەمی خۆی)، قوتابخانەی ( ماوەران) یش لەو ڕۆژگارەدا زۆر پێشكەوت و چەندین زانای پێگەیاند لەوانە

(سـبغەتوڵڵای حەیـدەری) ،وە هەرلەسـەردەمی حوكمڕانـی میرانـی سـۆراندا چەنـد زانـای ئایینـی گـەورەی كـورد بەدەركەوتـن لەوانـە (محەمـەد كـوڕی ئـادەم باڵەكـی)، هەروەهـا ئـەم میـرە پەیوەندییەكـی پتـەوی لەگـەڵ (حەیـدەر كـوڕی ئەمیرپاشـا) میـری موكریـان هەبـووە، بـە هـەردوولا توانیـان هێرشـێكی گـەورەی عوسـمانییەكان تێكبشـكێنن.

لەبـواری ئاوەدانكردنـەوەش كاری گرنگـی ئەنجامـدا، وەك دروسـتكردنی پردێـك لەسـەر زێی گـەورە لەنێـوان باڵەكیـان و ڕەوانـدز، هەروەهـا ڕێـگای (گەلـی عەلـی بـەگ)ی چاككردۆتـەوە كـە بەنـاوی ئـەوەوە ناونـراوە، چەندیـن قـەڵا و قـوللەی بنیاتنـا.



قەڵای بانەمان (خانزاد) لە نزيك پيرمام



خانزادی سۆران

**خانـزادی سـۆران:** یەكێـك بـوو لـە شـازادەكانی میرنشـینی سـۆران، خوشـكی میـر سـلێمان بـەگ بـوو ،توانیویەتـی میرنشـینەكە بپارێـزێ لـە پیلانەكانـی ناوخـۆ و هێرشـەكانی دەرەوە، شـارۆچكەی هەریـر دەكاتـە پایتەختـی میرنشـینی سـۆران. بایەخـی بـە ئاوەدانكرنـەوە داوە، قـەڵای بانەمـان لەنێـوان هەولێـر و شـەقلاوە لـە گرنگتریـن شـوێنەوارەكانی ئـەو سـەردەمەیە

## میر محەمەد ڕەواندزی

لە مێژوودا ناوبانگی میرنشینی سۆران زیاتر بۆ (میر محەمەد ڕەواندزی) ناسراو بە (پاشای گەورە)یان(پاشای کوێرە) دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی ١٨١٣ز دەسەڵاتی گرتەدەست و چاکسازی لە سەرجەم بوارەکاندا ئەنجام دا، لەوانە:

١- لە بواری سەربازییدا لەشکرێکی هەمیشەیی و ڕاهێنراوی ئامادەکرد، و بەیارمەتی وەستا (ڕەجەب)ی لێهاتوو کارخانەیەکی دروستکردنی چەکی بەتایبەتی (تۆپ)ی دامەزراند.

٢- چەندین قەڵاو قوللەی سەختی لە شوێنە گرنگەکان بۆ بەرگریکردن و پاراستنی ئاسایشی ڕێگاوبانەکان دروستکرد.

٣- سیستەمێکی کارگێڕی تۆکمەی دانا و دادوەری بەرقەرار کرد.

٤- لە ڕووی ئابوورییەوە پارەی تایبەت بەمیرنیشینەکەی لێدا و لە ڕێگەی هێمنی و ئاسایش ئابووری وڵات بوژایەوە.



میر محەمەدی ڕەواندز (پاشای گەورە)

### زانیاری پێویست

دوای ئەوەی میر محەمەد ڕەواندزی لە هەموو بوارەکان پەرەی بە میرنشینەکەیدا، لە پێناو پێکهێنانی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆی مەزن هەولیدا دەسەڵاتی خۆی بۆ دەڤەرەکانی دەوروبەر فراوانبکات، توانی تەواوی شار و شارۆچکەکانی سنووری (ئێستای پارێزگای هەولێر) تا دەگاتە ڕانیە لەگەڵ میرنشینی بادینان و دەڤەرەکانی کوردانی ئێزیدی تا نزیك موسڵ بخاتە سەر قەڵەمڕەویەکەی، بێگومان ئەم فراوانخوازییەش بە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی عوسمانی لە ناوچەکە لە قەڵەمدەدرا، بۆیە سوڵتان مەحمودی دووەم فەرمانی دایە (ڕەشید پاشا)ی والی (سیواس) تا سەرکردایەتی هەڵمەتێکی فراوان بکات بۆ لەناوبردنی میرنشینی سۆران.

دواجار (ڕەشید پاشا)ی سەرلەشکری عوسمانی لە ساڵی ١٨٣٦ دا ئابلۆقەی (ڕەواندز)ی پایتەختی سۆرانی دا، پاشای گەورەش بۆ ڕێگەگرتن لە ڕژانی خوێنی دانیشتووان و بەتاڵانچوونی ماڵ و سامانیان، بە ئاشتی خۆی بەدەستەوەدا و ساڵی ١٨٣٧ز لە شاری (سیواس) لەسێدارە درا.

دوای ١٠ ساڵ لەم ڕووداوە ساڵی ١٨٤٧ز میرنشینی سۆران خرایە سەر کارگێڕی ڕاستەوخۆی عوسمانی، دەوڵەتە ئەوروپییەکان بەتایبەتی بەریتانیا ڕۆڵی هەبوو لە یارمەتیدانی دەوڵەتی عوسمانی دژی میری سۆران.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز قوتابیان بە گرووپ ڕۆڵی هەریەکە لەو کەسایەتییانە ڕوون بکەنەوە:

(میر حەسەن کوڕی سیف الدین، میر مراد خان، بارام پاشا، خانزادی سۆران، میر محەمەد ڕەواندزی(پاشای گەورە). پرسیار و وەڵامی یەکتر بدەنەوە.

## هەڵسەنگاندن

١ـ میر سوڵتان حوسێن بایەخی بە چ بوارێك دا؟

٢ـ لەسەردەمی میر مرادخان پەیوەندی نێوان میرنشینی بادینان و سۆران چۆن بوو؟

٣ـ ڕۆڵی خانزادی سۆران لە میرنشینی سۆران چی بووە؟ دەرکەوتنی ڕۆڵی ئافرەتێك لە سەرکردایەتی کردنی میرنشینێکی کوردی لەم ڕۆژگارەدا، چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

٤ـ چاکسازییەکانی میر محەمەدی ڕەواندزی ( پاشای گەورە )چی بوون؟

## چالاکیماڵەوە

قوتابی ژیر پەیوەندی نێوان میرنشینی سۆران و بادینان زۆر بەهێز بوو، بەڕای تۆ پەیوەندی بەهێزی نێوان لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان کاریگەری لەسەر بەهێزی کوردستان هەیە؟ بەچەند دێرێك ڕای خۆت دەرببڕە.

وانەی سێیەم/

## هـ- میرنشینی بابان:

ئـەم میرنشـینە لەلایـەن (میـر بـۆداغ بـەگ بەبـە) لەکۆتاییەکانـی سـەدەی پازدەیەمـی زاییینـی دامـەزرا، دەسـتی بەفراوانخـوازی کـرد تـا ناوچەکانـی کەرکـوک و کفری. لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤدەیەمـدا (فەقـێ ئەحمـەدی دارەشـمانە) لـە ناوچـەی مەرگـە و پشـدەر سـەر لەنـوێ بناغـەی میرنشـینی بابانـی دامەزرانـدەوە، کـە لـە بنەماڵـەی پێنجەمـی بابانـە.

بابەسـلێمان(١٦٦٩ز-١٦٩٩ز) سـاڵی ١٦٧٠ز شـاری (قەڵاچـوالان)ی کـردە پایتەختـی خـۆی و پاشـان دەسـتی گـرت بەسـەر ناوچـەی شـارەزوور و کەرکـوک و تـەواوی ناوچـەی هەورامـان و شـارەکانی (مەریـوان) و (سـەقز) لـە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان، بۆیـە دەسـەڵاتدارانی ئێرانـی داوای هاوکارییـان لـە دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی کـرد بـۆ ئـەوەی بەیەکـەوە لەنـاوی ببـەن ئەوەبـوو سـاڵی ١٦٩٩ز هـەردوو دەوڵـەت هێرشـیان کـردە سـەری و لەناویانبـرد.

> شـاری سـلێمانی لـە سـاڵی ١٧٨٤ ز لەسەردەسـتی (ئیبراهیـم پاشـای بابـان) لـە نزیـك گونـدی مەڵکەنـدی بنیادنـرا، کۆشـك و سـەرای میـری و مزگـەوت و گەرماو و بـازاڕ و چەنـد خانوویەکـی لـێ دروسـتکرا، دامـودەزگای میرایەتـی لە(قەڵاچـوالان)ەوە بـۆ ئـەم شـارە گوازرایـەوە و کرایـە پایتەختـی میرنشـینەکە.

لـە سـەردەمی (عەبدولرەحمـان پاشـا) دا میرنشـینی بابـان لەوپـەڕی بەهێـزی دابـوو، ئـەم میـرە کـە لـە مـاوەی نێـوان (١٧٨٩ز-١٨١٣ز) دا حوکمـی کـردووە لـە میـرە هـەرە بەناوبانگەکانـی بابانـە، بـەردەوام هەوڵـی سـەربەخۆیی دەدا، لـەو پێناوەشـدا دووجـار لـە (دەربەنـدی بازیـان) بـەڕووی هێزەکانـی عوسـمانی وەسـتا، بـەڵام جـاری سێیەم لەساڵی ١٨١٢ز دا لـە شـەڕی (کفری) ڕووبەڕووی لەشـکرێکی گـەورەی عوسـمانییەکان بـۆوە و شـکا.

لـە سـەردەمی میرنشـینی بابانـدا بـەردی بناغـەی زمانـی نووسـینی کـوردی دانـدرا و شـیعری کـوردی گەیشـتە لوتکـە لەسەردەسـتی شـاعیرانی وەك (نالـی ،سـالم ،کـوردی) کـە بەسـێکوچکەی بابـان ناسـراون. ولەمـاوەی حوکمڕانـی ئـەم میرنشـینەش چەندیـن زانـای گـەورەی کـورد بەدیارکەوتـن لەوانـە (بێتوشـی) و (مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی) و (شـێخ مەعروفـی نۆدەهـی).

دواجـار لـە چوارچێـوەی بـە مەرکەزیەتکردنـی دەوڵەتـی عوسـمانی و بەسـتنەوەی گشـت ناوچـەکان بـە پایتەخـت (ئەسـتەنبوڵ)ەوە سـاڵی ١٨٥١ز میرنشـینی بابانیـش هەڵوەشـێندرایەوە و کۆتایـی پێهـات، بـە فەرمانێکـی سـوڵتانی عوسـمانی لـەو ساڵەدا (عبـدالله پاشـای بابـان) کـرا بـە قائیمقامـی سـلێمانی.

## حکومەتی زەند لە ئێران :

(کەریم خانی زەند) سەرۆکی عەشیرەتی (زەند) ی کوردن کە لەخۆرئاوا و باشوری خۆرئاوای ئێران دا نیشتەجێن، سەرەتا توانی بناغەی حکومەتێکی میللی دادپەروەری سەربەخۆ لە باشوری ئێران بەتایبەتی لە ناوچەکانی شیراز و ئەسفەهان دابمەزرێنێ و پاشان حوکمی هەموو وڵاتی ئێران بکات و حکومەتی زەند دابمەزرێنێ(١٧٥٣ - ١٧٩٤) و خۆی بۆماوەی ٢٦ ساڵ حوکمرانی بکات و شاری (شیراز) ی کردە پایتەخت.



کەریم خانی زەند

کەریم خانی زەند بە دادپەروەرترین فەرمانڕەوا دادەنرێت لە مێژووی نوێی ئێراندا و ئەورووپییەکان نازناوی (پادشای باش)یان لێناوە،

دکتۆر عبدالرحمن قاسملۆی شەهید لە بارەی ماوەی حوکمڕانی کەریم خانی زەند دەڵێ: (سەردەمی دەسەڵاتی کەریم خانی زەند ١٧٥٣ - ١٧٧٩ ز جوانترین فەسلی مێژووی گەلی کورد بوو لە ئێران). کونسوڵی فەرەنساش لە بەغدا لە نامەیەکیدا کە ساڵی ١٧٦٣ز بۆ (پاریس)ی ناردووە، لەبارەی (کەریم خانی زەند)ەوە دەڵێت : (لەژێر ڕابەرایەتی کەریم خان وڵاتی (ئێران) کەوتۆتە گەشەکردن و بارودۆخ جێگیر بووە و هێمنی و ئاساییش جێگای ئاژاوە و پشێوی گرتۆتەوە).

## زانیاری پێویست

کەریم خان پیاوێکی دڵپاك و ئاكار جوان بووە، پشتگیری زانست و زانیاری و خوێندەواری دەکرد، هەمیشە کۆڕی دانیشتنەکانی بە شاعیران و خوێندەواران و رۆشنبیران گەرموگوڕ بووە، لەماوەی حوکمڕانی ئەودا ئەودا هەردوو گلکۆ(مەزار)ی شاعیران ( حافزی شیرازی ) و ( سەعدی شیرازی ) سەر لەنوێ نۆژەن کرانەوە.

بایەخی زۆری بە پرسی ئاوەدانکردنەوەی وڵات داوە، لە ماوەی دەسەڵاتییدا بازرگانی گەشاوەتەوە، کشتوکاڵ پەرەی سەندووە، مێژوونووسێکی ئێرانی لەم بارەیەوە دەڵێت( رەنگی ئاوەدانی هەموو ئێرانی گرتبۆوە، بەڵام رۆشنایی ئەم رووناکییە لە هەموویان زیاتر بەر شیراز کەوتبوو).

دوای مردنی کەریم خان ساڵی ١٧٧٩ز کوڕ و برا ونەوەكانی نەیانتوانی پارێزگاریی لە حكومەتەكە بكەن بەهۆی ناكۆكی وشەڕی ناوخۆیان ،لە ئەنجامدا ساڵی ١٧٩٤ز حكومەتەكە بەدەستی قاجارییەكان رووخا.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز لە رێگەی پرسیار و وەڵام ئەم پرسیارانە ئاراستەی قوتابیان بکە:

١_ میرنشینی بابان لە چ سەردەمێك دامەزراو دامەزرێنەرەکەی کێ بوو؟

٢_ ئیبراهیم پاشا کارێکی زۆر گرنگی ئەنجامدا، ئەم کارە چی بوو؟

٣_ عەبدولڕحمان پاشا کێیە و هەوڵی چی دا؟

٤_ بابە سلێمان چ شارێکی کردە پایتەختی میرنشینەکەی؟

_ بەشێوازی شانۆ باس لە حکومەتی زەند بکەن و رۆڵی کەریم خانی تێدا نمایش بکەن.

## هەڵسەنگاندن

١_ فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە کێیە؟

٢_ کونسوڵی فەرەنسی چی لەبارەی کەریم خان گوتووە؟

٣_ کێ نازناوی پاشای باشی بە کەریم خان بەخشی؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی خۆشەویست هەرکاتێ میرنشین و دەسەڵاتی کوردی بەهێز بووبێ، دوژمنان هەوڵی لەناوبردن و نەهێشتنیان داوە، گەر کورد وڵاتی سەربەخۆی هەبێت مەترسی بۆ سەر وڵاتانی دەوروبەری دەبێت، بۆ ناهێڵن کورد دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت؟ بەچەند دێرێك رای خۆت دەرببڕە.

# بەندی چوارەم

## کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانی و ئێرانییدا

### ئامانجی فێربوون

١_ بارودۆخی کوردستان دوای ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان بزانێت.

٢_ هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوکاتەی کوردستان بکات.

٣_لە بارودۆخی هۆزەکان تێبگات.

٤_ شیکردنەوە بۆ ڕاپەڕینەکانی کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بکات.

٥_ لێکدانەوە بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردی بکات.

٦_ کۆمەڵە سیاسییەکان پۆلین بکات و ڕۆڵی کاریگەریان بزانێت.

وانەی یەکەم/

## بارودۆخی کوردستان دوای ڕووخانی میرنشینەکان:

دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی ئەو سەربەخۆییە ناوەخۆییەی کوردی لەناوبرد و لە ساڵی ١٨٥١ز سەردەمی میرنشینەکان بەتەواوی کۆتاییهات، کوردستان کەوتە ژێر دەسەلاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی عوسمانی، دامودەزگاکانی دەوڵەت لە ناوچە کوردییەکان دەستبەکاربوون. لە شوێنی میر و دەسەڵاتدارانی کورد پاشا و موتەسەریف و قائیمقام و فەرمانبەرانی دیکەی عوسمانی دانران، هێزە سەربازییەکانی عوسمانییش شوێنی هێزە خۆماڵییە کوردییەکانیان گرتەوە، بۆ لێدان و سەرکوتکردنی هەر بزاڤێکی نارەزایی کورد.

کاتێکیش لە ساڵی ١٨٦٤ز ڕژێمێکی کارگێڕی نوێ لە دەوڵەت پەیڕەوکرا و (ویلایەت) شوێنی (ئەیالەت)ی گرتەوە، بە گشتی کوردستان بەدەسەڵاتی ناوەند(مەرکەز) گرێدرا و هیچ مافێکی کارگێڕی نەما.

### بارودۆخی کوردستان لەڕووی ئابووری و ڕامیاری :

**١- لەڕووی ئابووری:** لە بواری ئابووریدا زیادکردنی باج و سەرانەی زۆر بە دیارترین سیماکانی ئەو سەردەمە دادەنرێت، ئەو باجانە کە بڕەکەی زیاد دەکراو بەرەبەرە جۆری دیکەشی دەخرایە سەر، سەرباری پیادەکردنی شێوازی توندوتیژ لە کۆکردنەوەوە و وەرگرتنیان، هەندێ جار تەواوی بەرهەمەکان بەشی باجەکانی نەدەکرد، ئەمەش کاری کردبووە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی دانیشتوانی کوردستان و باری گوزەرانی قورستر و خراپتر کردبوون، لەئەنجامدا لایەنەکانی تەندروستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییش دواکەوتن.

**٢- لەڕووی ڕامیاری:** لە پاڵ ئەمەشدا کە ڕژێمی (سەربازگیری) لەو سەردەمەدا سەپێنرا، بەڵایەکی دیکە بوو بۆ دانیشتوانی کوردستان، چونکە ئەوانەی بۆ سەربازی دەبران بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چاویان بە ماڵەکانیان نەدەکەوتەوە و زۆر جاریش دەکوژران و نەدەگەڕانەوە، ئەمەش کارەساتی کۆمەڵایەتی لێدەکەوتەوە، بۆ نموونە گەڕیدەیەکی بیانی دەڵێ: (هەست بە کەمی ژمارەی ڕەگەزی نێر لە شاری (سێرت) دەکرێت)، هەروەها بارودۆخی خۆرهەڵاتی کوردستانیش کە لەژێر دەسەڵاتی قاجاری (ئێران)دا بوو، باشتر نەبوو، تەنانەت کوردان لەوێ بەدەست ستەمی مەزهەبییش دەیاننالاند، چونکە زۆرینەی دانیشتوانی خۆرهەڵاتی کوردستان سوننە مەزهەب بوون و دەوڵەتیش شیعە مەزهەب بوو.

**سیستەمی ئەیالەت:** دابەشکردنێکی کارگێڕی عوسمانی بوو پەیڕەوکرا، وڵاتی دابەشی سەر چەند ئەیالەت و سنجق و شارۆچکە و شارەدێ کردبوو، ئەو سیستەمە لە سەدەی ١٦ تا سەدەی ١٩ پەیڕەو کرا، دواتر لە ساڵی ١٨٦٤ز گۆڕا بۆ ولایەت.

## زانیاری پێویست

هەوڵەکانی عوسمانی و ئێرانی بۆ زاڵبوون بەسەر هۆزە کوردەکان و لەناوبردنی میرنیشینەکان سەرکەوتوو نەبوو، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەم دوو دەوڵەتە نەیانتوانی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ و مەرکەزی بەسەر ئەو هۆزانەی زۆربەیان ڕەوەند یان نیمچەکۆچەر بوون بسەپێنن. جگە لەمەش بەهێزی لایەنی (پابەندبوونی هۆزایەتی) لای ڕۆڵەکانی ئەم هۆزانە و ملکەچ نەکردنیان بۆ بێگانە، وایکرد ئەم هەنگاوە سەر نەگرێت، بۆیە قەوارە هۆزایەتییەکان لەژێر دەسەڵاتی سەرۆك هۆزەکان مانەوە و نەکەوتنە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی، ئەم لایەنەش لە بەرژەوەندی کورد دابوو بەتایبەتی کە ئەو هۆزانە دواتر بوونە بناغەو کەرستەی ڕاپەڕینە کوردییەکانی ئەم سەردەمە.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز قوتابیان بکە چەند گرووپێك، بە شێوازی پێشبڕکێ گرووپێك لە قوتابیان دەستنیشان بکە پرسیار دروست بکەن و ئاراستەی گرووپەکانی دیکەی بکەن، ئەو گرووپەی زۆرترین وەڵامی ڕاستی دایەوە بە سەرکەوتوو دادەنرێت.

## هەڵسەنگاندن

١- لە دوای ساڵی ١٨٥١ز چارەنووسی میرنشینە کوردییەکان چی بەسەرهات، بارودۆخی کوردستان چۆن بوو؟

٢- عوسمانییەکان بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانە چیان پیادە دەکرد؟

٣- ڕژێمی کارگێڕی نوێی ساڵی ١٨٦٤ز چی بوو؟

٤- ڕژێمی سەربازگیری چییە؟

٥- عوسمانی و ئێرانییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر هۆزە کوردەکان سەرکەوتوو نەبوون؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ئەزیز لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاری لەم وانەیە دەربارەی بارودۆخی کوردستان فێربوویت، ئەگەر هاتوو وڵاتێکی بێگانە حوکمڕانی وڵاتەکەمان بکات پێشبینی چی دەکەی؟ ڕای خۆت بنووسە.

وانەی دووەم/

## سەرهەڵدانی بزاڤی نەتەوایەتی کورد:

هەڵوەشاندنەوەی میرنشینە کوردییەکان سەرەڕای ئەو دەرەنجامە خراپانەی لێی کەوتەوە، لەلایەکی دیکەوە بووە هۆی یەکخستنی ئەو ناوچە و دەڤەرە کوردیانەی کە بەهۆی سنووری ئەو میرنشینانە لە یەکتر ترازابوون، ئەمەش تێکەڵاوی و نزیکبوونەوەی لەنێوان دانیشتوانی دەڤەرە جیاوازەکان دروستکرد و دابونەریت و سیما نەتەوەییە لێکچووەکان بەدیارکەوتن.

لێرەدا زەمینەی گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوایەتی کورد و تێکۆشان بۆ یەکخستنی کوردستان ڕەخسا، بەتایبەتی کە کوردان پێشتر دەسەڵاتی ئێرانی و عوسمانییان بینی بوو بەئاشکرا هەستیان بە زۆرداری بێگانە دەکرد.

لە ئەنجامی پەیدابوونی هۆشیاری نەتەوایەتی و نارەزایی دەربڕین بەرامبەر زۆرداری و ستەمکارییەکانی هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان، کە بەرپرس بوون لەوبارە ناهەموارەی کوردستان تێی کەوتبوو، لەو ماوەیەدا ژمارەیەك ڕاپەڕین ناوچە کوردییەکانی گرتەوە:

### أ- ڕاپەڕینەکانی دەڤەری بۆتان:

دەڤەری بۆتان دوو ڕاپەڕینی بەخۆوە بینی، ڕاپەڕینی یەکەم بەسەرکردایەتی (یەزدانشێر)ی خزمی بەدرخان پاشای بۆتان بوو، کاتێك لە ساڵی ١٨٥٤ز بارودۆخی جەنگی قرم (١٨٥٣ز - ١٨٥٦ز)ی قۆزتەوە کە لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیای قەیسەری لە ئارادابوو. یەزدانشێر ئەم بارودۆخەی بە هەل زانی بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی عوسمانی، لایەنگیرێکی زۆری لە دەور کۆبۆوە و توانی بەدلیس و موسڵ و هەکاری و چەندین ناوچەی تر ڕزگار بکا، بەڵام پیلانی بەریتانیا و بێ بەزەیی و دڵڕەقی هێزەکانی عوسمانی ئەم ڕاپەڕینەیان دامرکاندەوە، دواجار توانیان (یەزدانشێر)ی سەرکردەی ڕاپەڕینەکە لە شاری موسڵ دەستگیربکەن.

ڕاپەڕینی دووەم بەسەرکردایەتی (عوسمان پاشا) و (حوسێن کەنعان پاشا)ی کوڕانی بەدرخان پاشا ، دوای تێکشکانی دەوڵەتی عوسمانی لە بەرامبەر ڕوسیای قەیسەری لە ساڵی ١٨٧٧- ١٨٧٨ز دا بەرپابوو، بەهۆی بێزاری کورد لەو بارودۆخە دژوارەی کە لە ئەنجامی ئەو جەنگەدا تووشی ناوچە کوردییەکان هاتبوو. کوردان بەڕێبەرایەتی ئەو سەرکردانە دەستیانکرد بە ڕزگارکردنی ناوچەکانیان لە دەسەڵاتی عوسمانی.

لە ڕاپەڕینەکەی ١٨٧٧-١٨٧٨ز دا ئافرەتی کورد ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، یەکێك لەو ئافرەتانە کە ناوی (قەرەفاتم) بوو سەرکردایەتی هێزێکی (٥٠٠) چەکداری دەکرد و توانی ڕووبەڕووی هێرشی عوسمانییەکان بێتەوە بۆ سەر گوندی (قەوزیم تەپە) لە ناوچەی (قارس) لە باکوری کوردستان.

سەرەڕای ئەو سەرکەوتنانەی لەم بارەیەوە بەدیهات، کەچی چارەنووسی ئەم ڕاپەڕینەش لەمەی پێشوو باشتر نەبوو، هەروەها سەرکردەکانیش بەشێوەیەکی دڕندانە شەهید کران.



قەرەفاتم

### ب - ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری

شێخ عوبەیدولڵای نەهری پیاوێکی ئایینی خاوەن دەسەڵات بوو کە ساڵی ١٨٨٠ز بەمەبەستی یەکخستن و ڕێکخستنی ڕیزەکانی کورد کۆبوونەوەیەکی لەگوندی نەهری دەقەری شەمزینان سەر بە ویلایەتی هەکاری ڕێکخست بە بەشداری زیاتر لە ٢٢٠ سەرۆك هۆز و ریش سپی و پیاوانی ئایینی و کەسایەتی، سەرکردایەتی ڕاپەڕینێکی کرد، لە یەك کاتدا دژی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی ( قاجاری ) و دەوڵەتی عوسمانی بوو، بیروباوەڕی سیاسی خۆی لەسەر بناغەیەکی (ئایینی - نەتەوەیی) دارشت و (ڕێبازی نەقشبەندییش) لە زەمینەسازی بۆ ڕاپەڕینەکەی ڕۆڵی کاریگەری هەبوو.

لەسەرەتای ئەم ڕاپەڕینە ناوچەیەکی فراوان لە خۆرئاوا و باشوری دەریاچەی ئورمیە لە کوردستانی بندەستی قاجاری(ئێرانی) ئازادکران و دواتر ڕاپەڕینەکە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیشی گرتەوە، بەڵام دواجار ڕاپەڕینەکە شکستی هێنا و سەری نەگرت، ئەمەش دوو هۆکاری هەبوو، لەلایەك نارێکی و بێ سەروبەریهێزەکانی کورد لەلایەکی دیکەوە، یارمەتیدان و هاوکاریکردنی وڵاتانی زلهێزی وەك بەریتانیاو ڕوسیا و فەرەنسا و نەمسا.

شـێخ عوبەیدوڵـڵا دوای پەرتەوازەبوونـی لایەنگرانـی لـە دیـوی خۆرهـەڵات پاشەكشـەی كـرد بـۆ كوردسـتانی ژێـر دەسـتی عوسـمانی و ویسـتی لـەوێ ڕاپەڕیـن دەسـت پێبكاتـەوە، بـەڵام لەسـەر داوای نوێنەرانـی ڕوسـیا و بەریتانیـا لـە سـاڵی ١٨٨١ز بانگهێشـتی ئەسـتەنبوڵ كـرا و لەوێـش لەلایـەن عوسـمانییەكان دەسـت بەسـەركرا، دواجـار شـێخ عوبەیدلـڵای نەهری بەدەستبەسـەری ڕەوانـەی حیجـاز كـرا و سـاڵی ١٨٨٣ز لەشـاری تائیـف كۆچـی دوایـی كـرد و لەشـاری مەكـەی پیـرۆز بەخـاك سـپێردرا.

**شـێخ عوبەیدولـڵای نەهـری** لـەدوای لێسـەندنەوەی دەسـەڵات لـە میـرە كـوردەكان دەبێتـە یەكەمیـن ڕێبـەر لەمێـژووی نوێـی كـورد كـە جڵـەوی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی گـەلـی كـورد بگرێتـە دەسـت.

## زانیاری پێویست

### سوارەی حەمیدیە

سـاڵی ١٨٩١ز سـوڵتان عبدولحەمیـدی دووەم بڕیـاری دامەزراندنـی فەوجەكانـی سـوارەی حەمیدیـەی لەگەلانـی ناتوركـی ناودەوڵەتـی عوسـمانی دا، دامەزراندنـی سـوارەی حەمیدیـە بـە یەكێـك لەدیارتریـن ڕووداوەكانـی پـاش شكسـتی ڕاپەڕینەكـەی شـێخ عوبەیدولـڵا ی نەهـری دادەنرێـت، سـوارەی حەمیدیـە سـاڵی ١٨٩٤ز لـە كوشـتاری گـەلـی ئەرمـەن بەشـداریكرد كـە بـە سـەدان هـەزار ئەرمەنـی تیاچـوون.

**ئامانجە ستراتیژیەكانی سوڵتان عبدالحمیدی دووەم لە دامەزراندنی سوارەی حەمیدیە:**

١- جێگیركردنـی دەسـەڵاتی ناوەنـد ( مەركـەزی ) و هێنانەكایـەی هاوسـەنگییەكی نوێـی سیاسـی - كۆمەڵایەتـی.

٢- سوود وەرگرتن لەو هێزانە دژی ئەرمەنەكان .

٣- بۆ بەرگریكردن لە دژی پەلامارەكانی ڕوسیا.

٤- ڕێگرتن لە دەسەڵاتی بەریتانیا لە ئەنادۆڵی خۆرهەڵات.

٥- بۆ سەركوتكردنی جولانەوە ڕزگاریخوازییەكانی گەلانی ناتورك .

هەروەهـا جگـە لەسـاڵی ١٨٩٤ز عوسـمانییەكان جارێكـی دیكـەش لـە سـاڵانی جەنگـی جیهانـی یەكەمیش(سـاڵی ١٩١٥ز) قەسـابخانەیەكی گەورەتریـان دژ بـە ئەرمەنـەكان ئەنجـام دا و ژمارەیەكـی زۆریـان لـێ كوشـتن كـە بەنزیكـەی یـەك ملیـۆن كـەس دادەنرێـت، كـە بـە جینۆسـایدی گـەلـی ئەرمەن بەناوبانگـە.

## چالاكی ناوپۆل

قوتابییـان بـە گـرووپ بـەراووردی لەنێـوان ڕاپەڕینەکانـی دەڤـەری بۆتـان و ڕاپەڕینەکـەی شـێخ عوبەیدلـڵای نەهـری بکـەن، دواتـر گفتوگـۆ و ڕوونکردنـەوەی لەبـارەی سـەرنەکەوتنی ڕاپەڕینـەکان بکـەن.

## هەڵسەنگاندن


١_ پێناسەی ئەمانە بکە: یەزدانشێر، جەنگی قرم، قەرەفاتم، سوارەی حەمیدییە.

٢_ ڕاپەڕینی دووەم لە دەڤەری بۆتان لەلایەن کێوە ئەنجامدرا؟ دژ بەچی بوو؟

٣_ ئامانجـە سـتراتیژیەکانی سـوڵتان عبدولحەمیـد لـە دامەزراندنـی سـوارەی حەمیدییـە چـی بـوو بیانژمێرە.

## چالاکی ماڵەوە

قوتابـی خۆشەویسـت ئـەم دەسـتەواژەیە ڕوونبکـەوە: ( بەدرێژایـی مێـژوو ئافرەتـی کـورد هاوشـان لەگـەڵ پیـاوان لـە زۆربـەی بـوارەکان ڕۆڵـی خۆیـان گێـڕاوە)، بـە چەنـد دێڕێـك بـاس لـە ڕۆڵـی ئێسـتای ئافرەتـان لـە بـواری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی بکـەن.



## وانەی سێیەم/

## کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم چەندین ڕووداوی گرنگ لە ناوچەکەدا ڕوویاندا، یەکێك لەو ڕووداوانە شۆڕشی مەشروتە(دەستووریی) بوو لە لایەن گەلانی ئێران لەسەردەمی دەسەڵاتی قاجارییەکان ساڵی ١٩٠٥ز ڕوویدا و تا ساڵی ١٩١١ز بەردەوام بوو و بووە هۆی دامەزراندنی پەرلەمان لە ئێران و ڕاگەیاندنی یەکەمین دەستووری ئێران، بە نووسینی دەستوور دەسەڵاتی ڕەهای (ناسرەدین شای قاجار) سنووردار کرا، بەڵام کاتێ کە(محەمەد عەلی شای قاجار) هاتە سەرحوکم دەستوورەکەی هەڵوەشاندەوە و ساڵی ١٩٠٨ز بەپشتیوانی ڕوسەکان پەرلەمانی ئێرانی لە تاران تۆپباران کرد، دوای ئەم ڕووداوە بزووتنەوەیەکی لایەنگرانی دەستوور لە ئێران سەری هەڵدا کە توانیان دوای چەند شەڕ و پێکدادانێك لەگەڵ هێزەکانی قاجاری، دەست بەسەر تاران دابگرن و (محەمەدعەلی شا) دوور بخەنەوە و (ئەحمەدشا) ی کوڕی لە جێگەی دابنێن و لەساڵی ١٩٠٩ز بۆ جارێکی تر کار بە دەستوور بکەنەوە.

زۆرینەی دانیشتوانی خۆرهەڵاتی کوردستان پشتگیریی شۆڕشەکەیان کرد، بۆنموونە دەستوورییەکان چەند ئەنجومەنێکیان لەشارەکانی خۆرهەڵات دامەزراند کە ئەنجومەنی شاری سەقز لە بواری داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێران لە هەموویان چالاکتر بوو.

ناڕەزایی دانیشتوانی کوردستان لەم ماوەیەدا بەهۆی هەڵسوکەوتی خراپی دەسەڵاتدارانی قاجاری و ئەو باجە زۆرانەوە بوو کە بەسەر دانیشتوان سەپاندبوویان بەتایبەتی باجی خوێ.

## زانیاری پێویست

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا چاوتێبڕینی دەوڵەتە زلهێزەکان، لە کوردستان پتر بوو، ڕووسیا و بەریتانیا هەوڵیان دەدا لە ڕێگای پەیوەندی بەستن بە کوردان، بەرژەوەندی خۆیان لە کوردستاندا مسۆگەر بکەن. لاوازبوونی بەردەوامی دەوڵەتی عوسمانی، هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ زیاتر دەستێوەردانی دەوڵەتە زلهێزەکان لە کاروباری کوردستان، وەك بەشێکی گرنگ لە دەوڵەتەکەدا.

لە هەمان کاتدا، ژمارەیەکی زۆری کورد، لە ئەستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوون، کە لەناویاندا، ئەندامانی بنەماڵە ناودارەکانی کورد، وەك (بەدرخانییەکان)، (شەمزینییەکان)، (بابانییەکان) و ڕۆشنبیرانی دیکە هەبوون. ئەوانە یان لەبەر هۆکاری سیاسی دوور خرابوونەوە بۆ شارەکە و تیایدا دەستبەسەر بوون و یاخود بەشێوەیەکی گشتی لەو کوردانە بوون کە بۆ مەبەستی تەواوکردنی خوێندن ڕوویان لە پایتەخت کردبوو، بە تایبەتی کە پەیمانگا و کۆلێژەکانی سقیلی (مەدەنی) و سەربازی دەوڵەت، هەمووی لە پایتەختدا کۆببوونەوە. بە هۆی تێکەڵبوونییان لەگەڵ خوێندەوارانی نەتەوەکانی دیکە، هەروەها هەبوونی کاریگەری ئەورووپیی بەسەریانەوە، هۆشیاری نەتەوەیی و سیاسی لە ناویاندا بڵاوبۆوە، بۆیە ئەستەنبوڵ بووە مەڵبەندی چالاکی نەتەوەیی و سیاسی کوردی، ئەمەش سەرهەڵدانی یەکەم کۆمەڵەی سیاسی کوردی لێ هاتە بەرهەم.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز قوتابیان دابەشی سەر دوو گروپ بکە پرسیارو وەڵام دەربارەی بارودۆخی کوردستان لە سەدەی بیستەم گفتوگۆبکەن.

## هەڵسەنگاندن

١_ شۆڕشی مەشرووتە چی بوو؟ چ کاریگەری لەسەر وڵاتی ئێران هەبوو؟

٢_ کاتێ محەمەد عەلی شای قاجار حوکمی ئێرانی وەرگرت دەستووری هەڵوەشاندەوە؟

## چالاکیماڵەوە

_ قوتابی ئازیز لەمێژووی کوردستان زۆرجار وڵاتە زلهێزەکان وەك بەریتانیا و ڕووسیا و فەرەنسا لەکاتی زۆر هەستیار پشتگیری کوردیان نەکردووە، ئایا لەم سەردەمەدا چ بکەین بۆ ئەوەی وڵاتانی جیهان پشتگیری داوای ڕەوای بە دەوڵەتبوونمان بکەن. بیروڕای خۆت بنووسە.

وانەی چوارەم/

## کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان

### ١_ کۆمەڵەی (عەزمی قەوی کوردستانی):

یەکەمین ڕێکخراوی کوردییە کە لە ساڵی ١٩٠٠ز دا دامەزراوە، (فیکری ئەفەندی دیاربەکری) دەستپێشخەری دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە بووە، هەروەها (ئەحمەد ڕامز کوردی زادە) و (ئەحمەد خاسی زادە) لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەکە بوون. ئەمەی دواییان (ئەحمەد خاسی زادە) لە ساڵی ١٩٠٤ز دا وەك نوێنەری ئەم کۆمەڵەیە لە میسر بووە، کۆمەڵەکە لە ساڵی ١٩٠٤ز دا لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانی داخراوە.

### ٢_کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد:

یەکێکە لە کۆنترین کۆمەڵە ڕامیارییەکانی کورد کە ساڵی ١٩٠٨ز لە ئەستەنبوڵ لە لایەن (ئەمین عالی بەدرخان، شێخ عەبدولقادری نەهری (شەمزینانی)، داماد ذوالکفل، ژەنراڵ شەریف پاشا و خەلیل خەیاڵی و کەسانی تر دامەزرا. ئەم کۆمەڵەیە عەبدولقادر نەهری بە سەرۆکی یەکەم و (داماد ذوالکفل)ی بە سەرۆکی دووەم دانابوو، چەندین لقی لە شارە گەورەکانی وەك دیاربەکر و بەدلیس و موش و موسڵ و بەغدا و سلێمانی و ئەرزڕۆم و خنس کردەوە. ئامانجیشی کردنەوەی قوتابخانە بوو بە زمانی کوردی لە کوردستان و، دامەزراندنی کورد لە دامودەزگا حکومییەکان و دانانی بە زمانی کوردی ،و ڕێدان بە دەرکردنی بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤار، هەروەها بایەخدان بە باری ئابووری کوردستان، کۆمەڵەکە هەوڵی دەدا پەیوەندیەکی باش لەگەڵ ئەرمەنی و نەستورییەکان دروست بکات.

ڕۆژنامەیەکیشان بە ناوی (تەعاون و تەرەقی کورد) دەردەکرد کە زمانحاڵی کۆمەڵەکە بوو.

هەر لە ساڵی ١٩٠٨ز کۆمەڵەی (بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد) لە کۆمەڵەی(تەعالی و تەرەقی کورد) بۆوە کە قوتابخانەیەکی بۆ منداڵانی کورد لە ئەستەنبوڵ کردەوە، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش (عبدالرحمن بەدرخان) بوو ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن دەوڵەمەند و دەسترۆیشتووەکانی کورد پشتیوانی لێدەکرا، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٠٩ز چالاکییەکانی (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد) بە هۆی بڕیار و سیاسەتی تورکە ئیتیحادییەکان (کۆمەڵەی الاتحاد و الترقی ) ڕاگیرا.

**(خەلیل خەیاڵی):** چالاکترین ئەندامانی کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد بوو، زۆر بایەخی بە فێربوونی منداڵانی کورد دەدا و نەخوێندەواری بە گەورەترین کۆسپ لە ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی دادەنا.


### ٣ _ کۆمەڵەی هێڤی:

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩١٠ز لەلایەن ژمارەیەك لە خوێندکارانی کوردی ئامۆژگای(پەیمانگای) کشتوکاڵ لە ئەستەنبوڵ دامەزرا، یەکەمجار بوو خوێندکارانی کورد بەم شێوە فراوانە بێنە ناو چالاکی سیاسی کوردی و ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن.

دامەزرێنەرەکانی بریتی بوون لە: قەدری جەمیل پاشا و عومەر جەمیل پاشا و فوئاد تەمۆ و ئەکرەم جەمیل پاشا و مەمدوح سەلیم. پاشان بە هۆی چالاکییە نەپساوەکانی (خەلیل خەیاڵی) کە ئەوك اتە(ژمێریاری ئامۆژگای کشتوکاڵی بوو لە ئەستەنبوڵ) کۆمەڵەکە بوو بە ڕێکخراوێکی سیاسی. ئەم کۆمەڵەیە گۆڤاری (ڕۆژی کورد)ی لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩١٣ز بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی دەرکرد، پاشان لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣ز ناوی گۆڕا بۆ (هەتاوی کورد)، کە ڕۆڵی بەرچاویان لە بزاڤی ڕۆشنبیری کوردییدا هەبوو. کۆمەڵەی هێڤی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی مونتەدای ویژەیی(المنتدى الادبی ) لە دیمەشق پتەو بوو.

### ٤-کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی کورد:

ساڵی ١٩١٩ز لەلایەن ئەم کۆمەڵەیە بەسەرۆکایەتی ئەمین عالی بەدرخان ئەم ئاڵایەی ئەمڕۆی کوردستان دانراوە و ساڵی ١٩٢٠ز لەلایەن (زین العابدین) دروستکراوە، کە نووسەری گشتی کۆمەڵەکە بووە، پاشان ئەم ئاڵایە لە کۆنگرەی ئاشتبوونەوە لە پاریس و پاشان لە پەیمانی سیڤەر ساڵی ١٩٢٠ز لای ژەنراڵ شەریف پاشای خەندان (نوێنەری کوردان) بووە، لە ڕاپەڕینی کۆچگیری لە هەرێمی دەرسیم ساڵی ١٩٢١ز و لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ساڵی ١٩٢٥ز هەڵکراوە. لە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی خۆیبوون ساڵی ١٩٢٧ز ئەم ئاڵایە بڕیاری لەسەر دراوە و ساڵی ١٩٢٧ز - ١٩٣١ز لە چیای ئاگری داغ ئاڵای فەرمی کۆماری ئارارات بووە بەسەرۆکایەتی ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشا. هەمان ئەو ئاڵایە بوو لە ١٩٤٥/١٢/١٧ز لە شاری مەهاباد(سابلاخ) واتە پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن خەڵکی شۆڕشگێڕەوە لەسەر دامودەزگانی حکومەت هەڵکرا و پاشان بوو بە ئاڵای کۆماری کوردستان لە مەهاباد ساڵی ١٩٤٦ز.



شێخ عەبدولسەلام بارزانی

زانیاری پێویست

## ـ ڕاپەڕینی شێخ عەبدولسەلام بارزانی

شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە ساڵی ١٩٠٧ز چەند داواکارییەکی گرنگی لە دەوڵەتی عوسمانی داواکرد کە ئەمانە بوون:

١- زمانی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکان زمانی فەرمی (ڕەسمی) بێت.

٢- خوێندن بە زمانی کوردی بێت.

٣- قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان و فەرمانبەران لە کوردان بن، یاخود لەو کەسانە هەڵبژێردرێن، کە کوردی دەزانن.

٤- لەبەرئەوەی ئایینی فەرمی دەوڵەت ئیسلامە، دەبێ حوکمکردن بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلامی بێت.

٥- قازی و موفتیەکانی ناوچەکە، لەسەر مەزهەبی شافعی بن.

٦- بەپێی شەریعەتی ئیسلام باج لە دانیشتوان وەربگیرێت.

٧- باجی لەجیاتی (بەدەل)ی خزمەتی سەربازی وەکو خۆی بمێنێتەوە بەمەرجێك پارەکە بۆ چاککردنی ڕێگاوبانی ناوچەکە تەرخان بکرێ.

ئەم داواکاریانە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی بە هەڵگەڕانەوە دانرا و ئەوەبوو عوسمانییەکان لەڕێگەی والی موسڵ (سلێمان نەزیف) هێزیان ناردە سەری و دواتر دەستگیریان کرد و لە١٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ز لە (موسڵ)دا لە سێدارە دەدرێ.

## چالاکی ناوپۆل

ماموستای بەڕێز قوتابیان بەسەر چەند گرووپێك دابەش بکە و ڕووی لێکچوو و جیاوازەکانی ئەمانە دەربخەن:

١_ کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد　　　٢_ کۆمەڵەی هێڤی.

## هەڵسەنگاندن

١_ گرنگترین داواکارییەکانی شێخ عبدولسەلام بارزانی چی بوون؟

٢_ لە سەرەتای سەدەی بیستەم چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراو لە کوردستان دامەزران، بۆچی گرنگ بوون؟

٣_ ئەمانە پێناسە بکە: ڕاپەڕینی کۆچگیری، بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد، خەلیل خەیالی، ئیحسان نوری پاشا.


## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ژێر پێشکەوتنی دەوڵەت تەنیا بەکاری سیاسی دەکرێت، یاخود دەتوانرێت بە شێوازی دیکەش خزمەت بە نەتەوە و گەلەکەمان بکەین، بە چەند دێڕێك بیرو بۆچوونی خۆت دەرببڕە.




وێنەی ئاڵای کوردستان لەسەردەم و قۆناغە جیاجیاکان

( هەڵکشانی هێزەکانی بەریتانیا بەرەو ناوچە کوردنشینەکان پێش ڕێککەوتنی ئاگربری مۆدرۆس ١٩١٨ •




• ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان – فەرید ئەسەسەرد – ئامادە کردنی : سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو – ٢٠١٠

# بەندی پێنجەم

## کوردستان لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی

**ئامانجی فێربوون**

قوتابیان :

١- زانیاری لەسەر جەنگی یەکەمی جیهانی بزانیت.

٢- کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر کوردستان تێبگات.

٣- ئەو ڕێکەوتننامانە و پەیمانانەی بەستران دەزانێت؟

٤- ئاشنابن بە کێشەی ولایەتی موسڵ ( باشوری کوردستان ) و چۆنیەتی لکاندنی ئەم ولایەتە بە دەوڵەتی عێراقەوە.

وانەی یەکەم/

## جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤ - ١٩١٨

جەنگی یەکەمی جیهانی ساڵی ١٩١٤ز دەستی پێکرد و ساڵی ١٩١٨ز کۆتایی هات، لایەنە شەڕکەرەکان بە سەردوو بەرەدا دابەشبوون، بەرەی یەکەم پێیان دەوترا (وڵاتە هاوپەیمانەکان) کە گەورەترین وڵاتەکانی بریتی بوون لە بەریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیای قەیسەری و ئیتاڵیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەڵام بەرەی دووەم پێیان دەوترا (وڵاتانی میحوەر) کە گەورەترین وڵاتەکانی بریتی بوون لە ئیمپراتۆریەتی نەمسا-مەجەر و ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی و بولگاریا. لە ١٩١٨/١٠/٣١ز جەنگەکە بە پێی ئاگربەست (هودنە)ی مۆدرۆس وەستا، و لە ١٩١٨/١١/١١ز بە سەرکەوتنی وڵاتانی هاوپەیمان کۆتایی پێهات.

### کوردستان لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا

کوردستان لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەنێوان دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی(قاجاری) دابەش بوو. هەرچەندە دەوڵەتی قاجاری(ئێران) بەفەرمی بێلایەنی خۆی لە جەنگەکەدا ڕاگەیاندبوو، بەڵام لاوازی و بێسەروبەری دەوڵەتی قاجاری و شوێنی ستراتیژیی ئێران و هاوسنووربوونی لەگەڵ ڕووسیای قەیسەری و دەوڵەتی عوسمانی نەیانهێشت ئێران بەبێ لایەنی بمێنێتەوە، هەر لەسەرەتای جەنگەکە ناوچەکانی باکوری دەریاچەی وان و دەریاچەی ئورمیە بوونە مەیدانی جەنگی نێوان ڕووسەکان و عوسمانییەکان.

عوسمانییەکان بەناوی (غەزا و جیهاد) توانیان هەستی زۆربەی دانیشتوانی کوردستان بۆلای خۆیان ڕابکێشن و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگیان بکەن، لەبەرەی باشوری عێراق لە دژی هێزەکانی بەریتانیا و لە بەرەی باکوری کوردستان لە دژی هێزەکانی ڕووسیا، لەسەرەتادا عوسمانییەکان لەهەردوو بەرەدا سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا، بەڵام دواتر لەبەرەی باکوری کوردستان هێزەکانی عوسمانی لە شەڕی (ساری قامیش) لەلایەن هێزەکانی ڕووسیاوە تووشی شکستێکی گەورە بوون.

ئەنجامە گرنگەکانی ئەو شەڕە ئەوەبوو ڕووسەکان توانیان بەشێکی زۆری خاکی کوردستان داگیربکەن وەك شارەکانی قارس و ئەرزڕۆم و وان و بەدلیس و ئورمیە و ناوچەی موکریان و ڕەواندز و پێنجوین تا خانەقین، ڕووسەکان لە زۆر لەو شارانە قەسابخانەی

گەورەیـان نایـەوە لەبەرامبـەر خەڵكـی مەدەنـی كوردسـتان بەتایبەتـی لەشـارەكانی وان و مەهابـاد و شـنۆ و رەوانـدز، بـەڵام قەسـابخانەی گەورەیـان لەشـاری رەوانـدز ئەنجامـدا كـە زیاتـر لـە (٥) هـەزار كەسـیان (قەتلوعـام) كـرد و لـە (٢٠٠٠) خانـووش تەنیـا(٥) خانوویـان بەسـەلامەتی هێشـتەوە ئەویـش بـۆ حەوانـەوەی ئەفسـەرە رووسـەكان. عوسـمانییەكان لەكاتـی پاشەكشـەیاندا رەشـبگیر(نفیر عـام) یـان راگەیانـد بەرامبـەر دانیشـتوانی كوردسـتان و هەرچـی رەگـەزی نێـر و كەلوپەلـی خـۆراك بـوو رەوانـەی بەرەكانـی جەنگیـان دەكـرد، هـەر بەبیانـووی جەنگـەوە زیاتـر لـە ٧٠٠ هـەزار كەسـیان لـە كوردسـتان بـۆ رۆژئـاوای ئەنـادۆڵ راگواسـت و لـەم كۆچپێكردنە ژمارەیەكـی زۆری كـوردان لەرێـگادا لەبـەر سـەرما و سـۆڵەی زسـتان و لەتـاو بـێ خۆراكـی و برسـێتی و نەخۆشـی مـردن.

لەكاتـی گەیشـتنی هێزەكانـی رووسـیا بـۆ دەوروبـەری خانەقیـن و كرماشـان، عەشـیرەتی سنجاوی(سـەنجابی) بەرگرییەكـی دلێرانەیـان لـە بەرامبـەر ئـەو هێزانـە كـرد.

**بۆیە لازاریف دەڵێ:**

یەكـەم تەقـەی جەنگـی یەكەمـی جیهانـی لـە رۆژهەڵاتـی نزیـك لـە كوردسـتانی ژێـر دەسـتی ئێـران بـوو نـەك لەدەریـای رەش.

گەلـی كوردسـتان لەسـاڵانی جەنگـی یەكەمـی جیهانـی بـە یەكێـك لـە تاریكتریـن سـەردەمەكاندا تێپـەڕی، تەنانـەت لەكاتـی جەنگەكـەدا ئـەوەی پێـی دەگوتـرێ گرانـی گەورە(سـەفەربەلك) بڵاوبـۆوە و زیاتـر لـە(١٠٠) هەزاركـەس لەبرسـان مـردن و لەتـاو برسـێتی دا خەڵـك گۆشـتی مـردووی دەخـوارد و زەوییـە كشـتوكاڵییەكان وێـران بـوون و رەشـەوڵاخ و ئـاژەڵ زۆر لەجـاران كەمتـر بوونـەوە.



**پەیمانە پەیوەندیدارەکان بە دۆخی کوردستان:**

**یەکەم/ ڕێکەوتننامەی سایکس - بیکۆ ١٩١٦:**

نەهامەتییەکانی گەلی کوردستان لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی هەرتەنیا کوشتن و بڕین (قەتلوعام) و مردن و برسێتی کاولبوونی کوردستان نەبوو، بەڵکو ئەو ڕێکەوتننامە ژێر بە ژێر (نهێنی) یانەی لەسەر حیسابی خاکەکەی بەستران زۆر لەوە گەورەتر بوون، کە گرنگترینیان (ڕێکەوتنامەی سایکس-بیکۆ) بوو.

ئەم ڕێکەوتنامەیە بە نهێنی لە ١٠ی ئازاری ١٩١٦ز لە شاری سانت پوترسبۆرگ (لینینگراد) لە نێوان مارك سایكس (نوێنەری بەریتانیا وپسپۆر لە کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) و جۆرج بیکۆ (کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە بەیروت) و سازانۆف (وەزیری دەرەوەی روسیای قەیسەری) مۆرکرا، هەرسێ لایەن ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەم شێوەیە:

**١- ڕووسیای قەیسەری :**

(ئەستەنبوڵ) ی بەرکەوت لەگەڵ چەند میلێك لە ناوەوە لە سەر هەر دوولای گەرووی (بۆسفۆر) و بەندەری ترابزۆن و بەشێکی گەورەی باکوری کوردستان ( ویلایەتی قارس و ئەرزرۆم و وان و بەدلیس ) .

**٢- فەرەنسا:**

ناوچەی شین کە تەواوی سوریا و لوبنان لەگەڵ ناوچەی کیلکیا (ئەدەنە)ی تورکیا، لە کوردستانیش (ویلایەتی موسڵ و ماردین و دیاربەکر و ئورفە و عەنتاب و مەلاتیە و ڕۆژئاوای کوردستان)ی دەگرتەوە.


**٣- بەریتانیا :**

ناوچەی سوور کە تەواوی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ئوردن و هەردوو بەندەری حەیفا و عەککا لە فەلەستین.

٤_ ناوچەیەکی نێودەوڵەتیی لە فەلەستین ( قودس و غەزە ) خرایە ژێر سەرپەرشتی نێودەوڵەتییەوە.

پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا ساڵی ١٩١٧ز بەسەرکردایەتی لینین، بۆیە ڕووسیا لە ڕێکەوتننامەکە هاتە دەرەوە و ئەمەش بووە هۆی ئاشکرا بوونی ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامە نهێنییەکە، و دواتر ڕووسیا لە جەنگی یەکەمی جیهانییش هاتە دەرەوە.

نەخشەی ڕێکەوتننامەی سایکس- بیکۆ ساڵی ١٩١٦ ز






## دووەم/ کۆنگرەی ئاشتبوونەوە لە پاریس (١٩١٩ - ١٩٢٠):

ساڵی ١٩١٩ز دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، وڵاتانی هاوپەیمانی سەرکەوتوو لە جەنگەکە لە پاریس (پایتەختی فەرەنسا) کۆبونەوە بۆ دابەشکردنی موڵکەکانی وڵاتانی میحوەر کە دۆڕابوون لەجەنگەکە، لەم کۆنگرەیەدا کەلەلایەن سەرۆکەکانی چوار(٤) دەوڵەتی زلهێزی سەرکەوتوو لە جەنگەکە بەڕێوە دەبرا ئەوانیش(ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا) بوون ڕێگەدرا نوێنەری چەندین گەل و وڵات بەشداری بکەن، لەوانەش نوێنەری کورد کە ژەنراڵ شەریف پاشای خەندان بوو .

لەباشوری کوردستانیش شێخ مەحمودی حەفید و چەندین عەشیرەتی دیکەی ویلایەتی موسڵ واژۆیان لەسەر یاداشتێك کرد بۆ پشتگیری لە شەریف پاشا وەك نوێنەری کوردان، ئەم یاداشتە و نامەیەك بە (ڕەشید زەکی بابان) و (سەید ئەحمەد بەرزنجی) ڕەوانەی (پاریس) کران بۆ لای شەریف پاشا، بەڵام ئینگلیزەکان بەم کارەیان زانی و هەردوو نوێنەرەکەیان لە(حەلەب) دەستگیرکرد و نەیانهێشت بگەنە (پاریس)، هۆکاری ئەم ڕێگرییەی ئینگلیزەکانیش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەلەم کاتەدا نێوانی ئینگلیزەکان و شێخ مەحمود زۆر خراپ بوو.

شەریف پاشا لەگەڵ (نۆبار پاشا)ی نوێنەری ئەرمەنەکان بە ڕێکەوتنی هەردوولا، دوو بیرخەرەوە(یاداشت)و دوو نەخشەی کوردستان و ئەرمینیا و دوو ئاڵای کوردستان و ئەرمینیایان پێشکەش بەکۆنگرەکە کرد، دواتر ئەم هەوڵانەی شەریف پاشا لە پەیمانی سیڤەر ڕەنگی دایەوە.

## سێیەم/ کۆنگرەی سان ریمۆ:

ئەم کۆنگرەیە لە مانگی نیسانی ١٩٢٠ز لە ئیتاڵیا لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانەکان بەسترا، گرنگترین بڕیار لەم کۆنگرەیەدا سەپاندنی ڕژێمی سەرپەرشتیکردن(ئینتداب) بوو لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمان بەسەر وڵاتانی میحوەر، بەپێی ئەمە عێراق و باشوری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ئوردن و فەڵەستین کەوتنە ژێر ئینتدابی بەریتانیا و ، سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان و لوبنان کەوتنە ژێر ئینتدابی فەرەنسا، هەروەها فەرەنسا دەستبەرداری ناوچەکانی باکوری کوردستان بوو بۆ کەمالییەکانی جێهێشت.

ڕژێمی ئینتداب(سەرپەرشتیکردن)شێوەیەکی نوێی داگیرکاری(ئیمپریالیزم) بوو ، مەبەست لەوە وڵاتانی میحوەر دەخرانە ژێر سەرپەرشتی(ئینتدابی) وڵاتانی هاوپەیمان تا ئەوکاتەی گەلانی ئەو وڵاتانە دەتوانن خۆیان بەڕێوەببەن و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان دەدەن.




شەریف پاشای خەندان

## زانیاری پێویست

ژەنراڵ شەریف پاشای خەندان خەڵکی شاری سلێمانی بوو و بۆ خوێندن چۆتە ئەستەنبوڵ و پاریس، پلەی (ژەنەراڵ)ی لە سوپای عوسمانی وەرگرتووە و ماوەی دە ساڵ دەبێتە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە وڵاتی (سوید)، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە وەك نوێنەری گەلی کوردستان لە (کۆنگرەی ئاشتبوونەوە لە پاریس) لە داڕشتنی بەندەکانی (٦٢- ٦٣- ٦٤)ی پەیمانی سیڤەر تایبەت بە مافەکانی گەلی کوردستان.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز ئەمانە لەسەر وایت بۆرد بنووسە: (جەنگی یەکەمی جیهانی، وڵاتە هاوپەیمانەکان، ڕێکەوتننامەی سایکس-بیکۆ، کۆنگرەی ئاشتبوونەوە لە پاریس، کۆنگرەی سان ڕیمۆ) داوا لە قوتابیان بکە ڕوونکردنەوە بۆ ئەو چەمکانە بکەن.

## هەڵسەنگاندن

١- گەلی کوردستان لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی بە تاریکترین سەردەم تێپەڕی، ئەمە شیبکەوە.

٢- ڕێکەوتننامەی سایکس-بیکۆ لەنێوان چەند وڵات مۆرکرا و نوێنەرەکانی ئەو وڵاتانە کێ بوون؟

٣- ڕۆڵی ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان وەك نوێنەری گەلی کورد لە کۆنگرەی پاریس چی بوو، باسی بکە.

٤- سان ڕیمۆ بناسێنە و چ شتیکی تازەی هێنایە ئاراوە؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی خۆشەویست دەرئەنجامی هەر شەڕێك چییە، بەچەند خاڵێك بیروبۆچوونی خۆت بنووسە.

## وانەی دووەم/

## چوارەم/ پەیمانی سیڤەر ١٠ ئابی ١٩٢٠ز:

ولاَتانی سەركەوتوو لە جەنگی یەكەمی جیهانی (٥) پەیمانیان بەسەر ولاَتانی دۆڕاو سەپاند، یەكێك لەو پەیمانانە پەیمانی سیڤەر(شوێنێكە نزیك پاریس) بوو كە سەپاندیان بەسەر دەوڵەتی عوسمانی و لە (٣) بەند دا باس لەدامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی لە بەشێكی باكوری كوردستان دەكات، بە مشێوە یە :

٦٢ - لێژنەیەك لە سێ ئەندام پێكدێت لەلایەن حكومەتەكانی (بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا) وە دەستنیشان دەكرێن، بە مەبەستی ئامادەكردنی پرۆژەیەك بۆ خۆڕێبەری(إدارە ذاتیە)، لە ماوەی شەش مانگدا، بۆ ئەو ناوچە كوردییانەی دەكەونە نێوان (خۆرهەڵاتی رووباری فورات و باشووری سنووری ئەرمینیا، و باكووری سوریا و عێراق)، لەم پرۆژەیەدا پێویستە مافی (كلدان و سریان و ئاشورییەكان و ئەوانی دیكە لەو ناوچەیەدا دەژین دەبێت دابین بكرێت.


**هەرلە بەندی ٦٤ لە پەیمانی سیڤەردا هاتووە:**
ئەگەر دانیشتوانی باشوری كوردستان (ویلایەتی موسڵ)یش لە ماوەی ساڵێكدا ئارەزووی چوونە ناو ئەم دەوڵەتەیان هەبوو، ئەوا دەبێت كۆمەڵەی نەتەوەكان ڕەزامەندی لەسەر بدات.

٦٣-حكومەتی عوسمانی بەڵێن دەدات بڕیارەكانی ئەم لیژنەیەی كە لە بەندی (٦٢) هاتووە لەماوە سێ مانگدا جێبەجێ بكات.

٦٤- ئەگەر گەلی كورد لەو ناوچانەی كە لە بەندی (٦٢) دا هاتووە دوای ساڵێك بڕیاری سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی عوسمانی دا و گەر كۆمەڵەی نەتەوەكانیش بڕیاری لەسەر ئەوەدا كە دانیشتوانی ئەم ناوچانە شایانی ئەم سەربەخۆییەن، ئەوا دەوڵەتی عوسمانی دەبێ دەست لە هەموو مافەكانی لەو ناوچانەدا هەڵبگرێت.

پەیمانی سیڤەر بە یەكەم پەیمانی نێودەوڵەتی دادەندرێ كە بەئاشكرا ئاماژە بە مافی گەلی كورد دەكات، لە دامەزراندنی قەوارەی سیاسی نەتەوەیی خۆی. هەروەها دانپێدانانێكی نێودەوڵەتییش بوو، بە بوونی كێشەی كورد وەك بابەتێكی سەربەخۆ، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا، بەڵام بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەكان و هاوكێشە سیاسییە جیهانییەكان ڕێگربوون لە جێبە جێكر دنی .

(دیار کردنی سنووری کوردستانی باکور بە پێی پەیمانی سیڤەر و دابەشکردنی تورکیا ساڵی ١٩٢٠ *



* ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان – فەرید ئەسەسەرد – ئامادە کردنی : سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین عزشناو – ٢٠١٠

## پێنجەم/ پەیمانی لۆزان ٢٤ ی تەموزی ١٩٢٣ز:

لەم کاتانەدا بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکەکان بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال(ئەتاتورک) تا دەهات پەرەیدەسەند و بەهێزتر دەبوو لەبەر ئەوەی وڵاتە هاوپەیمانەکان خۆیان دروستیان کرد و پاشانیش هەر خۆیان پاڵپشتیان کرد و تەنازولیشیان بۆ کرد لە زۆر لەو ناوچانەی کە لە ئەنادۆڵ دەستیان بەسەر داگرتبوو، جا کەمالییەکان بۆ ئەوەی کوردان بۆلای خۆیان ڕابکێشن بەناوی ئایین و برایەتییەوە توانیان لەمەدا سەرکەوتووبن، ئەوەبوو کەمالییەکان بەیارمەتی کوردان سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر ئەرمەنەکان و یۆنانییەکان بەدەستهێنا، دواتر وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و تەنانەت یەکێتی سۆڤیەتیش لەگەڵ کەمالییەکان ڕێککەوتن و دانیان پێدانا و پەیوەندییان لەگەڵ بەهێزکردن، هەموو ئەمانە وایکرد تای تەرازووی هێزەکان لە بەرژەوەندی کەمالییەکان بشکێتەوە» هەر بۆیە هاوپەیمانان لەهەموو ئەو بەڵێنانەی کە بە کوردیان دابوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، پەشیمان بوونەوە، لەملاوەش مستەفا کەماڵ تا دەهات بەرژوەندییەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی دەهێنایەدی لە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و سەڵتەنەتی عوسمانی و ڕاگەیاندنی عەلمانییەت و دواتر دامەزراندنی کۆماری تازەی تورکیا، بەمەش بەتەواوەتی خۆی لە وڵاتانی خۆرئاوا نزیک کردەوە، ئەمانەش لە ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣ز (پەیمانی لۆزان) یان لەگەڵ بەست، کە تیایدا مافەکانی کورد فەرامۆشکرا، چونکە بەمۆرکردنی ئەم پەیمانە پەیمانی سیڤەر هەڵوەشایەوە، لەگەڵیشیدا ئەو بەندانەی تایبەت بوون بە کورد لە ناوچوون.

### شەشەم/ ڕێکەوتننامەی ئەنقەرە

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١ز لە شاری ئەنقەرە لەنێوان فرانکلن بویون (نوێنەری حکومەتی فەرەنسا) و یوسف کەمال بەگ(وەزیری دەرەوەی تورکیای کەمالی) مۆرکرا و هەردوولا لەسەر زۆر خاڵ ڕێککەوتن لەوانە: خۆرئاوای کوردستان بخرێتە سەر سوریا، بەمەش هەردوو پارچەی (باکور و خۆرئاوا)ی کوردستانیان لێك دابڕاند.

### زانیاری پێویست

لە پەیمانی لۆزاندا ناوی (کورد) بەهیچ شێوەیەك نەهاتبوو، بەڵام دوو مادەی تێدابوو ئەگەر بەتەواوی جێبەجێ بکرابایە هەندێك لە مافەکانی کوردی دەپاراست کە بریتی بوون لە ماددەکانی (٣٨) و (٣٩).

ماددەی (٣٨):

(تورکیا بەڵێن بەهەموو دانیشتوانی تورکیا دەدات کە پارێزگاری تەواو لە گیان و سامان و سەربەستییان بکات بێ جیاوازی (زمان- ئایین - ڕەگەز)، هەروەها دەبێت پێکهاتە ناموسڵمانەکان، ئازادی جولانەوە و کۆچکردنیان هەبێت).

ماددەی(٣٩):

(حکومەتی تورکیا هیچ کۆسپێك ناخاتە بەردەم کەس کە نیشتەجێی تورکیان، لە دەربڕین بەو زمانەی کە خۆیان دەیانەوێت لەمامەڵەی بازرگانی و خواپەرستی و ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی بەهەموو شێوەکانیەوە، یان لە کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسییدا).

پەیمانی لۆزان بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەرخست، هەروەها مافە ڕەواکانی گەلی کورد و گەلانی ناوچەکەی لە ئازادی و پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بۆ گەلی کوردستان پشتگوێخست.

### چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز بە ڕێگەی ئاڵوگۆڕ، قوتابیان چەند دێرێك دەخوێننەوە و پرسیاری لێ دروست دەکەن و لەلایەن قوتابیانی دیکە وەڵام دەدرێنەوە، نموونەی دروستکردنی پرسیار: (پەیمانی سیڤەر بەسەر کام وڵات سەپێنرا؟) لە پەیماننامەی سیڤەر چەند بەند باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات؟).

### هەڵسەنگاندن

_ مامۆستا پێشتر چەند پرسیارێك لەبارەی بابەتەکە لەسەر چەند کارتێك(کاغەزێك) دەنووسێت و بەشێوەی ڕاکێشان کارتەکان دابەشی سەر گروپەکان دەکا و پاشان وەڵامی دەدەنەوە.

### چالاکی ماڵەوە

قوتابی ئازیز لە ٢٤ی تەموزی ١٩٢٣ز (پەیمانی لۆزان) مۆرکرا، ناوەڕۆکی پەیمانەکە تا چەند لە قازانجی گەلی کورد بوو، ڕای خۆت بەچەند دێرێك دەربڕە.

## وانەی سێیەم/
# لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراق

کێشەی ویلایەتی موسڵ چییە؟

لە ١٨ی تشرینی دووەمی١٩١٨ز هێزەکانی بەریتانیا دوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەدوای ئاگربەستی مۆدرۆس چوونە ناو شاری موسڵ(سەنتەری ویلایەتی موسڵ)یان داگیرکرد، عوسمانییەکانیش بەبێ بەرەنگاری لێی کشانەوە، لێرەدا کێشەی موسڵ(کەخۆی لە بنەڕەتدا کێشەی ویلایەتی موسڵە) لەنێوان بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانی دروست بوو، دەوڵەتی عوسمانی ڕەخنەی لەم داگیرکردنە گرت بەوپێیەی لەگەڵ دەقی ئاگربەستی مۆدرۆس ناگونجێ، لەهەمانکاتدا ویلایەتی موسڵ بەپێی ڕێکەوتننامەی سایکس-بیکۆ ناوچەی دەسەڵاتی فەرەنسا بوو، بەڵام بەریتانیا ماددەی شەشەمی ئاگربەستەکەی کردە بیانوو بۆ داگیرکردنی موسڵ، لەماددەکەدا هاتووە: (هاوپەیمانەکان بۆیان هەیە هەر شوێنێکی ستراتیژی داگیر بکەن ئەگەر بزانن کار لە ئەمن و ئاسایشیان دەکات).

**ویلایەتی موسڵ:** بە تەواوی پارێزگاکانی موسڵ(نەینەوا) و کەرکوك و هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە دەگوترا.

وکەمالییەکان لە دوای عوسمانییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست داوای گەڕانەوەی (ویلایەتی موسڵ)یان کرد بۆ ژێر دەسەڵاتی تورکیا، کاتێکیش تورکیا و بەریتانیا لەسەر ئەو کێشەیە ڕێکنەکەوتن لە کۆنگرەی لۆزان دا. هەردوولا ماوەی (نۆ مانگ) یان دیاریکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، ئەگەر لەو ماوەیەدا ڕێکنەکەوتن، ئەوا کێشەکە دەخەنە بەردەم (کۆمەڵەی نەتەوەکان)، دوای ئەوەی هەردوولا ڕێکنەکەوتن، ئەوە بوو لە(٢٩) ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٤ز کۆمەڵەی نەتەوەکان کۆبونەوەی خۆی لەسەر ئەم کێشەیە ئەنجامدا و بڕیاریدا بەدانانی سنورێکی کاتیی لەنێوان عێراق و تورکیا، کە ناسرا بە (هێڵی بروکسڵ) بۆ جیاکردنەوەی باکور و باشوری کوردستان، بەڵام ناڕەزایی کوردان لەهەردوو دیوی کوردستان»کۆمەڵەی نەتەوەکانی ناچارکرد لە (٣٠)ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا لیژنەیەك کەلە (سێ ) کەس پێکهاتبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان بنێرێتە ویلایەتی موسڵ.

دوای ئەوەی لیژنەکە بە ویلاتەکەدا گەڕا و ڕاوبۆچوونی خەڵکانێکیان وەرگرت، دواجار لیژنەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد، کە پوختەکەی لەم خاڵانە پێکهاتبوو:

١. پێویستە هێڵی بروکسڵ بکرێتە سنووری هەمیشەیی نێوان عێراق و تورکیا.


٢. بۆماوەی ٢٥ ساڵ عێراق بخرێتە ژێر ئینتدابی بەریتانیا.

٣. کورد تەواوی مافی خۆی لە بەڕێوەبردن(کارگێڕی) و دادگای تایبەتی پێبدرێت و پێویستە زمانی کوردی لە خوێندن و دامودەزگاکانی حکومەت لە ویلایەتی موسڵ زمانی فەرمی بێت.

**هێڵی برۆکسل:** ئەو سنورە کاتییە بوو کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لەساڵی ١٩٢٤ز لەنێوان عێراق و تورکیا داینا، بۆ جیاکردنەوەی باکور و باشوری کوردستان لە یەکتری.

لە ڕێکەوتی ١٩٢٥/١٢/١٦ کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاریدا ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق بێ ئەوەی پرس و ڕاوێژ بەدانیشتوانەکەی بکرێت.سەبارەت بە(تورکیا)ش بەپێی ڕێکەوتنی سێقۆڵی (عێراق و تورکیا و بەریتانیا)، بڕیاری دا لە بەرامبەر (١٠٪)ی نەوتی ویلاتەکە بۆ تورکیا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ واز لە ویلایەتی موسڵ بهێنێت.

نەخشەی ولایەتی موسڵ



## حەوتەم/ پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ز ی نێوان عێراق و بەریتانیا:

ئەو پەیمانە بۆ كۆتاییهێنان بە ئینتیدابی بەریتانیا لەسەر عێراق بەسترا، تیایدا بڕیار درابوو عێراق لەساڵی ١٩٣٢ز دا سەربەخۆ بێت و ببێتە ئەندام لە كۆمەڵەی نەتەوەكان، لەم پەیمانە بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بە كورد و مافەكانی كورد نەكرابوو، تەنانەت ئاماژە بە ڕاسپاردەكانی لیژنەی كۆمەڵەی نەتەوەكانی ساڵی ١٩٢٥ز نەكرابوو، بۆیە ئەمە بووە مایەی نارەزایی كورد، ولەئەنجامدا لە ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ز لە شاری سلێمانی (ڕاپەڕینی بەردەركی سەرا) بەرپابوو، بەڵام حكومەتی عێراق بەتوندی وەڵامی ڕاپەڕینەكەی دایەوە و چەندین كەسی تێدا بوو بەقوربانی، هەر بۆیە بەو ڕۆژە دەوترێ (ڕۆژە ڕەشەكە) یان (شەشی ئەیلولی خوێناوی).

**زانیاری پێویست**

لە ڕاپەڕینی بەردەركی سەرا ژنانی كوردیش بەشداری كارایان هەبوو لەم ڕووەوە ئەوەندە بەسە كە ئاماژە بە ڕۆڵی حەپسەخانی نەقیب بكەین، ئەو ژنە تێكۆشەرەی كوردە ساڵی ١٩٣٠ز لە گەرمەی ڕووداوەكانی ڕاپەڕینی بەردەركی سەرا نامەیەكی لە شێوەی یاداشت بۆ كۆمەڵەی نەتەوەكان لە جنێف نارد و داوای مافی چارەنووسی بۆ كورد تیا نووسیبوو، ئەمە جگە لەخستنەڕووی ئەو قەسابخانەیەی كە دەسەڵاتدارانی ڕژێمی پاشایەتی عێراق دەرهەق بە خۆپیشاندەرانی سقیلی بەردەركی سەرا ئەنجامیان دابوو.




حەبسەخانی نەقیب

## ڕەشەكوژی سێمێل

لـە ٧ی ئابـی سـاڵی ١٩٣٣ز سـوپای عێـراق بـە ڕێنوێنـی و پاڵپشـتی بەریتانیـا قەسـابخانەی (سـێمێل) یـان لـە دژی ئاشـورییەكان ئەنجامـدا، لـەم قەسـابخانە گەورەیـەدا كـە دەرهـەق بەدانیشـتوانی ٦٤ گونـدی ئاشـوری ئەنجامـدرا، تیایـدا زیاتـر لـە ٥٠٠٠ مرۆڤـی ئاشـوری ڕەشـەكوژ(قەتلوعام) كـران و بوونـە قوربانـی. پەرلەمانـی كوردسـتان لـە خاڵـی سـێیەمی بڕیـاری ژمـارە ٤٧ لـە ١٩٩٢/١٢/٢٨ز ئـەم ڕۆژەی بـە (ڕۆژی شـەهیدانی ئاشـوری) ناسـاند.

### چالاكی ناوپۆل

مامۆسـتای بەڕێـز قوتابییـان دەكاتـە دوو گـروپ، دواتـر بەشـێوەی پێشـبڕكێ چەنـد پرسـیارێك ئاراسـتەی هـەردوو گروپەكـە دەكات و هـەر گروپێـك چەنـد وەڵامـی ڕاسـتی هەبێـت دەبێتـە بـراوەی پـۆل و ڕێزیـان لـێ دەگیرێـت.

### هەڵسەنگاندن

١-كێشـەی ولایەتـی موسـڵ چییـە و كـەی وچـۆن سـەری هەڵـدا، ولایەنـە ناكۆكەكانـی كێشـەكە كامانـە بـوون؟

٢-بۆچی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ لە نێوان عێراق _ بەریتانیا بەسترا؟

٣- ڕاپەڕینـی بەردەركـی سـەرا لەكـوێ بـوو، سـاڵی چەنـد بـوو، خاڵـی جیاكـەرەوەی ئـەم ڕاپەڕینـە لەگـەڵ شـۆرش وڕاپەڕینەكانـی تـر چـی بـووە؟

٤-ڕۆڵـی حەپسـەخانی نەقیـب وەك ژنێـك لـە كاتـی ڕاپەڕینەكـەی بەردەركـی سـەرا چـی بـوو؟

### چالاكی ماڵەوە

قوتابـی ژێـر لـە كوردسـتاندا جگـە لەنەتـەوەی كـورد چەندیـن نەتـەوە و پێكهاتـەی ئاینـی دیكـەش هـەن، ئـەو نەهامەتـی و كارەسـاتانەی ڕوویانـداوە ئەوانیـش لێـی بێبـەش نەبوون، بەچەنـد دێرێـك بیـروڕای خـۆت بنووسـە.

وانەی چوارەم/

## هەشتەم/ پەیمانی سەعد ئاباد ١٩٣٧ز:

لە ٨ی تەموزی ١٩٣٧ز پەیمانی سەعد ئاباد لە نێوان (عێراق و تورکیا و ئەفغانستان و ئێران) لە (تاران)ی پایتەختی ئێران مۆر کرا، لە خاڵی حەوتەمی پەیمانەکەدا هاتووە:

(هەموو لایەنەکان بەڵێن دەدەن چ لە ناوچە سنوورییەکان و چ لە ناوچەکانی تری وڵاتەکانیان، ڕێگە نەدەن بەپێکهێنانی دەستەی چەکدار وکۆمەڵە و پارتی سیاسی و هەر شتێکی دیکە کە ببێتە مایەی تێکدانی ئاسایش، یاخود زیان گەیاندن بەڕژێمی فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتانە).

ئامانجی سەرەکی پەیمانی سەعد ئاباد بە پلەی یەکەم دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و هاوکاریکردنی ئەو وڵاتانە بوو لە دژایەتیکردنی گەلی کورد.

## نۆیەم/ پەیمانی بەغدا :

ئەم پەیمانە ساڵی ١٩٥٥ز لە شاری بەغدا بەسترا لەنێوان عێراق و ئێران و پاکستان و تورکیا و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئامانج لە بەستنی ئەم پەیمانە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا لەلایەك و بەربەرەکانێکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ناوچەکە بوو بەتایبەتی هەردوو گەلی کورد و بلوچ.

دوژمنانی کورد و هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان، بەردەوام لە دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی کورد هاوکاری یەکتریان کردووە، لە ئەنجامیشدا شۆڕشەکانی کورد نەیانتوانیوە ڕووبەڕووی ئەو هەموو هێزانە ببنەوە و سەرکوت کراون، لەم ڕووەوە (بەریتانیا) ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەدامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی باشووری کوردستان. فەرەنسییەکان یارمەتی تورکیایاندا لە دامرکاندنەوەی (شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران) لە باکووری کوردستان. هەروەها (کەمالییەکان لە تورکیا) گورزی کاریگەریان لە (سمکۆی شکاك) دا، هەرچەندە شۆڕشەکەی ئەو لە خۆرهەڵاتی کوردستان بەرپا بوو. لەم شۆڕشانەدا لایەنی نەتەوایەتی و ئایینی ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، لایەنی نەتەوایەتی بەسەر لایەنی ئایینیدا زاڵتر بووە، تێکهەڵکێشکردنی ئەم دوو لایەنەش، گوڕوتینێکی زیاتری بە شۆڕشەکان دەدا.

شۆڕشـی دووەمـی بـارزان (١٩٤٣ ــ ١٩٤٥ز)، لـە چەنـد ڕوویەکـەوە جێـگای سـەرنجە، لـەم شۆڕشـەدا بۆیەکەمجـار مـەلا مستەفای بارزانـی، سـەرکردایەتی شۆڕشـێکی گـەورەی کـرد، حزبـی هیـوا لایەنگیـری ئـەم شۆڕشـەی کـرد، هەروەهـا چـوار ئەفسـەری نـاوداری کـورد (مسـتەفا خۆشـناو، محەمـەد مەحمـود قودسـی، خەیروڵـڵا عەبدولکەریـم، عـزەت عەبدولعزیـز) لەگـەڵ چەندیـن سـەرباز و ئەفسـەری تـری کـوردی نـاو سـوپای عێـراق و چەندیـن ڕۆشـنبیر لـە شـارە جیاجیاکانـی کوردسـتان پەیوەندییـان بـەو شۆڕشـەوە کـرد.

### زانیاری پێویست

حزبـی هیـوا سـاڵی ١٩٣٧ز لـە شـاری کەرکـوك دامـەزرا لەلایـەن ژمارەیـەك لـە قوتابیانـی ئامادەیـی و دواناوەنـدی «لەوانـە مسـتەفا عوزێـری و یونـس ڕەئوف(دڵـدار) و جـەلال قـادر و موسا عەبدولسـەمەد و ئیحسـان حاجـی ئەحمـەد و خەلیـل حەمـەد و فەتـاح جەبـار و......هتـد دەمەزرێنـدراوە. سـەرەتا حزبـی هیـوا نـاوی ڕێکخـراوی دارکـەران بـوو بەنـاوی ڕێکخراوێکـی ئیتاڵـی کـە ناوی(کاربۆناری)بـوو و لـە سـەدەی نۆزدەیـەم داوای یەکێتـی ئیتاڵیـای دەکـرد، سـاڵی ١٩٣٩ز نـاوی ڕێکخـراوی دارکـەران گـۆڕا و بـوو بـە حزبـی هیـوا و (ڕەفیـق حیلمی کـرا بـە سـەرۆکی بـاڵای حـزب (کـە ئەوکاتـە موفەتیشـی پـەروەردە بـوو لـە وەزارەتـی مەعاریـف)، حزبـی هیـوا لـە هەمـوو شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان خاوەنـی لایەنگـر و جەماوەرێکـی فـراوان بـوو و ئەندامانـی ڕۆژبـەڕۆژ لەزیادبـوون دا بـوون.

### چالاکی ناوپۆل

مامۆسـتای ئەزیـز ئـەم سـاڵانە لەسـەر وایـت بـۆرد (سـبورە) بنووسـە و داوا لـە قوتابیـان بکـە ڕوونکردنـەوەی پێویسـتی لەسـەر بـدەن وەك: (١٩٣٧)، (١٩٣٩)، (١٩٤٣)، (١٩٥٥)، دواتـر ئامانجـی سـەرەکی ئـەم سـاڵانە دیـاری بکـە.

### هەڵسەنگاندن

١ـ ئامانجـی سـەرەکی پەیمانـی سـەعد ئابـاد چـی بـوو؟

٢ـ ڕێکخراوی دارکەران چی بوو؟

٣ـ پەیمانـی بەغـدا لـە کـوێ و بـۆچ مەبەسـتێك بەسـترا؟

٤ـ شۆڕشـی دووەمـی بـارزان لـە چەنـد ڕووێکـەوە جێـگای سـەرنجە، ڕوونـی بکـەوە.

### چالاکی ماڵەوە

قوتابـی ئەزیـز ئـەم شـۆڕش و ڕاپەڕینانـە چ ئەنجامێکیـان هەبـووە، بۆچـی وڵاتانـی بیانـی دژ بـەو شۆڕشـانە بـوون؟ ڕوونـی بکـەوە.



# بەندی شەشەم

## کوردستان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی تا ساڵی ١٩٥٨

### ئامانجی خوێندن

قوتابی:

١- زانیاری لەسەر جەنگی دووەمی جیهانی بزانێت.

٢- کاریگەرییەکانی جەنگی دووەمی جیهان تێبگات.

٣- کۆماری کوردستان لە مەهاباد بناسێت و شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی ڕووخانی بکات

٤- ڕۆڵی قازی محەمەد لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بنرخێنێت.

٥- دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بزانێت.

## وانەی یەکەم/

## جەنگی دووەمی جیهانی

جەنگی دووەمی جیهانی ساڵی ١٩٣٩ز دەستی پێکرد و ساڵی ١٩٤٥ز کۆتایی هات، جارێکی دیکە جیهان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوو کە بەرەی یەکەم بریتی بوو لە وڵاتە هاوپەیمانەکان کە لە گرنگترین وڵاتانی وەك بەریتانیا و فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت پێکهاتبوو، بەرەی دووەم وڵاتانی میحوەر بوو، گرنگترین وڵاتانی ئەم بەرەیەش (ئەڵمانیای نازی و ئیتاڵیای فاشیست و ژاپۆنی عەسکەرتاری) بوون. جەنگەکە بەسەرکەوتنی وڵاتە هاوپەیمانەکان کۆتایی هات.

بە کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، قۆناغێکی نوێ لە مێژووی کورد دەست پێدەکات، کەتیایدا گۆڕانی بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەیی گۆڕانی دیار و ئاشکرای بەسەر بارودۆخی کوردستانیشدا بە جێهێشت .

لەلایەنی سیاسییەوە، هەست بە پەرەسەندنی چالاکی سیاسی لە باشور و خۆرهەڵاتی کوردستان دەکرێت، ئەگەرچی لە باکووری کوردستان، بەهۆی بەکارهێنانی سیاسەتی ئاگر و ئاسن بەرامبەر بە بزاڤی نەتەوایەتی و سیاسی کورد، بوونی چالاکی سیاسی و نەتەوایەتی کورد لەو بەشەی کوردستان سست بوو، بەڵام باشوری کوردستان چالاکی سیاسی و نەتەوایەتی زۆری بەخۆوەبینی، لەوانە دامەزراندنی چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسی.

### زانیاری پێویست

ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردیانەی دامەزران:

**١_ لقی کوردی ـ پارتی کۆمەنیستی عێراق (حزبی شیوعی عێراق):**

ساڵی ١٩٤٥ کۆنگرەی یەکەمی پارتی کۆمەنیستی عێراق لە شاری بەغدا بەسترا ،یەك ئەندامی کورد بەشداری تیادا کرد کە ناوی (مەلا شەریف) بوو. ئەم لقە کوردییە بەشێوەیەکی نهێنی کاری دەکرد و شاری (هەولێر) بنکەی سەرەکی لقەکە بوو، و سنووری چالاکییەکانی دوای هەولێر لە شارەکانی کەرکوك و سلێمانی تێنەدەپەڕی.

**٢_ پارتی کۆمەنیستی (حزبی شیوعی) لە کوردستانی عێراق (شۆڕش):**

لە پایزی ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە. ساڵح حەیدەری سکرتێری پارتەکە بوو،پارتەکە ڕۆژنامەیەکی دەردەکرد بە ناوی شۆڕش، هەر بۆیە پارتەکەش بەناوی ڕۆژنامەکە ناسرا (پارتی شۆڕش)، شاری (هەولێر) بنکەی سەرەکی ئەم پارتە بوو. ئامانجی پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتیەکی نامەرکەزی بوو بۆ کورد.

**٣_ حزبی ڕزگاری کورد:**

ئـەم حزبـە لـە شـوباتی ١٩٤٥ دامـەزرا، ژمـارەی ئەندامەکانـی لـە سـەرووی چـوار هـەزار کەسـەوە بـوو. ئامانجـی پارتەکـە نەهێشـتنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتـی کـورد، و چارەسـەرکردنی گیروگرفتـە کۆمەڵایەتییـەکان، و پەرەپێدانـی لایەنـی ئابـووری و ڕۆشـنبیری کوردسـتان بـوو. (ڕۆژنامـەی ڕزگاری) زمانحاڵـی پارتەکـە بـوو. ئـەم ڕۆژنامەیـە (ڕزگاری) هەوڵـی دەدا دەنگـی کـورد بگەیەنێتـە کـۆڕی نێودەوڵەتـی. سـاڵی ١٩٤٦ دوای بەسـتنی کۆنگـرەی پارتەکـە بڕیـاردرا، کـە وەکـو دەسـتپێك بـۆ دامەزراندنـی پارتـی دیموکراتـی کـورد، پارتـی ڕزگاری کـورد هەڵبوەشـێنرێتەوە.

**٤_ پارتی دیموکراتی کورد:**

لـە ١٦ی ئابـی ١٩٤٦ پارتـی دیموکراتـی کـورد لـە شـاری بەغـدا بەنهێنـی دامـەزرا، لەیەکـەم کۆنگـرەی دامەزراندنیـدا ئـەم کەسـایەتیانەی خـوارەوە بـۆ پۆسـتە گرنگـەکان هەڵبژێـردران:

١- مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی.

٢- شـێخ لەتیـف شـێخ مەحمـوودی بەرزنجـی بـە جێگـری یەکەمـی سـەرۆك.

٣- کاکە زیاد کۆیی بە جێگری دووەمی سەرۆك.

(ڕۆژنامـەی ڕزگاری) بـوو بـە زمانحاڵـی پارتـی دیموکراتـی کـورد.

پارتـی دیموکراتـی کـورد چەندیـن ئامانجـی هەبـوو، گرنگترینیـان بریتـی بـوو لـە (ڕزگاربـوون لـە ئیمپریالیـزم و دامەزراندنـی کۆمارێکـی دیموکراتـی لـە عێراقـدا کـە مافەکانـی کـوردی تیـادا دەسـتەبەر بکرێـت).

لـە ٢٦ی کانوونـی دووەمـی ١٩٥٣ کۆنگـرەی سـێیەمی پارتـی لـە شـاری کەرکـوك بەسـترا، لـە گرنگتریـن بڕیارەکانـی ئـەم کۆنگرەیـە، گۆڕینـی نـاوی (پارتـی دیموکراتـی کـورد) بـوو، بـۆ (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان)، هەروەهـا ڕۆژنامـەی (خەبـات)، لـە جێگـەی (ڕۆژنامـەی ڕزگاری) بـوو بـە زمانحاڵـی پارتەکـە.

**چالاکی ناوپۆل**

مامۆسـتای خۆشەویسـت قوتابیـان بەسـەر چـوار گـرووپ دابـەش بکـە و هـەر گرووپـە نوێنەرێکـی هەبێـت، نـاوی چـوار پارتەکـە لەسـەر لاپەڕەیـەك بنووسـرێت (لقـی کـوردی پارتـی کۆمەنیسـتی عێـراق، پارتـی کۆمەنیسـتی کوردسـتانی عێـراق، حزبـی ڕزگاری کـورد، پارتـی دیموکراتـی کـورد) هەریـەك لەو گرووپانە باسـی ئـەو پارتـە بـۆ قوتابیـان بکـەن.

**هەڵسەنگاندن**

١- جەنگـی دووەمـی جیهانـی کـەی دەسـتی پێکـرد و کـەی کۆتایـی هات؟

٢- ڕۆژنامەی ڕزگاری لەلایەن کێ دەردەچوو؟

٣- پارتی شۆڕش پێناسە بکە.

**چالاکی ماڵەوە**

قوتابـی زیـرەك دوای زانینـی هـەردوو جەنگـی یەکـەم و دووەمـی جیهانـی، پێتوایـە جارێکـی دیکـە جەنگـی سـێیەمی جیهـان ڕوودەدات؟ ئەگـەر ئـەم جەنگـە ڕوودەدات چـۆن دەبێـت؟ ڕوونکردنـەوە بنووسـە.

وانەی دووەم/

## كۆماری كوردستان و كاریگەری بەسەر ڕەوشی سیاسی كوردستان

بارودۆخی خۆرهەڵاتی كوردستان پێش دامەزراندنی كۆمار لە (٢٥)ی ئابی ١٩٤١ز لەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی دا، ئێران لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە داگیركرا ، هێزەكانی بەریتانیا لە باشورەوە و هێزەكانی یەكێتی سۆڤیەت لە باكورەوە»هەر ئەو ساڵە هاوپەیمانەكان (ڕەزاشای پەهلەوی) دكتاتۆریان ناچاركرد واز لە دەسەڵات بێنێت و لە جێگای ئەو (محەمەد ڕەزاشا)ی كوڕیان دانا، كە دواتر هەمان ڕێچكەی باوكی لە پیادەكردنی سیاسەتی دكتاتۆریانە پەیرەو كرد، گەلانی ئێران بەگشتی و لەنێویشیاندا گەلی كورد ئەگەر بۆ ماوەیەكی كاتییش بێت هەستیان بە ئازادی و سەربەخۆیی ڕادەربڕینی خۆیان كرد، بۆیە چالاكی و جموجۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری زیادی كرد و ئەوەبوو لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢ز كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد(ژێ كاف) لەشاری مەهاباد دامەزرا لەلایەن عەبدولڕەحمان زەبیحی و عەزیز زەندی و هەردوو شاعیری گەورەی كورد هێمن مەهابادی و هەژار موكریانی. لە كۆبونەوەی دامەزراندنی كۆمەڵەی ژێ كاف دا (میرحاج ئەحمەد ئاكرێ) بەشداربوو.

ئامانجی كۆمەڵەی ژێ كاف یەكگرتنەوەی كوردستان بوو لە یەك قەوارەی سەربەخۆدا كەگەلی كوردستان بە ئازادانە بژی، كۆمەڵە گۆڤاری (نیشتمان)ی دەركرد كە ڕۆڵێكی گەورەی هەبوو لە بەرزكردنەوەی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و ژمارەكانی دەگەیشتنە شارەكانی سلێمانی و هەولێر . تەنانەت كۆمەڵە لقی لە باشور و باكوری كوردستانیش كردەوە.

لەسەر داواكاری كۆمەڵەی ژێ كاف لە مانگی ئابی ١٩٤٤ز لە چیای (دالانپەر) لەسەر سنووری دەستكردی ئەمڕۆی(عێراق و ئێران و توركیا) كۆبونەوەیەك لەلایەن نوێنەرانی هەر سێ پارچەی كوردستان بەسترا و تیایدا پەیمانێكیان مۆركرد بەناوی (پەیمانی سێ سنوور) و هەرسێ لا جەختیان لەسەر سەركردایەتییەكی یەكگرتوو بۆ هەموو كوردستان كردەوە.

**میرحاج ئەحمەد ئاكرێ:** ئەفسەرێكی سوپای عێراق و ئەندامی نهێنی حزبی هیوا بوو، وەك نوێنەری كوردانی باشور بەشداریكرد، بەمەبەستی پتەوكردن و بەیەكەوەبەستنی هەردوو پارچەی باشور و ڕۆژهەڵاتی كوردستان.

## ڕۆڵی قازی محەمەد لە کۆمەڵەی ژێ کاف

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٤ز (قازی محەمەد) بە ئەندام لە کۆمەڵە وەردەگیرێت، بەهاتنەریزی قازی محەمەد بۆ کۆمەڵەی (ژێ کاف) جەماوەر و پێگەی کۆمەڵە گەورەتر و فراوانتر دەبێت، چونکە قازی محەمەد کەسایەتیەکی ناسراوی شاری مەهاباد(سابلاغ) و ناوچەی موکریان بوو، لە بنەماڵەیەکی ئایینی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیر و خەباتگێری ناوچەکە بوو»بە ژیانی هەردوو کۆمەڵی شار و لادێیی ڕاهاتبوو، خەڵکی شارستان و عەشایەر ڕێزیان دەگرت.

تەنانەت پێش ئەوەی ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی ژێ کافیش لای حکومەتی ئێران و سۆڤیەتەکانیش ناسرابوو «بۆنمونە لەسەر داوای حکومەتی ئێران وەفدێکی خەڵکی کوردستان بە سەرکردایەتی قازی محەمەد بانگهێشتی تاران دەکرێت بۆ وتوێژ لەسەر مافەکانی کورد، هەروەها سۆڤیەتەکانیش دووجار بانگهێشتی قازی محەمەدیان بۆ شاری (باکۆ) کردووە، جاری یەکەم وەك ئەندامێك لەگەڵ وەفدە کوردییە بوو کەلە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤١ز بانگهێشتی (باکۆ) کران، جاری دووەم لەسەرووی ئەو وەفدە کوردییە بوو کەلە مانگی ئەیلولی ١٩٤٥ز بانگهێشتی (باکۆ) کرانەوە. هەرلەساڵی ١٩٤٥ز کۆمەڵەی (ژێ کاف) بوو بەبناغەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و قازی محەمەدیش کرا بەسەرۆکی حزب.

### زانیاری پێویست

لە گرنگترین ئامانجەکانی حزبی دیموکراتیش بریتی بوون لە:

١- گەلی کورد خۆی کاروباری خۆی بەڕێوەببات لە چوارچێوەی سنوری ولاتی ئێران.

٢- زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی خوێندن و دام و دەزگاکانی حکومەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٣- دەبێ فەرمانبەرانی دەوڵەت لە کوردستان کورد بن.

٤-دروستکردنی پەیوەندییەکی یەکگرتوو و برایانە لەگەڵ گەلانی کوردستان وەك (ئازەری)، و (ئەرمەنی و ئاشوری).

### چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆ لەسەر کۆمەڵەی ژێ کاف بکەن و ڕۆڵی قازی محەمەد چی بوو لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد.

### هەڵسەنگاندن

١- گرنگترین ئامانجەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چی بوون؟

٢- قازی محەمەد پێش ئەوەی ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی ژێ کاف لای حکومەتی ئێران و سۆڤیەتەکانیش ناسرابوو؟

٣-(میرحاج ئەحمەد ئاکرێ) لە کۆبونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێ کاف دا بەشداربوو؟

### چالاکی ماڵەوە

قوتابی خۆشەویست ئالای کوردستان یەکێکە لە شانازی و دروشمەکانی گەلی کوردستان، بە ڕاپۆرتێك باس لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئالای کوردستان بکە، چ ڕۆژێك دیاری کراوە بۆ ڕۆژی ئالا؟

وانەی سێیەم/

## دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد:

لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ز لە گۆڕەپانی (چوارچرا) لە ناوەڕاستی شاری مەهاباد (سابلاغ) کۆماری کورستان لەلایەن قازی محەمەد وەك سەرۆکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەنرا و دواتریش بە سەرۆکی کۆمار هەڵبژێردرا و لەوساوە بە (پێشەوا) ناوبرا، پاشان ئاڵای کوردستان لە سەر دامودەزگانی حکومەت لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار هەڵکران، ئینجا سرودێکی تایبەت بە کۆمار دانرا. دواجار ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان ڕاگەیەنرا کە لەمانە پێکهاتبوو:

١- حاجی بابە شێخ - سەرۆك وەزیران.

٢- سەیفی قازی - وەزیری جەنگ(بەرگری).

٣- محەمەد ئەمین موعینی - وەزیری ناوەخۆ.

لەگەڵ (١١) وەزیری دیکە، بۆ وەزارەتەکانی تر.



وێنەی ئاڵای کوردستان (سەردەمی کۆماری کوردستان)

### دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد:

هەرچەندە تەمەنی کۆماری کوردستان یازدە مانگ زیاتر نەبوو، بەڵام لەم ماوە کورت وکەمەدا گەلێك دەسکەوتی بەدەستهێنا، کە گرنگترینیان ئەمانەبوون:

١- بۆ یەکەمجار، زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی(ڕەسمی)، لە دامو دەزگاکانی حکومەت.

٢- ڕۆژنامەگەری کوردی، گەشەکردنێکی فراوانی بەخۆوەبینی، بەتایبەتی پاش دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان و کتێبخانەی گشتی لە مەهاباد، ئەوەبوو چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بە زمانی کوردی چاپکران، لەوانە ڕۆژنامەی کوردستان (زمانحاڵی حزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان)، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانیش گۆڤاری (هاواری نیشتمان)یان دەردەکرد، گۆڤاری (هەڵاڵە)ش لەشاری بۆکان دەردەچوو، هەروەها دەرچوونی گۆڤاری(گڕوگاڵی منداڵانی کورد) کە بە یەکەمین گۆڤاری کوردی تایبەت بە منداڵان دادەنرێت.

٣- دامەزراندنی یەکەم ئێزگەی ڕادیۆ و یەکەم شانۆی کوردی»کە سوودێکی زۆریان بە خەڵکی ناوچەکە دەگەیاند، چونکە ٪٩٠ ی خەڵکەکە نەخوێندەوار بوون و نەیان دەتوانی سوود لەو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبانە وەربگرن «بەڵام دەیانتوانی سوود لە گوێگرتن لە ڕادیۆ و سەیرکردنی شانۆگەری وەربگرن.

٤- بـوار بـۆ ئافرەتـی کـورد ڕەخسا بەشداری لەکایـەی سیاسـی و ڕۆشـنبیرییدا بـکات، قـازی محەمـەد لـە پێشـەوەی ئەوانـەدا بـوو کـە ڕێـگای دا (مینـا خـان)ی هاوسـەری بێتـە ئـەو بـوارەوە، ئەوەبـوو لەلایـەن ئـەو خاتوونـەوە لـە ١٩٤٦/٣/١٥ز (یەکێتـی ژنانـی دیموکراتـی کوردسـتان) دامـەزرا.



پێشەوا قازی محەمەد و مینا خانی هاوسەری

٥_ دامەزراندنـی لەشـکری کوردسـتان «کـە بـە سـەدان کـەس بەشـێوەی خۆبەخـش لـە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان پەیوەندییـان پێوەکـرد» ژمارەیـەك لـە ئەفسـەر و سـەربازانی عێراقی(باشـوری کوردسـتان) لەگـەڵ مسـتەفا بارزانـی و هەڤاڵانـی لـە ڕیـزی ئـەو لەشـکرەدا بـوون.



حکومەتی کۆماری کوردستان

٦- پاراسـتنی ئاسـاییش و ئارامـی هاووڵاتیـان لـە خاڵـە پرشـنگدارەکانی کۆمـار بـوون، چونکـە لەمـاوەی (١١) مانگـی تەمەنـی کۆمـاردا تەنیـا (١) کـەس کـوژرا ، لەگـەڵ ئـەوەی لـەم سـەردەمەدا خەڵکێکـی زۆر چەکـدار بـوون یـان چەکیـان هەبـوو.

٧- دەسـتکەوتەکانی کۆمـار زۆرن و لـە هەمـوو بوارێکـن، بـەڵام ئـەوەی کـە زۆر گرنگـە بریتییـە لـە بەدەسـتهێنانی ئـازادی و سـەربەخۆیی و ڕزگاربوونـی نەتـەوەی کـورد لـە بەشـێکی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان» ئـەوە بـوو میللەتـی کـورد خـۆی چارەنووسـی خـۆی دیاریکـرد و بڕیـاری لەسـەر چارەنووسـی خـۆی دا.

**قـازی محەمـەد:** سـەرکردەیەکی کـوردە نازنـاوی پێشـەوای لێنـرا، دامەزرێنـەری کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد بـوو، لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٩٣-١٩٤٧ز) ژیـاوە، دووەم سـەرکردەیە لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت دوای کۆمـاری ئـارارات، دەوڵەتـی کـوردی ڕاگەیانـد.



لەکاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە گۆڕەپانی چوارچرا

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای ئەزیز (دامەزراندنی یەکەم ئێزگەی ڕادیۆ و یەکەم شانۆی کوردی سوودێکی گەورەیان بە خەڵکی ناوچەکە دەگەیاند)، لەگەڵ قوتابیان گفتوگۆ لەبارەی ئەم گوزارشتە بکەن.

## هەڵسەنگاندن

١ـ پێناسەی ئەمانە بکە: قازی محەمەد، گرۆگاڵی منداڵانی کورد، مینا خان.

٢ـ ڕۆڵی ئافرەت لە سەردەمی کۆمار چی بوو؟

٣ـ دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد چی بوون؟

## چالاکی ماڵەوە

ـ قوتابی ئەزیز دەستکەوتەکانی کۆمار زۆرن بوون، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە بریتییە لە بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی و ڕزگاربوونی نەتەوەی کورد، بەچەند دێڕێک ڕای خۆت بنووسە.

وانەی چوارەم/

## هۆیەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان:

چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و هەرێمایەتی (ئیقلیمی) و نێودەوڵەتی ڕۆڵیان لە ڕووخاندنی کۆماری کوردستان دا هەبوو، لەوانە:

١- لە ٩ ی ئایاری ١٩٤٦ز هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە باکوری ئێران دەکشێنەوە دوای ڕێککەوتنی سەرۆك وەزیرانی ئێران(قەوام سەڵتەنە) لە گەڵ سۆڤیەتییەکان لەسەر پێدانی مافی ئیمتیازاتی نەوتی باکوری ئێران بە سۆڤیەت ،تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیاش دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی هەمیشە پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە پێویستە هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە باکوری ئێران بکشێنەوە، بەمەش دەرفەتی زیاتریان دا بە سوپای ئێران بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان بڕوخێنێت.

٢- خۆبەدەستەوەدانی سەرکردەکانی کۆماری ئازەربایجان بەبێ بەرهەڵستی «ڕێگای خۆشکرد بۆئەوەی لەشکری ئێران ئاسانتر و خێراتریش پەلاماری کۆماری کوردستان بدات و هێزی زیاتری لەسەر کۆبکاتەوە.

٣- لەشکری کۆماری کوردستان خاوەن چەکی قورس و کەسانی سەربازی مەشقپێکراو نەبوو و لەشکرەکە زیاتر مۆرکی عەشایەری پێوەدیاربوو.

٤- خراپی بارودۆخی ئابووری خەڵکەکەش هۆکارێکی تر بوو بەتایبەتی پاش ئەوەی حکومەتەکانی عێراق و تورکیا ودواتریش ئێران گەمارۆیان خستە سەر ناوچەکانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کۆمار ، تەنانەت کۆماری ئازەربایجانی دراوسێشی لەم گەمارۆ خستنەسەر کۆماری کوردستان درێغی نەکرد.

٥- بەهێزیی دبلۆماسیەتی ئێران بەتایبەتی سەرۆك وەزیران (قەوام سەڵتەنە)و کەم ئەزموونی سەرکردەکانی کۆمارەکە لە ڕووی سیاسی و دبلۆماسییەوە، تەنانەت قەوام سەڵتەنە بە دارێژەری پیلانی ناکۆکی نێوان هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان دادەنرێت.

٦_ نیازپاکی قازی محەمەد لەبەرامبەر دوژمنەکانی دا، کە بڕوای بە بەڵێنە درۆیینەکانی (قەوام سەڵتەنە)ی سەرۆك وەزیرانی ئێران کرد، هەروەها لەژێر فشار و بەڵێنی سۆڤیەتییەکان شاری (سەقز) ی ئازاد نەکرد، کە ئەگەر ئازاد بکرایە ئەوا ڕێگای بۆ ئازادکردنی چەند شارێکی تریشی ئاسان دەکرد لەوانە (بانە) و (سەردەشت).



ئەم هۆكارانە و چەندین هۆكاری تر بوونە هۆكاری ڕووخانی كۆماری كوردستان و لە ئەنجامدا لەشكری ئێران لە ١٧ی كانونی یەكەمی ١٩٤٦ز پەلاماری شاری مەهاباد دەدات و داگیری دەكاتەوە و كۆمارەكەش دەڕوخێنن و دواتریش پەلاماری ناوچەكانی تری كۆمار دەدەن و لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا نزیكەی(١٥٠٠٠) كەس لە خەڵكی كوردستان دەكوژرێن و (١٥) سەركردەی كۆماریش دوای دادگایەكی ڕووكەشانە لە ٣١ی ئازاری ١٩٤٧ز لە گۆڕەپانی (چوارچرا) لە ناوەراستی شاری مەهاباد لەسێدارە دەدرێن، لە نێویاندا پێشەوا قازی محەمەد (سەرۆك كۆماری كوردستان) و سەیفی قازی(ئامۆزای پێشەوا و وەزیری جەنگ(بەرگری)ی كۆماری كوردستان)و سەدری قازی (برای پێشەوا و ئەندامی پەرلەمانی ئێران).

## زانیاری پێویست

کاریگەری کۆماری کوردستان لەسەر ڕەوشی سیاسی کوردستان:

ژمارەی هێزەکانی مستەفا بارزانی کە لە ڕیزی لەشکری کۆماری کوردستان دابوون نزیکەی (٢٠٠٠) پێشمەرگە دەبوو، خۆیشی یەکێك بوو لەو (٤) ئەفسەرە پایە بەرزەی کە پلەی (ژەنراڵ)ی پێ بەخشرابوو، لەسەر داوای پێشەوا، مستەفا بارزانی هێزەکانی بەسەر (٤) بەرەدا دابەش کرد بوو. لەبەرەی سەقز-بۆکان بارزانییەکان بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی توانیان لەشکری ئێران بشکێنن لەشەڕی (قاراوا) کاتێ ویستی پەلاماری کۆمار بدات، ئەم سەرکەوتنە ڕێزی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی زیاتر کرد لای خەڵکی کوردستان، لە بەرامبەریشدا ئێران هێزێکی گەورەتری پڕ چەکی بە پاڵپشتی تۆپ و تانك و زرێپۆش و فڕۆکە ناردە ناوچەکە و ئەمجارەیان لەشەڕی (مامەشا) مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی زۆر دلێرانە لە جاری پێشوو ڕووبەڕوویان بوونەوە، تا لە کۆتاییدا شەڕەکە بە ڕێکەوتنی هەردوولا وەستا.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی لە بەرگریکردن بەردەوام بوون لە بەرامبەر لەشکری ئێران و زەبری کوشندەیان لێدان و نەبەردی گەورەیان تۆمارکرد بەتایبەتی لە بەرەی (شنۆ). دواجار لە ژێر فشاری حکومەتەکانی ئێران و عێراق و تورکیا لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧ز مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی لە ڕووباری ئاراس پەڕینەوە و پەنایان بردە بەر یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و تاکو ساڵی ١٩٥٨ز بۆ ماوەی ١١ ساڵ لەوێ مانەوە.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای خۆشەویست داوا لە قوتابیان بکە ببنە شەش گروپ، هەر گروپە خاڵێك لە هۆیەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان بنووسن، دواتر گفتوگۆ لەسەر هۆیەکان بکرێت.

## هەڵسەنگاندن

١- شەڕی (قاراوا) و (مامەشا)چی بوون؟

٢- لە ڕۆژی ١٧ کانونی یەکەمی ١٩٤٦ز چی ڕوویدا؟

٣- چارەنووسی سەرکردەکانی کۆماری کوردستان دوای ڕووخانی کۆمار چی بوو؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ژیر (نیازپاکی قازی محەمەد لەبەرامبەر دوژمنەکانی یەکێك بوو لە هۆیەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان)، بۆچوونت چییە دەربارەی نیازپاکی، مرۆڤ پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکە بکات.

ئەو ڕێگایەی کە مەلا مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی *
(پێیدا ڕۆیشتن بۆ یەکێتی سۆڤێت ) ١٩٤٧




* نەخشەی سیاسی هەرێمی کوردستان – فەرید ئەسەسەرد، ئامادە کردنی: سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خوشناو – ٢٠١٠



# بەندی حەوتەم

## باشوری کوردستان
## دوای شۆڕشی ١٤ی تەموز ساڵی ١٩٥٨ ز

**ئامانجی فێربوون**

**قوتابی:**

١- ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی ١٤ تەموز بزانێت.

٢- لەبارەی شۆڕشی ١١ی ئەیلول تێبگات.

٣- مستەفا بارزانی بناسێت و ڕۆڵی لە شۆڕشی ئەیلول بۆ داواکردنی مافەکانی کورد بزانێت.

٤- ئاشنا بێت بە ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠.

٥- ڕێکەوتننامەی جەزائیر بناسێت.

٦- سیاسەتی حکومەتی عێراقی دوای نسکۆی ١٩٧٥بزانێت.

وانەی یەکەم/

## شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨:

شۆڕشی(یاخود کودەتای) ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ز بوو بەهۆی ڕووخاندنی سیستەمی پاشایەتی(مەلەکی) لە عێراق و ڕاگەیاندنی سیستەمی کۆماری(جمهوری) بەسەرکردایەتی عەبدلکەریم قاسم .

گەلی کورد شانبەشانی گەلی عەرەب و گەلانی دیکەی عێراق ڕۆڵێکی گەورە و کارای لەشۆڕشەکەدا بینی، چونکە:

١- ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز لە عێراق کە نەخشەی بەپاکردنی شۆڕشەکەیان دانابوو، ژمارەیەك لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی کوردی تێدابوو.

٢- لەبەرەبەیانی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە ژمارەیەك لەو ئەفسەرە کوردانە بەشدارییان لە هێرشکردنە سەر بەغدا و دەستبەسەرداگرتنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و گرتنی هەردوو کۆشکی پاشایەتی(الرحاب) و (الزهور) کرد، لەوانە ڕەئیس(مستەفا عەبدوڵا و عەبدولفەتاح شالی) کە ئەندامی دادگای باڵای تایبەت بوو.

**لە گرنگترین دەستکەوتەکانی شۆڕشەکەش بۆ کورد**

١- کورد بە (١) ئەندام کە عەقید (خالید نەقشبەندی) بوو بەشداری لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی عێراق کرد کە لە (٣) ئەندام پێکهاتبوو.

٢- وەزارەتی (گواستنەوەو گەیاندن) بەر کورد کەوت و (بابەعەلی حەفیدزادە) دانرا بۆ ئەم پۆستە.

٣- لەماددەی سێیەمی دەستووری کاتی کۆماریدا هاتووە : (عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا - واتە لە عێراق).

٤- شۆڕش لێبووردنی گشتی دەرکرد بۆ هەموو زیندانیانی سیاسی و هەموو ئەوانەی کە عێراقیان لەسەردەمی پاشایەتی جێهێشتبوو، مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی ساڵی ١٩٥٨ز گەڕانەوە بۆ عێراق .

٥- شۆڕش ڕێزی لەهەر چوار ئەفسەرە کوردە نا کە ڕژێمی پاشایەتی لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ز لە سێدارەی دابوون، ئەوانیش (خەیروڵڵا عەبدولکەریم ، عزەت عەبدولعەزیز ، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود قودسی) شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان.

٦- پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقی کە پاڵپشتی سەرەکی شۆڕش و سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم بوون لەگەڵ چەندین حزبی تر مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرایان بە شێوەیەکی فەرمی(ڕەسمی) پێدرا. چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون، لەوانە ڕۆژنامەی(خەبات) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان .

## شۆڕشی ١١ ئەیلول ساڵی ١٩٦١ لە باشوری کوردستان:

حکومەتی عبدالکریم قاسم لەسەر پیادەکردنی سیاسەتی نشتیمانی و دیموکراسی بەردەوام نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە دوای ساڵێك لە شۆڕش کەوتە دژایەتیکردنی گەلی کورد و هەنگاونان بەرەو تاکڕەوی لە دەسەڵات و هێرشی بەرفراوانی سەربازی سوپای عێراق بۆ کوردستان و بۆ بەرگریکردنی لە گەل و ولات بڕیاری شۆڕشی ١١ ئەیلول لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە درا لەژێر دروشمی (دیموکراسیەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان).

**گرنگترین هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١١ ئەیلول ١٩٦١ لە باشوری کوردستان ئەمانە بوون:**

١- عەبدولکەریم قاسم کەوتە پیادەکردنی سیاسەتێکی دوور لە ڕێبازی شۆڕشی ١٤ی تەممووز، وەك کارنەکردن بەمادەی سێیەمی دەستوری کاتی کۆماری عێراق کە تیایدا هاتبوو: (عەرەب و کورد هاوبەشن لەو نیشتیمانەدا) و هەوڵدان بۆ پەراوێزخستنی کورد و نەگەیشتنی بە مافە ڕەواکانی.

٢- حکومەتەکەی عەبدوکەریم قاسم ژمارەیەك ئەفسەر و پلەداری کوردی لە سوپای عێراق دوورخستەوە، ژمارەیەکی بەرچاوی فەرمانبەرانی کوردی لە شوێنە گرنگ و دامودەزگاکانی حکومەت لادا یان دووری خستنەوە.


٣- عەبدولکەریم قاسم پشتی ئەو عەشیرەتانەی گرت کە لەگەڵ مستەفا بارزانی ناکۆك بوون و پڕچەکیکردن.

٤- داخستنی ڕێکخراو و سەندیکا پیشەیی و جەماوەرییەکانی وەك ( قوتابیان و لاوان- ئافرەتان- مامۆستایان).


٥- دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کوردی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی داخست، لەوانە ڕۆژنامەی (خەبات)، هەروەها چالاکی لە پارتی دیموکراتی کوردستان قەدەغەکران و بارەگاکانی داخران.

٦- حکومەت کەوتە گرتنی کادیر و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ «ئیبراهیم ئەحمەد» یش دەرکرد کە سکرتێری «پارتی دیموکراتی کوردستان» بوو، هەر بۆیە پارتی بە ناچاری خەبات و شێوازی خەباتی ئاشکرایی گۆڕی بۆ خەباتی نهێنی و کەوتە وشیارکردنەوەی جەماوەر.

هەرێم لە ئەیلولی ١٩٦١ دا




ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان – فەرید ئەسەسەرد – ئامادە کردنی : سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خوشناو – ٢٠١٠



عبدالكريم قاسم

## زانیاری پێویست

ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان مستەفا بارزانی و عەبدولکەریم قاسم، لە ئەنجامدا مستەفا بارزانی لە ئازاری ١٩٦١ز بەغدای بەجێهێشت و گەڕایەوە (بارزان). لە ٢٠ی تەموزی ١٩٦١ز مەکتەبی سیاسی پارتی یاداشتێکی مێژوویی دا بە«عەبدولکەریم قاسم» و داوای لێکرد پێش ئەوەی کارلەکار بترازێ بەگیانێکی برایانە و ئاشتییانە چارەسەری بارودۆخی کوردستان بکرێت و بەڵێنەکانی شۆڕشی ١٤ تەموز جێبەجێبکرێت.

بەڵام یاداشتەکە بایەخی پێنەدرا و وەڵام نەدرایەوە، هەر بۆیە لە ٦ ئەیلولی ١٩٦١ز بەبۆنەی یادی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا لە (٦) ئەیلولی ١٩٣٠ز لە سلێمانی، سەرکردایەتی پارتی بڕیاریدا کە مانگرتنی گشتی لە سەرانسەری شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا ڕابگەیەندرێت.

ڕۆژی ١١ ی ئەیلولی ١٩٦١ز سوپای عێراق هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان، پێشمەرگەش لە خانەقینەوە تا زاخۆ کەوتە بەرگریکردن و ئیتر لەو ڕۆژەوە (شۆڕشی ئەیلول) دەستی پێکرد وتا ٦ی ئازاری ١٩٧٥ز بەردەوام بوو و بە مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی جەزائیر، شۆڕشەکە تووشی نسکۆ هات.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز قوتابیان بکە دوو گروپ، جیاوازی لەنێوان شۆڕش و کودەتا بکەن.

## هەڵسەنگاندن

١- گرنگترین دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ز چی بوون؟

٢- هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١١ ئەیلو ل لە ساڵی ١٩٦١ز چی بوون؟

## چالاکیماڵەوە

قوتابی ژێر بەر لە شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ز سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق پاشایەتی بوو، بەچەند دێڕێك بۆچوونی خۆت دەربارەی پاشایەتی بنووسە.

## وانەی دووەم/

## کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ز:

لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی عەبدولکەریم قاسم هێزە کۆنەپەرستەکان سوودیان وەرگرت و کەوتنە هاوکاریکردنی یەکتری، تا لە رۆژی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ز بەعسییەکان بەسەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف توانیان بە کودەتایەکی سەربازیی دەسەڵات لە عێراقدا بگرنەدەست و قاسم و هاورێکانی لەناوبەرن.

بەعسییەکان ئەگەرچی لە سەرەتای دەسەڵاتیانەوە ئەوەیان راگەیاند کە دەیانەوێ چارەسەری پرسی کورد لە کوردستاندا بکەن، بەڵام ئەوندەی نەخایاند شاڵاوێکی درندانەیان کردە سەر کوردستان، بەعسییەکان سیاسەتێکی دیکتاتۆرانەی توندوتیژییان دژ بە هەموو هێزە نیشتمانیەکان و نەیارانی خۆیان گرتەبەر، و رێکخراوێکی توندرەویان بەناوی گاردی نەتەوەیی (الحرس القومي) پێکهێنا بۆ سەرکوتکردنی نشتیمانپەروەر و دیموکراسیخوازانی وڵات، لە زیندانەکاندا و لەژێر ئەشکەنجەدا گاردی نەتەوەیی هەزارانیان کوشت و بەدەیان هەزار کەسیش بێسەروشوێن کران.

لە ئەنجامی ململانێی نێوان سەرۆك کۆمار (عەبدولسەلام عارف) و بەعسییەکاندا لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ز عەبدلسەلام عارف کودەتایەکی سەربازی ئەنجامدا و بەعسییەکانی لە دەسەڵات دوورخستەوە.

دەسەڵاتی عەبدولسەلام عارف دوای کودەتای تشرینی دووەمی ١٩٦٣ز جۆرە هێمنیەکی بەخۆوەدی بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی هاوکارییدا لەگەڵ بەعسییەکان، بەڵام هێندەی نەخایاند ئەویش دەستی کردەوە بە شاڵاوبردنە سەر نشتیمانپەروەران و جەنگێکی تری خوێناوی لە کوردستاندا دژ بە گەلی کوردستان بەرپاکردەوە.

رۆژی ١٣ی نیسانی ١٩٦٦ز لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەیدا عەبدولسەلام عارف کوژرا و دوای ئەویش (عەبدولڕحمان عارف) ی برای بوو بە سەرۆك کۆمار.

عێراق لە سەردەمی عەبدولڕحمان عارفدا هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی تیا ڕوونەدا و سیاسەتی حکومەت هەر بەردەوامی سەردەمی عەبدولسەلام عارف بوو، بۆیە گەلانی عێراق ناڕازیبوون لە دەسەڵات، بەعسییەکانیش ئەو بارودۆخەیان بەهەلزانی و لەگەڵ هەندێ گەورە ئەفسەراندا رێککەوتن و لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ز دا توانیان بە کودەتایەکی سەربازی کۆتایی بە دەسەڵاتی عبدالرحمن عارف بهێنن و ڕەوانەی (لەندەن) ی بکەن.



مەلا مصطفى بارزانى



عەبدولسەلام عارف ١٩٦٣ - ١٩٦٦



عەبدولڕەحمان عارف ١٩٦٦- ١٩٦٨

## چالاكی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز سەرەتا وێنەی ئەم سەركردانە ئامادە بكە و پاشان چەند قوتابییەك دەستنیشان بكە بەشێوەی ڕۆڵبینین، ڕۆڵی هەریەكە لە (عبدولكەریم قاسم، عبدولسەلام عارف، عبدولڕحمان عارف) بگێڕن.

## هەڵسەنگاندن

١_ هەڵوێستی عبدولسەلام بەرامبەر بە گەلی كورد چۆن بوو؟

٢_ قوتابی ژێر زۆرجار كودەتا لە عێراق ڕوویانداوە، هۆكاری چی بووە، بەچەند دێڕێک باسی بكە.

## چالاكی ماڵەوە

بەهاوكاری یەكێك لە ئەندامانی خێزانەكەت دەكرێ باس لە هەندێ لە تاوانەكانی گاردی نەتەوەیی(حەرەس قەومی) بكەن؟

وانەی سێیەم/

## ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ز:

لەئەنجامی شکستە سەربازییەکانی سوپای عێراق، لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٦٩ز ڕژێمی بەعس کەوتەوە پەیوەندیکردن بە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بە مەبەستی دەستپێکردنی گفتوگۆ، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیش ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ گفتوگۆ، لەئەنجامدا لە ١٠ی ئازاری ١٩٧٠ز لەناوپردان ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد مۆرکرا، شەوی ١١ ئازاری ١٩٧٠ز (احمد حسن البکر)ی سەرۆك کۆماری عێراق لە ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراقەوە بەیاننامەیەکی خوێندەوە کە لە مێژوودا بە ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئازار ناسراوە.

ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار بەڵگەنامەیەکی گرنگ بوو، بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی عێراق لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەیەك مافەکانی گەلی کوردستان لە عێراق دانپێنرا و دیاری کرا.

### ڕێکەوتننامەکە پێکهاتبوو لە چەند خاڵێکی گرنگ لەوانە:

١- زمانی کوردی زمانی فەرمی دەبێت لەگەڵ زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن.

٢- کورد هاوبەشی لە دەسەڵاتدا دەکات، پێویستە جیاوازی لەنێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەدا بۆ پڕکردنەوەی پۆستە گرنگ و هەستیارەکانی دەوڵەتدا نەکرێت.

٣- دانانی پلانێك بۆ گەشەپێدانی کوردستان لە ڕووی پەروەردە و ژێرخانی ئابووری و کشتوکاڵی و هەموو بوارەکانی تر.

٤- یەکە کارگێڕییەکان کە زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن، فەرمانبەرەکانیان کورد دەبن.

٥- حکومەت دانبدەنێت بە مافی گەلی کورد لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی: قوتابیان، لاوان، ئافرەتان، مامۆستایانی تایبەت بە خۆیان و ئەندام دەبن لە ڕێکخراوە نیشتمانییە عێراقییەکان.

٦- گێڕانەوەی دانیشتوانی گوندە عەرەب و کوردەکان بۆ شوێنی خۆیان.

٧- لێبووردنی گشتی بۆ هەموو ئەو فەرمانبەر و سەرباز و پۆلیسانە دەربکرێت کە هاوکاری شۆڕشیان کردووە و بگەڕێندرێنەوە بۆ سەر کارەکانیان.

٨- پەلەکردن لە جێبەجێکردنی یاسای چارەسەری کشتوکاڵ و هەموارکردنەوەی.

٩- هەموارکردنەوەی دەستوری کاتی کە گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێن کە عەرەب و کوردن.

١٠- یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك کۆمار کورد بێ .

١١- گەلی کورد بەپێی ڕێژەی دانیشتوان لە عێراق هاوبەشی دەکات لە دەسەڵاتی یاسادانانا.

## گرنگیی ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار

دەتوانین گرنگیی ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئازار لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆکەینەوە:

١- بۆ یەکەمجار دەوڵەتی عێراق لە بەڵگەنامەیەکی فەرمی یاساییدا دان بە مافەکانی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمی دەنێت، کە پێشتر نکۆڵی لێدەکرد.

٢- ڕێکەوتننامەکە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان نەك تەنیا لە باشووری کوردستان، بەڵکو گڕوتینی بە خەباتی نەتەوەیی لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان دا.

٣- ڕێکەوتننامەکە نەتەوەی کورد و دۆزە ڕەواکەی زیاتر بەڕای گشتی جیهان ناساند، کە زیاتر لە جاران پشتگیری لێدەکرا.

٤- ڕێکەوتننامەکە بەهۆی ئەو ئارامییەی هێنایەکایەوە بووە هۆی زیاتر پتەوکردنی ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی.

٥- ڕێکەوتننامەکە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوو دۆخێکی ئارامی هێنایە کایەوە، کە گەلی کوردستان بتوانێ تێیدا گرنگی بە ئاوەدانکرنەوە و گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری بدات.

## سیاسەتی حکومەتی بەعس بەرامبەر کورد دوای ڕێکەوتننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ز:

سەرەڕای ئەو بارودۆخەی کە ڕێکەوتنامەی ١١ ئازار هێنایەکایەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەعس لە عێراقدا سروشتی خۆیان دەرخستەوە و کەوتنەوە ڕاوەدونانی دیموکراتیخوازان و نیشتمانپەروەران و پلاندانەرانی ڕێکەوتنامەکە، هەر بۆنموونە، لە ئەیلولی ١٩٧١ز و حوزەیرانی ١٩٧٢ز هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی درا، پرۆسەی بە عەرەبکردن بە تایبەتی لە ناوچەکانی خانەقین، کەرکوك و شەنگال دا بەردەوام بوو. بەگوێرەی ڕێکەوتنامەکە دەبوایە لە ماوەی چوار ساڵ بارودۆخی کوردستان ئاسایی بکرێتەوە و خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکە جێبەجێبکرێت، کەچی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە دژ بە گەلی کوردستان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە خێراتر لە پێشوو درێژەی هەبوو. هەرچەندە چەندین جار سەرکردایەتی شۆڕشی کورد چ لە کۆبونەوە یان بە نووسینی یاداشتنامە سەرکردایەتی بەعس و حکومەتی عێراقیان لە مەترسی ئەو سیاسەتە ئاگادار کردبووە، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو.

## زانیاری پێویست

دوای ئـەوەی حکومەتـی عێـراق هەسـتی بەهێـز و توانـای خـۆی کـرد لـە ١١ی ئـازاری ١٩٧٤ز دا یـەك لایەنـە یاسـای (ژمـارە ٣٣)ی ئۆتۆنۆمـی ناوچـەی کوردسـتانی دەرکـرد، ئـەو یاسـایە لـە ناوەڕۆکـدا دوور بـوو لـە بەندەکانـی ڕێکەوتنامـەی ئـازار و لایەنـی کەمـی داخوازییەکانـی گەلـی کوردسـتانی دابیـن نەدەکـرد بەتایبەتـی کـە ناوچەیەکـی بەرفـراوان لـە کوردسـتان نەدەکەوتـە چوارچێـوەی ئـەو ناوچـە ئۆتۆنۆمییـە وەك: (کەرکـوك، خانەقیـن، شـەنگال، کفـری)، لەبەرئـەوە سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد ئامـادە نەبـوو سـازش لەسـەر ئـەو ناوچانـەی کوردسـتان بـکات، سـەرلەنوێ شـەڕ لـە کوردسـتاندا دەسـتی پێکـردەوە و سـوپای عێـراق هێرشـێکی بەربـڵاوی بـە نوێتریـن تەکنەلۆژیـای جەنگـی کـردە سـەر کوردسـتان، گەلـی کوردسـتانیش یەکدەنـگ و یەکهەڵوێسـت بەرگرییـان لـە مافەکانیـان کـرد. لـە یەکـەم ڕۆژی کردنـەوەی (زانکـۆی سلێمانی) لـە شـاری قەڵادزێ لـە ٢٤ نیسـانی ١٩٧٤ز، بەیانی ئـەو ڕۆژە فڕۆکـە جەنگییەکانی ڕژێمـی بەعـس بـە بۆمبـی ناپاڵـم و فسـفۆری قەدەغەکـراوی نێودەوڵەتـی و لەبەرچـاوی پەیامنێرانـی ئاژانسـەکانی هەواڵـی جیهانـی و ناوەخـۆ بۆردومانـی شـارەکەیان کـرد، لـە ئەنجامـی ئـەم هێرشـە دڕندانەیـە (١٦٣)کـەس شـەهیدبوون کـە لەناویانـدا ژمارەیەکـی زۆر قوتابییانـی زانکـۆ بـوون، پتـر لـە(٢٥٠) هاوڵاتییـش برینداربـوون، دەیـان مـاڵ و شـوێنی گشـتی و بازرگانـی کاولـکران.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز لە ڕێگەی گفتوگۆ و شیکردنەوە بۆ ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ز بکرێت، دواتر قوتابیان بە گرووپ ڕوونکردنەوە بۆ هۆکاری جێبەجێ نەکردنی بکەن.

## هەڵسەنگاندن

١- ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ز لە ئەنجامی چی مۆرکرا؟

٢_ خاڵی یەکەمی ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ز باسی چی دەکات؟

٣_ هەڵوێستی حکومەتی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد چۆن بوو؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ئازیز سەرکردایەتی کورد چەندین جار ڕێکەوتننامەیان لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق مۆر کردووە، بەڵام دواتر جێبەجێ نەکراون، بە ڕای تۆ بەسەرپەرشتی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان بێت باشتر نییە؟

## وانەی چوارەم/

### ڕێکەوتننامەی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول:

لە ٦ ئازاری ١٩٧٥ز ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە نێوان سەدام حوسێن(جێگری سەرۆك کۆماری عێراق) و محەمەد ڕەزا (شای ئێران) بەناوبژی(هەواری بومدیەن)سەرۆکی جەزائیر مۆرکرا، بەپێی ڕێکەوتننامەکە عێراق دەستبەرداری زۆرلای شەتولعەرەب بوو لە ئاو و وشکانی بۆ ئێران،لەبەرامبەریشدا شای ئێران بەڵێنی دا سنوورەکانی لەگەڵ کوردستان دابخات و نەهێڵێ هیچ هاوکاری و یارمەتی و کۆمەکێکی پێبگات.



ڕێکەوتننامەی جەزائیر دژ بە کورد

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕۆڵی ڕاستەوخۆی لەو پیلانە نێودەوڵەتییە هەبوو لەڕێگەی (هێنری کسینجەر) وەزیری دەرەوەی ئەمەریکای ئەوکاتە، کاتێ شای ئێرانی هاندا دژی عێراق بۆ ئەوەی عێراق سەرقاڵ بکات هاوکاری سوریا نەکات لە شەڕکردن دژی ئیسرائیل ساڵی ١٩٧٣ز.

لەئەنجامی ئەو ڕێکەوتننامە و پیلانە نێو دەوڵەتییەی لە شۆڕشی کورد کرا، سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری وەستانی چالاکییەکانی دا تا هەلومەرجێکی لەبارتر دێتە پێشەوە و بۆ ئەوەی گەلی کوردستان و شۆڕشەکەی پتر زیانیان پێنەگات، بەو شێوەیە شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ز تووشی نسکۆ هات.

### سیاسەتی بەعس بەرامبەر بە کورد دوای ساڵی ١٩٧٥ز :

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول حکومەتی بەعس کەوتە گیانی نیشتمانپەروەران و جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی خۆی لە کوردستاندا کە دەتوانین لەم خاڵانەدا گرنگترینیان دەستنیشان بکەین:

**١-بەعەرەبکردن(تەعریب):**

کە بریتـی بـوو لـە دەرکـردن و دەربەدەرکردنـی کـورد لەسـەر زێـدی بـاوك وباپیرانـی خـۆی و نیشـتەجێکردنی عـەرەب لـە شـوێنی کـورد، هـەروەك لەناوچەکانـی ( بـەدرە ،مەندەلـی، خانەقیـن، کەرکـوك، شـەنگال، مەخمـور ،دەشـتی نەینـەوا) ئەنجامدرا.ئەمـەش بەمەبەسـتی سـڕینەوەی ناسـنامەی کوردسـتانیەتی ئـەو ناوچانـە بـوو. هەرچەنـدە چارەنووسـی ئـەم ناوچانـە لـەدوای ڕووخانـی ڕژێمـی بەعـس سـاڵی ٢٠٠٣ز بەپێـی ماددەی(١٤٠) لە دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق دا چارەسـەرکراوە،بەڵام حکومەتـی عێـراق لەوسـاوە تائیمـڕۆش نـەك هـەر ئامادەیـی نیشـانداوە بەڵکـو پرۆسـەی بەعەرەبکـردن زۆر زیاتـر تەشـەنەی کـردووە.

**٢-بە بەعسیکردن:**

لەژێر هەڕەشە یـان بـە پارە وپاداشـت و بەڵێنی بریقـەدار بێـت خەڵکیـان دەکـرد بـە بەعسـی و ئیمزایـان پـێ دەکـردن وکۆبونەویـان لەگەڵیـان ئەنجـام دەدا و ،بەرنامـە و فەلسـەفەی بەعسـیان فێردەکردن»وتەنانـەت سـەرتاپای پرۆگرامەکانـی خوێندیـان گـۆڕی وناویـان نـا (سـەرلەنوێ نووسـینەوەی مێـژوو).

**٣-ڕاگواستن(تەرحیل):**

بەمەبەسـتی سـەر هەڵنەدانـەوەی شـۆڕش و دروسـت نەبوونـەوەی پێشـمەرگە، بەعسـییەکان بـە هـاوکاری لەگەڵ وڵاتانـی دراوسـێدا پلانێکیان ئامادەکـرد بـۆ ڕاگواسـتنی گونـدە سـنووریەکان و دروسـتکردنی پشـتێنەیەکی ئەمنیـی بـە قوڵایـی ٣٠-٤٠ کـم لـەو ناوچـە سـنووریانەدا بەشـێوەیەك هیـچ هەلومەرجێکـی ژیانـی تێـدا نەمێنـێ، هەربۆیـە لـەو گونـدە سـنوریانەدا کـە دانیشـتوانەکانی ڕادەگوێـزران جگـە لـە خانووبـەرە ،سـەرچاوەکانی ئـاو، ڕەز و بـاخ..... هتـد تێکـدران و کاولـکران، ناوچەکانیـش بـە ناوچـەی قەدەغەکراو(منطقـة محرمـة) دانـران.

**٤-کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان:**

دانیشـتوانی گونـدە ڕاگوێـزراوەکان لـە کۆمەڵگـە زۆرەملێیەکانـدا کۆدەکرانـەوە، تـا لەژێـر کۆنترۆڵـی بەعـس و دامودەزگاکانیـدا بـن و ببنـە چاودێری هەمـوو جموجۆڵێکی دانیشـتوان نەوەکـو چالاکـی دژ بـە بەعـس ئەنجـام بـدەن.

**٥-تەسفیرکردنی کوردانی فەیلی :**

فەیلییـەکان بەشـێکی سـەرەکی گەلـی کـوردن، مێژوونووسـان وای بـۆ دەچـن کـە وشـەی(فەیلی) ناوێـك بێـت بـۆ بنەماڵەیەکـی دەسـەڵاتدار لـە ناوچەکـەدا هاتـووە، (١٢)پاشـای یـەك لـەدوای یـەك دەسـەڵاتیان گرتۆتـە دەسـت، لـە پاشـای عیلامـی (بیلـی - ٢٢٠پ . ز)دەسـتی پـێ کـردووە، کوردانـی فەیلـی بـە پاشـماوەی عیلامییـەکان و کاشـییەکان دادەنرێـن و چیاکانـی پشـتکۆهـ پێشـکۆهـ و کەبیرکۆهـ لـە زنجیـرە چیاکانـی زاگـرۆس لەنـاو خاکـی کوردسـتان بـە نیشـتمانی ڕەسـەنی کوردانـی فەیلـی دادەنرێـت.

کوردانی فەیلی زیاتر لە باشور و خۆرهەڵاتی کوردستان بەسەر هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران دابەش بوونە، لە ئێران زیاتر لە پارێزگاکانی ئیلام و لورستان و بەختیاری و بەشێکی خوزستان نیشتەجێن، بەڵام لە عێراقدا زیاتر لە ناوچەکانی(بەدرە، جەسان، زرباتیە لە پارێزگای واسیت. خانەقین، مەندەلی، بەلەدرووز، جەلەولا، قزلرەبات (سەعدیە) لە پارێزگای دیالە، لەگەڵ بەغدا و کەرکوك)نیشتەجێن.

ژمارەیان لە نێوان ملیۆن و نیوێك تا دوو ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت. لەدوای هاتنی رژێمی بەعس بۆ دەسەڵات سیاسەتی ڕاگواستن دژ بە کوردانی فەیلی دەستیپێکرد، لە نێوان ساڵانی (١٩٦٩- ١٩٧٢ز) نزیکەی (٧٠) هەزار کەسیان ڕاگواسترانەوە. لە ٤ - ٤ - ١٩٨٠ بەپێی بریاری ژمارە (٦٦٦)ی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس) بۆ جارێکی دیکە نزیکەی نیوملیۆن کەسیان بۆ سنووری عێراق و ئێران ڕاگواستەوە بەبیانووی گوایە ئەوانە بە ڕەچەڵەك ئێرانین (التبعیە الایرانیە)، دەست بەسەر ماڵ و سامانیان داگیرا و ڕەگەزنامەی عێراقی و هەموو بەڵگەنامە فەرمییەکانیان لێ سەندرایەوە، ئەم ڕووداوە لە مێژوودا بە (تەسفیرکردنی کوردانی فەیلی )ناسراوە.



تەسفیرکردنی کوردانی فەیلی بۆ ئێران

### زانیاری پێویست

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە (٩ نیسانی ٢٠٠٣) و ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی عێراقی گرتەوە لەوانە پێکهێنانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە تایبەت بوو بە دادگاییکردنی سەرانی بەعس بەرامبەر تاوان و ڕەشەکوژییەکانیان دژ بە گەلانی عێراق لەوانە کوردانی فەیلی، ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە سزادران هەروەها بریارێکی فەرمی دەرکرد لە(٢٩/١١/٢٠١٠ز) کە تیایدا پرسی ڕاگواستن و ئازاردانی کوردانی فەیلی بە جینۆساید ناساند.

### چالاكی ناوپۆل:

مامۆستای بەڕێز بە گروپ قوتابییان باس لە سیاسەتەكانی ڕژێمی بەعس دوای ساڵی ١٩٧٥ز دژ بە كورد بكەن، ڕوونكردنەوە بۆ هۆكار و كاریگەرییەكان بكەن.

### هەڵسەنگاندن

١- تەسفیركردنی كوردانی فەیلی چی بوو؟

٢- ڕێكەوتننامەی جەزائیر چی بوو؟

### چالاكی ماڵەوە

قوتابی ژیر كورد وەك پێكهاتەی دووەمی عێراق ڕۆڵی كاریگەری لە عێراقی نوێ هەیە، ئایا مافەكانی بەتەواوی بۆ دەستەبەر كراوە یان هێشتا دەبێ داكۆكی لەسەر مافەكانی بكە، باسی بكە.

## وانەی پێنجەم/

### هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٦ز دا:

لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ز شۆڕشگێڕانی کورد دەستیان بەخۆڕێکخستنەوە کردەوە و ئەوەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی) پێکهێنا و بەفەرمانی مەلامستەفا بارزانی شۆڕشی گولان هەڵگیرسایەوە. لە یەکی حوزەیرانی ١٩٧٥ز یش یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ڕابەرایەتی مام جەلال تاڵەبانی دامەزرا وساڵێك دوای ئەمە لە یەکی حوزەیرانی ١٩٧٦ز شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی هەڵگیرساندەوە، و ساڵی ١٩٧٥ز پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)و ساڵی ١٩٧٩ز (حزبی سوسیالیست دیموکراتی کوردستان) دامەزران، ئەم حزبانە کەوتنە خۆسازدان بۆ شۆڕش. بەو شێوەیە هەمووی چەند مانگێکی نەخایاند بەسەر نسکۆی شۆڕشی ئەیلولدا، نشتیمانپەروەرانی کوردستان قۆناغێکی نوێیان لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان دەستپێکردەوە.

پارتە کوردستانییەکان لە ناوەڕاستی تەموزی ١٩٨٧ز دا دەستیان کرد بە کۆبوونەوە بەمەبەستی دامەزراندنی (بەرەی کوردستانی لە ١٩٨٨/٥/٢ز دا بەیاننامەی بەرەی کوردستانی ڕاگەیەنرا کە پێکهاتبوو لە (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی شیوعی عێراقی، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پاسۆك، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، دواتریش حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی و بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری) بوون بە ئەندام لەو بەرەیەدا.

کاتێك سوپای عێراق لە ئەیلولی ١٩٨٠ز دا هێرشی کردە سەر ئێران و جەنگی هەشت ساڵەی عێراق - ئێران دەستی پێکرد، حکومەتی بەعس لە عێراقدا ئەو جەنگەی بەهەلزانی بۆ زیاتر کاولکردنی کوردستان و قڕکردنی گەلەکەی.

لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ دا ڕژێمی بەعس شاری هەڵەبجەی کیمیاباران کرد، کە بووە هۆی شەهیدبوونی زیاتر لە پێنج هەزار کەسی بێتاوان و بریندار بوونی زیاتر لە دە هەزار کەسی دیکە.

## زانیاری پێویست

**شاڵاوەکانی ئەنفال:**

ئەنفال زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری سەربازیی چڕوپڕ بوو لەلایەن رژێمی بەعس بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی عەلی حسن مەجید(ناسراو بە عەلی کیمیاوی) بەرپرسی نووسینگەی باکوری ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس کرایە سەر کوردستان، لە مانگی شوباتی ١٩٨٨ز دەستپێکرد و لەمانگی ئەیلولی هەمان ساڵ کۆتایی هات، ژمارەی هێرشەکان(٨) هێرش بوو لە (٦) ناوچەی جوگرافی کوردستان ئەنجام درا، و لە شاڵاوەکانی ئەنفال زیاتر لە ١٨٢هەزار مرۆڤی بێتاوان کە زۆربەیان ژن و منداڵ و پیر وپەککەوتە بوون لە بیابانەکانی باشوری عێراق بەتایبەتی بیابانی عەرعەر لە ناوچەی نوگرە سەلمان بێسەرو شوێن و زیندەبەچاڵ کران.

لە ئەنفالی سێیەم لە گەرمیان (٧ی نیسان هەتا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ز) سوپای عێراق بە پاڵپشتی جاشە خۆفرۆشەکان لە ڕۆژی ١٤ی نیسان زیاتر لە (٢٠٠٠) خەڵکی ناوچەکەی لە هەردوو گوندی (ملەسورە و کولەجۆی حاجی حەمەجان) لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە کۆکردەوە و پاشان بە ئۆتۆمبێلی سەربازیی ڕەوانەی (قۆرەتوو)کران و دواتر ئەنفالکران(شوێنبزر و زیندەبەچاڵ کران)»بۆیە لە ٤/١٤ دڕندەیی شاڵاوەکانی ئەنفال گەیشتە ترۆپکی تاوان و بەم هۆیەوە ئەم ڕۆژە کراوە بە ڕۆژی (ئەنفال) لەلایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

## چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز ڕۆژی ٤/١٤ کراوەتە ڕۆژی ئەنفال، گرنگی ئەم ڕۆژە لەگەڵ قوتابیان شیبکەوە.

## هەڵسەنگاندن

ـ بە کورتی باسی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بکە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٧٥.

ـ کلد و ئاشوری و سریانی کێن؟ ڕۆڵیان لە بزاڤی نیشتمانییدا چییە؟

بەرەی کوردستانی چی بوو؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ژیر ئەنفال زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری سەربازیی چڕوپڕ بوو دژ بە گەلی کوردستان، کاریگەرییەکانی ئەنفال چی بوو، بەچەند خاڵێك بینووسە.

## وانەی شەشەم/

## ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ز:

لە ١٩٩٠/٨/٢ز دا سوپای عێراق پەلاماری کوێتی دا و داگیری کرد «ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە ٦٦٠ی دەرکرد کە داوای لە عێراق کرد بە ئاشتی و بێ قەید و شەرت لە کوێت بکشێتەوە «بەڵام عێراق ئەو بڕیارەی جێبەجێ نەکرد، بۆیە هێزی هاوپەیمانەکان کەلە (٣٠) وڵات پێکهێنرا بەسەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ١٩٩١/١/١٧ز جەنگی (گەردەلولی بیابان) یان لە دژی عێراق ڕاگەیاند و لەماوەی (١٠٠) سەعات، سوپای عێراقیان تەفروتونا کرد و زیانێکی گەورەی گیانی و ماددی بەر عێراق کەوت ودواجار سوپای عێراق لە کوێت کشایەوە، ئەمەش هەلێك بوو بۆ گەلانی عێراق بۆ ئەوەی ڕاپەڕین لە دژی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس بکەن، سەرەتا (ڕاپەڕینی شەعبانیە) لە باشوری عێراق دەستپێکرد و دواتر (ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ز) کوردستانیشی گرتەوە.

لە ١٩٩١/٣/٥ز سەرەتای ڕاپەڕین لە شاری ڕانیە دەستییپێکرد، لەبەر ئەوەی سەرەتای ڕاپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١ز لە شاری ڕانیە دەستی پێکرد، بۆیە شارەکە نازناوی (دەروازەی ڕاپەڕین)ی لێنراوە و ڕۆژی ٣/٥ کە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینەکەیە کراوەتە پشووی فەرمی (ڕۆژی ڕاپەڕین).



ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ز

## گرنگترین ئەنجامەکانی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ز:

١- ڕاپەڕین ئەوەی سەلماند کە هیچ ڕژێمیکی دیکتاتۆری ناتوانێ خۆی ڕابگرێ لەبەرامبەر ئیرادە و تورەیی جەماوەر دا هەرچەندە ئەو ڕژێمە پێشکەوتووترین چەکی کوشندە و تەکنەلۆژیای تازەشی لەبەردەستدا بێت.

٢- رزگارکردنی بەشی هەرە زۆری باشوری کوردستان لە زاخۆوە هەتا خانەقین، بە(کەرکوك) یشەوە کەلە ٢٠ی ئازاری ئەو ساڵەدا تاجی ڕاپەڕینی لەسەرنا و نەورۆزی ئەو ساڵەی کەرکوك بوو بە دوو نەورۆز.

٣_ یەکریزیی گەلی کوردستان کەخۆی لە بەشداریکردنی هەموو پارت و لایەنەکان و چین و توێژ و هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو و گەورە و بچووك دەبینیەوە.

٤_ ڕژێمی بەعس ئەو هەیبەتە ترسناکەی کەلەناو خەڵکدا هەیبوو، نەما و سڕایەوە. لەڕاپەڕینی شاری هەولێر کەلە ١١ی ئازاری ئەوساڵەدا بەرپابوو»یەکەم شەهیدی ڕاپەڕین لەو شارەدا (مامۆستا بەهرام جەمیل) و یەکەم شەهیدی ژنیش هەرلەو شارەدا (خەجە باوە) بوو»ئەمانەش بەڵگەی ئەوەن کە توێژی مامۆستایان و ڕەگەزی ژنان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە ڕاپەڕینەکەدا.



خەجەباوە یەکەم شەهیدی ڕاپەڕین

## کۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ز

حکومەتی عێراق ڕیزەکانی خۆی ڕێکخستەوە و لە ڕێکەوتی ٣/٣١/ ١٩٩١ز پەلاماری کوردستانی داو لەئەنجامی نەبوونی هاوسەنگی هێز لەنێوان جەماوەری ڕاپەڕیووی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا، سەدان هەزار خێزانی کورد کە لە کۆڕەوێکی بێ وێنەدا و لەکەش و هەوایەکی سەرماو سۆڵە و بەبرسێتی ناچاربوون پەنابەرنە بەر سنورەکان و چیا بڵندەکان. ئەم کۆڕەوە سەرەنجی ڕای گشتی جیهانی ڕاکێشا و دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی هێرشی سوپای عێراق لە بەرەکانی (کۆرێ) و (ئەزمر) ڕابگرن. نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری (٦٨٨) یان دەرکرد کە سنووری دانا بۆ دەستدرێژییەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر خەڵکی بێچارەی کوردستان.



کۆڕەوی گەلی کوردستان ساڵی ١٩٩١ز

### زانیاری پێویست


دوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق بۆ کوردستان، بەعسییەکان وازیان لە سیاسەتی توندوتیژی خۆیان نەهێنا، بۆیە بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە و ڕاپەڕینی جەماوەری شار و کۆمەڵگە زۆرەملێکان ڕژێمی عێراقیان ناچارکرد لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ز دا بڕیاری کشانەوەی دەزگاکانی دەوڵەتی عێراق دا لە شارەکانی کوردستاندا بەو هیوایەی کە کورد ناتوانێ کاری خۆی بەڕێوەببات و دەبێتە پاشاگەردانی، بەڵام بەپێچەوانە بەرەی کوردستانی بەپاڵپشتی جەماوەری خەڵکی کوردستان سەرکەوتووانە توانیان کاروباری کوردستان بەڕێوەبەن، بەرەی کوردستانی بڕیاری دا کە هەڵبژاردنێکی گشتی لە کوردستان ئەنجام بدرێت، تا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هەڵبژێرێت و کاروباری هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرێت.

لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەی بێ وێنەدا خەڵکی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩ز دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، لە ١٩٩٢/٧/٤ز حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا.

### چالاکی ناوپۆل

مامۆستای بەڕێز قوتابیان دابەشی سەر چەند گرووپێك بکە، گفتوگۆ لەبارەی هۆکاری کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ بکەن، دواتر چەند هۆکارێك دیاری بکەن و لەسەر وایت بۆرد بینووسن.

ئەنفال و قۆناغەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق●




● لە ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق – عێراق و جیهان – دکتۆر هاشم یاسین ، سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو – ٢٠٠٩

جینۆسایدی بارزانیەکان ساڵی ١٩٨٣ *




* وەرگیراوە لە نەخشە ئامادەکراوەکانی : سردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خوشناو

## هەڵسەنگاندن

١- گرنگترین دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بژمێرە.

٢- گرنگی پەرلەمان چییە؟

٣- پێناسەی ئەمانە بکە: گەردەلولی بیابان، دەروازەی ڕاپەڕین، ڕاپەڕینی شەعبانیە، خەجەباوە.

٤- ئەنجامەکانی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ز چی بوون؟

## چالاکیماڵەوە

قوتابی خۆشەویست لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت گفتوگۆ لەبارەی ئەم دەستەواژەیە بکەن: ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ز بەرهەمی خوێنی شەهیدانە، چۆن دەتوانین ئەم دەسکەوتە بپارێزین، بەچەند دێڕێك باسی بکە.

## وانەی حەوتەم/

## ریفراندۆم

ریفراندۆم(Referendum) وشەیەکی یۆنانییە بە مانای (راپرسی) دێت و جۆرێکە لە جۆرەکانی پیادەکردنی دەسەلات لەلایەن گەل بەشێوەیەکی دیموکراسییانە، واتا گەڕانەوە بۆ رای خەڵك لە بریاردان لەسەر بابەتێکی چارەنووسساز لە رووی (رامیاری - ئابووری - کۆمەڵایەتی...)، وەك هەمواركردنەوەی دەستوور یان دیاریکردن و یەکلایی کردنەوەی سنوورەکان یان جیابوونەوەی هەرێمێك یان ناوچەیەك لە وڵاتێك و راگەیاندنی سەربەخۆیی یان چوونە پاڵ دەوڵەتێکی دیکە.

گەلی ئەریتریا دوای خەباتێکی دوورو درێژ کەلەساڵی (١٩٦١ز)ەوە دەستیپێکرد بۆ جیابوونەوە لە ئەسیوبیا(حەبەشە)، ئەوەبوو لەساڵی (١٩٩٣ز) پرۆسەی ریفراندۆم لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامدرا و زۆرینەی زۆری گەلی ئەریتریا دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا و لە ئەثیوبیا جیابوونەوە، لە ئەنجامی ئەو ریفراندۆمە ئەریتریا بووە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

لە جارنامەی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە کە ریفراندۆم چەمکێکە بە واتای بەخشینی مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی (رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی) خۆیان.

## ریفراندۆمی گەلی کوردستان:

مافی بریاردانی چارەنووسی گەلان، مافێکی خودایی و یاسایی و نێودەوڵەتی هەموو گەلانە، ئەم مافە بوار بە گەلان دەدات بەشێوەیەکی ئازادانە خۆیان بریار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. پیادەکردنی مافی چارەنووسیش بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دیموکراسییانە لە رێگەی ریفراندۆمەوە دەبێت.

ساڵی (١٩٢٥ز) ویلایەتی موسڵ(باشوری کوردستان) بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێندرا، مەرجی سەرەکی بۆ ئەم لکاندنە ئەوەبوو کە دەوڵەتی عێراق رێز لە ویست و خواست و مافەکانی گەلی کوردستان بگرێت و دەوڵەتی تازە لەسەر بنەمای شەراکەتی کورد لە دەوڵەتی عێراقدا بنیات بنرێت، بەڵام ئەو مەرجە هەرگیز رەچاو نەکرا، بۆیە هەر لەوکاتەوە گەلی کوردستان هەرلە خەباتی بەردەوام و نەپساوەی ئازادی سەربەخۆییدا بووە، لەم پێناوەشدا هەزاران قوربانی داوە و تاوانەکانی وەك جینۆساید و بەعەرەبکردن و راگواستن و ئەنفال و کیمیاباران و زۆری دیکەی بەرامبەر کراون. لەساڵی (٢٠٠٣ز) دوای رووخانی رژێمی بەعس، دەرفەتێکی تازە هاتە ئاراوە بۆ ئەوەی عێراقێکی دیموکراسی و فیدراڵی لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و شەراکەت و رێزگرتن لە مافەکانی گەلی کوردستان و هەموو پێکهاتەکانی عێراق، بە گوێرەی دەستوور، دابمەزرێت.



ریفراندۆمی باشووری کوردستان

دەستووری هەمیشەیی عێراق لە (٢٠٠٥ز)، لە دیباجەکەی و لە مادەکانی (١) و(١١٠) دا ئەوەی چەسپاندووە کە (دەوڵەتی عێراق فیدراڵی و یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەیە، پابەندبوون بە دەستوورەکەش گەرەنتی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات)، بەڵام هەر زوو پاشگەزبوونەوە و بنەما و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان پشتگوێ خران.

بەگشتی (٥٥) مادەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە پێشێل کران و دژایەتیکردنی گەلی کوردستان درێژەی پێدرا، هەر بۆیە پاشگەزبوونەوە لە بەڵێن و ڕێکەوتنەکان و پێشێلکردنی بنەما دەستوورییەکان هیچ ڕێگەچارەیەکی لەبەردەم گەلی کوردستان دا نەهێشتەوە، جگە لەوەی لەرێگەی ئەنجامدانی (ڕیفراندۆمەوە) بریار لە سەر چارەنووسی خۆی بدات.

ئامانجی سەرەکی ڕیفراندۆم ئەوەبوو کە جیهان لە ویستی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان ئاگادار بکەنەوە و هەموو لایەك بزانێت کەوا کوردستانییان چییان دەوێت.

لە(٧) ی حوزەیرانی (٢٠١٧ز) لە کۆبونەوەی نێوان مەسعود بارزانی (سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ئەوکات) و نوێنەرانی (١٥) پارت و لایەنی سیاسی بەشدار لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، بریار لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم درا، ڕۆژی دواتر مەسعود بارزانی لە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٠٦) لە (٨) حوزەیرانی (٢٠١٧ز) کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانی ڕاسپارد کە ئامادەکاری بۆ ئەوە بکەن کە لە (٢٥) ی ئەیلولی (٢٠١٧ز) ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت. لەدوای ئەو هەنگاوە لە (١٠) ی حوزەیرانی (٢٠١٧ز) دا (١٩) پارت و لایەنی سیاسی دەرەوەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیش پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ڕاگەیاند.

لە ناوەرۆکی فەرمانە هەرێمییەکەی تایبەت بە ڕیفراندۆم دا هاتووە کە:

- ڕاپرسی گشتی لە ڕۆژی (٢٠١٧/٩/٢٥ز) لەسەرتاسەری ناوچەکانی سەر بە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمیش ئەنجام دەدرێت.
- پرۆسەکە لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە دەست پێدەکات و تا شەشی ئێوارە بەردەوام دەبێت.
- بەمەبەستی جێبەجێکردنی مافی چارەنووس بەشداربووانی پرۆسەکە بە (بەڵێ) یان (نەخێر) وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەدەنەوە، ئەویش بەدانانی هێمای (ڕاست) بەرامبەری.
- ئایا دەتەوێ هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ؟
  - بەڵێ
  - نەخێر
- پێویستە دەنگدەر شیاوی دەنگدانی تێدا بێت بەپێی یاسا و ڕێنماییە پەیڕەوکراوەکان.
- کارتی دەنگدان بە زمانەکانی (کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی) بەشێوەی چاپکراو بەڕوونی دەنووسرێت.

پاش تەوابوونی ئامادەکارییەکان، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی کوردستان، لە (٢٥) ی ئەیلولی (٢٠١٧ز) دا، پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەرکەوتووانە بەڕێوەبرد، و هاووڵاتیانی کوردستانیش ویستی ڕاستەقینەیان لەمەڕ دوارۆژی هەرێمەکەیان لە کەشێکی ئازاد و دیموکراسییانەدا لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە ،پیشان دا.




ڕیفراندۆمی گەلی کوردستان لە باشوری کوردستان ساڵی ٢٠١٧ز

## زانیاری پێویست

بەپێی ئەنجامە فەرمییەکان، لە کۆی (٣٣٠٥٩٢٥) سێ ملیۆن و سێسەد و پێنج هەزار و نۆسەد و بیست وپێنج دەنگ. (٢٨٦١٤٧١) دوو ملیۆن و هەشتسەد و شەستویەك هەزار و چوارسەد وحەفتاو یەك دەنگ. بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی دەنگی دابوو،کە دەکاتە ڕێژەی (٩٢،٧٣٪) ی ژمارەی دەنگەکان. لە ڕاستییدا ئەمە سەرکەوتنی ئیرادەی گەل بوو، زۆرینەی هەرە زۆری گەلی کوردستان نەیاندەویست ئەزموونە شکستخواردووەکان و نەهامەتی زوڵم و پێشێلکاریی چیتر درێژەی هەبێ، بەڵکو دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دەوێت.

## چالاکی ناوپۆل

ماموستای بەڕێز قوتابیان لەگەڵ قوتابیان شیکردنەوە و گفتوگۆ لەسەر ڕیفراندۆمی گەلی کوردستان بکەن، بۆچی گەلی کوردستان ئەم کارەی ئەنجامدا؟

## هەڵسەنگاندن

١- چەمکی ڕیفراندۆم مانای چی دەگەیەنێت؟

٢- ئەم پرۆسەیە لە چ وڵاتێك ئەنجامدراوە؟

٣- لە چ ڕێکەوتێك ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا؟

٤- مرۆڤ لە چ تەمەنێك دەتوانێ دەنگ بدات و بەشداری هەڵبژاردن بکات؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابی ئازیز بە ڕاپۆرتێك لەسەر ڕیفراندۆم باس لە مێژووی ئەم پرۆسەیە بکە، ئەم پرۆسەیە لە چ وڵاتێکی دیکە ئەنجامدراوە.

# وەرزی دووەم

# بەشی جوگرافیا

# بەندی یەکەم

## جوگرافیای وڵاتی عێراق

### ئامانجی فێربوون:

قوتابی:

١- وڵاتانی هاوسنوری هەرێمی کوردستان دەست نیشان بکات.

٢- شیکردنەوە بۆ سروشتی ڕووی زەوی عێراق بکات.

٣- هەڵسەنگاندن بکات بۆ کەمی کاریگەری کەنداوی عەرەبی لەسەر ئاووهەوای عێراق.

٤- تێبگات لە هۆکاری زۆری ڕێژەی دابارین لە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان.

٥- بتوانێت ڕادەی ئەستوری خاك ڕوونبکاتەوە.

٦- گرنگی دەرامەتی ئاو بزانێت.

٧- چارەسەر بدۆزێتەوە بۆ پاراستنی ئاوی ژێرزەوی.


٨- سوود و خاسیەتەکانی ڕووەکی سروشتی بژمێرە.

## وانەی یەکەم/

## ڕووبەر و هەڵکەوتەی عێراق

عێـراق دەکەوێتــە باشــوری خۆرئــاوای کیشــوەری ئاسـیا. ڕووبــەری (٤٣٨٠٠٠ )کـم٢. لـە نێـوان بازنــەی پانــی ( ٢٩ ـ ٣٧) باکــوری هێلــی یەکســانی و نێــوان هێلــی درێــژی (٣٨ ـ ٤٨ ) خۆرهەڵاتــی هێلــی گرینــج.

ولاتانی هاوسنوری عێراق




**سـنوری عێـراق:** درێـژی سـنوری عێـراق بەگشـتی (٣٦٠٠)کـم دەبێـت، سـنوری ئـاوی تەنهـا (٦٠کـم)ە، و دەکەوێتــە ســەر کەنــداوی عەرەبــی.

**لە خۆرهەڵات:** کۆماری ئیسلامی ئێرانە. عێراق درێژترین سنوری لەگەڵ ئێرانە، بە (١٤٥٤)کم.

**لە باکور :** کۆماری تورکیایە، درێژی سنوری نێوانیان (٣٣١کم).

**لە خۆرئاوا:** سوریا و ئوردن و شانشینی عەرەبی سعودیە.

**لە باشور:** کوەیت و شانشینی عەرەبی سعودیە.

## پێکهاتەی ڕووی زەوی عێراق

تویکلـی ڕووی زەوی عێـراق جیـاوازە، لـە بـەردی ئاگریـن و گـۆڕاوی کـۆن و نیشـتەنی پێکهاتـووە. تـا سـەردەمی تریاسـی( چاخـی سـێیەمی جیۆلۆجـی) شـوێنی عێـراق بـە ئـاوی زەریـای تیـش(١) داپۆشـراو بـووە. بـەڵام بەهـۆی کاریگـەری جوڵـەی تەکتۆنـی (پلێتـی) هەنـاوی زەوی ئـەم ناوچەیـە بەرزبۆتـەوە، و بـەرزی و نزمـی لەسـەر ڕووی زەوی دروسـتبووە. زنجیـرە چیاکانـی زاگـرۆس و تـۆڕۆس لـە ئەنجامـی ئـەو جوڵانـە پەیدابـوون و زنجیـرە چیاکانـی هەرێمـی کوردسـتان بەشـێکن لـەو پێکهاتەیـە.

لـە نێـوان بەرزایـی و چیاکانـدا نزمایـی و دۆڵ هەبـووە، بەهـۆی لافـاوی ڕوبـارەکان و هەڵکردنـی بـا، دۆڵەکانـی بـە نیشـتەنی پڕکردۆتـەوە و دەشـتایی لێدروسـتبووە.

لەبەرئـەوەی هـۆکاری پێکهاتەکانـی ڕووی زەوی جیـاوازە بـووە، جـۆری زەوییەکەشـی جیـاوازە.

**چالاکی:**

قوتابییان بە گروپ ئەمانە لە خوار ناونیشانەکەیان پۆلین بکەنەوە:

لە خۆرهەڵات    لە باکور    لە خۆرئاوا    لە باشور

- شانشینی عەرەبی سعودی
- ئێران
- کۆماری تورکیا
- سوریا
- ئەردن

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابـی ئازیـز پاراسـتنی سـنور ڕۆڵێکـی سـەرەکی دەبینـێ بـۆ سـەقامگیری ناوخۆیـی وڵات، وەك قوتابییەکـی ژیـر چ بیرۆکەیەکـت هەیـە بـۆ پاراسـتنی سـنورەکان بـە چەنـد خاڵێـك بیژمێـرە.

## بەرزی و نزمی و سروشتی رووی زەوی عێراق



**سروشتی ڕووی زەوی عێراق لە چوار بەش پێکهاتووە:**

**١.ناوچەی شاخاوی.**

**٢. ناوچەی زورگ .**

**٣.دەشتی نیشتەنی.**

**٤. بانی خۆرئاوا.**

**١- هەرێمی شاخاوی.** دەکەوێتە هەرێمی کوردستان

**٢- هەرێمی نیمچە شاخاوی.**

**٣- هەرێمی دەشتی نیشتەنی.**

**٤- هەرێمی بانی خۆرئاوا.** دەکەوێتە ناوەڕاست و باشوری عێراق

**٣- هەرێمی دەشتی نیشتەنی:**

سنوری هەرێمی دەشتی نیشتەنی لە باکور، لەسەر ڕووباری دیجلە هەتا شاری سامەڕایە و لە سەر ڕووباری فوراتیش هەتا شاری ڕومادیە. لە باشور درێژ دەبێتەوە، لە سەر کەنداوی عەرەبی کۆتایی دێت. لە بەشی باشور تەختایی و نزمە، (٥م) لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزە. بە ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵی ئەژماردەکرێت. بە بەرهەمی دانەوێڵە و میوە و خورما بەناوبانگە.

چونکە ڕووی زەویەکەی تەختاییە، هاتووچۆ و دروستکردنی ڕێگاوبانی تێدا ئاسانە، هۆڕەکانیش دەکەونە ئەم بەشە کە بەهۆی نزماییە ئاوییەکانەوە دروستبوون و گواستنەوەی ئاوی تێدادەکرێت، لەوانە: هۆڕی حەوێزە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە، بە گەورەترین هۆڕ ئەژماردەکرێت، دووەم گەورەترین هۆڕ لە عێراق (هۆڕی حەمار)ە، لەسەر ڕووباری فورات.

چڕترین ڕێژەی دانیشتوانی عێراق لەم ناوچەیە نیشتەجێن. و گەورەترین شارەکانیش هەر دەکەونە ئەم ناوچەیە، وەك ( بەغدای پایتەخت و بەندەری بەسڕا و شارەکانی عەمارە، دیوانییە، ناسریە، کوت و سەماوە). هەروەها لەژێر زەویەکەی سامانێکی زۆری نەوتی تێدایە، بەتایبەتی لە هەردوو پارێزگای بەسڕا و میسان.

ڕووبەری دەشتی نیشتەنی(لیتەیی) ڕێژەی (٢٤٪) ی ڕووی زەوی عێراق پێکدەهێنێت.

### ٤- هەرێمی بانی خۆرئاوا:

دەکەوێتە خۆرئاوا و باشوری خۆرئاوای وڵات، بە درێژبوونەوەی سروشتی بادیەی شام و بانی نیمچە دوورگەی عەرەبی دادەنرێت. لە رووی پێکهاتەی جیۆلۆجییەوە بە کۆنترین بەشەکانی رووی زەوی عێراق دادەنرێت.

بانی خۆرئاوا رێژەی (٥٥٪) ی رووبەری عێراق پێکدەهێنێت، بۆ ئەم ناوچانە دابەشدەکرێت:

**١. ناوچەی دۆڵەکان:** چەندین دۆڵ و نزمایی لەخۆ دەگرێت، لە رووباری فوراتی کۆتایی دێت. لە دۆڵە دیارەکان ( حۆران و ئەبیەز)ە، لە کەناری نزیك رووباری فوراتی چەند چاڵایەکی گەورەی تێدایە ئاوی لێگلدراوەتەوە، و بۆتە دەریاچە، وەك(حەبانیە و رەزازە).

**٢. ناوچەی بەردین:** دەکەوێتە بەشی باشوری بانی خۆرئاوا، لە رووی سەرەوەی بانەکە تەنها پەلە بەردی رووت ماوەتەوە، دیارترین دیاردەی ئەم ناوچەیە نزمایی (نوگرە سەلمان)ە.

**٣. بانی جەزیرە:** دەکەوێتە باکوری رووباری فورات. گرنگترین دیاردەی سروشتی ئەم ناوچەیە نزمایی سەرسارە (الثرثار). ئیستا کراوەتە کۆگەیەکی گەورەی ئاو بۆ عێراق.

**٤. بانە لێوار براوەکان:** بە چەندین مێرگ بە ناوبانگە، وەك مێرگەکانی( کوبەیسە و رەحالیە). لەم مێرگانە دارخورما زۆرە، ئاوەدانی تێدایە و دانیشتوانەکەی بە شوانکارەیی خەریکن.

**٥. ناوچەی دوبدوبە:** دەکەوێتە ئەوپەری باشوری بانی خۆرئاوا، لەسەر سنوری شانشینی عەرەبی سعودیە، رووی زەویەکەی بەگشتی تەختاییە، لەو لمە پێکهاتووە، کە با و گێژەلوول لە شوێنەکانی تر هێناویان. دیارترین دۆڵی ئەم ناوچەیە دۆڵی باتنە(حفر باطن).

### زانیاری:

- لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوودا، ئینگلیزەکان بەندیخانەیەکیان لە (نوگرە سەلمان) دروستکرد بۆ دورخستنەوە و زیندانیکردنی عێراقییە نەیارەکانی دەسەڵاتی ئینگلیز، لە ساڵانی شەستەکان لەلایەن رژێمی ئەو سەردەمی عێراق نۆژەنکرایەوە و گەورەکرا. لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان، لە پرۆسەی تاوانەکانی ئەنفالی سەردەمی رژێمی بەعس بە هەزاران کوردی ئەنفالکراو لەو بەندیخانەیە جینۆساید کران.
- مێرگ: ناوچەیەکی بیابانی بە پیت و بەدار و رووەکە، بە تایبەتی دارخورما، سەرچاوەی ئاوەکەی، ئاوی ژێرزەوییە لە شێوەی کانی هەڵدەقولێت.

### چالاکی:

قوتابییان بە گروپ شیکردنەوە بۆ هەرێمەکان بکەن و دواتر پرسیار ئامادە بکەن و ئاراستەی گروپەکانی دیکەی بکەن، و قوتابییان لەسەر نەخشە هەرێمی ناوچەکان دیاری بکەن.

### هەڵسەنگاندن:

١. رووبەری عێراق چەند کیلۆمەتر دووجایە؟
٢. شوێنی عێراق بەگوێرەی بازنەکانی پانی و هێلەکانی درێژی دیاربکە.
٣. بەشەکانی رووی زەوی عێراق بژمێرە؟
٤. دەشتی نیشتەنی بۆ چەند ناوچە دابەشدەکرێت؟
٥. گرنگترین دیاردەی ناوچەی دۆڵەکان لە بانی خۆرئاوا چییە؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ئازیز تێبینی بکە سروشتی رووی زەوی عێراق بە هەموو بەشەکانی خاوەن سەرچاوەی زۆر بەسوودە لەسەر زەوی و ژێر زەوی، بەڵام تا ئێستا وڵاتی عێراق وڵاتێکی پێشکەوتوو نییە، هۆکار بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو.
- نەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێز و یەکگرتوو.
- دابەشنەکردنی سامانە سروشتییەکان بەسەر هاوڵاتیان بە یەکسانی.
- بۆچوونی خۆت لەو بارەیەوە بنووسە؟

هەرێمەکانی ئاووهەوا لە عیراق بەپێی پۆلێنی کۆپن



وانەی دووەم/

## ئاووهەوای عێراق

بە ئاووهەوای نیمچە خولگەیی ناسراوە، چونکە لە رووی بەرزی پلەکانی گەرمی، سالانە (٤ ـ ١١) مانگ پلەکانی گەرمی لە (٢٠) پلەی سەدی بەرزترە.

عێراق سێ تایبەتمەندی ئاووهەوای وشکانی تێدایە، کە ئەمانەن:

١. ماوەی گەرمی رۆژانە و سالانەی بەرزە.

٢. شێی رێژەیی و دابارینی کەمە.

٣. کورتی هەردوو وەرزی ( بەهار و پایز).

**بەلام ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوە لە هەرێمێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە, لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەی خوارەوەیە:**

١- هەلکەوتەی عێراق بە گوێرەی بازنەکانی پانی: هۆکاری سەرەکییە بۆ کەوتنی گۆشەی تیشکی خۆر و درێژی رۆژ لە هاوین و کورتی شەو لە زستان.

٢- هەلکەوتەی عێراق بەگوێرەی رووبەرە ئاوییەکان: ئەو رووبەرە ئاوییانەی کاریگەریان بەسەر ئاووهەوای ولاتدا هەیە، دەریای ناوەراست و کەنداوی عەرەبی و دەریای عەرەبییە، دەریای ناوەراست دەکەوێتە خۆرئاوا, نزیکەی (١٠٠٠کم) لە عێراق دوورە. بەهۆی بچوکی رووبەری کەنداوی عەرەبی کاریگەری لە نزمە زەپۆشەکانی دەریای ناوەراست کەمترە.

٣- هەلکەوتەی عێراق بەگوێرەی بەرزی و نزمی: چیاکان بە شێوەیەکی گشتی بە هۆی بەرزییانەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر نزمبوونەوەی پلەی گەرمی و زۆری رێژەی دابارین. بەتایبەتی لە ناوچە شاخاویەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم دابارینە لە هەرێمی نیمچە شاخاوی و ناوەراست و باشوری عێراق کەمتر دەبێتەوە و هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی.

**لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە، ئاووهەوای عێراق بۆ سێ هەرێمی سەرەکی ئاووهەوا دابەشدەکرێت:**

أ. هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست.

ناوچـە شـاخاوییەکانی هەرێمـی کوردسـتان دەگرێتـەوە، هاوینـی مامناوەندیـە، و هەندێـك سـاڵ گەرمـە.

ب. هەرێمـی ئاووهـەوای نیمچـە وشـك (گە رمە سـێر).

ناوچـەی نیمچـە شـاخاوی دەگرێتـەوە لـە هەرێمـی کوردسـتان ، ئاووهەواکـەی راگـوزەرە لەنێـوان ئاووهـەوای دەریـای ناوەڕاسـت و ئاووهـەوای بیابـان.

ج. ئاووهەوای بیابان:

بەگشـتی ناوچەکانـی ناوەڕاسـت و باشـوری عێـراق لەژێـر کاریگـەری ئاووهـەوای بیابـان دایـە کـە نزیکـەی (٧٠٪) رووی زەوی عێـراق دەگرێتـەوە.

ئـەم ناوچانـە کـەم بارانـە، بڕی داباریـن لـە نێـوان (٥٠ - ٢٠٠ ملـم) تێپەرنـاکات، هـەوری کەمـە، زۆربـەی کاتەکانـی سـاڵ ئاسـمانی سـامالە، لەبـەر ئـەم هۆکارانـە بەگشـتی پلەکانـی گەرمـی بـەرزە.



**زانیاری:**

مـاوەی گەرمـی ڕۆژانـە: جیـاوازی نێـوان پلەکانـی گەرمییـە لـە نێـوان شـەو و ڕۆژدا دەگرێتـەوە.

مـاوەی گەرمـی سـاڵ: جیـاوازی نێـوان تێکـڕای پلەکانـی گەرمـی وەرزەکانـی سـاڵە، بەتایبەتی لەنێوان وەرزی زستان و هاوین.

**چالاكی:**

قوتابییان بە گروپ ئەم هۆکارانە روون بکەرەوە:

١- هـۆکاری درێـژی ڕۆژ لـە هاویـن و کورتـی شـەو لـە زسـتان لـە عێـراق ؟

٢- هـۆکاری کـەمـی کاریگـەری کەنـداوی عەرەبـی و دەریـای عەرەبـی لەسـەر ئاووهـەوای عێـراق.

٣- هـۆکاری زۆری رێـژەی داباریـن، بـە تایبەتـی لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی هەرێمـی کوردسـتان.

**هەڵسەنگاندن:**

١- تایبەتمەندییەکانـی ئاووهـەوای وشـکانی عێـراق بژمێـرە ؟


٢- هەرێمـی ئاووهـەوای دەریـای ناوەڕاسـت چ ناوچەیەکـی وڵاتـی عێـراق دەگرێتـەوە ؟

٣- ئاووهـەوای بیابانـی ڕێـژەی چەنـد لـە سـەدی ڕووی زەوی عێـراق دەگرێتـەوە ؟

**چالاكی ماڵەوە:**

بەگشـتی گۆڕانـکاری بەسـەر کـەش و ئاووهـەوای گـۆی زەویـدا هاتـووە، وەك قوتابییەکـی ژیـر هـۆکاری ئـەم گۆڕانکارییـە بۆچـی دەگەڕێنییـەوە، چ بیرۆکەیەکـی چارەسـەرت هەیـە، تـا ئێمـەش لـە هەرێمـی کوردسـتان بەشـێك بیـن بـۆ چارەسـەری ئـەم کێشـە جیهانییـە.

سامانی ئـاوی سەررووی زەوی لە عیراق



## وانەی سێیەم/

### سەرچاوە و دەرامەتی ئاو لە عێراق:

**دەرامەتی ئاو گشت جۆرەکانی ئاوی ناو سنوری عێراق دەگرێتەوە، کە بۆ سێ جۆر دابەشدەکرێت.**

١. ئـاوی بـاران و بەفـر: سـەرچاوەیەکی گرنگـی دەرامەتـی ئـاوی عێراقـە. بەهـۆی دابارینـی بـاران و بەفـر لـە ناوچـە شـاخاویەکانی هەرێمـی کوردسـتان، لقەکانـی ڕووبـاری دیجلـە دروستبوون، لافاو و زیـاد بوونـی ئـاو پەیوەنـدی بـەڕادەی بارانباریـن و توانـەوەی بەفـر هەیـە.

لـە ناوچەکانـی دیکـە، وەك (زوورگ و بانـی خۆرئـاوا و دەشـتی نیشـتەنی)، ڕێـژەی داباریـن کەمـە، لـە نێـوان (٥٠ ـ ٢٠٠ملم). تەنهـا سـوودی بـۆ پێکهاتنـی چـەم و جۆگـەی کاتـی و وەرزی هەیـە، لە دوای کۆتایـی هاتنـی وەرزی بارانباریـن وشـك دەبـن.

٢. ئـاوی سـەر ڕووی زەوی: لـە ئـاوی ڕووبـاری فـوراتی و دیجلـە و چەمەکانـی (خابـور، زێـی گـەورە، زێـی بچـووك، ڕۆخانە(ئاوەسـپی) و سـیروان) و شـەتلعەرەب پێکدێـت. بەگشـتی سـەرچاوەی ئاوەکەیـان لـە دەرەوەی سـنوری عێراقـە، هەمیشـەین، تەنهـا ڕۆخانە(ئاوەسـپی) نەبێـت، کـە چەمێکـی وەرزی بچووکـەو ، سـەرچاوەی ئاوەکـەی لـە نـاو سـنوری خاکـی هەرێمـی کوردسـتان دایـە.

لەسـەر ئـەو ڕووبارانـە چەندیـن بەسـت و بەنـداو و پـرۆژەی ئاودێـری دروسـتکراون. وەك بەنـداوی (موسـڵ، دوکان، دەربەندیخـان و حه مریـن).

پرۆژەکانـی ئاودێریـش وەك (بەسـتی سـامەڕا و بەسـتی کـوت) لـە سـەر ڕووبـاری دیجلەیـە، (بەسـتی حەدیسـە و ڕومـادی و هیندیـە) لەسـەر ڕووبـاری فـوراتی دروسـتکراوە. لەگـەڵ دروسـتکردنی چەندیـن دەریاچـە و ڕووبـەری ئـاوی فـراوان و هەروەهـا ڕاکێشـانی چەندیـن جۆگەلـەی دەسـتکرد لەسـەر ڕووبـاری دیجلـە و فـوراتی، ئەمـە جگـە لـە بوونـی زۆنـگاوە( هـۆڕ) سروشـتییەکان لـە بەشـی باشـوری ناوچـەی دەشـتی نیشـتەنی.

٣.ئـاوی ژێـرزەوی: هەرێمـی کوردسـتان دەوڵەمەندتریـن ناوچـەی عێراقـە لـە ئـاوی ژێـرزەوی، ئەمـەش لـە ئەنجامـی بـاران و بەفرباریـن لـە ژێـرزەوی کۆدەبێتـەوە. هەروەهـا جـۆری تاوێـرەکان و لێـژی و ئاراسـتەی زەوی ناوچەکـە یارمەتـی کۆبوونـەوەی ئـاوی ژێـرزەوی دەدات، بەپێچەوانـەوە کەمـی ڕێـژەی داباریـن بۆتـە هـۆی کەمـی ئـاوی ژێر زەوی لـە ناوچەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و بەتایبـەت لـە ناوەڕاسـت و باشـووری عێـڕاق.


## ڕێژەی ئاوی ژێر زەوی لە عێراق بەم شێوەیە:

أ. هەرێمی شاخاوی: بڕی ئاوەکەی زۆرە و سازگارە.

ب. هەرێمی نیمچە شاخاوی: ڕێژەی ئاوی لە هەرێمی یەکەم کەمترە، چونکە ڕێژەی دابارینی کەمترە. ناوچەکانی چیای شەنگال و بانی موسڵ و دەشتی هەولێر و بانی کەرکوک و ناوچەی خانەقین بە ئاوی ژێرزەوی دەوڵەمەندن.

ج. ناوچەی دەشتی نیشتەنی: ئاوی ژێرزەویی لە هەردوو هەرێمە شاخاوی و نیمچە شاخاوییەکان کەمترە، ڕێژەی خوێی بەرزە (سوێرە).

د. بانی جەزیرە: دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای وڵات، ئاوی زۆرە، بەڵام سازگاری کەمە، ڕێژەی گۆگرد و کلۆر و کالسیۆمی تەواوەی لە ئاوی ژێرزەوی بەرزە.



### چالاکی:

مامۆستای بەڕێز چەند قوتابییەك دەست نیشان بکە بۆئەوەی باس لە سەرچاوەکانی دەرامەتی ئاو بکەن لە جۆرەی ئاوی بەفر و باران و ........ هتد.

### هەڵسەنگاندن:

١. مەبەست لە دەرامەتی ئاو چییە؟

٢. ئاوی سەرزەوی عێراق لە چی پێکهاتووە؟

٣. ئەو هۆکارانە چین کاردەکەنە سەر ڕێژەی ئاوی ژێرزەوی؟

٤. بۆچی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی جەزیرە سازگار نییە؟

### چالاکی ماڵەوە:

١. بەهاوکاری خێزانەکەت مەترسییەکانی کەمی و زۆری دابارین ڕوونبکەرەوە لە عێراق ؟ (بۆ زانیاریتان ٢،٧ ملیار کەس لە جیهان بە دەست کەمی ئاوی خواردنەوە دەناڵێنن).

٢. ئایا رادەی دابارینی ساڵانی (٢٠٢١ ـ ٢٠٢٢) کاریگەری بەسەر سامانی کشتوکاڵی و هەردوو سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی هەبووە؟

(بۆ زانیاریتان ڕێژەی ٨٤٪ ئاو بۆ کشتوکاڵ بەکاردێت).

## وانەی چوارەم/

## خاکی عێراق

**خاك:** چێنێکی تەنکە رووی زەوی دادەپۆشێت، جۆری چینەکان بەگوێرەی بەرزی و نزمی(تۆپۆگرافیا) و ئاووهەوا و بوونی رووەکی سروشتی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە.

ئەستوری خاك جیاوازی هەیە، لەو شوێنانەی رووی خاکەکەی لێژە، ئەستووری کەمە، بە پێچەوانەوە لە زەویە تەختاییەکاندا ئەستورە.

بەگشتی خاکی هەرێمی شاخاوی و نیمچە شاخاوی لەگەڵ خاکی هەرێمی دەشتی لیتەیی (لە ناوەڕاست و باشورە) جیاوازی هەیە. لە هەرێمی یەکەم دەنکۆڵەکانی گەورەتر و هەمە جۆرن، ڕێژەی سوێری کەمتر و تەنکترە و ئاو رانا‌گرێت، مادەی ئەندامی زۆرترە، چونکە رووەکی زۆرە و بەهۆی ئاوی باران شی دەبێتەوە و دەبێتە پەین.

هەروەها پلەی گەرمی بەرز و ئاودانی لە پێویست بەدەر دەبێتە هۆی پەیدابوونی شۆڕاو. بۆیە زۆربەی شۆڕاوەکان دەکەونە هەرێمەکانی ناوەڕاست و باشور.

### چالاکی:

مامۆستای بەڕێز: بە بەکارهێنانی وێنەیەکی فێرکاری هەوڵدە ڕادەی ئەستوری خاك بۆ قوتابییان ڕوونبکەیتەوە، دواتر قوتابییان وێنەکە بکێشنەوە و لەسە دیوار هەڵیواسن.

### هەڵسەنگاندن:

١. رۆڵی پێکهاتەی کیمیاوی بۆ خاك چییە؟

٢. پێناسەی خاك بکە؟

٣.کاریگەری رووەکی سروشتی بۆ خاك ڕوونبکەرەوە.

### چالاکیماڵەوە:

قوتابی ژیر بیربکەوە لەکاتی سەیر کردنت بۆ هەندێ ناوچەی بەرزایی لە قەدپاڵی بەرزاییەکان چی کراوە بۆئەوەی رووی خاکەکە لە داماڵین بپارێزرێت ؟ بە وێنە ئەمە روونبکەوە.

دابەشبوونی ڕووەکی سروشتی لە عێراق*




* ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق – عیراق و جیهان – دکتۆر هاشم یاسین ، سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو – ٢٠٠٩

## وانەی پێنجەم/

## ڕووەکی سروشتی

ڕووەکـی سروشـتی لـە هەرشـوێنێك بێـت لـە ئەنجامـی کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی نێـوان ئاووهـەوا و بـەرزی و نزمـی ڕووی زەوی(تۆپۆگرافیـا) و خـاك گەشـەدەکات. ئـاو لـە هـۆکارە گرنگەکانـە بـۆ دیاریکردنـی جـۆری ڕووەکـی سروشـتی، بەهـۆی بارانباریـن چرییەکەیـان زیـاد دەکات.

## هەرێمەکانی ڕووەکی سروشتی

هەرێمەکانی ڕووەکی سروشتی بۆ پێنج پشتێنەی ڕووەکی دابەشدەکرێت:

١. پشـتێنەی دارستان و گژوگیـای شـاخاوی: ئـەم پشـتێنەیە دەکەوێتـە ناوچـەی شـاخاویە بـەرزەکان، لـە هەرێمـی کوردسـتان، کـە بـڕی داباریـنـی سـاڵانەی لـە (٦٠٠ملـم) زیاتـرە. دارسـتان و گژوگیـای بەتەمـەن لەخۆدەگرێـت. پاوانـی باشـە بـۆ ڕەشـەوڵاغ و مـەڕ و بـزن، سـاڵانە شـوانکارە ڕەوەنـدەکان لە ناوچـەی نیمچـە شاخاوی، کە لە وەرزی هاوین گژوگیـای لەوەڕگاکانیـان وشـك دەبێـت، بـۆ دابینکردنـی ئالیکـی ئاژەڵەکانیـان بـەرەو کویسـتانەکان هەڵدەکشـێن، لـە وەرزی زسـتانیش بـەرەو دۆڵ و دەشـتەکان سـەرەوژێر دەبنـەوە، بـەم جولەیـە دەوترێـت (جوڵـەی سـتوونی).

٢. پشـتێنەی کورتەگیای گەرمەسـێر (ئیسـتێپس). (١٥٪) ڕووبەری زەوی عێراق دادەپۆشـیت، و دەکەوێتـە هەرێمـی نیمچـە خولگەیی(گردۆڵکەیـی). بەگشـتی گژوگیاکـەی لـە جـۆری تێکـەڵاوە، لـە هەنـدێ ناوچەکانـی ئـەم پشـتێنەیە لـە ئەنجامـی لەوەڕانـدن و کشـتوکاڵی نادروسـت دووچـاری ڕاماڵیـن بۆتـەوە.

**بۆ دووبەش دابەشدەکرێت:**

أ- ڕووەکـی کورتەگیـای وشـك: دەکەوێتـە ژێـر هێلـی بـاران بارینـی (٣٠٠ملـم)، ڕووەکەکانـی لـە شـێوەی ڕووەکـی بیابانییـە، دەوەنـی دڕکاوی زۆرە. گرنگتریـن ڕووەکەکانـی بریتیـن لـە ( پنچکـی بۆنخۆشـکە و جاتـرە و وەرکـە مـەڕ (قیصـوم) و پەڕەسـپیلکە (شـۆفان) و جـۆ کیویلکـە( صمـع) و کەرخنکێنـە.

ب - ڕووەکـی کورتەگیـای تـەڕ: ڕووەکـی لـە پشـتێنەی یەکـەم چڕتـرە، دەکەوێتـە نێـوان هێلـی بارانـی (٣٠٠ ـ ٦٠٠ملـم). دیارتریـن ڕووەکـی ئـەم پشـتێنە بریتییـە لـە (کەنگر و کاردی و کولیکـە سـوورە).

٣. پشتێنەی ڕووەکی کەنار ئاوەکان:

دەکەوێتە دەشتی نیشتەنی لە باشوری عێراق، لە درەخت و دەوەنی کەنار ڕووبار و لق و چەم و جۆگەلە ئاوییەکان پێکهاتووە، هەرچەند ئاوی زیاتربێت ڕووەکەکانی چڕتر دەبن. گرنگترین ڕووەکەکانی بریتین لە (قامیش و زەل) کە بۆ لەوەڕاندی گامێش بەکاردێن و حەسیری لێ دروستدەکرێت بۆ داپۆشینی ماڵەکان و ڕاخستنی ناو ماڵ.

٤. پشتێنەی ڕووەکی بیابانی: ڕووەکی بیابانی نزیکەی (٧٠٪) ڕووبەری ڕووەکی سروشتی عێراق دادەپۆشێت. لە سنوری نێوان دەشتی نیشتەنی و بانی بیابانی خۆرئاوایە. بەرگەی پلەی گەرمی بەرز و وشکاتی بۆ ماوەی هەشت مانگ دەگرێت، ڕووەکەکان هەمەجۆرەن. ڕووەکی بیابانی بە گوێرەی جیاوازی خاك و سوێری و شێ گۆڕانی بەسەردادێت. دیارترین ڕووەکەکانی ئەم پشتێنەیە (حوشترالوك، جۆکێویلکە، شملی(شەدانە)، کەتیرە و خرنوك)ە.



جۆ کێویلکە

## زانیاری:

ڕووەکی سروشتی هەروەك لە ناوەکەیدا دیارە ئەو ڕووەکانە دەگرێتەوە کە لە سروشتدا هەن و مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی لە ڕواندن و دابەشبوونی جوگرافیان نییە, بەڵکو لە کارلێکی نێوان ئاوو هەواو بەرزی و نزمی ڕووی زەوی و خاکدا بەرهەمدێت و لە گەشەکردنیاندا پێویستیان بە بڕێکی زۆر لە ئاو نییە بەڵکو بەشێوەیەك خۆیان لەگەڵ بارودۆخی ئاووهەواو خاك گونجاندووە.

## چالاکی:

قوتابییان بە گروپ دەستنیشانی پشتێنەی ڕووەکی بۆ ئەمانە بکەن:

(گژوگیای لە جۆری تێکەڵاو، کەتیرە، دارستان و گژوگیای بە تەمەن، قامیشی زەل)، دواتر سوودو خاسیەتەکانیان بنووسن.

## هەڵسەنگاندن:

١- پشتێنەکانی ڕووەکی سروشتی لە عێراق بژمێرە، یەکە یەکە هەرێمەکانیان دیاربکە.


٢- ئەو هۆکارانە چین یارمەتی گەشەکردنی ڕووەکی سروشتی دەدات لە عێراق ؟

٣- سوودی قامش و زەڵ لە ناوچەی هۆر و زەڵکاوەکان دیاربکە.

## چاڵاکی ماڵەوە:

قوتابی ئازیز...

هەموو وڵاتانی جیهان سوود لە ڕووەکی سروشتی دەبینن، ئایا لە عێراق بە پێی پێویست سوودی لێوەرگیراوە؟ ئەگەر وەڵامت (بەڵێ) یە ڕوونیبکەوە، و ئەگەر (نەخێر)ە ڕەخنە بگرە و ڕاوسەرنجی خۆت دەربڕە.



# بەندی دووەم

## چالاكی ئابووری

### ئامانجی فێربوون:

قوتابی:

١- بەرهەمە كشتوكاڵییەكان بناسێت.

٢- شیكردنەوە لە گرفتەكانی پیشەسازی لە عێراقدا بكات.

٣- جیاوازی لە نێوان بەخێوكردنی ئاژەڵ و پەلەوەر بكات.

٤- هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمی ئاژەڵ لە عێراق بكات.

٥- بەشەسەرەكییەكانی پیشەسازی لە عێراق بزانێت و بەرهەمی پیشەسازییەكان پۆلین بكات.

٦- شوێنەكانی كانزای (فلزی و نافلزی) دەستنیشان بكات.

٧- بەراورد لە نێوان رێگاكانی هاتوچۆ بكات.

٨- هەڵسەنگاندن بۆ گرنگی ڕێگەكانی هاتووچۆ بكات.

٩- گرنگی بازرگانی بزانێت.

١٠- هۆكاری چڕی دانیشتوان شیبكاتەوە.

## چالاکییە ئابوورییەکان

**ئـەم بەشـە چەندیـن چالاکـی ئابـووری دانیشـتوان دەگرێتـەوە:**

## وانەی یەکەم

### یەکەم: کشتوکاڵ

عێـراق لـە کۆنـەوە بەشـی زۆرینـەی خاکەکـەی بـۆ کشـتوکاڵ لەبـارە، چونکـە خاکـی بەپیـت و ئـاوی زۆر و ئاووهەواکـەی گونجـاوە، بـەڵام لـە سـاڵانی کۆتایـی سـەدەی رابـردوو و سـەرەتایی سـەدەی بیسـت و یـەك کەرتـی کشـتوکاڵ دووچـاری گرفتـی زیانبەخـش بـوو، لەبـەر چەنـد هۆکارێـك:

١. نەبوونـی پلانـی زانسـتی تۆکمـە بـۆ پەرەسـەندنی کشـتوکاڵ.

٢. هەڵگیرسـانی شـەڕی ناوخـۆ دژی گەلـی کـورد لـە سـاڵانی (١٩٦١ ـ ١٩٩١ز) و شـەڕی چەنـد سـاڵە لەگـەڵ ئێـران، لەنێـوان سـاڵانی(١٩٨٠ـ ١٩٨٨ز) و داگیرکردنی کوەیت و شـەڕی کەنـداو سـاڵی ( ١٩٩٠ـ ١٩٩١ز).

٣. هێرشـی هاوپەیمانـان و رووخانـی رژێمـی عێـراق (٢٠٠٣ز).

٤. سـەرهەڵدانی گروپـە چەکدارەکان لەدەرەوەی دەسـەڵات لـەدوای ساڵی (٢٠١٤ز).

٥. ناجێگیـری دۆخـی رامیـاری وڵات و بڵاوبوونـەوەی گەندەڵـی.

### بەرهەمی کشتوکاڵی لە عێراق.

#### ١. دانەوێڵە ( گەنم و جۆ و برنج).

**گەنـم:** بەرهەمێکـی کشـتوکاڵی زسـتانەیە، خۆراکـی سـەرەکی دانیشـتوانە.

گەنـم لـە خاکـە جیـاوازەکان دەچینرێـت، باشـترین خـاك ئـەو جۆرەیـە کـە تێکەڵـە بێـت، ئـاو رانەگرێـت، کونیلەداربێـت، هەواگۆڕکێـی هەبێـت و توانـای پاراسـتنی ئـاوی بەرزبێـت.

ئـاوی پێویسـتی نمونەیـی بـۆ گەنـم (٤٠٠ملـم)ە لـە وەرزدا.

گەنم لە کۆتایـی مانگـی (نیسـان و ئایـار) دروێنـە دەکرێـت.

**جـۆ:** چاندنـی جـۆ لەگـەڵ گەنم جیـاوازە، بەرگـەی پلـەی گەرمـی بـەرز و خاکـی کـەم پیـت و ڕێـژەی سـوێری زیـاد و کەمئـاوی دەگرێـت. بەگشـتی لـە دەشـتە گەرمـەکان دەچێنرێـت، و بـۆ ئالیکـی ئـاژەڵ بـەکار دێـت.

خـاك و ئاووهـەوای هەرێمـی کوردسـتان گونجـاوە بـۆ چاندنـی گەنـم و جـۆ. بۆیـە فراوانتریـن رووبـەری زەوی بـە چاندنـی گەنـم و جـۆ لـە هەرێمـی کوردسـتانە.

**برنـج:** بەرهەمێکـی هاوینەیـە، لـە خۆراکـە گرنگەکانـی دانیشـتوانی عێراقـە. لـە زۆربـەی پارێزگاکانـی عێـراق دەچێنرێـت، لـە ژینگـەی گـەرم و شـێدار گەشـەدەکات، بەتایبەتـی پارێزگاکانـی باشـور. پشـت بـە ئـاوی رووبـار و رووبـەرە ئاوییـەکان دەبەسـتێت. بەناوبانگتریـن برنـج لـە عێـراق (برنجـی عەنبـەرە). ڕێـژەی (٣٥٪)ی برنـج لـە پارێـزگای دیوانییـە بەرهەمدەهێنرێـت، دوای ئـەوە لـە پارێزگاکانـی نەجـەف و کەربـەلا و ناصریـە دەچێنرێـت. سـەبارەت بـە پارێزگاکانی هەرێمـی کوردسـتان بـە پلـەی یەکـەم لـە سـلێمانییە، هەولێـر و دهـۆك بـە پلـەی دووەم و سـێیەم دێـت.

### ٢. بەروبوومی پیشەسازی:

گەنمەشامی: بەرهەمێکی هاوینەیە، لە بەروبوومی دانەوێڵەیە، بە پلەی سێیەم دێت لە دوای گەنم و برنج. خاك و ئاووهەوا و ژینگەی عێراق لەبارە بۆ چاندنی گەنمەشامی. دەتوانرێت بۆ ئەم مەبەستانە سوودی لێ ببینرێت:

١. ڕێژەی (٤٠٪) ی بەرهەمی گەنمەشامی دەچێتە پێشەسازی دروستکردنی ئالیكی ئاژەڵ و پەلەوەر.

٢. ڕۆنی شلەی(زەیت) لێدەردەهێنرێت.

٣. لەدوای دروێنە لق و قەد و گەڵاکانی بۆ دروستکردنی کاغەز بەکاردێت.

باشترین خاك بۆ چاندنی گەنمەشامی خاکی تێکەڵەیە، بە مەرجی ئەوەی ئاو ڕانەگرێت، و ئاوەکەی بەرێکی دابەشبکات و سوێری کەم بێت.

**لۆکە:** بەرهەمێکی هاوینەیە، لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق دەچێنرێت، بەڵام ڕووبەری چاندنی لە پارێزگاکان جیاوازە. گەورەترین ڕووبەر بۆ چاندنی لۆکە لە هەرێمی کوردستانە، کەرکوك بە پلەی یەکەم و دیالە بە پلەی دووەم و بابل بە پلەی سێیەم دێت.

**کونجی:** بەرهەمێکی هاوینەیە. جگە لە خۆراك، بۆ پیشەسازی ڕۆن و سابوون سوودی لێ وەردەگیرێت.

**چالاکی:**

قوتابییان بە گروپ نەخشەی هزری دروستبکەن، بەرهەمی کشتوکاڵی و بەروبوومە پیشەسازییەکای تیایدا بنووسن.

**هەڵسەنگاندن:**

١- ئەو هۆکارانە چی بوون کە کەرتی کشتوکاڵی وڵاتی عێراق دووچاری گرفتی زیانبەخشی کرد؟

٢- ئایا گەنم بەرهەمێکی زستانەیە، یان هاوینەیە؟

٣- سوودەکانی گەنمە شامی بژمێرە؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ئازیز بە ئارەزووی خۆت وێنەی چەند بەرهەم و بەروبوومێك بکێشە و بە هاوکاری خێزانەکەت سوودە تەندروستییەکانی بنووسە.



### ٣. میوە:

**دارخورما:** لە ناوەڕاست و باشوری عێراق دەچێنرێت. بەتایبەتی لە دەوروبەری رووبارەکانی دیجلە و فورات و شەتلعەرب و زێیەکان و مێرگەکانی ناو بیابانی خۆرئاوا. دارخورما بەرگەی پلەی گەرمی بەرز و کەوتنی تیشکی خۆری بەردەوام و شێی کەم دەگرێت. لە (٤٠٪) دارخورمای عێراق دەکەوێتە ناوچەی شەتلعەرەب. پارێزگای بەسرا بە پلەی یەکەم دێت لە بەرهەمی خورما، بەرێژەی (٤٥٪) لە کۆی گشتی بەرهەمی خورمای وڵات. پارێزگاکانی دیالە وناصریە بە پلەی دووەم و سێیەم دێن.

بەشداری لە داهاتی نەتەوەیی عێراق دەکات، جگە لەوەی کە لە پیشەسازی خۆراک بەشداری دەکات.

جگە لە خورما میوەی تریش لە عێراق دەچینرێت وەك (هەنار، سێو، پرتەقاڵ، خۆخ، گوێز، فستق، زەیتون و ترێ)

**پرتەقاڵ و مزرەمەنییەکان:** لە پارێزگای بەغدا و دیالە دەچێندرێت، بەریزبەندی یەکەم و دووەمن لە بەرهەم. بۆ پاراستنی بەرهەمەکەی لە تیشکی گەرمی خۆر لەژێر سێبەری دارخورما دەچێنرێت.

**داری مێو(ترێ):** ترێ لە گشت هەرێمەکانی عێراق دەچێنرێت. بەشێوەیەکی فراوان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە، بەریزبەندی(سلێمانی و دهۆك و هەولێر)، چونکە خاکی بەپیت و ئاووهەوای گونجاوی بۆ رەخساوە. جۆری زۆرە. جگە لە خواردن، بۆ دروستکردنی مێوژ و سرکە و دۆشاو بەکاردێت.

**هەنار:** بڕوا وایە نیشتمانی ڕەسەنی هەنار کوردستان و بانی ئێران بێت، لەوێوە بە هەرێمەکانی تری جیهاندا بڵاوبۆتەوە. باخەکانی هەناری عێراق بەگشتی دەکەوێتە پارێزگای دیالە. گەورەترین باخی هەناری عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەناری شارەبانە. بەڵام لەبەر دۆخی ناهەمواری ئاسایشی ناوچەکە جوتیاران ناتوانن بەتەواوی خزمەتی بکەن، بۆیە بەرهەمی روو لەکەمییە.

**زەیتون:** پارێزگای نەینەوا لە پلەی یەکەمە، (٧٢٪) کۆی دار زەیتونی وڵات لەم پارێزگایەیە. دارێکی بە تەمەن و خۆڕاگرە بەرامبەر بە پلەکانی گەرمی و کەم ئاوی.

میوەکانی وەك گوێز و فستق و بادام، لە پارێزگاکانی هەرێم دەچێنرێت، سلێمانی لە پلەی یەکەمە.

## ٤. سەوزە:

**لە خواردەمەنییە سەرەکییەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانە، داواکاری ناوخۆ لە بەرهەمهێنان زیاترە.**

### زانیاری:

گرفتەکانی کشتوکاڵ لە عێراق:

بەگشتی کەرتی کشتوکاڵی لە عێراق لەم ساڵانەی دواییدا لە پاشەکشێدایە، چونکە ئاوی کەمە، ئەمە یەك، دووەمیش بەرهەمی نیشتمانی ناتوانێت لە ڕووی جۆر و نرخەوە ڕکابەرایەتی بەرهەمی هاوردە بکات.

١. کەم بەکارهێنانی پەین.

٢. بەرزی ڕێژەی خوێ لە خاکی ناوەڕاست و باشوری عێراق.

٣. پەیڕەوکردنی ڕێگای کۆنی کشتوکاڵی و کەمی شارەزایی لە ڕێنمایی کشتوکاڵی سەردەم.

٤. نەبوونی پلانی کشتوکاڵی بۆ پەرەپێدان و پوختەکردنی جۆری تۆ.

٥. نەبوونی هاوکاری میری بۆ جوتیاران، لە دابینکردنی تۆی پوختەکراو و پەین و دەرمانی کشتوکاڵی و ڕەخساندنی بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان.

لەم ساڵانەی دواییدا چەند گرفتێکی تریش هاتنە پێش، لەوانە:

٦. کەمی باران بارین و شکە ساڵی ، کاری کردە سەر ئاستی ئاوی بەنداوەکان.

٧. کەمکردنەوەی بەشە ئاوی عێراق لە هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراڕت، لە لایەن وڵاتانی تورکیا و ئێران.

٧. ئاڵۆزبوونی باری ئاسایشی وڵات، بەشێك لە جوتیارانی ناچارکرد کە واز لە زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بێنن و بەرەو شار کۆچبکەن.

### چالاکی:

مامۆستای بەڕێز بە بەکارهێنانی وێنەی فێرکاری ناوەرۆکی بابەتەکە باسبکە و دواتر قوتابییان بە گروپ شیکردنەوە بۆ گرفتەکانی کشتوکاڵ لە عێراق بکەن.

### هەڵسەنگاندن:

قوتابییان پرسیار دروست بکەن و ئاراستەی یەکتری بکەن.

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ئازیز لەگەڵ چەند هاوڕێیەکت پرۆژەیەکی بچووك ئامادە بکەن بۆئەوەی ببێتە مایەی زیادبوونی میوە لە هەریمی کوردستان، و راسپاردە و پێشنارەکان بخەنە ڕوو.

وانەی دووەم/

## دووەم: بەرهەمی ئاژەڵی

وڵاتی عێراق ژینگەیەکی لەبارە بۆ بەخێوکردنی جۆرەکانی ئاژەڵ، لە بەر ئەم هۆیانە:

١. بوونی رووبەری زەوی فراوان، بۆ لەوەڕگا و بەخێوکردنی ئاژەڵ.

٢. بوونی ئاووهەوای گونجاو.

٣. بوونی بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمە ئاژەڵییەکان.

زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، بۆتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر بەرهەمی ئاژەڵی، بەتایبەتی(گۆشت و شیر و بەرهەمە سپییایەکان). لەگەڵ ئەمانەش کەرەستەی خاوی پیشەسازی دابین دەکات. و پاشەڕۆکەشی پەینی ئەندامییە بۆ پەینکردنی زەویە کشتوکاڵییەکان بەکاردێت.

**دەتوانین بەرهەمی ئاژەڵی بۆ چەند چالاکییەك دابەش بکەین**

**١.بەخیوکردنی ئاژەڵ بۆ بەرهەمهێنانی گۆشتی سوور.**

عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە، سامانێکی گەورەی هەیە لە ژمارەی ئاژەڵ، کە بە هەزاران سەر مەڕ و بزن و مانگا و گامیش و حوشتر مەزندە دەکرێت. جگە لە بەرهەمی گۆشت، بەرهەمی شیر و خوری و پیستیان هەیە. ئەم چالاکییە لە گشت پارێزگاکانی وڵات بڵاوبۆتەوە.

**مەڕ:** گەورەترین ژمارەی مەڕ لە پارێزگای نەینەوا بەخێودەکرێت، بە تایبەتی لە ناوچەی جەزیرەی خۆرئاوا. پارێزگاکانی دیالا و سەلاحەدین بە پلەی دووەم و سێیەم دێت.

**بزن:** لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەخێودەکرێت. گەورەترین ژمارەی لە پارێزگای سلێمانییە، هەولێر و دهۆك بەریزبەندی دووەم و سێیەمە.

**مانگا:** لە پارێزگاکانی میسان و زیقار بە شێوەیەکی فراوان بەخێودەکرێت. لە تەك بەخێوکردنی ئاسایی لە کێڵگەکان پرۆژەی تایبەت هەیە بۆ قەڵەوکردنی گۆلك (گوێرەکە) (دابەستە) بە شێوەی سەردەمی نوێ لە زۆربەی پارێزگاکان بۆ بەرهەمهێنانی گۆشت بەخێودەکرێت.

**گامیش:** گەورەترین ژمارە لە پارێزگای بەغدایە، لە میسان و بەسرا رێژەکەی کەمترە. جگە لە بەرهەمەکەی، بۆ کاری کێڵگەش سوودی لێوەردەگیرێت. جاران تەنها لە هۆر و زەلکاوەکان بەخیودەکرا، بەڵام ئێستا لەزۆربەی ئەو پارێزگایانە بەخێودەکرێت، کە لەنزیك رووبار و رووبەرە ئاوییەکانن.

**حوشتر:** لە پارێزگاکانی باشوری خۆرئاوا بەخێودەکرێت، بەتایبەتی لە پارێزگای زیقار. ئەم پارێزگایە رێژەی (٢٣٪) حوشتری عێراقی تێدایە.

## ٢. بەخێوکردنی پەلەوەر:

کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر بەگشتی بۆ مەبەستی جیاواز (گۆشت و هێلکە و جوانی) دامەزراون. بە دوو ڕێگا بەخێودەکرێت، ڕێگای یەکەم، ژمارەی کەمە و بەرهەمیشی کەمە، لە کێڵگەی جوتیارانە هەیە. ڕێگای دووەم کێڵگە تایبەتییەکانە، بە مەبەستی بازرگانییە، و گشت خزمەتگوزاری سەردەمی لە دەرمان و ڤیتامین و ئالیك و کەشی گونجاوی بۆ ئامادە دەکرێت. بۆ بەدەستهێنانی باشترین و زۆرترین بەرهەم. دوو جۆرە:

أ- کێڵگەی پەلەوەر بۆ بەرهەمهێنانی گۆشت. لەم کێڵگانە بەگشتی مریشك بەخێودەکرێت، پەلەوەری تریش وەك (قەل و حوشترمرخ (نەعامە) و هەوێردە و کەو ...هتد)، بە ژمارەیەکی کەمتر بەخێودەکرێت.

ب - کێڵگەی پەلەوەر بۆ بەرهەمهێنانی هێلکە. لەم کێڵگانە بەگشتی هێلکەی مریشك بەرهەمدەهێنرێت. کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر ئەگەر بە ژمارە زۆربن و لە بازاڕ نزیك بێت ئابووری ترە (نرخی هەرزانترە).

بۆ بەخێوکردن و گەشەپێدان چەند جۆر لە مریشکی بیانی زیندوو و سەربڕاو و بەستوو هاوردەی بازاڕەکانی عێراق کراوە، تا پێویستییەکانی ناوخۆ پڕبکاتەوە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە ئەو ئامانجە بەدەست بهێنرێت لە پڕکردنەوەی خواستی بازاڕ لە گۆشت و هێلکە.

## ٣. بەرهەمی ماسی:

بەهۆی بوونی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات و زێیەکانی و شەتلعەرەب و کەنداو، ڕووبەرێکی فراوان بۆ بەخێوکردنی ماسی لە عێراق ڕەخساوە.

جگە لەڕاوکردنی ماسی سروشتی، چەندین پرۆژەی حەوزی بەخێوکردنی ماسی لە پارێزگا جیاوازەکان دامەزراوە، بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێویستییەکانی هاوڵاتیان لە گۆشت.



زانیاری:

**گرفتەکانی بەرهەمی ئاژەڵی لە عێراق:**

١.گرفتی سروشتی: لەئەنجامی جیاوازی کەش و هەوا لە وەرزەکانی زستان و هاوین، جیاوازی لە پلەکانی گەرمی و باراین ڕوودەدات، خاوەن کێڵگەکان ناچار دەبن تێچووێکی دارایی زۆر خەرجبکەن بۆئەوەی شوێنی تایبەت بۆ حەوانەوەی ئاژەڵەکان دروستبکەن، تا لە مەترسییەکانی سەرما و گەرما بپارێزرێن.

کەمی ئاو لە ناوەڕاست و خۆرئاوای عێراق گرفتێکی مەترسیدارە دووچاری ئاژەڵەکانی عێراق دەبێت. ناجێگیری داباراین لە هەرێمی کوردستان، لە وشکە ساڵیەکان مەترسی لە سەر گیانی ئاژەڵ دروستکردووە، و لەوەڕگاکان کەمدەبنەوە. هەروەها بچووکی لەوەڕگاکان کە ژمارەیەکی زۆرتر لە ئاژەڵی لێدەلەوەڕێنرێت، لەوەڕگای پێویستی خۆراکی ئاژەڵەکان پڕناکاتەوە، بۆیە لەبەر برسیەتی ساڵانە ژمارەیەك لە ئاژەڵ مردار دەبنەوە.

٢. گرفتی مرۆیی: نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی بەیتەری دروست، لە هەندێك لە کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر.

ناجێگیری( هەڵسان و دابەزین) لە خواستی هاووڵاتیان لەسەر گۆشتی سوور و پەلەوەر و ماسی بەگشتی کاردەکاتە سەر دیاریکردنی ڕێژە و ژمارەی بەخێوکردنی ئاژەڵ، کەمی بایەخی میری بە کەرتی سامانی ئاژەڵ یەکێ لەو گرفتانەیە کە بە شێوەیەکی بەردەوام کاریگەری لەسەر بەرهەمی ئاژەڵی دروستکردووە.

**چالاکی:**

قوتابییان بە گروپ جیاوازی و لێکچوونەکان لەنێوان بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر دەست نیشان بکەن، دواتر شیکردنەوە بۆ گرفتەکانی بەرهەمی ئاژەڵی لە عێراق بکەن.

**هەڵسەنگاندن:**

١- ئەو هۆکارانە چین کە وایکرد وڵاتی عێراق ژینگەیەکی لەباری هەبێ بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵی جۆراوجۆر ؟

٢- بە هۆکاری بوونی کامە بنەما وڵاتی عێراق لەبارە بۆ بەخێوکردنی ماسی ؟

٣- چەند جۆرە گرفتی بەرهەمی ئاژەڵی لە عێراق هەیە ؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ئازیز پێنج بیرۆکە بنووسە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی بەرهەمی ئاژەڵی لە عێراق.



دابەش بوونی بەرووبوومی کشتوکاڵیە پیشەسازییەکان لە عیراق



وانەی سێیەم/

## سێیەم: پیشەسازی

کەرتی پیشەسازی لە عێراق بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی پیشەسازی لە دواوەیە.

ساڵانی پیش (١٩٥٤ز) تەنیا (٥٪) ی دەستی کار لە پیشەسازی کاریدەکرد. (٩٩٪) پیشەسازییەکان لە جۆری بچووک و لە ماڵەوەبوو، لە (١ـ ٢٥) کرێکار کاریان تێدادەکرد. لەبەر بچووکی و کەمبەرهەمی نەدەتوانرا پێویستی ناوخۆ دابینبکات، بەگشتی پیشەسازییەکان لە جۆری رستن و چنین و دورینی جلوبەرگ و خواردەمەنی بوو.

بۆ پڕکردنەوەی خواستی هاووڵاتیان کاڵای پێویست لە دەرەوەی وڵات هاوردە دەکرا.

پاڵپشتی دارایی ئەم کەرتە بەگشتی لە داهاتی هەناردەی نەوت بوو، ئەو داهاتەی ساڵی (١٩٧٧ز) ڕێژەکەی بەرزبوویەوە بۆ (٩٨٪). وای لێهات هەناردەی نەوت بوو بەتاکە کاڵای عێراق، بۆیە هەست بە مەترسی و کەموکوڕی کرا لە کەرتەکانی دیکەی ئابووری وڵات، وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی، بۆیە هەوڵەکان چڕکرانەوە بۆ هاوسەنگکردنی تەرازووی ئابووری نیشتمانی بە پەرەپێدانی بوارەکانی تری ئابووری، بە تایبەتی پیشەسازی، بۆ ئەم مەبەستە میری چەند یاسایەکی دەرکرد، لەوانە:

١. دامەزراندنی بانکی پیشەسازی بۆ هاوکاریکردن و پێدانی پێشینە.

٢. دەرکردنی لێبوردنی باج لە کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و دامەزراوە پیشەسازییەکان.

### پیشەسازی ناوخۆ لە عێراق:

پیشەسازی لە عێراق بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێت:

### یەکەم/ پیشەسازی دەرهێنان:

پشت بە دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی و کانزای وەك گۆگرد و فۆسفات دەبەستێت.

### دووەم/ پیشەسازی گۆڕین:

**چەند جۆرێك دەگرێتەوە:**

#### أ- پیشەسازی خۆراك:

##### ١. پیشەسازی سپیایی(شیرەمەنی):

ئەم پیشەسازییە تەنها (١٥٪) پێویستی ناوخۆ پڕدەکاتەوە، چونکە ناتوانێت ڕکابەری بەرهەمی هاوردە بکات. لە ساڵی (٢٠١٦ز) عێراق توانی دابینکردنی پێویستی ناوەخۆ بگەیەنێتە ڕێژەی (٢٥٪).

##### ٢. پیشەسازی ڕۆنی رووەکی:

بەگشتی عێراق پیشتر بۆ دابینکردنی خواستی ناوخۆ پشتی بە ڕۆنی زەیتی هاوردەکراو و چەند کارگەیەکی بچووکی پاڵاوتنی ڕۆنی زەیت دەبەست. ئەمەش کەموکورتی دروستکردبوو لە دابینکردنی پێویستی بازاڕی ناوخۆی عێراق، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە و پڕکردنەوەی خواست ساڵی(٢٠١٧) کارگەی پاڵاوتنی ڕۆنی زەیت لە (بابل) دروستکرا، کە توانای بەرهەمهێنانی گەیشتە پاڵاوتنی پتر لە (٢٠٠٠) تەن زەیت لە ڕۆژێکدا، بەمەش نزیکدەبێتەوە لە دابینکردنی پێویستییەکانی پسوولەی خۆراکی گشت عێراق، جگە لەوە دەتوانێت بەرهەمی زیادەش بۆ دەرەوە بنێرێت.

### ٣. پیشەسازی شەکر:

شـەکری عێـراق پاکتریـن و باشـترین جـۆری شـەکرە. لـە سـاڵی (٢٠١٢) گەورەتریـن کارگـەی پاڵاوتنـی شـەکر لە(بابـل) دامـەزرا، کـە توانـای بەرهەمهێنانی (٤٠٠٠) تـەن شـەکرە لـە ڕۆژێکـدا، بە بەرهەمەکـەی دەتوانرێـت پێویسـتی پسـوولەی خۆراکـی هاوڵاتیـان و بـازاڕی ناوخـۆ دابیـن بـکات، زیادەکـەش بـۆ دەرەوە هەنـاردە دەکات.

### ٤. هەندێ پیشەسازای دیکە:

وەك پیشەسـازی(لە قوتونـان، کارگـەی پاڵاوتنـی ئـاو و خواردنـەوەکان، ... هتـد).

### ب- پیشەسازی پێست و ڕستن:

وەك پیشەسـازی (ڕسـتن و چنینـی لۆکـە و خـوری و ئاوریشـمی دروسـتکراو و پێشەسـازی پێسـت و جگـەرە و ڕایـەخ و مافـور و جلوبەرگـی ئامادەکـراو ... هتـد).

### ج- پیشەسازی کەرەستەی خانووبەرە:

گرنگترینیـان پیشەسـازی چیمەنتۆیـە، لـە سـاڵانی پەنجاکانـی سـەدەی بیسـتەوە لـە عێـراق بەرهەمدەهێنرێـت. لـە زۆربـەی پارێزگاکانـی عێـراق کارگـەی چیمەنتـۆ هەیـە. وەك (هەولێر(قەرەچـۆخ) - سلێمانی(تاسـلوجە و بازیـان) - کەرکوك(لەیـلان) - نەینەوا(بـادوش)) و کارگـەی چیمەنتـۆ لـە پارێزگاکانی(ئەنبار، کەربـەلا، موسـەنا و بەسـڕا)، لەگـەڵ کارگـەی خشـتی قـوڕی سـوورکراوە و کەرەسـتەی تـر.

### د- پیشەسازی کیمیاوی:

دوو جۆر پیشەسازی دەگرێتەوە:

١. پیشەسـازی پترۆکیمیـاوی، پیشەسـازی پاڵاوتنـی نەوتـی خـاو و پیشەسـازی گازی شـل دەگرێتـەوە

٢. پەینـی کیمیـاوی، لـە گرنگیـدا مامناوەندییـە، پیشەسـازیی(پاککەرەوەکان ـ کاغـەز ـ شوشـە ـ دەرمـان و پاتـری) دەگرێتـەوە.

### هـ- پیشەسازی کانزایی و کارەبایی:

وەك: پیشەسـازی (پۆڵاسـازی، بگـۆڕی کارەبـا و کەرەسـتەی سـادەکانی).

**زانیاری:**

لـە قـەزای عەکاشـات لـە (ئەنبـار) و بێجـی لـە (سـەلاحەدین)، دوو کارگـەی گـەورەی پەینـی کیمیـاوی هەیـە، (١٠٠٪) پەینـی فۆسـفاتی بەرهەمدەهێنـا، بـەڵام لەگـەڵ هاتنـی گرووپـە توندئـاژۆکان کارکـردن لـەو کارگانـە وەسـتاوە. کارگەی چیمەنتـۆی مـاس لە (بازیـان ـ سـلێمانی) گەورەتریـن کارگـەی بەرهەمهێنانـی چیمەنتۆیـە لـە سـەر ئاسـتی عێـراق، توانـای بەرهەمهێنانـی سـاڵانەی (٦ ملیـۆن) تەنـە.

**بنەماکانی دامەزراندنی پیشەسازی:**

**١. بنەمای سروشتی: وەك،**

**أ. هەڵکەوتەی جوگرافی (شوێن).**

**ب. دۆخی ئاووهەوا.**

**ج. کەرەستەی سەرەتایی (مادەی خاو).**

**د. سەرچاوەی وزە و دەرامەتی ئاو.**

**٢. بنەمای مرۆیی: وەك،**

**أ. سەرمایە.**

**ب. دەستی کار ( هێزی مرۆیی).**

**ج. گواستنەوە و گەیاندن.**

**د. بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی بەرهەم.**

**چالاکی:**

قوتابییان بە گروپ خشتەیەك دروستبکەن سەبارەت بە پیشەسازییەکان و بەرهەم، کارگەکانی تێدا پۆلین بکەن بەم شێوەیە:

**هەڵسەنگاندن:**

١- کەرتی پیشەسازی عێراق لە چ ئاستێك دایە ؟

٢- بۆپەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی لە عێراق میری چەند یاسایەکی دەرکرد ؟

٣- جگە لەو بنەمایانەی بۆ دامەزراندنی پیشەسازی ئاماژەی پێکراوە چ بنەمایەکی تر دەزانی باسی بکە ؟

**چالاکیماڵەوە:**

قوتابی ئازیز پشت بەستن تەنها بە نەوت دەرهێنان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات ڕێگایەکی باشە؟ چ بیرۆکەیەکت هەیە بە ئارەزووی خۆت بینووسە کە وابکات کەرتی کشتوکاڵ لە عێراق و هەرێمی کوردستان گەشەبکات و بەهێز بێت.

دابەش بوونی کانزا فلزی و نافلزییەکان لە عیراق



## چوارەم: دەرهێنانی کانزا

جـۆری بـەرد و پێکهاتـەی جیۆلۆجـی هـۆکاری سـەرەکییە بـۆ دابەشـبوونی کانـزا. عێـراق وڵاتێکـی دەوڵەمەنـدە بـە سـامانی کانزایـی جیـاواز. زۆربـەی کانزاکانـی لـە جـۆری نافلزییـە، وەك (نـەوت و خەڵـوز و خـوێ و گازی سروشـتی و بـەردە جیـاوازەکان و فۆسـفات و گۆگـرد ... هتـد)، چونکـە بەشـی زۆری خاکـی عێـراق لـە جـۆری نیشـتەنییە. کانـزای فلزیـش وەك (زیـو و ئاسـن و مـس و ئەلەمنیـۆم ... هتـد) لـە بـەردی گـۆڕاو و ئاگریـن دەردەکەوێـت، بـەڵام لـە رووبەرێکـی بچووکتـر، بەتایبەتـی لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی هەرێمـی کوردسـتان.

راپۆرتـە نێودەوڵەتییـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن، عێـراق لەبـڕی یەدەگـی گۆگـردی بـێ خڵـت و خـەوش لـەدوای وڵاتـی مەغریـب بـە پلـەی دووەم دێـت لەجیهانـدا، هەروەهـا گەورەتریـن و گرنگتریـن پێکهاتـەی فۆسـفات دەکەوێتـە عەکاشـات، کـە بـە دووەم یەدەگـی فۆسـفاتی جیهـان دادەنرێـت لـە دوای وڵاتـی مەغریـب.

### دابەشـبوونی جوگرافیایـی سـامانی کانزایـی عێـراق:

١. **گۆگـرد:** یەدەگـی خەملێنـراو پتـر لـە (٦٠٠) ملیـۆن تەنـە، تەنهـا سـێ کێڵگـەی لـێ بەرهەمهێنـراوە. بەشـی زۆری دەکەوێتـە پارێزگاکانـی (ئەنبـار ـ سـەلاحەدین ـ نەینـەوا )و خۆرئـاوای عێـراق.

٢. **ئاسـن:** بـەزۆری لـە پارێـزگای ئەنبـارە، بـە دیاریکـراوی لـە بیابانـی باشـوری خۆرئـاوای شـاری رومـادی. یەدەگـی ژێرخاکـی بـە نزیکـەی( ٦٠ ملیـۆن) تـەن دەخەملێنرێـت.

٣. **قورقوشـم (رصـاص):** بـە زۆری لـە پارێزگاکانی(دهـۆك و ئەوپـەڕی باکـوری سـلێمانی) لـە بـەردی نیشـتەنی لـە شـێوەی کاربۆنـی نیشـتوودا هەیـە. بـڕی یەدەگـی خەملێنـراو پتـر لـە (٥٠ ملیـۆن) تەنـە.

٤. **یۆرانیـۆم:** لـە پارێـزگای ئەنبـار لـە ناوچـەی عەکاشـات لـە چینەکانـی پێکهاتـەی فۆسـفات دا هەیـە. بـەڵام ئەنـدازەی یەدەگـی رانەگەیەنـراوە.

**٥. گۆگردی سۆدیۆم:** بە زۆری لە پارێزگای سەلاحەدین دا هەیە. بڕی یەدەگی بە (٢٢ ملیۆن) تەن دەخەملێنرێت. لە پیشەسازی هەویری کاغەز (Kraft Pulp) و پاککەرەوەکان و پیشەسازی شوشە بەکاردێت. هەروەها لە پیشەسازی ڕستن لەگەڵ ڕەنگ تێکەڵاو دەکرێت، تا ڕەنگەکە بە هاوسەنگی بە ناو ڕیسەکەدا بڵاوببێتەوە.

**٦. دۆڵەمایت**(Dolomite)**:** بەردێکی نیشتەنییە لە کاربۆناتی کالسیۆم و کاربۆناتی مەگنسۆم پێکهاتووە، وەك شوشە بریسکەدارە. ڕەنگی مەیلەو سوورە، بەزۆری دەکەوێتە پارێزگاکانی(ئەنبار و موسەنا).

**٧. گەچ** (Gypsum)**:** لە پارێزگاکانی (نەینەوا، سەلاحەدین، کەرکوك و هەولێر) دا هەیە. بڕی یەدەگی بە (١٣٠ ) ملیۆن تەن دەخەملێنرێت.

**٨. کوارتز:** لە جۆری بەردە گرانبەهاکانە، بۆ جوانکاری بەکاردێت، ڕەنگی جیاوازی هەیە، کانزایەکی بەربڵاوە، دەکەوێتە پارێزگای ئەنبار و شاری فاو لە پارێزگای بەسرە.

**٩. لمی شوشە:** بە زۆری لە پارێزگای ئەنبار هەیە، لە ناوەڕاستی پارێزگا درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە بیابانی خۆرئاوا، لە شێوەی لمی سەر زەوی بریسکەدارە.

جگە لەو کانزایانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، کانزای تریش، وەك (ئەلەمنیۆم و نیکل و مەنگەنیز و کرۆم) هەیە.

بەڵام تائێستا قەوارەی یەدەگی نەزانراوە، چونکە لەو ساڵانەی دواییدا لەلایەن کادیرانی جیۆلۆجی خۆماڵی دۆزراوەتەوە، ئەمانیش شارەزایی هونەریان کەمە و ئامرازی دیاریکردنی قەبارەیان نییە بۆ دیاریکردنی یەدەگی دۆزینەوەکان.

لە ڕوویێوی گشتی دەرکەوتووە پارێزگای ئەنبار دەوڵەمەندترینە لە سامانی کانزای نافلزی، هەرێمی کوردستانیش دەوڵەمەندترینە لەسەر ئاستی عێراق لە سامانی کانزای فلزی.

سامانی کانزایی لە عێراق تا ئێستا بە شێوەیەك وەبەرنەهێنراوە بتوانێت داهاتی دارایی مەزن بۆ وڵات دابینبکات، بۆیە گەلێك لە کانزاکان تا ئێستا لە کانەکانن و دەستی وەبەرهێنانیان پێ نەگەیشتووە.

لە ئەنجامی گەڕان وپشکنین بە داوی کانزاکان، دەرکەوتووە زۆرترین کانزایی عێراق نەوتە، لە زۆربەی ناوچەکانی عێراقدا هەیە، بەتایبەتی لە هەرێمی نیمچە شاخاوی.


دۆڵەمایت

**زانیاری:**

- کانزایی نافلزی:

چەشنە کانزایەکە، بەرگەی کوتین ناگرێت (ورد دەبێت)، چونکە پەیوەندی گەردیلەکانی چڕ نییە، هەروەها لێك ڕاناکێشرێت و گەرمی و تەزووی کارەبا باش ناگەیەنێت. وەك (بەرد و گەچ و خەڵوز و نەوت و سلیکا ... هتد).

- کانزایی فلزی:

چەشنە کانزایەکە، بریسکەدارە، توانای کوتین و راکێشانی هەیە و گەیەنەرێکی باشە بۆ گەرمی و تەزووی کارەبا، چونکە پەیوەندی گەردیلەکانی ورد و چڕە، ناسراون بەوەی کە پلەی توانەوەی بەرزە، وەك (زێڕ و ئاسن و قورقشم و ئەلەمنیۆم و مس و ... هتد).

**چالاکی:**

مامۆستای بەڕێز جۆرەکانی کانزای نافلزی و کانزای فلزی لەسەر وایت بۆرد بنووسرێت، و قوتابییان ناوچەکانیان بە پێی جۆرەکانیان دیاریبکەن لەگەڵ ڕێژەی یەدەگەکانیان، دواتر خاسیەتەکانی کانزای نافلزی شیبکەنەوە.

**هەڵسەنگاندن:**

قوتابییان پرسیار دروستبکەن و ئاڕاستەی یەکتری بکەن.

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ئازیز ئەگەر جۆرەکانی کانزا لە وڵاتی عێراق نەبووایە پێشبینی چیت دەکرد؟ بۆچوونی خۆت دەربڕە .

ڕێگا سەرەکیەکانی عیراق و ژمارەکانیان •




• لە نەخشە ئامادەکراوەکانی : سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو

## وانەی پێنجەم

### پێنجەم: ڕێگاکانی هاتووچۆ و بازرگانی

### - ڕێگاکانی هاتووچۆ:

ڕێگاکانی هاتووچۆ کاریگەری مەزنی هەیە لە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان، بۆ گواستنەوە و گەیاندنی کەلوپەل و کاڵا، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و گەشەکردنی ڕێگاکانی هاتووچۆ، ئەم کەرتە هەنگاوی باشتری بۆ پێشەوەنا. کۆمەڵگە نییە بتوانێت گەشە بە ئابوورییەکەی بدات، بە بێ ئاسانکاری هۆیەکانی گواستنەوە، چونکە توانای گەیاندن بۆ شوێنی مەبەست ئاسانتر و خێراتر دەکات. ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە گەشەپێدانی بەردەوام و بەرهەمهێنان و بوارەکانی تری ژیانی هاووڵاتیان. جگە لەمانە، هۆیەکانی گواستنەوە و هاتووچۆ هەلی کار بۆ هاووڵاتیان دابیندەکات، لە چاودێری جوولەی هاتووچۆ و فرۆکەوانی و شوفێری و خزمەتگوزاری گەیاندن و پیشەی تر پەیوەست بە پیشەسازی گواستنەوە و گەیاندن. چالاکی بە کەرتی گەشتیاری دەدات، چ لە ناوەوە یا لە دەرەوەی وڵات بێت.

کەواتە دەتوانین پێناسەی هۆیەکانی گواستنەوە و ڕێگاکانی هاتووچۆ بەم جۆرە بکەین: ئامرازە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و کاڵاو هاووڵاتیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. گەشەکردنی ئەم کەرتە ئاسانکاری و ئارامی بۆ بازرگان و ڕێبوار دابیندەکات.

### ڕێگاکانی هاتووچۆ لە عێراق سێ بەشە:

#### ١- ڕێگای وشکانی.

أ. ڕێگای ئوتومبێل:

لە گشت جۆرەکانی تری ڕێگای هاتووچۆ بڵاوتر و ئاسانتر و هەروەها هەرزان و گونجاوە، توانای بەرزی هەیە لە گواستنەوەی کاڵا و کەلوپەل لە ماوەیەکی کورت.

دروستکردنی ڕێگای هاتووچۆ لە ناوچە دەشتاییەکان (تەختایی)، تێچوونی دامەزراندنی بە بەراورد لەگەڵ دامەزراندنی ڕێگای ناوچەی شاخاوی کەمترە. چونکە بەرزی و نزمی ڕووی زەوی جیاوازە.

**لە عێراق چەند جۆر ڕێگای ئوتومبێل هەیە؟**

- ڕێگای هاتووچۆی خێرا: ئەم جۆرە دوو سایدە(دوولایە)، بۆ چوون و هاتنە، هەر سایدێکی بۆ سێ ئوتومبێلە. دوورگەی ناوەندی، سایدەکان لێك دەکاتەوە. لە سنوری ئوردەن(لە خۆرئاوا) دەستپێدەکات بۆ بەغدا، لە بەغداش بۆ بەسرا (لە باشور) درێژدەبێتەوە. درێژییەکەی ( ١٠٠٠کم)ە.

- ڕێگای هاتووچۆی سەرەکی نێوان پارێزگاکان: ڕێگاکان دوو سایدن(دوولایە) بۆ هاتن و چوونە، لەهەمان کاتدا دوو ئوتومبێلی پێدادەڕوات، دوورگەی ناوەندیی، سایدەکان لێك جیادەکاتەوە، گرنگترینیان:

ڕێگای (بەغدا ــ بەسرا) بە شارەکانی حلە،دیوانیە، سەماوە و ناسریە تێدەپەڕێت.

ڕێگای (بەغدا ــ بەسرە) بە شارەکانی کوت، عمارە تێدەپەڕێت.

ڕێگای (بەغدا ــ تكریت - موسڵ - دهۆك - زاخۆ - سنوری توركیا.

ڕێگای (بەغدا ـ فەلوجە - ڕومادی ـ حەدیسە ـ قائم ـ سنوری سوریا).

ڕێگای (بەغدا ـ بەعقوبە ـ خانقین ـ سنوری ئێران).

- ڕێگای لاوەكی: ئەم ڕێگایانە ناوەندی پارێزگاكان و ناوەندی قەزا و شارۆچكەكان و گوندەكان پێكدەگەیەنێت. یەك سایدە(یەكلایە)، لە یەك كاتدا بۆ هاتن و چوونە.

**ب. هێلی ئاسن (ڕێگای شەمەندەفەر):**

كۆی گشتی درێژی هێڵی ئاسنی عێراق (٢٣٠٠كم). بریتین لەم ڕێگایانە:

هێڵی (بەغدا ـ موسڵ ـ ڕەبیعە ـ سوریا).

هێڵی (بەغدا ـ بەسرە - بابل ـ قادسیە ـ موسەنا ـ زیقار ـ بەسرا).

هێڵی (كەركوك ـ بێجی ـ حەدیسە ـ قائیم ـ عەكاشات ).

هێڵی (بەغدا ـ حەدیسە - قائیم).



**دووەم: ڕێگای ئاوی.**

شەتلعەرەب تاكە ڕێگایە عێراق بە دەرەوە دەگەیەنێت، بۆ كەشتیوانی دەشێت، كەشتی بچوك و مامناوەندی پێدا دەڕوات. ڕووباری دیجلە تەنیا بەشی باشوری لە نێوان بەغدا و بەسرا بۆ گواستنەوەی ئاوی دەشێت. بەڵام لە بەشی كوردستان تا دەگاتە باكوری بەغدا ئاوەكەی بۆ هاتووچۆی ئاوی ناشێت. چونكە ئاستی ڕووباری دیجلە لێژە و ئاوەكەی تیژە(واتە خێرایە). لەبەرئەوەی بە دۆڵی تەسكدا دەڕوات لە بانی خۆرئاوا، ئاوی فوراتیش بۆ كەشتیوانی ناشێت.






## سێیەم: ڕێگای ئاسمانی.

هەڵکەوتەی عێراق وەك پردە، خۆرهەڵات و خۆرئاوا پێکدەگەیەنێت.

گرنگترین فرۆکەخانەکان ئەمانەن:

- فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا.
- فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەسرا.
- فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.
- فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.
- فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی موسڵ.
- فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی نەجەف.




### چالاکی:

قوتابییان بە گروپ بەراورد بکەن لە نێوان ڕێگاکانی هاتووچۆ و لەسەر کاغەزێك بینووسن، و دواتر لەسەر دیوار هەڵیواسن، ئینجا گفتوگۆ لەسەر گرنگی ڕێگاکانی هاتوچۆ لە وڵاتی عێراق بکرێت.

### هەڵسەنگاندن:

١- ڕێگاکانی هاتووچۆ لە عێراق دەکرێن بە چەند بەش ؟

٢- ڕێگای هاتووچۆی وشکانی کاریگەری لەسەر چی هەیە ؟

٣- ئایا ڕێگای ئاوی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ هاتووچۆ کردن دەشێت ؟

### چالاکیماڵەوە:

قوتابی ئازیز....

ئایا ڕێگاکانی هاتووچۆ بە هەموو جۆرەکانی عێراق بە پێی پێویستە ؟ چ ڕێگایەکی نوێ هەیە بۆ گواستنەوە لێرەدا باس نەکرابێ بینووسە.



- بازرگانی

## بازرگانی له‌ عێراق دوو جۆره‌:

### ١. بازرگانی ناوه‌خۆ:

بریتییـه‌ لـه‌ كـرداری ئاڵوگۆڕكردنـی كاڵا و خزمه‌تگـوزاری له‌نـاو سـنوری ده‌وڵـه‌ت، له‌نێـوان پارێـزگا و شـار و شـارۆچكه‌كان. پشـت بـه‌ به‌رهه‌مـی پیشه‌سـازی خۆجێـی ده‌به‌سـتێت. هێـزی بازرگانـی ناوخـۆ گرنگـه‌، چونكـه‌ پارێـزگاری لـه‌ دراوی نه‌تینـه‌ی وڵات ده‌كات و رێـگا بـه‌ چوونـه‌ ده‌ره‌وه‌ی نـادات، وه‌ك چـۆن لـه‌ هاورده‌كردنـی كاڵا و خزمه‌تگـوزاری بیانـی، دراوی نه‌تینـه‌ ده‌بردرێتـه‌ ده‌ره‌وه‌. هانـی پیشه‌سـازی نیشـتمانی ده‌دات تـا له‌سـه‌ر پێـی خـۆی بوه‌سـتێت (متمانـه‌ به‌خـۆی بـكات).

بازرگانـی ناوخـۆی عێـراق له‌ئه‌نجامی جیـاوازی تۆپۆگرافیـا و ئاووهـه‌وا په‌یدابـووه‌، چونكه‌ ئـه‌م هۆكارانـه‌ كاریگه‌ریـان لـه‌ سـه‌ر به‌رهه‌مهێنانـی به‌رووبوومـی كشـتوكاڵی به‌هـه‌ردوو به‌شـی (ئاژه‌ڵـی و رووه‌كـی)دا هه‌یـه‌، لـه‌ هه‌رێمه‌كانـی باكـور و ناوه‌ڕاسـت و باشـوری وڵات.

هه‌روه‌هـا جیـاوازی دابه‌شـبوونی دامـه‌زراوه‌ پیشه‌سـازییه‌كان و كێڵگه‌كانـی به‌رهه‌مهێنانـی خـۆراك، كـه‌ زۆربـه‌ی ده‌كه‌وێتـه‌ سـنوری به‌غـدای پایته‌ختـت، رۆڵـی گرنگـی هه‌یـه‌ لـه‌ چالاككردنـی بازرگانـی له‌نێـوان پایته‌خـت و پارێـزگاكان.

### ٢. بازرگانی ده‌ره‌كی:

بریتییـه‌ لـه‌ ئاڵوگۆڕكردنـی به‌روبـووم و كاڵا و خزمه‌تگـوزاری و سـه‌رمایه‌ له‌نێـوان وڵاتانـی جیهـان. واتـه‌ ئـه‌و وڵاتانـه‌ی به‌رهه‌مـه‌دارن بـۆ ئـه‌و وڵاتانـه‌ی هه‌نـارده‌كارن كـه‌ لـه‌ به‌رهه‌مهێنانـدا هـه‌ژارن. ئـه‌م بازرگانییـه‌ لـه‌ نێـوان عێـراق و وڵاتانـی دراوسـێ و جیهانـه‌، بـه‌ گشـت رێگاكانـی گواسـتنه‌وه‌ و گه‌یانـدن، بـه‌ تایبه‌تـی گواسـتنه‌وه‌ی وشـكانی. كاڵا و كه‌رسـته‌ی دروسـتكراو و خوارده‌مه‌نـی جیـاواز لـه‌ ئێـران و توركیـا و سـوریا له‌گـه‌ڵ عێـراق ئاڵوگـۆڕ ده‌كرێـت.

جگـه‌ لـه‌ رێـگای وشـكانی، بـۆڕی گواسـتنه‌وه‌ی نـه‌وت، نه‌وتـی خـاو لـه‌ كێڵگـه‌ نه‌وتییه‌كانـی عێـراق بـۆ به‌نده‌ره‌كانـی سـه‌ر كه‌نـداو و ده‌ریـای ناوه‌ڕاسـت (لـه‌ توركیـا) ده‌نێردرێـت. بـه‌ رێـگای به‌نده‌ره‌كانیشـه‌وه‌ بـه‌ نـه‌وت هه‌ڵگـره‌كان بـه‌ره‌و وڵاتانـی جیهـان هه‌نـارده‌ ده‌كرێـت.

ده‌روازه‌ی سـنوری و به‌نـده‌ر و فرۆكه‌خانـه‌كان بنكـه‌ی سـه‌ره‌كی هـاورده‌ و هه‌نـارده‌ن لـه‌ عێـراق.

عێـراق تاكـه‌ ده‌رچه‌یه‌كـی ئـاوی هه‌یـه‌ لـه‌ سـه‌ر كه‌نـداوی عه‌ره‌بـی، لـه‌ سـنوری پارێـزگای به‌سـره‌. كه‌نارێكـه‌ درێـژی (٦٠ كـم) ده‌بێـت. گشـت به‌نـده‌ره‌ سـه‌ره‌كییه‌كان ده‌كه‌ونـه‌ سـنوری كارگێـری پارێـزگای به‌سـره‌، لـه‌ هـه‌ردوو قه‌زاكانـی ( زوبێـر و فـاو).



بەندەری ئوم قەسر

### زانیاری:

بەندەر دامەزراوەیەکی سروشتی یان دەستکردی کەنارییە بۆ لەنگەرگرتنی کەشتییەکان، کاری داگرتن و بارکردنی تێدا ئەنجامدەدرێت، بەندەرەکانی عێراق دوو جۆرە:

١. بەندەری بازرگانی (ئوم قەسر و خۆر زوبێر و فاو).

٢. بەندەری نەوتی (بەندەری بەسرای نەوتی و خۆر عومەییە).

### چالاکی:

قووتابییان جیاوازی بکەن لەنێوان بازرگانی ناوخۆ و دەرەکی، دواتر گرنگی و بایەخیان شیبکەنەوە..

### هەڵسەنگاندن:

١- پێناسەی بازرگانی بکە ؟

٢- جیاوازی لەنێوان بازرگانی ناوخۆ و بازرگانی دەرەکی چییە؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی خۆشەویست ..

وڵاتی عێراق لە چالاکی بازرگانی دەرەکی زۆرترین رێژەی هەناردەکردنی نەوتە، بەڵام هاوردەکانی زۆر زیاترە، ئایا ئەمە بە گونجاو دەبینی ؟ ئەگەر بەلاتەوە ئەمە کێشەیە، چ چارەسەرێکت بۆ ئەم کێشەیەهەیە.

## وانەی شەشەم/

## دانیشتوان

ژمـارەی دانیشـتوانی عێـراق بـەردەوام لـە زیادبـوون دایـە. لـە سـاڵی (١٩٢٧ز) یەکـەم سـەرژمێری لەلایـەن (فەرمانگـەی بـاری شارسـتانی گشـتی ) سـەر بـە وەزارەتـی ناوەخـۆ ئەنجامـدرا. ژمـارەی دانیشـتوانی عێـراق بـە (٢،٩٦٨،٠٠٠) کـەس مەزەندەکـرا، بـەڵام دوای چەنـد مانگێـك میـری سـەرژمێرییەکەی پوچەڵکـردەوە.

**زانیاری:**

لـە سـاڵی (١٩٣٤ز) سـەرژمێرییەکی تـر کـرا بـە هـاوکاری موختـاری گـەڕەك و گونـدەکان داتایـی پێویسـت تۆمارکرا. ژمارەی دانیشـتوان (٣،٢١٣،٠٠٠) کـەس بـوو.

لـە سـەرژمێری (١٩٤٧ز) ژمـارەی دانیشـتوان (٤،٨١٦،٠٠٠) کـەس بـوو.

سـەرژمێری (١٩٥٧ز) لـە گشـت سـەرژمێرییەکانی پێشـوو، پاکتـر و گشـتگیری تـر بـوو، ژمـارەی دانیشـتوان (٦،٥٣٦،٠٠٠) کـەس بـوو.


لە ساڵی (١٩٦٥ز) ژمارەی دانیشتوان ( ٨،٢٦١،٠٠٠) کـەس بوو.

لـە سـەرژمێری (١٩٧٧ز) کـە لەلایـەن وەزارەتـی پلاندانـان ئەنجامـدرا. ژمـارەی دانیشـتوان بـە (١٢،٤٩٧،٠٠٠) کـەس دانـراوە.

لـە سـەرژمێری (١٩٨٧ز)، ژمـارەی دانیشـتوانی عێـراق ( ١٦،٣٣٥،٠٠٠) کـەس بـوو، هەرچەنـدە لەبـەر شـەڕی (ئێـران ـ عێـراق) دانیشـتوانی ناوچە سنوورییەکانی نزیـك ئێران و ئاوارەکانی ئێـران بێبـەش کـران لـەو سـەرژمێرییە.

ژمـارەی دانیشـتوانی عێـراق بەگوێـرەی دوا تۆمـار لـە سـاڵی (٢٠٢٠ز) لـە دەوروبـەری (٤٠) ملیـۆن کـەس بـووە. بـە پێـی دوایـن ئامـار لـە سـاڵی (٢٠٢١) ژمـارەی دانیشـتوانی عێـراق (٤١) ملیـۆن کەسـە بـە گوێـرەی بڵاوکـراوەی دەزگای ناوەنـدی سـەرژمێری(وەزارەتـی پلاندانانـی عێـراق).

چـڕی دانیشـتوان (٨٧،٧کەس/کـم٢) بـە گوێـرەی ژمـارەی دانیشـتوانی سـاڵی (٢٠٢١ز). بـەڵام ئـەم چڕییـە لـە گشـت پارێـزگاکان وەك یـەك نییـە. لـە ناوچـە بیابانـەکان و شـاخاوییە سـەختەکان کەمترینـە، زۆرتریـن چـڕی لـە دەشـتاییەکانە.



بەغداد



بەسرە



موسڵ



هەولێر



بابل

**دابەشکردنی چڕی دانیشتوانی عێراق لە ناوچە جیاوازەکان:**

**١. ناوچەی چڕی بەرز:** پارێزگای بەغدا زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی تێدایە. بەگوێرەی دوا ئاماری ساڵی (٢٠٢١)، ڕێژەی (٢١٪) کۆی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێت. لە چڕی دانیشتوان بە پلەی یەکەم دێت بە (١٧٨٤کەس/کم٢).

**٢. ناوچەی چڕی زۆر:** پارێزگای بابل دەگرێتەوە، لە چڕی بە پلەی دووەم دێت بە (٤٠٣ کەس/کم٢).

**٣. ناوچەی چڕی ناوەند:** پارێزگاکانی (هەولێر - سلێمانی - دهۆك - کەرکوك ـ نەینەوا - بەسرە ـ قادسیە ـ زیقار) دەگرێتەوە، چڕی دانیشتوانیان لە نێوان (٩٠ ـ ٢٧٠ کەس/کم٢).

**٤. ناوچەی چڕی کەم:** دەکەوێتە پارێزگاکانی (واسیت ـ میسان ـ سەلاحەدین و نەجەف)، چڕی دانیشتوانیان لە نێوان (٥٠ ـ ٨٠ کەس/کم٢) دایە.

**٥ .ناوچەی چڕی زۆر کەم:** پارێزگاکانی( ئەنبار ـ کەربەلا و موسەنا) دەگرێتەوە لە بانی خۆرئاوا. چڕی دانیشتوانیان لە نێوان (١٢ ـ ١٦ کەس/کم٢) دەبێت.

هۆکاری بەرزی چڕی دانیشتوان لە پارێزگاکانی (بەغدا و بابل) دەگەڕێتەوە بۆ چڕی دابەشبوونی دامەزراوە پیشەسازی و کۆمپانیاکانی بازرگانی و دامودەزگاکانی دەوڵەت و هەلی کار، بە پێچەوانەوە بۆ ناوچە کەم دانیشتوانەکانیش ڕاستە.

**پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەزی دانیشتوانی عێراق:**

**یەکەم: پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان.**


پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی عێراق بە گوێرەی سەر ژمێری (٢٠٢٠) بۆ چەند پۆلێك دابەش دەبێت، کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**١. تەمەنی بچووك(منداڵ):** لە نێوان( ١ ـ ١٤) ساڵ، تەمەنی بەخێوکردنن، ڕێژەی (٤٠٪) لە کۆی گشتی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێت، پێویستیان بە چاودێریکردنی خوێندن و تەندروستییە لەلایەن بەخێوکار و دامودەزگا میرییەکان.

**٢. تەمەنی ناوەند(کارکەر):** لە نێوان(١٥ ـ ٦٤) ساڵ، تەمەنی کارکردن و گەشەکردنی دانیشتوانە، هۆکاری زیادبوونی دانیشتوان و پەرەسەندنی ئابوورییە. ڕێژەی(٥٦٪) لە کۆی گشتی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێت. ئەم تەمەنە گرفتی کۆچکردنی هەیە، بۆ دەرەوەی وڵات، کە لە دوای جەنگی (عێراق ـ ئێران) لە ساڵی (١٩٨٠) و (جەنگی کەنداوی یەکەم و دووەم) لە ساڵانی (١٩٩٠ ـ ٢٠٠٣) و دابەزینی ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیان و ناجێگیری دۆخی سیاسی وڵات، بۆتە دیاردە و کار دەکاتە سەر کەمبوونەوەی هێزی کار و گەشەکردنی ئابووری نیشتمان.

**٣. تەمەنی گەورە:** (٦٥ ساڵ بەرەو ژوور)، کەمترین پێکهاتەی تەمەنی وڵات پێکدەهێنن، پێویستیان بە چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و بە خێوکردنە، ڕێژەی (٤٪) لە کۆی گشتی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن.

چڕی دانیشتوان لە عیراق ساڵی ٢٠١٨ *




چڕی دانیشتوان بۆ ١ کم٢

| پارێزگا | دهۆک | هەولێر | سلێمانی | هەڵەبجە | کەرکووک | نەینەوا | دیالە | سەڵاحەدین | بەغدا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چڕی | ١٩٧ | ١٢٣ | ١٢٧ | ١٢٤ | ١٩٥ | ١٠٠ | ٩٣ | ٩٥ | ١٧٨٤ | |
| پارێزگا | بەسرە | موسەننا | میسان | واسیت | زیقار | ئەنبار | قادسیە | نەجەف | کەربەلا | حیلە |
| چڕی | ١٥٢ | ١٥ | ٩٩ | ٨٠ | ١٩٢ | ١٣ | ١٥٨ | ٥١ | ٢٤٢ | ٤٠٣ |

* لە سایتی http://www.geo-ref.net وەرگیراوە / ئامادە کراوە لە لایەن : هۆشیار محەمدئەمین خۆشناو

## دووەم: پێکهاتەی ڕەگەزی دانیشتوان.

مەبەست لەم پێکهاتەیە دیاریکردنی ژمارەی نێر و مێیە لە کۆی گشتی دانیشتوان. ڕێژەی نێر لە کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی (٢٠٢١)، کە (٤١)ملیۆن کەسە، لەم ژمارەیە (٢١) ملیۆن کەسی نێرە و (٢٠) ملیۆن کەسی مێیە، ڕێژەی (٥٠،٥ ٪) بۆ نێر و ڕێژەی (٤٩،٥ ٪) بۆ مێیە. ئەم ڕێژەیە کاردەکاتە سەر هێزی کار لە وڵات.

**بەگوێرەی ئاماری (٢٠٢١ز) ژمارەی نێر لە ژمارەی مێ زیاترە، بەڵام لە ساڵانی ڕابردوو ژمارەی مێ بەبەراورد لەگەڵ نێر زیادیکردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:**

١. هەڵگیرسانی جەنگی(عێراق - ئێران) و (جەنگی کەنداوی یەکەم - کوەیت) بوونە بەهۆی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆری ڕەگەزی نێر لە عێراق.

٢. کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات، کە زۆربەیان لە ڕەگەزی نێرن، بۆ خۆ ڕزگارکردن لە مەترسی جەنگ و دابینکردنی شوێنێکی ئارام بۆ ژیان.

٣. هۆکاری بایۆلۆجی کاردەکاتە سەر منداڵی ساوای نێر (منداڵی کەمتر لە ساڵێك)، چونکە بەرگەی جەستەییان لە مێینە کەمترە.

**چالاکی:**

مامۆستای بەڕێز .. قوتابییان بکە چەند گروپێك و هەر گروپێك باس لە جۆرێك لە دابەشکردنی چڕی دانیشتوان بکات و هۆکاری چڕییەکە ڕوونبکاتەوە، بەهەمان شێوە هەر گروپێك بۆ پێکهاتەکانی عێراق ڕوونبکاتەوە.

**هەڵسەنگاندن:**

١- چڕی دانیشتوان لە عێراق بۆ چەند بەش دابەشدەکرێت؟

٢- پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەزی دانیشتوانی عێراق بژمێرە ؟

٣- پێکهاتەی ڕەگەزی واتای چییە ؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ئازیز، هۆکاری زیادبوونی ژماری دانیشتوانی شارەکان بۆ چی دەگەڕێنییەوە، ئایا ئەم زیادبوونە کاریگەی لەسەر پێداویستییە خزمەتگوزارییەکان دەبێت لە بارەی ئەم بابەتە بۆچوونی خۆت دەربڕە.

**گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان:**

هـۆکاری فراوانبوونـی شـارەکانی عێـراق بـە گشـتی ئەمانـەن:

١.جیـاوازی لـە خزمەتگوزارییـە ئاساییەکان، وەك (ئـاوی پـاك و دامـەزراوە تەندروسـتییەکان و ڕێگاوبـان و ناوەندەکانـی خوێنـدن و هەلـی کاری بـەردەوام ... هتـد).

٢.جیـاوازی لـە دابەشبوونی دامودەزگا کارگێڕی و کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیری و خوێندنـی بـاڵا (زانکـۆ و پەیمانگا) لەنێـوان شـار و گونـدەکان.

٣. ناسـەقامگیری ئاسـایش و دۆخـی سیاسـی کـە لـە دوای ڕووخانـی ڕژێمـی عێـراق لـە (٢٠٠٣ز) ڕوویـدا، هـۆکار بـوو بـۆ کۆچکردنـی ناوخـۆی عێـراق.

بـەڵام فراوانبوونـی شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان، جگـە لـەم خاڵانـەی کـە لـە سـەرەوە ئامـاژەی پێـدراوە، هـۆکاری ڕامیـاری لـە هەرێـم وەك بـە عەرەبکردنـی ناوچـە کوردییەکانـی کەرکـوك و موسـڵ و هەولێـر و خانەقیـن و دەرکردنـی خەڵکـە ڕەسـەنەکەی و هەروەهـا پرۆسـەی تاوانەکانـی ئەنفـال و کیمیـا بارانکـردن و تێکدانـی گونـدەکان و ڕاگواسـتنەوەی زۆرەملێـی دانیشـتوانەکەی بـۆ ئـۆردوگاکان، لـە نیـوەی دوایـی سـاڵانی سـەدەی ڕابـردوودا، لەلایـەن ڕژێمـە یـەك لـە دوای یەکەکانـی عێـراق. لـەم ساڵانەی دوایـی شـەڕی گروپـە توندئاژۆکان و ئاینزاشـی(مەزهەبی) هاتـە سـەر. هـۆکاری سـەرەکی بـوون بـۆ فراوانبـوون و زۆربوونـی ژمـارەی دانیشـتوانی شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان و کەمبوونـەوەی دانیشـتوانی گونـدەکان.

بـۆ ڕاگرتنـی فراوانبوونـی هەڕەمەکـی شـارەکان، پێویسـتە ڕەچـاوی ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە بکرێـت:

١.دروسـتکردنی پشـتێنەیی سـەوز بـە دەوری شـارەکان، بـۆ ڕاگرتنـی فراوانبوونـی ئاسـۆیی، چونکـە ئەگـەر ڕێگـری نەکرێـت، فراوانبوونـی هەڕەمەکـی مەترسـی لەسـەر ناوچـە کشـتوکاڵییە بەرهەمهێنـەکان زیـاددەکات.

٢.دامەزراندنـی شـاری نـوێ و هاوچـەرخ بەپێـی پێویسـت، لـە دەوروبـەری شـارەکان، بـە شـێوەیەکی نەخشـە بـۆ دارێـژراو.

٣.پەیڕەوکردنـی بنیادنانـی سـتوونی، بـە دروسـتکردنی باڵەخانـەی نیشـتەجێبوون.

**زانیاری:**

تێکرای زۆربوونی سالانەی دانیشتوانی عێراق (٢،٦ ٪)، ئەم ڕێژەیە بەرزە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر. هەرچەندە ئەو ڕێژەیە لەم دە ساڵەی دواییدا لە پاشەکشە دایە، دە ساڵ لەمەوبەر ڕێژەکە (٣،٣ ٪) بوو، ئێستا بۆ (٢،٦ ٪) دابەزیوە. چاوەڕواندەکرێت ئەو ڕێژەیە لەماوەی (٥ ـ ١٠) ساڵی داهاتوو زیاتر دابەزێت و بگاتە (٢٪).

**زانیاری:**

ئاماری ساڵی (٢٠٢١ز)

- ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای بەغدا نزیکەی (٨) ملیۆن کەس.
- ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای نەینەوا نزیکەی (٤) ملیۆن کەس.
- ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای بەسرە نزیکەی (٣) ملیۆن کەس.
- ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی نزیکەی (٢،٣٥٠) ملیۆن کەس.
- ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای زیقار نزیکەی (٢،٢٥٠) ملیۆن کەس.
- ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای بابل نزیکەی (٢،٢٠٠) ملیۆن کەس.
- ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر نزیکەی (٢) ملیۆن کەس.

**چالاکی:**

قوتابییان بە گروپ پرسیار دروستبکەن دەربارەی هۆکارەکانی فراوانبوونی شارەکانی عێراق و ئاراستەکردنی بۆ گروپی بەرامبەر، وەڵامەکان لەسەر وایت بۆرد بنووسرێت.

**هەڵسەنگاندن:**

١- هۆکارەکانی گەشەی دانیشتوان لە عێراق چییە ؟

٢- بۆراگرتنی فراوانبوونی هەرەمەکی شارەکان خاڵێك بلێ ؟

٣- ڕێژەی تێکڕای زیادبوونی سالانەی دانیشتوانی عێراق چەندە ؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ژیر... فراوانبوونی شوێنی نیشتەجێبوون بەبێ پلان کاریگەری نەرێنی بە دواوە دێت، دەتوانی چەند کاریگەریەکی نەرێنی بنووسی و ڕوونیانبکاتەوە ؟

# بەشی دووەم

## جوگرافیای هەرێمی کوردستان - عێراق



## نەخشەی کارگێڕی هەرێمی کوردستان - عێراق



# بەندی سێیەم:

## جوگرافیای سروشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

ئامانجی فێربوون:

**قوتابی:**

١- جیاوازی لەنێوان تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بکات.

٢- زنجیرە شاخەکانی هەرێمی کوردستان پۆلین بکات.

٣- کاریگەری پلەی گەرمی لەسەر ئاووهەوای هەرێم ڕوونبکاتەوە.

٤- هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە بۆ هۆکاری داباریبن لە هەرێم بکات.

٥- چارەسەر بدۆزرێتەوە بۆ ئەو گرفتانەی کە دووچاری خاکی هەرێم بوونەتەوە.

٦- جۆرەکانی ڕووەکی سروشتی هەرێمی کوردستان پۆلین بکات.

## وانەی یەکەم/

## چەمکی هەرێمی کوردستان:

دەستەواژەی کوردستان بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە سەردەمی سەلجوقیەکان لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەیەمی زاینیدا بەکارهاتووە، کاتێك سوڵتان سنجری سەلجوقی بەشێکی هەرێمی چیانشینی کوردانی جیاکردەوە و ناوی (کوردستان)ی لێنا. پاش سەرهەڵدانی زاراوەی کوردستان و بڵاوبوونەوەی، توێژەر و نووسەرو دەزگا زانسییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە مەبەست لە زاراوەی کوردستان واتە خاك و نیشتمانی گەلی کوردستانە.

دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهان و بە پێی بەرژەوەندی چەند دەوڵەتێکی گەورە، دەوڵەتی عێراق لە ساڵی(١٩٢١ز) دروستکراو بەشێکی کوردستان بەو دەوڵەتە لکێنرا، لەدوای ساڵانی ١٩٩١ دەستەواژەی هەرێمی کوردستانی عێراق کە دەستەواژەیەکی تازەیە بە کردەوە سەریهەڵدا.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق، دەبینین چەندین جیاکەرەوە و تایبەتمەندی سروشتی و مرۆیی هەن وادەکەن هەرێمێکی جوگرافی تەواو جیاواز بێت لە هەرێمەکانی دیکەی عێراق، دیارترین ئەو تایبەتمەندی و جیاوازیانەش ئەمانەن:

١- هەرێمی کوردستان هەموو سیمایەکی ژیانی مرۆیی تێدایە، نیشتمانی کوردانە و زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی کوردن، کەمینەی تورکمان و عەرەب کلدان و سریان و ئاشوریشی تێدا هەیە.

٢- لە هەرێمەکانی دیکەی عێراق جیاوازە, بەوەی لە پاڵ دۆڵی قوڵ و گرد و دەشتی فراواندا، زنجیرە چیای بڵندیشی تێدایە.

٣- لە ڕووی ئاووهەواوە، تاکە هەرێمی عێراقە ئاووهەوایەکی شێدار و نیمچە وشکی هەیە, لە کاتێکدا ئاووهەوای وشك بەسەر هەرێمەکانی دیکەی عێراق زاڵە، ئەمە جگە لە زۆری بڕی بارانبارین، تاکە هەرێمیشە بەفری لێ دەبارێ.

٤- لە ڕووی داهاتی ئاوەوە، هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمە کە ئاوەڕۆی چوار وەرزە پێکدێنێ و بە کانیاو و ئاوی ژێر زەوی دەوڵەمەندە و لەگەڵ هەبوونی چەندین تاقگە.

٥-لەڕووی ئابوورییەوە، هەرێمێکە ئابوورییەکی کشتوکاڵیی باشی هەیە و پشت ئەستوورە بە کشتوکاڵی دێمی، لە سۆنگەی هەمەجۆری ژینگەی سروشتەوە بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیش جۆراوجۆرن وەك گەنم، جۆ، برنج، توتن و .... هتد.

٦- هەرێمی کوردستان بە سروشتە جوانەکانی بووەتە شوێنێکی گەشتیاری بەناوبانگ جیاواز لەگەڵ عێراقدا و لەم ڕووەوە پێگەی خۆی هەیە، لە تەواوی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

## شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان:

شوێنی جوگرافی گرنگییەکی کاریگەر و بەرچاوی هەیە، چونکە دیاریکردنی هەر ناوچەیەك، یان هەرێمێك یان دەوڵەتێك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە هۆکاری هێزە بۆ دەوڵەت یان هەرێم، رووبەری هەرێمی کوردستان دەگاتە دەوروبەری (٩٠٠٠٠کم٢)، کە دەکاتە زیاتر لە ٢٠٪ ی سەرجەم رووبەری عێراق.

سنوورە نێودەوڵەتییەکەی لە خۆرهەڵات ئێرانە و لە باکور تورکیایە و لە باکوری خۆرئاوا سورِیایە، وەك هەرێمێکی سەربەخۆ سنووری باشوریشی وڵاتی عێراقە.

هەرێمی کوردستان لەنێوان دوو بازنەی پانی (٣٣° - ٣٧°) باکوری هێڵی یەکسان و هەردوو هێڵی درێژی (٤١° - ٤٦°) خۆرهەڵاتی هێڵی گرینج دایە.



### چالاکی:

مامۆستای بەرِێز لەسەر وایت بۆرد خشتەیەك دروستبکە قوتابییان جیاوازییەکان لە نێوان تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان و جیاوازییەکانی لەگەڵ عێراق بڵێن .

### هەڵسەنگاندن:

١- لەسەر نەخشەی عێراق شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان دیاری بکە.

٢- گرنگی شوێنی جوگرافی هەرێم چییە؟ کاریگەری لەسەر لایەنی رامیاری و ئابووری و کەلتوری چییە؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ئازیز بە هاوکاری خێزانەکەت دیاریکردنی هێڵی پانی (٣٦°) لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٩١ز) چ سوودێکی بۆ هەرێمی کوردستان هەبوو ؟


تورکیا
سوریا
ئێران
N
S
E
W
دهۆک
موسڵ
هەولێر
سلێمانی
کەرکوک
هەڵەبجە
تکریت
بەعقوبە
بەغدا
نەخشەی
کارگێری هەرێمی کوردستانی عێراق
ساڵی ٢٠٢٠
تێبینی : سنووری پارێزگای کەرکوک پێش دابەشبوونی ساڵی ١٩٧٦
سنووری نێودەوڵەتی
سنووری هەرێم
سنووری پارێزگا
سنووری قەزا
سەنتەری هەرێم
سەنتەری پارێزگا
سەنتەری قەزا
ڕووبار
دەریاچە
1:2600 000
0 30 60 90 km

## وانەی دووەم/

## بەرز و نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان

شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان کاری کردووەتە سەر ڕواڵەتی بەرز و نزمی ڕووی زەوی و خاکەکەی، ئەمەش ڕواڵەتێکی ئەو هۆکارە جیۆلۆجیانەیە کە یەك بەدوای یەك بەسەر ئەم پارچەیەی گۆی زەویدا هاتوون.

دەتوانین ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان دابەشبکەین بۆ دوو هەرێمی سەرەکی (هەرێمی شاخاوی و هەرێمی نیمچەشاخاوی).

### یەکەم: هەرێمی شاخاوی:

ڕووبەری ئەم ناوچەیە دەگاتە (٢٣٠٠٠کم٢)، کە دەکاتە (٢٧٪)ی ڕووبەری هەرێمی کوردستان و باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، چیاکانی بڵند و سەرکەشن و بەرزییان لەنێوان (١٠٠٠- ٣٦٠٠م) دایە، زۆربەی چیاکانی ئەم بەشە بە پێچی زۆر تیژ و نشێوی ڕك ناسراون.



نەخشەی بەرزی و نزمی هەرێمی کوردستان



**دەتوانرێـت ناوچـەی شـاخاوی لەسـەر بنەمـای بـەرزی و پێکهاتـەی جیۆلۆجـی بکرێتـە دوو زنجیـرە شـاخ:**

**أ- زنجیرە شاخە پێچ ئاڵۆزەکان:**

ئـەم زنجیرەیـە دەکەوێتـە باکـور و باکـوری خۆرهـەڵات و بەرزاییـان لـە نێـوان(٢١٠٠- ٣٦٠٠م)، پێچەکانـی ئـەم ناوچەیـە بـەزۆری لوتکـە و سـەختی و نشـێوی لاکانـی ناسـراون، بەشـێوەیەك پێچەکانیـان لێـك نزیـك دەبنـەوە، بەمـەش دۆڵـەکان زۆر تەنـگ دەبنـەوە، ئـەوەی سـەختی ناوچەکـەی زیاتـر کـردووە کاریگـەری تونـدی هۆکارەکانـی داماڵینـە بەهـۆی داباریـنـەوە، لـە چیاکانـی ئـەم ناوچەیـە( ئاشـیتە و مەهرنـار و سـەرمەیدان) لـە نزیـك سـنووری عێـراق و تورکیـا، چیاکانـی (قەندیـل و هەورامـان) لـە نزیـك سـنووری عێـراق و ئێـران و هەروەهـا چیـای حەسارۆسـت کـە بەرزتریـن لوتکـەی چیـای (هەڵگـورد)ە بـە (٣٦٠٧) مەتـر بەرزتریـن لوتکەیـە لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان و عێراقـدا.



وێنەی لوتکە چیای هەڵگورد

## ب- زنجیرە شاخە پێچ سادەکان:

ئـەم ناوچەیـە دەکەوێتـە باشـوری ناوچـەی زنجیـرە پێـچ ئاڵـۆزەکان و بەرزایـی چیاکانـی لەنێـوان (١٠٠٠ - ٢١٠٠م) دایـە، چیاکانـی ئـەو ناوچەیـە کەوتوونەتـە ژێـر کاریگـەری ڕاماڵین(التعریە) و داماڵین(التجویە)، بۆیە بە کەمی پێچ و چەمانەوەی چینە بەردییەکانی جیادەکرێنـەوە و وایکـردووە زنجیـرە چیاکانـی بەشـێوەیەکی ڕوونتـر بـەدەر بکـەون. لـە زنجیـرە چیاکانـی ناوچـەی پێـچ سـادەکان کـە سـنوری باکـوری ناوچەکـەی پێکهێنـاوە بریتییـە لـە زنجیـرە چیاکانـی(گارە، پێـرس، خێـرێ، پیـران، هەریـر، دابـان، ئەزمـەڕ و گۆیـژە)، هێڵـی دووەمیـش کـە هێڵـی جیاکـەرەوەی نێـوان سـنووری سروشـتی هەرێمـی شـاخاوی و نیمچـە شـاخاویە و گرنگتریـن چیاکانـی بریتیـن لـە چیـای (بێخێـر، ئاکـرێ، پیرمـام، سـەفین، هەیبـەت سـوڵتان، بازیـان، بەمـۆ، گڵـەزەردە، قـەرەداغ و زەردەداغ). سـەیری نەخشـەی بـەرزی نزمـی هەرێمـی کوردسـتان لەلاپـەڕە (١٧٨) بکـە.



وێنەی چیای سەفین

**لە هەرێمی شاخاوی ژمارەیەك دەشت و بان(الهضبة) هەیە:**

**- دەشتەكان:**

لە هەرێمی شاخاوی ژمارەیەك دەشت هەیە كە هەندێكیان لە دەشتە هەرە بەناوبانگەكانن، چونكە بونەتە مەڵبەندی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە ناوچەكە و هەروەها بەرچاوترین ناوچەی كشتوكاڵیشن، لە گرنگترین ئەم دەشتانە:
(دەشتی شارەزوور، بازیان، بیتوێن لە سلێمانی، دەشتی هەریر و باتاس لە هەولێر، دەشتی زاخۆ(سەندی) لە دهۆك.

**- بانەكان:**

هەرێمی شاخاوی ڕووبەرێكی فراوان لە بانی تێدایە، لە گرنگترین بانەكانی ئەم ناوچەیە:

**١- بانی پێنجوین:** ئەم بانە كەوتووەتە قەزای پێنجوین لە باكوری پارێزگای سلێمانی، گەورەترین بانی ناوچەی شاخاوییە، و لە هەموو لایەكەوە بە چیا دەورەدراوە، بەشێوەیەكی سنووردار كشتوكاڵی لێدەكرێت، بەڵام لەوەڕگایەكی دەوڵەمەندی هەیە.

**٢- بانی بەرزنجە:** دەكەوێتە پارێزگای سلێمانی، سنورەكەی لە خۆرهەڵات دەگاتە چیای هەورامان و لە باشوریش تا دەشتی شارەزوور درێژ دەبێتەوە.

**٣- بانی شەرەبۆت:** دەكەوێتە قەزای دەشتی هەولێر، لە پارێزگای هەولێر، بەرزی بانەكە لە نێوان (٥٠٠ - ١٠٠٠م)دایە.

**٤- بانی كواندۆ:** ئەم بانە دەكەوێتە پارێزگای دهۆك لەنێوان سنوری هەرێمی كوردستان و توركیاوە، قەد پاڵی نشێو و ڕك دەوریان داوە كە زۆربەی مانگەكانی زستان و بەهار بە بەفر داپۆشراون.

### چالاكی ناوپۆل:

قوتابییان بە گروپ ئەمانە بۆ زنجیرە شاخەكانیان پۆلین بكەنەوە:

زنجیرە شاخە پێچ ئاڵۆزەكان        زنجیرە شاخە پێچ سادەكان

دواتر گروپەكان باسی دەشت و بانەكانی هەرێمی شاخاوی بكەن.

### هەڵسەنگاندن:

١-ڕوی زەوی هەرێمی كوردستان دابەشی چەند هەرێم دەبێت.

٢-بانی بەرزەنجە دەكەوێتە چ پارێزگایەك؟

٣-زنجیرە شاخە پێچ سادەكان بەرزییان چەندە؟

### چالاكی ماڵەوە:

قوتابی زیرەك بە چ ڕێگایەك دەتوانرێت ڕێگای هاتووچۆ لە نێوان ئەم زنجیرە چیایانە كورت و خێرا بكەینەوە ؟ بیرۆكەی نوێ بنووسە بە ئارەزووی خۆت.



بانی پێنجوین

## دووەم: هەرێمی نیمچە شاخاوی:

ڕووبەری ئەم ناوچەیە دەگاتە (٦٧٠٠٠کم٢) کە دەکاتە (٧٣٪)ی ڕووبەری هەرێمی کوردستان، سنووری باکوری ئەم هەرێمە هەمان ئەو زنجیرە چیایانەیە کە سنووری باشوری ناوچە شاخاوییەکان پێکدەهێنن، بەلام بەشی باشوری سنوورەکەی دەگاتە چیاکانی(شەنگال، شێخ ئیبراهیم، مەکحول و زنجیرەی حەمرین). سەر ڕووی هەرێمی نیمچە شاخاوی پێکهاتووە لە زنجیرە چیای نزم و وێکچوو، کۆمەڵێك بان و دەشتی فراوان لەنێوان زنجیرەکان درێژبوونەتەوە.

**زانیاری:**

بە هۆی جیاوازی زۆری سروشتی بەرزونزمی ناوچەکە دەتوانرێت ڕووەکەی دابەش بکرێتە سێ بەش:

### أ- زنجیرەی گردەکان:

لە باکوری خۆرئاوا بە ئاراستەی باشوری خۆرهەلات درێژ دەبنەوە و زۆربەی زنجیرەکان بەرزاییان لە نێوان (٤٠٠ - ١٠٠٠م) دایە، ناوچەی سەخت نین و لێژیان کەمە و بێ ڕووەکن، لە زنجیرەکانی ئەم ناوچەیە (کانی دوملان و قەرەچوغ).

### ب- دەشتەکان:

دەشتەکانی ئەم ناوچەیە لە ڕاستیدا بریتین لە پێچی لاربۆوە، هۆکارەکانی ڕامالین و داماڵین پڕی کردوون لە چینێکی ئەستوور لە نیشتەنی لم.

هەندێکیان لە دەشتە هەرە باشەکانی کشتوکاڵ ئەژماردەکرێن لەوانە: (دەشتی هەولێر، دەشتی دیبەگە، دەشتی شەنگال و دەشتی حەمرین).

### جـ- بانەکان:

هەرێمی نیمچە شاخاوی ژمارەیەك بان لەخۆدەگرێت، لە گرنگترین بانەکانی ئەم ناوچەیە بریتین لە:

١- بانی کەرکوك: لە نزیك ڕووباری سیروانەوە دەستپێدەکات و بەرەو باکوری خۆرئاوا درێژدەبێتەوە تا دەگاتە دەشتی هەولێر، لە خۆرهەلاتەوە دەگاتە بانی مەقان کە هەمان درێژکراوەی بانی کەرکوکە.

٢- بانی موسڵ: ئەم بانە کەوتووەتە باکوری خۆرئاوای هەرێمی نیمچە شاخاوی، لە خۆرهەلاتییەوە زێی گەورە و لە خۆرئاوایەوە چیای شەنگال و ئیبراهیم و عەتشان دەوریانداوە.

### چالاکی:

مامۆستای بەڕێز لەڕێگای نەخشە هەرێمی نیمچە شاخاوی بۆ قوتابییان ڕوونبکەوە، دواتر قوتابییان زنجیرە شاخەکان لەسەر نەخشەکە دیاربیکەن لەگەڵ زنجیرەی گردەکان و دەشتەکان و بانەکانی هەرێمی نیمچە شاخاوی.

### هەڵسەنگاندن:

١-ڕووبەری نیمچە شاخاوی لەسەدا چەندی هەرێمی کوردستانە؟

٢-باشترین دەشتەکانی هەرێمی کوردستان کامانەن؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ژیر زۆرجار بە هۆکاری بارانی بەخور ڕێگای قەدپالی شاخەکان مەترسییان هەیە بەهۆی کەوتنی بەردی گەورە چ بیرۆکەیەکت هەیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ؟

ئەو بۆشاییانەی خوارەوە بەبەکارهێنانی ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە پڕبکەوە؟

| | | |
|---|---|---|
| ئێران | هەرێمی شاخاوی | حەسارۆست |
| دامالین | ٣٣° - ٣٧° | زنجیرەی گردەکان |

١- هەرێمی کوردستان لە نێوان دوو بازنەی پانی ..............................

٢- ..............................بەرزترین لوتکە چیای هەڵگوردە.

٣- سنوری هەرێمی کوردستان لە خۆرهەڵاتی وڵاتی........................ ە.

٤- ..............................ناوچەی سەخت نین و لێژییان کەمە و بێ ڕووەکن.

٥- زۆربەی چیاکانی هەرێمی کوردستان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری.................... .

٦- ..............................٢٧٪ ڕووبەری هەرێمی کوردستانە.

## وانەی سێیەم/

## ئاووهەوای هەرێمی کوردستان

ئاووهەوا یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر:

١- ڕووی زەوی لە ڕووی جۆر و دابەشبوونی جوگرافی.

٢- ڕووپۆشی ڕووەکی.

٣- ئاژەڵ و جیاوازی خاك.

٤- کشتوکاڵ و چالاکی مرۆیی.

ئەم کاریگەریەش جیاوازە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

گرنگی لێکدانەوەی ئاووهەوای هەرێمی کوردستان لەسەر تایبەتمەندییەکەی و لەژێر کاریگەری ئەو هۆکارانەیە کە کار لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا دەکەن، گرنگترین ئەو هۆکارانەش ئەمانەن:



**١- شوێن بە گوێرەی بازنەکانی پانی:**

هەرێم کەوتۆتە نێوان بازنەکانی پانی (٥٣٣ - ٥٣٧) پلە باکوری گۆی زەوی، ئەم هەڵکەوتەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەرپرسە لەمانەی خوارەوە:

أ- جیاوازی نێوان بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمای ساڵانەی تۆمارکراو.

ب- دەرکەوتنی چوار وەرزەی ساڵ.

جـ- دەرکەوتنی دیاردەی بارانی وەرزی(الأمگار الموسمیە) (باران بارین لە نیوەی زستان و هاوینی وشك) بە شێوەیەکی گشتی.

**٢- شوێن بە گوێرەی بەرز و نزمی ڕووی زەوی:**

دابەشبوونی ڕووی سەر زەوی هەرێمی کوردستان بۆ چەند یەکەیەکی بەرزونزمی (هەرێمی شاخاوی و نیمچە شاخاوی) کاریگەری تەواوی کردۆتە سەر بارودۆخی ئاووهەوا، بە شێوەیەك تاوەکو لە باشور و باشوری خۆرئاوا بەرەو باکور و باکوری خۆرهەڵات بڕۆین بەرزی لەسەر ئاستی ڕووی دەریا زیاددەکات، کە ئەمەش ئاڕاستەی بەدیارکەوتنی زۆری دابارینە، سەبارەت بە پلەکانی گەرما بە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیە بەرەو نزمبوونەوە دەچێت.

**٣- شوێن بە گوێرەی دەریاو زەریاکان:**

هەرێمی کوردستانی عێراق شوێنێکی کیشوەری دوورە ئاوی هەیە، واتە هەرێم ڕاستەوخۆ ناڕوانێت بەسەر هیچ دەریایەکدا، هەرچەندە هەرێم کەوتۆتە نێوان پێنج ڕووبەری ئاوییەوە، بەڵام لە نێو ئەو ڕووبەرە ئاویيانەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەش ئاووهەوای هەرێم هەیە بە پلەی یەکەم دەریای ناوەڕاستە، و بە پلەی دووەم کەنداوی عەرەبییە، ئەویش لە ڕێگای ئەو بایە فێنك و شێدارەی کە لە کەشی ساردا کاریگەرییەکەی دەگاتە باشوری هەرێم و هەندێجار دەگاتە ناوەڕاستەکەی.

**٤-نەوراییەکانی کەشوهەوا (پاڵەپەستۆی نزم):**

بڕی داباران و وەرزی دابارین و درێژی ماوەی دابارین بەشێوەیەکی گشتی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ژمارە و جۆر و قوڵی نزمە هەواکان(ألأعاصير)کەبەهەرێمدا تێدەپەڕن، ئەمەش کاریگەری ڕاستەخۆ دەکەنە سەر کەش و ئاووهەوای هەرێم.

**٥- تۆپەڵە هەواییەکان(بارستە هەوا):**

هەرێمی کوردستان هەندێجار دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندەها بارستە هەوا، لەوانە بارستە هەوای(جەمسەرییە کیشوەرییەکان، جەمسەرییە دەریاییەکان، خولگەییە کیشوەرییەکان و خولگەییە دەریاییەکان) ئەمانە بەگشتی کاریگەری و ڕۆڵیان هەیە لەسەر کەش و هەوای هەرێمی کوردستان.

**چالاکی:**

مامۆستای بەڕێز بەشێوازی پێشبڕکێ با قوتابییان بەگروپ شیکردنەوە بکەن بۆ هۆکارێك لە هۆکارانەی کە کار لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوای هەرێم دەکەن، دواتر هەمان گروپ پرسیار دروست دەکەن و ئاراستەی گروپەکانی دیکەی دەکەن، ئەو گروپەی وەڵامی زۆرترین پرسیاری دایەوە بە گروپی سەرکەوتوو دادەنرێت.

**هەڵسەنگاندن:**


١- ئاووهەوا کاریگەری لەسەر چی هەیە؟

٢- هەرێمی کوردستان دەکەوێتە چ بازنەیەکی پانی؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ئازیز کەش و ئاووهەوای گۆی زەوی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە, لەوانەیە هەندێ ساڵ هەرێمی کوردستان دووچاری وشکە ساڵی بێتەوە, بێگومان کاریگەری نەرێنی دەبێت لە هەموو ڕوویێکەوە, چ بیرۆکەیەکت هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییە کە بەهۆی نەرێنیانەی وشکە ساڵی پەیدادەبن؟

## نەخشەی ئاووهەوا لە هەرێمی کوردستان



## بارودۆخی ئاووهەوا لە هەرێمی کوردستانی عێراق:

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی زۆر بەرفراوان نییە و کەوتۆتە نێوان زیاتر لە سێ بازنەی پانییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند هەرێمێکی ئاووهەوای تێدا دەرکەوتووە. بۆئەوەی لە بارودۆخی ئاووهەوای هەرێم تێبگەین پێویستە بە وردی باس لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئاووهەوا (پلەی گەرما، دابارین، با) بکەین.

### یەکەم: پلەی گەرما:

پلەی گەرما یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئاووهەوا، ئەم ڕەگەزەش کاریگەری زۆر و گرنگی لەسەر دیاردەکانی ژیان هەیە لەسەر زەوی و هەروەها کار لە ڕەگەزەکانی تری ئاووهەوا دەکات.

تێکرای پلەی گەرمای هەرێم لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە مانگێك بۆ مانگێکی تر جیاوازە, چونکە تێکرای پلەی گەرمی ناوچە دەشتاییەکان جیاوازە لەگەڵ ناوچە چیاییەکان و پلەی گەرمی وەرزی زستان جیاوازە لە پلەی گەرمی وەرزی هاوین.

لە خوارەوە باس لە تایبەتمەندییەکانی پلەی گەرمای وەرزی زستان و وەرزی هاوین دەکەین:

### بارودۆخی پلەی گەرما لە وەرزی زستاندا:

مانگەکانی (کانونی یەکەم، کانونی دووەم، شوبات) لە خۆ دەگرێ، تێکرای پلەی گەرمی مانگی کانوونی دووەم کە ساردترین مانگی ساڵە لە هەرێمدا لە نێوان (-١٥) پلەی سەدی دایە لە وێستگەی پێنجوین و (١٠) پلەی سەدیە لە وێستگەی خانەقین، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پلەی گەرمی لە هەمان مانگدا لە نێوان دوو وێستگەی جیاوازی هەرێمدا زیاترە لە (٢٥) پلەی سەدی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی:

١- **بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریا:** چەند بەرەو باکور و باکوری خۆرهەڵات بچین ئاستی ڕووی زەوی بەرز و بڵندتر دەبێت.

٢- **دووری لە هێڵی یەکسانی:** چەندی بەرەو باکور بڕۆین لە هێڵی کەمەرەی زەوی دوور دەکەوینەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کورتی ڕۆژ لە نیوەی زستانی ساڵ و کەمبوونەوەی گۆشەی تیشکی خۆر.

**بە گشتی نزمی پلەی گەرمی هەرێمی کوردستان لەم مانگەدا دەگەڕێتەوە بۆ:**

أ- زۆری لاری بەرکەوتنی تیشکی خۆر.

ب- درێژی شەو و کورتی ڕۆژ.

ج- هاتنی تۆپەڵە هەوای سارد و زۆری شێی ڕێژەیی.

د-بوونی هەوری کەڵەکە بوو کە ڕێگریدەکات لە گەیشتنی تیشکی خۆر بۆ سەر زەوی.

**بارودۆخی پلەی گەرما لە وەرزی هاوین:**

مانگەکانی (حوزەیران، تەموز، ئاب) لە خۆ دەگرێت، و تێکڕای پلەی گەرمی مانگی تەموز کە گەرمترین مانگی ساڵە لە هەرێمی کوردستان لە زۆربەی ناوچەکاندا زیاترە لە (٣٠) پلەی سەدی.

گرنگترین هۆیەکانی بەرزی پلەی گەرمی هەرێم لەم وەرزەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

أ- کەمی لاربوونەوەی گۆشەی کەوتنی تیشکی خۆر.

ب- کورتی شەو و درێژی ڕۆژ و ساماڵی ئاسمان و هاتنی تۆپەڵەی هەوای کیشوەری وشك و گەرم کە لەم وەرزەدا هەرێم دەگرێتەوە.

ئاووهەوای هەرێم لە ڕووی گەرماوە تایبەتمەندیەکی تری هەیە ئەویش تایبەتمەندی ئاووهەوای کیشوەریە کە بە هەبوونی مەودای گەرمی زۆری ساڵانە خۆی دەنوێنێ و لە (٢٥) پلەی سەدی زیاترە لە هەموو وێستگەکانی هەرێم.



خشتەی ژمارە (١)

## تێکڕای پلەی گەرمای مانگانە و ساڵانە لە چەند وێستگەیەکی هەرێمی کوردستاندا

| مانگ/ وێستگە | هەولێر | سلیمانی | کەرکوك | پێنجوین | خانەقین |
|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | ٨,٢ | ٣,٢ | ٨,٤ | ١,٩- | ٩,٩ |
| شوبات | ٩ | ٥,٣ | ١٠,٢ | ٠,٧- | ١١,٥ |
| ئازار | ١٣,١ | ١٠,٢ | ١٣,٧ | ٨,٤ | ١٥,٥ |
| نیسان | ١٨,٧ | ١٥,٣ | ١٩,٢ | ١٠,٥ | ٢٠,٥ |
| ئایار | ٢٥,٧ | ٢١,٣ | ٢٦,٣ | ١٥ | ٢٧,٥ |
| حوزەیران | ٣١,٥ | ٢٨,٦ | ٣٢,٢ | ٢٢,٩ | ٣٢,١ |
| تەمووز | ٣٥ | ٣٢ | ٣٥,٢ | ٢٦,٥ | ٣٥ |
| ئاب | ٣٤ | ٣١,٩ | ٣٤,٧ | ٢٥,٦ | ٣٤,٨ |
| ئەیلول | ٢٩,٧ | ٢٧,٥ | ٣٠,٤ | ٢٠,٢ | ٣٠,٤ |
| تشرینی یەکەم | ٢٣,٥ | ٢١,١ | ٢٤ | ١٦,١ | ٢٤ |
| تشرینی دووەم | ١٥,٤ | ١٢,٨ | ١٦,٦ | ٥,٤ | ١٦,٣ |
| کانونی یەکەم | ٩,٩ | ٦,١ | ١٠,٦ | ٠,٤ | ١٠,٨ |
| تێکڕای ساڵانە | ٢١,١ | ١٧,٩ | ٢١,٨ | ١٢,٤ | ٢٢,٤ |

هەروەها پێویستە ئاماژە بە هەبوونی دوو وەرزی مامناوەند لە پلەی گەرمیدا بکەین لە هەرێمی کوردستان کە وەرزی بەهار و پایزن، بەهۆی تایبەتمەندی کەش ئاووهەواکەیەوە بۆ ژیان زۆر لەبار و گونجاوە.

**چالاكی ناوپۆل:**

قوتابییـان بـە گـرۆپ لێكۆڵینـەوە بكـەن بـۆ كاریگـەری پلـەی گەرمـی لەسـەر ئاووهـەوای هەرێـم, دواتـر هـەر قوتابییـەك بـە تەنها هۆكارەكانـی بـەرزی پلـەی گەرمـی لـە مانگـی تەمـووز و نزمـی پلـەی گەرمـی لـە مانگـی كانوونـی دووەم بنووسـێت و لەسـەر كاغەزێـك و لەسـەر دیـوار هەڵیواسـێت, دواتـر گفتوگـۆی دەربارەبكـەن.

**هەڵسەنگاندن:**

قوتابییان پرسیاری هەڵسەنگاندن بوروژێنن و ئاڕاستەی یەكتری بكەن.

**چالاكی ماڵەوە:**

قوتابـی ژێـر پلـەی گەرمـی لەسـەر گـۆی زەوی لـە وەرزی هاوینـدا لـە جیهـان بـە گشـتی و لـە عێـراق و هەرێمـی كوردسـتان بـە تایبەتـی، لـە بەرزبوونەوەدایـە، هـۆكاری ئـەم بەرزبوونەوەیـە بـۆ چـی دەگەڕێتـەوە و چارەسـەری چییـە ؟

## دووەم: داباریـن:


جیاوازییەکـی زۆر هەیە لەنێـوان بـڕی داباریـن و جـۆری داباریـن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا، لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی دیکـە، و لـە مانگێکـەوە بـۆ مانگێکـی دیکـە، ئـەم تێبینییانـەی خـوارەوە جـۆر و بـڕی داباریـن لـە هەرێمـی کوردسـتان نیشـاندەدات:

١- ئـەو نزمـە هەواییانـەی کـە لـە دەریـای ناوەڕاسـتەوە دێـن هـۆکاری سـەرەکی داباریـنن لـە هەرێمـدا، بـە هەمـوو جـۆر و شـێوەکانییەوە(باران، بەفـر، تەزرە-تـەرزە).

٢- تێکـڕای بـاران باریـن لـە هەرێمـی کوردسـتاندا دەگاتـە دەوروبـەری (٦٠٠)ملـم لـە سـاڵێکدا، بـەڵام ئـەم ڕێـژە لـە هەمـوو وێسـتگەکان وەك یـەك نییە و کـەم وزیـاد دەکات لـە ناوچەیەکەوە بـۆ ناوچەیەکـی دیکـە، بەگشـتی تێکـڕای بـاران بارینـی سـاڵانە لـە وێسـتگەکانی هەرێمـی شـاخاوی بـەرز دەبێتـەوە بـۆ دەوروبـەری (٨٠٠)ملـم، بـەڵام لـەو وێسـتگانەی کەوتوونەتـە هەرێمـی نیمچـە شـاخاوی و بەشـەکانی باشـوری هەرێـم دادەبـەزێ بـۆ (٤٠٠)ملـم، ئەمـەش نیشـانەی ئەوەیـە کـە بـاران لـە هەرێمـی شـاخاوی زیاتـر لـە دوو ئەوەنـدەی هەرێمـی نیمچـە شـاخاوییە، سـەرەڕای ئـەوەی لـە وێستگەکانیشـدا جیـاوازی زۆر هەیـە، بـۆ نمونـە بەرزتریـن بـڕی بـاران لـە پێنجوێنـە کـە دەگاتـە (١١٢٥)ملم و نزمتریـن بـڕی بـاران لـە وێسـتگەی خانەقیـن دایـە کـە دەگاتـە (٣٢٨)ملم.

٣- بەفرباریـن بـە پلـەی یەکـەم تایبەتـە بـە هەرێمـی شـاخاوی و لـە مانگەکانـی زسـتاندا (کانونـی یەکـەم و کانونـی دووەم و شـوبات) دەبارێـت.

بـە گشـتی لوتکـەی چیـا بڵنـد و بنارەکانـی باکـور لـە هەمـوو ناوچەکانـی تـری هەرێمـی کوردسـتان بـە بەفـر تـرن.


نەخشەی
هێڵی یەکسانی باران بارینی ساڵانەی
هەرێمی کوردستانی عیراق
(لە نێوان ساڵانی ) ١٩٤١ – ٢٠٢٠
زیاتر لە 800 ملم
700
600
500
400
300
200
کەمتر لە 200
1:2600 000
0 30 60 90 km
تورکیا
سوریا
ئێران
دهۆک
موسڵ
هەولێر
کەرکوک
سلێمانی
هەڵەبجە
تکریت
بەعقوبە
بەغدا
N
S
E
W

## سێیەم: با (الرياح):

بـا بـە ئاڕاسـتە و خێرایـی جیـاواز هەڵدەکاتـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان و تێکـڕای دووبـارە بوونـەوەی مانگانـە و وەرزانـە و سـاڵانەی جیـاوازە, دیـارە ئاڕاسـتەی بایـەکان پەیوەسـتە بـە دابەشـبوونی جوگرافیـای پاڵەپەسـتۆی هـەواو تێپەڕبوونـی نزمـە هەواییەکانـی کـە لـە دەریـای ناوەڕاسـتەوە دێـن.

لـە هەرێمـی کوردسـتاندا ئاڕاسـتەی بایـە بـاوەکان لـە وەرزی زسـتان و بەهـار بریتیـن لە(باکـوری خۆرهـەڵات، بـای باشـوری خۆرهـەڵات و بـای باشـور)، هەروەهـا بایـە باوەکانـی وەرزی هاویـن و پایـز بریتیـن لە(بـای باکـور و بـای باکـوری خۆرئـاوا و بـای خۆرئـاوا ).

تایبەتمەندیەکانـی ئـەو بایانـەی کـە بـە سـەر هەرێمـدا هەڵدەکـەن جیـاوازن بـە گوێـرەی جیـاوازی ئاڕاسـتە و ئـەو سـەرچاوانەی کـە لێیانـەوە دێـن، بـۆ نمونـە بـای باکـوری خۆرهـەڵات بایەکـی سـاردو وشـکە، بۆیـە لەکاتـی هەڵکردنیـدا کەشـێکی سـارد و وشـك هەسـت پێدەکـرێ, لەکاتێکـدا بـای باشـوری خۆرهـەڵات شـێدار و گەرمـە، هەروەهـا ئـەو بایـەی لـە خۆرئـاواوە لـە وەرزی هاوینـدا هەڵدەکاتـە سـەر هەرێـم، بایەکـی وشـك و گەرمـە و هەندێجـار تـۆزی لەگەڵدایـە.

لـە ناوچەکانـی هەرێمـی کوردسـتاندا چەنـد بایەکـی خۆجێـی هەڵـدەکات لەوانـە:

أ- شـنەی دۆڵ و چیـاکان: کـە لـە هەنـدێ ناوچـە شـاخاوییەکانی هەرێمـدا هەڵـدەکات.

ب- ڕەشـەبا: جۆرێکـی تـری بـای خۆجێیـە و لـە وەرزی هاویـن و زسـتاندا هەڵـدەکات بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێـك بـەردەوام دەبێـت، ئـەم بایـە زیاتـر بەسـەر حـەوزی سـلێمانیدا هەڵـدەکا. سـەیری نەخشـەی لاپـەڕە(١٩٤) بکـە.



## وانەی چوارەم/

## هەرێمەکانی ئاووهەوا لە هەرێمی کوردستان

ئاووهەوای هەرێم لە ڕووی گەرمی و دابارینەوە بۆ دوو هەرێم پۆلین دەکرێت:

**١- هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست (نیمچە شێدار):** ئەم هەرێمە ئاووهەوایە ڕووبەرێکی بچووك لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، کە بە گشتی دەکەوێتە ئەوپەڕی باکور و باکوری خۆرهەڵات، (واتە هەرێمی شاخاوی دەگرێتەوە). لە ڕووی پلەی گەرمییەوە بە زستانی زۆر سارد و هاوینی فێنك ناسراوە، لەڕووی دابارینەوە، ئەم هەرێمە تاکە هەرێمە بەفرێکی زۆری لێدەکەوێ، تێکڕای بارانی ساڵانەی زیاترە لە (٥٠٠) ملم، بۆیە بە هەرێمی بارانی مسۆگەر ناسراوە.

**٢- هەرێمی ئاووهەوای گەرمەسێر (نیمچە وشك):** بەشەکەی دیکەی هەرێمی کوردستان واتە (هەرێمی نیمچە شاخاوی و دەشتەکان) دەگرێتەوە، لە هاویندا پلەکانی گەرمای بەرزە و زستانەکەی کەمتر ساردە، کەمجار هەیە بەفری لێ بکەوێت، تێکڕای بارانی ساڵانەی کەمترە لە (٥٠٠)ملم، بۆیە ئەم هەرێمە ڕووبەڕووی هەرەشەی ووشکە ساڵی دەبێتەوە، و ناسراوە بە هەرێمی بارانی نامسۆگەر.

### چالاکی:

مامۆستای بەڕێز قوتابییان بە گروپ شیکردنەوە بۆ ئەم پرسیارانە بکەن:

١- هۆکاری دابارین لە هەرێمی کوردستان بۆ چی دەگەڕێتەوە ؟

٢- لەبەرچی تێکڕای ڕێژەی دابارین لە ناوچەشاخاوییەکان دوو هێندەی ناوچەی نیمچە شاخاوییەکانە ؟

٣- جیاوازی تایبەتمەندییەکانی بای باکوری خۆرهەڵات چییە لەگەڵ بای باشوری خۆرهەڵات ؟

### هەڵسەنگاندن:

١- بۆچی هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست بەم ناوە ناسراوە؟

٢- گرنگترین تایبەتمەندییە گشتییەکانی هەردوو هەرێمەکانی ئاووهەوا چین ؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابی ئازیز هەندێ ساڵ لە خۆرئاوا لە وەرزی هاویندا با هەڵدەکاتە سەر هەرێمی کوردستان و تۆز و خۆڵی لەگەڵ دایە کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر تەندروستی هاوڵاتیان هەبێ بۆ ئەم کێشەیە بە ئارەزووی خۆت پێنج بیرۆکەی چارەسەری بنووسە.

## وانەی پێنجەم/

## خاکی هەرێمی کوردستان

خاك تەنێکی سروشتکردی پەرەسەندووە, لە ئاکامی کردارەکانی کەشکاری و کارلێکە کیمیاوی و فیزیایی و زیندەگییەکانەوە دروستبووە، لە چینێکی تەنکی هەڵوەشاوە پێکدێت، کە تاوێرەکانی بەرگی بەردینی داپۆشیوە و ئەستورییەکەی لە چەند سانتیمەترێك، یان چەند مەترێك دایە.

گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە لە پێکهاتنی خاکی هەرێمی کوردستاندا کاریگەرییان هەیە ئەمانەن:

١- جیۆلۆجیای ناوچەکە و جۆری بەردەکان.

٢- بەرزی و نزمی.

٣- ئاووهەوا.

٤- ڕووەکی سروشتی

٥- ئادەمیزاد.



## خاسیەتەکانی خاکی هەرێمی کوردستان

خاکی هەرێمی کوردستان وەك هەر خاکێك لە دنیادا خەسڵەتی دیاریکراوی خۆی هەیە. لەبەرئەوەی بە شێوەیەك لە شێوەکان بەو هۆکارانە کاریگەربووە کە وایان لێکردووە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەبێ، لەبەر جیاوازی ئەو هۆکارانە، بەڵام هەموویان لە خەسڵەتە گشتییەکاندا هاوبەشن کە ئەمانەن:

١- نەبوونی کرداری بە خۆیی بوونی خاك (شۆرەکات)، تەنیا لە هەندێ جێگە نەبێ، نمونە وەك خاکی ناوچەی پردێ و دوزخورماتوو.

٢- زۆربەی خاکی دەشتەکانی هەرێمی کوردستان بریتییە لە تێکەڵەیەکی قوڕینی وورد.

٣- خاکی هەرێمی کوردستان مادەی ئەندامی تێدا کەمە بەهۆی کەمی ڕووەکی سروشتییەوە، هەرچەندە لە هەرێمی شاخاوییەکان زۆرترە وەك لە هەرێمی نیمچە شاخاوییەکان.

٤- خاکی ناوچەکە بە گشتی لە لوتکەی شاخەکاندا نییە، و لە لاپاڵی شاخەکاندا تەنکە و لە دامێنەکان ماماوەندیەو لەناو دۆڵەکان قوڵە بەهۆی کرداری ڕاماڵین و نیشتنەوە. سەیری نەخشەی لاپەڕە (١٩٤) بکە.

## گرفتەکانی خاك لە هەرێمی کوردستان

**١- داماڵین و ڕامالینی خاك:** خاکی هەرێمی کوردستان دوچاری داڕوتانی ئاوی یان داڕوتانی هەوایی دەبێتەوە، بەتایبەت داڕوتانی ئاوی، ئەمەش بەهۆی بەرزی تێکرای بارانبارین، کە وادەکات پێکهاتەکانی بچنە ناو ئاوەڕۆی ڕوبارەکانەوە.

**٢- کەم پیتی خاك:** کۆمەڵێك هۆکار وادەکات خاکی هەرێم بە پیتییەکەی خۆی لە دەست بدات، لەوانە کشتوکاڵکردنی بەردەوام، یان جۆری کێڵانی نادروست، هەروەها پەیڕەونەکردنی خولی کشتوکاڵی، واتە بەرهەمهێنانی یەك جۆر بەروبووم لە زەوییەکی دیاریکراودا بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە سەر یەك، ئەمەش جوتیارەکان ناچار دەکات پەینی کیمیاوی بەکاربێنن.

**٣- بەخوێبوونی خاك(شۆرەکات):** خاکی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو خاکانەی کە ڕێژەی خوێی زۆر کەمە، ئەمەش بەهۆی بوونی ئاوەڕۆیەکی باش لە سەر ڕووی زەوییەکەو زۆر بەرزنەبوونەوەی پلەی گەرمی و کەمی ڕێژەی بە هەڵمبوون.

کەواتە خاکی هەرێم لەو جۆرە خاکانەیە, پێویستە بە وردی چاودێری بکرێت و بە باشی بەڕێوەببرێت, بە پێچەوانەوە زۆر بە خێرایی یەکەی توانای بەرهەمی دادەبەزێت و دیاردەی بە بیابانبوون لەسەری دەردەکەوێت.

## وانەی شەشەم/

## ڕووەکی سروشتی هەرێمی کوردستان

بەو پێیەی جیاوازییەکی ئاشکرا لە ئاووهەوای هەرێمدا هەیە، جیاوازییەکی هاوتاش لە ڕووەکی سروشتدا بەدی دەکرێت، ئەم جیاوازییەش لە نێوان دارستانی چیاکان و کورتەگیای دەشتەکان بەڕوونی دیارە.

هەرێمی کوردستان دابەشدەبێت بۆ دوو پشتێنەی سەرەکی، ئەوانیش پشتێنەی دارستانەکان و پشتێنەی کورتەگیا (سهوب)، هەروەها ڕووەکی سروشتی دیکە هەن کە تەنها لە وەرزی داباریندا گەشە دەکەن و دواتر سیس دەبنەوە و نامێنن.

## جۆرەکانی ڕووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستان

### یەکەم: پشتێنەی دارستان و گژوگیا شاخاویەکان:

زۆربەی دارستانە سروشتییەکان دەکەونە باکور و باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمەوە، درێژبوونەوەی دارستانە سروشتییەکان شێوەیەکی کەوانەیی وەردەگرێت کە لە باکوری خۆرئاواوە بە ئاراستەی باشوری خۆرهەڵات درێژدەبێتەوە ئەمەش هەمان ئاراستە و جێکەوتەیە کە هێلەکانی باران لە ناوچەکەدا دەیگرنەبەر.





دیمەنی دارستانێک ( باغێک ) لە هەرێمی کوردستان

زۆربەی دارستانەکان لە بەرزایی(٦٠٠ - ٢٠٠٠)م ڕوواون، واتە دەکەونە ناوچەی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستەوە کە زستانی سارد و هاوینان فێنك و مامناوەندە، بڕی داباریني ساڵانە لەو ناوچەدا لە نێوان(٥٠٠ - ١٢٠٠)ملم دایە، جیاوازی بڕی داباریـن لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بۆتە هۆی جیاوازی چڕی دارستانەکان. گژوگیای ئەم پشتێنەیە لە گژوگیای پشتێنەی کورتەگیا درێژتر و چڕ ترە.

ئەو ڕووبەرەی کە دارستانە سروشتییەکان دایدەپۆشن بە زیاتر لە (٧) ملیۆن دۆنم مەزندە دەکرێت، کە بەشێوەیەکی جیاواز لە ناوچەکانی هەرێمدا بڵاوبوونەتەوە، درەختەکاني بریتین لە (داربەڕوو و مازو و تەڕاش)، لە دارستانی کەنار ڕووبارەکانیش دار (چنار و ئەسپیندار و دارگوێز) لە دۆڵەکان دەڕوێن.

شایانی باسە پارێزگای هەولێر لە پێشەوەی پارێزگاکانی هەرێم دێت بە گوێرەی چڕی درەخت لە دارستانەکانی. سەیری خشتەی ژمارە (٣) بکە.

خشتەی ژمارە (٣)

**ڕووبەری دارستانە سروشتییەکان بە گوێرەی پارێزگاکانی هەرێم/ دۆنم.**

| پارێزگا | ڕووبەری دارستانەکان بە دۆنم | ڕێژەی سەدی لە ڕووبەری گشتی دارستانەکان |
|---|---|---|
| هەولێر | ٢٣١٢٠٠٠ | ٪٣٢,٥ |
| سلێمانی | ٢١٩٥٢٠٠ | ٪٣٠,٨٥ |
| دهۆك | ٢٠٥٧٦٠٠ | ٪٢٨,٩٤ |
| نەینەوا | ٥١٤٤٠٠ | ٪٧,٧٤ |
| دیالە | ١٩٦٠٠ | ٪٠,٢٨ |
| سەلاحەدین | ١١٦٠٠ | ٪٠,١٧ |
| کۆی گشتی | ٧١١٠٤٠٠ | ٪١٠٠ |

**دارستانە سروشتییەکان لە هەرێم دابەشدەبن بۆ سێ هەرێمی لاوەکی:**

## ١- دارستانە کراوەکان:

ئەو دارستانە پەرت و بڵاوبونەوانە دەگرێتەوە کە چڕیەکی دیاری کراویان نییە، بەڵکو لە کۆمەڵە درەخت و دەوەنی تاك و تەراو لێرەو لەوێ پێکهاتوون و ماوەی فراوانیان لە نێوانـدا هەیە. ڕووبەرەکەیان بە (٣,٤) ملیۆن دۆنم دەخەمڵێندرێت، واتە نزیکەی (٪٤٨)ی ڕووبەری سەرجەم دارستانە سروشتییەکانی هەرێم، زۆرترین ڕووبەری ئەم جۆرە دارستانانە کەوتۆتە پارێزگای سلێمانی و کەمترین ڕووبەری لە پارێزگای دیالە هەیە، دەتوانین ئەم جۆرە دارستانەمان لە چیای (شەنگال، بێخێر، گوێژە، بەرانان، سەفین) بەرچاو بکەوێت.

### ٢- دارستانە چڕە مامناوەندییەکان:

ئـەم دارسـتانانە بـەوە ناسـراون چڕییـان مامناوەندییـە و بەهـۆی بڕینـی هەڕەمەکـی، یـان داربڕیـن بـە مەبەسـتی پەیداکردنـی زەوی کشـتوکاڵی بەشـێکی زۆری لەناوچـووەو بۆشـایی کەوتۆتـە نێـوان دارەکانـەوە، ڕووبەرەکـەی بـە (١,١) ملیـۆن دۆنـم دادەنرێـت کـە دەکاتـە ڕێـژەی لـە (١٦٪) ی سـەرجەم ڕووبـەری دارسـتانەکانی هەرێـم، نمونـەی دارسـتانە مامناوەندییـە چـڕەکان لـە ناوچەکانـی (سـوارەتووکەو ئەتـروش لـە پارێـزگای دهـۆك، قـەرەداغ و شـاربازێر لـە پارێـزگای سـلێمانی، سـەفین و ڕەوانـدز و چۆمـان لـە پارێـزگای هەولێـر، چەمچەمـاڵ لـە پارێـزگای کەرکـوك) هەیـە.


### ٣- دارستانە چڕەکان:

بـەوە ناسـراون چڕییەکەیـان زۆرە، جـۆری درەختەکانیـان چاکـە و دەتوانـرێ لـە بەرهەمهێنانـی کەرەسـتەی لـە تەختـە دروسـتکراو بەکاربهێنرێـت، ڕووبەرەکەیـان نزیکـەی (٢,٥)ملیـۆن دۆنمـە، واتـە ڕێـژەی(٣٦٪)ی کـۆی ڕووبـەری دارسـتانەکانی هەرێـم، ئـەم دارستانانە لە ناوچـە باراناوییەکانی وەك چیـای (گارا لـە دهـۆك, هەورامـان لـە سـلێمانی و حاجـی ئۆمـەران لـە هەولێـر) هـەن.

#### دووەم: ناوچەی کورتەگیا (السهوب):

بـەزۆری ڕووەکەکانـی لـە هەرێمـی نیمچـە شـاخاویدا هەیـە و بەچاکتریـن لـەوەرگای کوردسـتان دادەنرێـت، چەندایەتـی و دابەشـکردن و تایبەتمەنـدی گژوگیایەکەشـی بـە پـێ ی ئـەو جێگەیـەی لێـی دەڕوێـت جیـاوازن، لـە خـوارووی هەرێمـی نیمچـە شـاخاوی گیـا و ڕووەکـی بیابانـی زیاتـر دەبینرێـت، بـەڵام لـە بەشـی باکـوری هەرێمـی نیمچـە شـاخاوی گژوگیـاو دارو درەختەکانـی لـە گژوگیـا و درەختـی ناوچـە شاخاویەکان دەچێـت، ئـەم جیاوازییـەش کاریگـەری ئاووهـەوا و بـەرزی و نزمـی ڕووی زەوی دەردەخـەن لەسـەر جـۆر و چـڕی ڕووەکـی سروشـتی، ئەوەتـا بـاران لـە باشـوری ناوچەکـە (٢٠٠) ملمـە و زیـاد دەبێـت بـۆ (٤٠٠) ملم لـە باکـوری ناوچەکـە. لـە ڕووەکـە بەناوبانگەکانـی ئـەم ناوچەیـە گژوگیـا جۆراوجۆرەکانـی وەك کەنگـر و تۆڵکەیـە.

## نەخشەی ڕووەکی سروشتی لە هەرێمی کوردستان




● ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق – عێراق و جیهان – دکتور هاشم یاسین ، سەردار محمد عبدالرحمن و هوشیار محمدأمین خۆشناو – ٢٠٠٩

## چالاکی:

قوتابییـان بـە گـروپ وەڵامـی ئەمانـەی خـوارەوە بنووسـن و بەپێـی جۆرەکانـی ڕووەکـی سروشـتی لـە هەرێمـی کوردسـتان پۆلیـن بکـەن :

پشتێنەی دارستان و گژوگیا شاخاوییەکان ناوچەی کورتەگیا(السهوب)

دارستانە کراوەکان دارستانە چڕە مامناوەندییەکان دارستانە چڕەکان

- شوێنی جوگرافیان
- ئاووهەوای کاریگەر لەسەریان
- بڕی داباڕین
- ڕووبەرەکانیان
- جۆرەکانی درەخت و گژوگیاکانیان

## هەڵسەنگاندن

وەڵامی پرسیارەکان لەناو خانەکاندا هەڵبژێرە

| | | |
|---|---|---|
| دارستان و کورتەگیا(سهوب) | بەخوێبوون | حەوت ملیۆن دۆنم |
| کەنگر و تۆلکە | ئەسپیندار | تێکەڵەیەکی قوڕینی وورد |

١- زۆربەی خاکی دەشتەکانی هەرێمی کوردستان بریتییە لە
٢- لە کەنار ڕووبار و دۆڵەکان دەڕوێت
٣- خاکی هەرێمی کوردستان ئەم ڕێژەیەی کەمە
٤- ڕووەکی سروشتی هەرێمی کوردستان دابەش دەبێت بۆ دوو پشتێنەی سەرەکی, ئەوانیش؟
٥- ڕووبەری دارستانە سروشتییەکان لە هەرێمی کوردستان مەزندە دەکرێت بە؟
٦- بەناوبانگترین ئەو ڕووەکانەی کە لە ناوچەی گژوگیا شین دەبن بریتین لە؟

## چالاکی ماڵەوە

قوتابـی ژیـر بـۆ پاراسـتنی دارسـتانەکان لـە سـووتان چ بیرۆکەیەکـت هەیـە, ئەگـەر دارسـتانەکان ئاگریانگـرت چـۆن ڕێگـری لـە تەشـەنەکردنی بکـەن ؟

# بەندی چوارەم

## دەرامەتی ئاو

### ئامانجەکان

قوتابی:

١- ئەو زێیانە بناسێت کە دەڕژێنە رووباری دیجلە.

٢- شیکردنەوە بۆ گرنگی ئاوی ژێر زەوی بکات.

٣- ئەو زێیانە بناسێت کە بەنداوییان لەسەر دروستکراوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات.

٤- ناوچەکانی کانزا فلزییەکان لەسەر نەخشەی هەرێمدا دیاریبکات.

٥- بەش و بەکارهێنانی کانزا فزییەکان پۆلین بکات.

## وانەی یەکەم/

## دەرامەتی ئاو

بوونی دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان دەرەنجامی ئەو دابارینەیە کە لەسەر خاکەکەی دەبارێت و هەروەها ئەو رووبارانەی کە لە سنوورەکانی دەرەوەی هەرێم دێتە ناو خاکەکەیەوە, لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو, بەڵام سوود وەرگرتن لەم سامانە لە چوارچێوەیەکی تەسکدایەو بەشی زۆری ئەو دەرامەتە بە فیرۆدەڕوات بێئەوەی سوودێکی ئەوتۆی لێوەرگیرێت، بە تایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵدا.

دوو شێوە دەرامەتی ئاوی هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئاوی ژێر زەوی و ئاوی سەر زەوی، ئەم دوو سەرچاوەی دەرامەتی ئاو پشت بە بڕی باران و بەفری تەواوە دەبەستێت و کاردەکاتە سەر سروشتی ئاوەڕۆی هەردوو شێوەکە:

### یەکەم/ ئاوی سەر زەوی:

هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە بوونی دەرامەتی ئاو، بڕی ئاوی سەر زەوی هەرێم لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دی جیاوازە، ئەویش بەپێی بڕی باران و بەفری ساڵەکە، دەرامەتی ئاوی سەر زەوی هەرێمی کوردستان خۆی لە چەم و زێ و رووبارو دەریاچەکاندا دەبینێتەوە، کوردستان لەو بارەیەوە دەوڵەمەندە، چونکە رووباری دیجلە و هەر پێنج زێیەکەی بەزەوییەکانیدا تێدەپەڕن.

ئەو زێیانەی دەڕژێنە رووباری دیجلەوە ئاوپێدانییان(خۆراکداریان) دەکەوێتە سنووری هەرێم و سنووری پارچەکانی تری کوردستان، (٦٨٪)ی داهاتی ئاوی ساڵانەی رووباری دیجلە دابیندەکەن.

### رووباری دیجلە:

رووباری دیجلە لە داوێنەکانی زنجیرە چیای تۆروس لە باکوری کوردستان هەڵدەقوڵێت، دوای ئەوە بە دووری ٤کم لە باکوری گوندی (پیشخابوور) دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، درێژییەکەی لە پیشخابوورەوە تا فەتحە دەگاتە(٤١٠ کم)، پێنج زێی سەرەکی تێدەڕژێ کە دەکەونە بەری خۆرهەڵاتی رووبارەکە بەدوای یەکدا ئەمانەن: (خابوور، زێی گەورە، زێی بچووك، ڕۆخانە(ئاوەسپی)، سیروان).

#### ١- خابوور:

یەکەم زێیە بە رووباری دیجلە دەگات، لە باکوری گوندی(جالیك) دێتە نێو زەوییەکانی هەرێم. دوای ئەوەی ڕێڕەوەکەی بەرەو باکوری خۆرئاوا دەگۆڕێت بە زاخۆدا تێدەپەڕێت، درێژی ئەم زێیە دەگاتە(١٦٠کم)، بە ڕێژەی(٢,٢٪) بەشداری لە کۆی ساڵانەی ئاوی رووباری دیجلە دەکات.

#### ٢- زێی گەورە:

ئەم زێیە بە گرنگترین ئاوپێدەری(خۆراکدەری) رووباری دیجلە دادەنرێ لە چیاکانی هەکاری باکوری کوردستان هەڵدەقوڵێ، لە خۆرئاوای گوندی (چاڵا) لە باکوری قەزای ئامێدی دێتە ناو خاکی هەرێم و بە ناوچەی بارزاندا تێدەپەڕێت،

لە دواییدا ڕووباری شین و شەمزینانی دەرژێتە سەر، دوای ئەوەی لقی ڕواندزی تێدەرژێ، لە نزیك شوێنەوارەكانی نەمرود دەرژێتە دیجلەوە. درێژی زێی گەورە دەگاتە (٣٩٢)كم، ئەم ڕووبارە بە ڕێژەی (٣٣٪) بەشداری لە كۆی خۆراكداری ئاوی ساڵانەی ڕووباری دیجلە دەكات.

### ٣- زێی بچوك:

سەرچاوە سەرەكییەكانی ئەم زێیە دەكەوێتە چیاكانی قەندیل و لاجان، لە نزیك گوندی (ماشان) لە خۆرهەڵاتی قەڵادزە دێتە ناو خاكی هەرێمی كوردستان، بە شێوەیەكی سەرەكی لە یەكگرتنەوەی چەمی تیت و چەمی ماوەت (قەلاچوڵان) پێكدێت. زێی بچوك دەشتەكانی پشدەر و قەڵادزێ دەبڕێت و بە دەربەندی دوكان تێدەپەڕێت، و لەوێدا بەنداوی دوكانی لەسەر دروستكراوە, ڕووبارەكە بە ئاراستەی باشوری خۆرئاوا دەڕوات و بە (پردێ)دا تێدەپەڕێ تا لە دووری (٣٠كم) لە باشوری شەرقاتەوە دەرژێتە ڕووباری دیجلەوە.

درێژی زێی بچوك دەگاتە (٤٠٠كم)، ڕێژەی (١٧٪) بەشداری لە كۆی ئاوی ساڵانەی ڕووباری دیجلە دەكات.

### ٤- ڕووخانە (ئاوەسپی):

ئەم زێیە بە تەواوی لەناو خاكی هەرێم هەڵدەقوڵێت و چیاكانی قەرەداغ و شوان بە سەرچاوەی ئەم زێیە وەرزییە دادەنرێت، ڕووخانە لە سێ چەمی وەرزی پێكدێت:

أ- چەمی خاسە: لە باكوری چەمچەماڵ لە نزیك گوندی (ئیبراهیم ئاغا) هەڵدەقوڵێت و شاری (كەركوك)ی دەكەوێتە سەر.

ب- چەمی تاوق: شاری (داقوق)ی دەكەوێتە سەر.

ج- چەمی ئاوەسپی: لە بەرزاییەكانی قەرەداخ هەڵدەقوڵێت و شاری (دوز)ی دەكەوێتە سەر.

دوای ئەوەی ئەم سێ چەمە وەرزییە یەك دەگرن زێی ڕووخانە(ئاوەسپی) پێكدەهێنن، و لە دووری (١٥كم) لە باشوری بەلەد دەرژێتە ڕووباری دیجلەوە.

درێژی ئەم زێیە (٢٣٠كم)، و بە ڕێژەی (٢٪) بەشداری لە پێكهێنانی سەرجەمی ئاوی ڕووباری دیجلە دەكات.

### ٥- سیروان (دیالە):

دواین زێیە، كە ئاوەكەی دەرژێتە ڕووباری دیجلە، چیاكانی خۆرهەڵاتی كوردستان و چیاكانی پارێزگای سلێمانی بە سەرچاوەی سەرەكی ئاوپێدەری(خۆراكدەری) ڕووبارەكە دادەنرێت، لە نزیك گوندی (لاوەران) دێتە ناو خاكی هەرێمی كوردستان، لەبەیەك گەیشتنی سێ چەمی سەرەكی پێكدێت: (چەمی سیروان، چەمی تانجەرۆ، چەمی زەڵم)، پاش ئەوەی بە چیاكانی هەورامان و زنجیرەی بەرانان دا دەڕوات لە دەربەندیخان بەنداوی دەربەندیخانی لەسەر دروستكراوە، هەروەها لە نزیك بەرزاییەكانی مەنسوریە بەنداوی حەمرینی لەسەر دروستكراوە، ڕووبارەكە لە باشوری بەغدا دەرژێتە ڕووباری دیجلەوە.

درێژی سیروان دەگاتە (٣٨٤كم)، ئەم زێیە بە ڕێژەی نزیكەی (١٤٪) كۆی ئاوی ساڵانەی ڕووباری دیجلە دابیندەكا.

**چالاکی:**

مامۆستای بەڕێز قوتابییان بەشێوازی نەخشەی هزری ناوی ئەو زییانە بنووسن کە دەرژێنە رووباری دیجلەوە.

**هەڵسەنگاندن:**

١-ئەو زێیانەی دەڕژێنە ڕوباری دیجلە چییان پێدەڵێن؟

٢-بەنداوی دەربەندیخان دەکەوێتە چ پارێزگایەك؟

**چالاکیماڵەوە:**

قوتابی ئازیز کەمبوونەوەی ئاوی ڕووبار و زێیەکان لە هەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان هەیە لەگشت بوارەکان، بۆ پاراستنی ئاو لە هەرێم بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە ڕای خۆت بڵێ و چی پێشنیاز دەکەیت؟



روباری دیجلە

نەخشەی دەرامەتی ئاو لە هەرێمی کوردستان



## دووەم/ ئاوی ژێرزەوی:

ئـاوی ژێـرزەوی بـە سـەرچاوەیەكی گرنگـی دەرامەتـە ئاوییەكانـی هەرێمـی كوردسـتان دادەنرێـت، بەهـۆی بەكارهێنانـی لەبـوارە جیاوازەكانـی ژیانـدا، سـەرەرای ئـەوەی كـە هۆكارێكـی سروشـتییە بـۆ پێكهێنانـی ئـاوی سـەر زەوی، چونكـە بـە سـەرچاوەی گرنگـی ئـاوی ڕووبـار و دەریاچـەكان دەژمێـردرێ. ئـەم دەرامەتـە ڕۆڵـی خـۆی لـە دابینكردنـی پێداویسـتیەكانی دانیشـتوان و پێداویسـتی ئـاژەڵ و كشـتوكاڵی هاوینـەی هەرێـم دەبینێـت, هەروەهـا تاڕادەیەكـی زۆریـش لـە زۆربـەی ناوچەكانـی هەرێمـی كوردسـتان شـوێنی گوندەكان(لادێـكان) دیاریـدەكات.

درێژبوونـەوەی زنجیـرە شـاخەكان بە ئاڕاسـتەی (باكـوری خۆرئـاوا ــ باشـوری خۆرهـەڵات) و بوونـی چەنـد دۆڵ و دەشـتاییەك لـە نێوانیانـدا ئـەو ناوچانـەی كردۆتـە كۆگایەكـی گەورەیـی ئـاوی ژێـر زەوی, سـەرەڕای ئـەوەی پێكهاتـەی كلسـی ئـاو هەڵگـر و خـاوەن كونیلـە داری بـەرز یارمەتـی زۆری ئـاوی ژێـر زەوی داوە لـە هەرێـم. لە حـەوزە گرنگەكانـی ئاوی ژێـرزەوی لە هەرێـم وەك (حـەوزی هەولێـر, ئاكرێ, شـارەزوور, ڕانیـە, قـەڵادزێ).

### جۆرەكانی ئاوی ژێر زەوی هەرێمی كوردستان:

ئـاوی ژێـر زەوی هەرێـم دابـەش دەبێـت بەسـەر دوو سـەرچاوە:

### ١- بیرو كارێز:

أ- بیـر: بەیەكـێ لـە ڕێگا كۆنەكانـی دەرهێنانـی ئـاوی ژێـرزەوی لـە كوردسـتان دادەنـری، بەمەبەسـتی دابینكردنـی پێداویسـتییە هەمـە جۆرەكانـی دانیشـتواندا لێـدەدرێ.

ب- كارێـز: ڕێگەیەكـی زۆر كۆنـە و دانیشـتوانی كوردسـتان بـۆ دەرهێنانـی ئـاوی ژێـر زەوی و گەیاندنـی ئاوەكە بـۆ شـوێنی پێویست هەڵیان كەنـدووە، كارێـز بریتییـە لـە كەناڵێـك (تونێـل) ێكـی ژێـر زەوی كـە زنجیرەیـەك لـەو بیرانـەی هەڵكەنـدراون لـە بنـی بیرەكـە بـە یەكتـر دەگەیەنرێـت, ئاسـتی هەریەكەیـان لـەوەی پێـش خـۆی نزمتـرە و مـاوەی نێوانیـان دەگاتـە (٢٠ - ٤٠ مەتـر) تاوەكـو لـە شـوێنی دیاریكـراو لـە شـێوەی كانـی دەسـتكرد دێتـە دەرەوە.



وێنەی بیر



وێنەی کارێز

**٢- سەرچاوە و کانیاوەکان:**

بەرزی و نزمیەکانی سەر ڕووی زەوی و تایبەتمەندە جیۆلۆجیەکان ڕۆڵی خۆیان لە زۆری سەرچاوە و کانیاوەکاندا لە هەرێمدا گێڕاوە، بە شێوەیەکی گشتی کانیاوەکان لە کەناری جۆگە و دەریاچەکان و لە نزمایی ناوچە بەرزی و نزمییە جیاوازەکان دێتە دەرەوە, هەرچەندە زۆرجار لەناوقەدی شاخەکانیش دێنە دەرەوە وەك سەرچاوەی بێخاڵ لە ڕەواندز و زەڵم لە ئەحمەد ئاوا. بوونی کونیلەداری و درز و قلێشی توێکلی زەوی بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاوی ژێر زەوی و تەقینەوەی بە شێوەی کانیاو.

**کانی و سەرچاوەکانیان لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

أ- هەندێ کانی بە سەرچاوەی هەمیشەیی دادەندرێن، لەبەرئەوەی بە درێژایی ساڵ ئاویان لەبەر دەڕوات، و لەڕووی بەکارهێنان و جۆرەکەیەوە بەشێکی زۆریان گونجاوە بۆ خواردنەوە و دابینکردنی پێویستی ماڵان و کشتوکاڵ و ئاژەڵ.

ب- هەندێ لە کانی بە هۆی زۆری ڕێژەی سۆدیۆم و کلۆرید و ئاسن و کاربۆناتی کالسیۆم لە سەروو سنووری ڕێگەپێدراو بۆ خواردنەوەو کشتوکاڵ و ئاودێری نەگونجاوە کە ئەم جۆرەیان کەمە.

ج- هەندێ کانی و سەرچاوە هەیە بەهۆی پێکهاتەی کیمیاوی ئاوەکەی بۆ چارەسەرکردنی سروشتی(نەخۆشی پێست) بەکاردێت، وەك: سەرچاوەی (خورماڵا، ئاوی جەلی، کانیاوی بانی خێلان، بازیان، شێخی باڵەکان و شێرەسوار).

**چالاکی:**

قوتابییـان بـە گـروپ بابەتـی وانەکـە بخوێننـەوە و شـیکردنەوەی بـۆ بکـەن، دواتـر گرنگـی ئـاوی ژێـر زەوی بـە خـاڵ لەسـەر وایـت بـۆرد بنووسـرێتەوە.

**هەڵسەنگاندن:**

١-گرنکترین سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی چین؟

٢-ئاوی ژێرزەوی گرنگی چییە؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابـی ئازیـز چ سـەرچاوەییەکی ئـاوت بینیـوە لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە ئـارەزووی خـۆت باسـیبکە و ئەگـەر توانیـت وێنـەی سـەرچاوە ئاوییەکـە بکێشـە.



وانەی دووەم/

## بەست و بەنداوەکان:

لە هەرێم کۆمەڵێك پرۆژەی دەست بەسەرداگرتن و ئاوگڵدانەوە هەیە، کە لە ڕابوردوودا لە ماوەی جیاوازدا بەسەر ڕووباری دیجلە و لقەکانییەوە بەمەبەستی ئاودێری و بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی و دوورخستنەوەی مەترسییەکانی لافاو و گەشتوگوزاری دروستکراون، هەرێمی کوردستان گونجاوە بۆ دروستکردنی چەندین بەنداوی دیکە، کە دەکرێ لە داهاتوودا نەخشەیان بۆ بکێشرێت، بەنداوەکان بۆ گەلێك مەبەست دروستکراون لەوانە:

أ- بە مەبەستی ئاودێری و ئاوپێدانی زەوییە کشتوکاڵییەکان.

ب- بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی.

ج- پاراستنی شار و شارۆچکەکانی سەر ڕووبارەکە لە مەترسییەکانی لافاو.

د- بایەخی گەشتوگوزاریی و ڕاوەماسی.

**دەتوانین بەست و بەنداوەکان لەمانەی خوارەوە کۆیان بکەینەوە:**

### ١- بەست و بەنداوی موسڵ:

لە باکوری شاری موسڵ لەسەر ڕووباری دیجلە هەڵبەستراوە، بەستەکە لە شەش دەرگا پێکهاتووە، توانای پاشەکەوتکردنی ئاو تێیدا دەگاتە (١٣ملیار/م٣) ئاو.



بەنداوی موسڵ

### ٢- بەست و بەنداوی دوکان:


لـە نزیـك تەنگەبـەری دوکان لەسـەر زێـی بچـوك هەڵبەسـتراوە، لـە جـۆری کۆنکریتـی کەوانەییـە، کـۆی ئاوگرییەکـەی دەگاتـە (٦٨٠٠ملیـۆن/م٣)، و لـە پێنـج دەرگا پێکهاتـووە، وێسـتگەی بەرهەمهێنانـی وزەی کارەبـا بـۆ بەرهەمهێنانـی (٤٠٠مێـگاوات/ کاتژمێـر) کارەبـا لەسـەر ئـەم بەسـتە دامـەزراوە. ئـاوی بەنداوەکـە بـۆ ئاودانـی رووبەرێکـی بەرفراوانـی پارێـزگای سـلێمانی و کەرکـوك بەکاردێـت، لەگـەڵ وێسـتگەی کارەبـای دەربەندیخـان بـە یەکێـك لـە سـەرچاوەکانی بەرهەمهێنانـی وزەی کارەبـا دادەنرێـت لـە هەرێمـی کوردسـتان، ئەمـە سـەرەڕای بایەخـە گەشـتوگوزاری و بایەخـی دیکـە کـە بەنداوەکـە هەیەتـی.



بەنداوی دوکان

### ٣- بەست و بەنداوی دوبز:

ئـەم بەنـداوە لەسـەر زێـی بچـووك لـە قـەزای دوبز سـەر بـە پارێـزگای کەرکوك دروسـتکراوە، بەنداوەکـە نزیکـەی (١,٠ملیـۆن/م٣) ئاو دەگرێـت, لە هەشـت دەرگا پێکهاتووە.



بەنداوی دوبز

### ٤- بەست و بەنداوی دەربەندیخان:

ئـەم بەسـتە لـە تەنگەبـەری دەربەندیخـان لەسـەر ڕووبـاری سـیروان دروسـتکراوە، لـە سـێ دەرگا پێکهاتـووە, وێسـتگەی کارەباکـەی توانـای بەرهەمهێنانـی (٢٤٠ مێـگاوات/ کاتژمێـر) کارەبـای هەیـە. بەنداوەکـە زیاتـر لـە (٣٠٠٠ملیـۆن/م٣) ئـاو دەگرێـت.

زەوی بەرفراوانی پارێزگاکانی سلێمانی و دیالە بە ئاوی بەنداوەکە ئاودەدرێن.

### ٥- بەست و بەنداوی حەمرین:

ئـەم بەسـتە لـە خـوارووی بەسـتی دەربەندیخـان لەسـەر ڕووبـاری سـیروان دروسـتکراوە, شـەش دەرگای هەیـە, نزیکـەی (٤ ملیـۆن/م٣) ئاودەگرێـت.



بەنداوی حەمرین

### ٦- بەنداوی دهۆك:

ئـەم بەنـداوە كەوتۆتـە سـەر زێـی دهـۆك لـە باكـوری شـاری دهـۆك، توانـای كۆكردنـەوەی ئـاوی لـە بەنداوەكانـی تـر كەمتـرە و دەگاتـە (٥٢ملیـۆن/م٣)، توانـای بەرهەمهێنانـی كارەبـای نییـە، ئێسـتا بـۆ ئـاوی خواردنـەوەی شـاری دهـۆك بەكاردەهێنرێـت و بۆتـە ناوچەیەكـی گەشـتوگوزاری گرنـگ لـە شـارەكە.

### ٧- بەنداوی بێخمە:

بەنـداوی بێخمـە لـەو پـرۆژە كۆنانەیـە كـە لـە سـاڵی (١٩٥٣ز) لەسـەر زێـی گـەورە لـە دەربەنـدی بێخمـە پێشـنیاری دروسـتكردنی كـرا، بـەڵام كارەكانـی وەسـتاوە و تـا ئێسـتاش كاری تێـدا نەكراوەتەوە.جگـە لـەم بەنداوانـە كۆمەڵێـك بەنـداوی دیكـە لـە هەرێمـی كوردسـتان تـەواو كـراون لەوانـە بەنداوەكانی(جەلـی و دێگەڵـە و حەمامـۆك و كۆدەڵـە لـە هەولێـر) و بەنداوەكانی(شیوەسـوور و هەشـەزینی و چەمـی سـمۆرە لـە سـلێمانی) و بەنداوەكانی(كەشـكان و بێدۆهـی لـە دهـۆك) و بەنداوەكانی(باوەشاسـوار و حەسـەن كەنـوش و هـەڕاوە لـە ناوچـەی گەرمیـان).


بەنداوی دەربەندیخان

## گرفتەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان:

ئـاو لـە هەرێمـی کوردسـتان ڕوبـەڕووی چەندیـن گرفتـی سروشـتی و مرۆیـی دەبێتـەوە کـە گرنگترینیـان ئەمانـەن:

١- وشکەسـاڵی، گرفتێکـە لـە ئەنجامـی کەمبوونـەوەی بـڕی بەفـر و بـاران لـەم چەنـد سـاڵانەی دوایـدا لـە هەرێمـی کوردسـتان سـەریهەڵداوە، و بۆتـە هـۆی دابەزینـی ئاسـتی ئـاوی ژێـر زەوی و وشـکبوونی زۆرێـك لـە کانـی و سـەرچاوەکان.

٢- بەفیرۆدانـی ئـاو، گەورەتریـن بەفیرۆدانـی ئـاو لـە بـواری کشـتوکاڵدایە، ئەمـەش لەبەرئەوەیـە زۆرێـك لـە جوتیـاران تـا ئێسـتا بـە شـێوازی کـۆن ئاودێـری زەوی دەکـەن، ئەمـە جگـە لـەوەی بەشـی زۆری ئـاوی ڕووبارەکانیـش بـە فیرۆدەچێـت.

٣- کێشـەی نیشـتەنی، ئـاوی ڕووبـارەکان کـە لـە ئەنجامـی ڕاماڵینـەوە لەگـەڵ خۆیانـدا هێناویانـە و لەبنـی بەنـداوەکان دەنیشـێت، ئەمـەش توانـای گرتنـە خـۆی ئـاوی بەنـداوەکان کەمدەکاتـەوە.

٤- پیسـبوونی ئـاوی ڕووبـارەکان, ئەمـەش بـە هـۆی پاشـماوەی شـارە گەورەکانەوەیـە کـە ڕاسـتەوخۆ ئاوەڕۆکانیـان دەڕژێتـە نـاو ئـاوی ڕووبارەکانـەوە.

### چالاکی ناوپۆل:

قوتابییـان ڕێکخسـتن بکـەن بـۆ ئـەو زەوییانـەی کـە بەنداوییـان لـێ دروسـتکراوە و ڕێـژەی ئـاو لەخۆگرتنەکـەی لەگـەڵ دانێـن، دواتـر گفتوگـۆ بکرێـت لەسـەر گرفتەکانـی ئـاو لـە هەرێمـی کوردسـتان و چارەسـەرییەکان لەسـەر وایـت بـۆرد بنووسـرێتەوە.

### هەڵسەنگاندن:

١- گرنگی پرۆژەکانی ئاودێری لە هەرێمی کوردستان چییە ؟

٢- کەمی ژمارەی پرۆژەکانی ئاودێری لە هەرێمی کوردستان بۆ چی دەگەڕێتەوە ؟

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابـی ئازیـز ئەگـەر ڕێـژەی ئـاوی ژێـر زەوی بـەردەوام لـە کەمبوونـەوە دابـوو، ئـەوا چـی ڕوودەدات ؟ پێشـبینییەکانت بنووسـە کـە لـە دە دێـڕ کەمتـر نەبـێ.

## وانەی سێیەم/

## سامانە كانزاییەكان لە هەرێمی كوردستان

كانـزاكان لەسـەر بنچینـەی تایبەتمەنـدی دەكرێـن بـە دوو كۆمەڵـە: كۆمەڵـەی كانـزا فلزییـەكان و كۆمەڵـەی كانـزا نافلزییـەكان.

### یەكەم/ كانزا فلزییەكان:

ڕێژەیـەك لـە ئاسـنی تێدایـە و ناچەمێتـەوە، هەمـوو ئـەو كانزایانـە دەگرێتـەوە كـە لـە كاتـی پوختەكردنیـان بریسـكەدارن و گەرمـی و كارەبـا بـاش دەگەیەنـن، ئـەم كانزایانـەی خـوارەوە دەگرێتـەوە:

#### ١- ئاسن

خـاوی ئاسـن لە چەنـد شـوێنێكی هەرێم بەدەردەكەوێـت وەك (ئاسـناوە و مێشـاو) لـە قـەزای پێنجویـن، تێكـڕای ڕێـژەی ئاسـن لـە خاوەكانـی هـەردوو شـوێنەكە دەگاتـە ١٨٪، وەك كەرسـتەی خـاو بـۆ دروسـتكردنی چیمەنتـۆ لـەم ناوچەیـە بەكاردێـت.

#### ٢- مس

یەكێكـە لـە كانـزا گرنگـەكان لـە جیهانـدا، لـە سـەردەمی ئێسـتاماندا مـس ڕۆڵێكـی گرنـگ دەگێڕێت و لە دوای ئاسـن بـە پلـەی دووەم دێـت، خـاوی مـس لـەم ناوچانـەی هەرێـم هەیـە: لـە نزیـك چوارتـا، ڕایـات و گەڵاڵـە، هەروەهـا لـە ڕانیـە و قـەڵادزێ.

#### ٣- قورقوشم و خارسین(تۆتیا)

نیشـتووی خـاوی قورقوشـم و خارسـین(تۆتیا) لـە دەڤـەری مەڕەبەسـتە لـە نزیـك قـەڵادزێ و دۆڵـی سـەرگوزە لـە قـەزای ئامێـدی دەردەكەوێـت.

#### ٤- كرۆم

خـاوی كـرۆم بـە خاوێكـی ئابـووری دادەنرێـت لـە سـنوری چیـای مـاوەت و شـلێر لـە پێنجویـن، و بـە ڕێژەیەكـی كەمتـر لـە شـەقڵاوە و هێـرۆ و ئاسـناوە هەیـە، كـە بـە خاوێكـی نائابـوری دادەنرێـت.

#### ٥- مەنگەنیز

خـاوی مەنگەنیـز دەكەوێتـە سـیرنا نزیـك گونـدی پشتاشـان و بەكـراوە و گەڵاڵـە و ڕایـات و مـاوەت.

#### ٦- نیكل

نیـكل لـە هەرێـم دەكەوێتـە ناوچەكانـی (ڕانیـە، پێنجویـن، چوارتـا، قـەڵادزێ، ڕوانـدز).

#### ٧- زێڕ

بڕێكـی كـەم لـە خـاوی زێـڕ دەكەوێتـە دۆڵـی شـلێر لـە باكـوری گونـدی دێـزە، و هەروەهـا لـە نزیـك گونـدی میـرزا ڕوسـتم و دوكان هەیـە.

**چالاكی:**

مامۆسـتای بەڕێـز لـە ڕێـگای نەخشـە قوتابییـان ناوچـە و شـوێنی كانـزا فلزییـەكان لـە هەرێمـی كوردسـتان دیـار بكـەن.

**هەڵسەنگاندن:**


١-خاسیەتەكانی كانزای فلزی چین؟

٢-كانزای مس بەپلەی چەندەم دێت لەڕووی گرنگی؟

**چالاكی ماڵەوە:**

قوتابـی ئازیـز نەخشـەی هەرێمـی كوردسـتان بكێشـە و ناوچـە و شـوێنی كانـزا فلزییەكانـی لەسـەر دیاریبكـە، و كلیلـی نەخشـەی لەگـەڵ دابنـێ.

نەخشەی دابەشبونی جوگرافی سامانی کانزاکان



## دووەم/ کانزا نافلزییەکان:

ئاسنی تێدا نییەو دەچەمێتەوە، کانزا نافلزیەکان بەگشتی بەسەر دوو کۆمەڵە کانزای لاوەکیدا دابەش دەبن بەم شێوەی خوارەوە:

### أ- ئەو کانزا نافلزیانەی لە پیشەسازی و بیناسازیدا بەکاردێن لەوانە:

#### ١- گۆگرد

گۆگرد بە شێوەی توخمی پوخت(تەنیا) و بە شێوەی کانزاش لە چەند ناوچەیەك لە هەرێمدا هەیە وەك سلێمان بەگ لە باکوری خۆرئاوای کفری و کارگەی دەرهێنانی گۆگرد لە دووبز و کانیاوە گۆگردیەکانی گەرماڤ لە باکوری دهۆك.



وێنەی کانزای گۆگرد

#### ٢- جیپسۆم و ئەنهایدرایت

خاوەکانی جیپسۆم و ئەنهایدرایت لە ناوچەکانی مەخمور، سەلمان بەگ، سەلاحەدین، کۆیە بەدەردەکەوێت. ئەم خاوانە لە پیشەسازی گەچ و چیمەنتۆ بەکاردەهێندرێت.

#### ٣- بەردی کلس و دۆلۆمایت

بەردی کلس و دۆلۆمایت پانتای فراوان لە هەرێمی کوردستان دادەپۆشن لە گرنگترین ناوچەکانی (بادۆش لە موسڵ، دۆمیلان لە کەرکوك، ئاکرێ و ئەتروش لە دهۆك، نیشتووەکانی سەرچنار لە سلێمانی، و قەرەچوخ لە هەولێر). هاراوەی بەردی کلس و دۆلۆمایت لە دروستکردنی کۆنکریت و شۆستەی رێگاوبان سوودی لێ وەردەگیرێت.

#### ٤- قوم و چەگڵ (زیخ و چەو):

قوم و چەگڵ لە ورد و خاشبوونی بەردەکانەوە پەیدادەبن، بۆ چەندین مەبەستی بواری بیناسازی بەکاردەهێنرێن.

نیشتوی قوم و چەگڵ پانتاییەکی زۆریان لە هەرێمدا گرتووە لە رێڕەوی دۆڵی رووبارەکانی (زێی گەورە، زێی بچووك، سیروان) و هەروەها لە نیشتووەکانی دۆڵی داقوق و خاسە لە کەرکوك هەیە.

#### ٥- بەردی مەڕمەڕ

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە بەردی مەڕمەڕ بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هەرێمدا بڵاوە و جۆرەکەی زۆر باشە، بەڵام ئەو ناوچانەی مەڕمەڕیان لێیە تا ئێستا بەشێوەیەکی زانستی لێیان نەکۆڵدراوەتەوە، گرنگترین ئەو ناوچانەی بەردی مەڕمەڕیان لێ هەیە دەکەوێتە سنووری پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك.

**ب- ئـەو كانـزا نافلزيانـەی وەك سـووتەمەنی بەكاردەهێنرێـن لەوانـە:**

**١- یۆرانیوم**

خـاوی یۆرانیـوم لـە ناوچەكانـی پێنجویـن و قـەڵادزێ و كێـوەڕەش و گارا هەیـە.

**٢- خەڵوزی بەردین**

خەڵـوزی بەردیـن لـە هەرێمـدا بـە گشـتی بڕێكـی زۆر خـەوش و خڵتـی تێدایـە، ئەمـەش بەهـا ئابوورییەكـەی كـەم كردۆتـەوە، ئـەم كانزایـە لە ناوچەكانی كفری، ئینجانە، پێنجوین و زاخـۆ دەردەهێنرێـت.

**وانەی چوارەم/**

**٣- نەوت**

كۆنترین ناوچـەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست كە نەوتـی لـێ دۆزرابێتـەوە هەرێمـی كوردسـتانە، گـڕی دانەمـركاوەی بابەگوڕگـوڕ هـەر لە كۆنـەوە وەك سـەرچاوەی سـووتەمەنی و رووناك كردنـەوە ناسـراوە.

**كێڵگـە نەوتییەكانـی هەرێـم بـۆ سـێ كۆمەڵـە دابـەش دەكرێـن:**

**١- كێڵگەكانـی نەوتـی باكـور:** ئـەو كێڵگانـە دەگرێتـەوە كـە كەوتوونەتـە پارێـزگای دهـۆك و ناوچـە كوردسـتانییەكانی سـەر بـە پارێـزگای موسـڵ، كـە بریتیـن لەمانـە:

**أ- كێڵگـەی عەیـن زالـە:** دەكەوێتـە باكـوری خۆرئـاوای شـاری موسـڵ، لـە سـاڵی (١٩٣٩ز) دۆزراوەتـەوە.

**ب- كێڵگـەی بەتمـە:** دەكەوێتـە باكـوری شـاری موسـڵ، لـە سـاڵی (١٩٥٣ز) دۆزراوەتـەوە.

**ج- كێڵگـەی تاوكـێ:** ئـەم كێڵگەیـە دەكەوێتـە ناحیـەی ڕزگاری سـەر بـە قـەزای زاخـۆ.

**٢- كێڵگەكانـی نەوتـی ناوەڕاسـت:** گەورەتریـن و زۆرتریـن كێڵگـە نەوتییەكانـی هەرێمـی كوردسـتان دەكەوێتـە ئـەم ناوچەیـەوە و نەوتەكەشـی لـە جـۆری زۆر باشـەكانە لـە سـەر ئاسـتی جیهـان، گرنگتریـن كانەكانـی ئەمانـەن:

**أ-كێڵگـەی بابەگوڕگـوڕ:** یەكێكـە لـە گەورەتریـن كێڵگـە نەوتییـەكان لـە هەرێـم و عێـراق و خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، لـە سـاڵی (١٩٢٧ز) نـەوت لـەم كانـە دەردەهێنرێـت.

**ب-كێڵگـەی بـای حەسـەن:** سـاڵی (١٩٥٣ز) دۆزراوەتـەوە، ئـەم كێڵگەیـە دەكەوێتـە ناوچـەی زێـی بچـووك.

**ج-كێڵگـەی چەمەبـۆر:** سـاڵی (١٩٥٤ز) دۆزراوەتـەوە، ئـەم كێڵگەیـە كەوتۆتـە هێڵـی درێژكـراوەی كێڵگـەی بـای حەسـەن.

**د-كێڵگـەی بەلخانـە:** دەكەوێتـە نێـوان دوزخورماتـو و كفرییـەوە.

**هـ-چەنـد كێڵگەیەكـی دیكـە:** گرنگترینیـان ئەمانـەن: (دمیـرداغ، مەخمـور، ئینجانـە، تەقتـەق، شیواشـۆك و چەمچەمـاڵ).

**٣- كێڵگەكانـی نەوتـی باشـور:** كێڵگـەی ناوچـەی خانەقیـن دەگرێتـەوە كـە بـە كێڵگـەی نەفتخانـە ناسـراوە، بەرهەمهێنانـی نـەوت لـەم كێڵگەیـە لـە سـاڵی (١٩٢٧ز) دەسـتیپێكردووە.

### ٤- گازی سروشتی.

گازی سروشـتی( Natural Gas ) ووتەمەنییەکـی شـلە, وزەیەکـی گەرمـی یەکجـار بـەرزی هەیـە و گرنگـی زۆری هەیـە لـە بـواری پیشەسـازی، و سـەرچاوەیەکە کەمتـر دەبێتـە هـۆی پیسـبوونی ژینگـە.

بەرهەمهێنانـی گازی سروشـتی دەبێتـە یەکێـك لەسـەرچاوەکانی داهـات بـۆ هەرێمـی کوردسـتان لەپـاڵ نەوتیشـدا گازی سروشـتی دەفرۆشـرێت و هەنـاردە دەکرێـت، بـەم شـێوەیە هەرێمـی کوردسـتان دەبێتـە خاوەنـی دوو سـەرچاوەی داهـات کـە لـە ڕووی ئابووریـەوە گرنـگ دەبێـت.

لـە سـاڵی (٢٠٠٧ز) دەسـتکرا بـە دەرهێنانـی گازی سروشـتی لـە هـەردوو کێڵگـەی کۆرمـور و چەمچەمـاڵ، و لـە ئێسـتادا هەرێمـی کوردسـتان بـە پلـەی حەوتـەم دێـت بەرامبـەر بـە وڵاتانـی جیهـان بـە یەدەگـی (٥,٦) تریلیـۆن چوارگۆشـە لـە گازی سروشـتی.

**چالاکی:**

مامۆسـتای بەڕێـز لەسـەر چەنـد کاغەزێکـی بچـووك تەنهـا نـاوی یـەك کانـزای نافلـزی و ناوچەیەکـی لەسـەر بنووسـە و لەسـەر قوتابییانـی دابـەش بکـە, دواتـر هـەردوو بەشـەکەی کانـزا نافلزییـەکان و بەکارهێنانـی لەسـەر وایـت بـۆرد بنووسـە و داوا لـە قوتابییـان بکـە کانـزا نافلزییـە نووسـراوەکەیان لەژێـر ناونیشـانەکان پۆلیـن بکـەن.

**هەڵسەنگاندن:**

وەڵامـی پرسـیارەکان لەنـاو خانەکانـدا هە ڵبژ ێـر ە :

| | | |
|---|---|---|
| کێڵگەی تاوکی | گازی سروشتی | فلزییەکان |
| نا فلزییەکان | مس | بابە گوڕگوڕ |

١- گۆگرد لە جۆری کانزا

٢- لە دوای ئاسن بە پلەی دووەم دێت

٣- بـە گەورەتریـن کێڵگـەی نـەوت دادەنرێـت لـە هەرێـم و عێـراق و خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت

٤- دەکەویتـە ناحیـەی ڕزگاری سـەر بـە قـەزای زاخـۆ


٥- قورقوشم لە جۆری کانزا

٦- سووتەمەنییەکی شلە

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابـی ئازیـز لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکـت بـە گـروپ ڕاپۆرتێکـی پوخـت ئامـادە بکـەن بـۆ لەسـەر گرنگـی گازی سروشـتی لـە هەرێمـی کوردسـتان، پێشـنیار و ڕاسـپاردەکانی تێدابـێ بـۆ سـوود وەرگرتـن لـەم سـەرچاوە نوێیـەی وزە لـە هەرێمـی کوردسـتان.

نەخشەی بیرە نەوتەکانی هەرێمی کوردستان





# بەندی پێنجەم

## جوگرافیای مرۆیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

### ئامانجی فێربوون:

قوتابی:

١-شیکردنەوە بکات بۆ هۆکارەکانی زۆربوون و کەمبوونەوەی دانیشتوان لە هەرێمدا.

٢-هەڵسەنگاندن بۆ پێکهاتەکانی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان بکات.

٣- هێلکاری بۆ قۆناغ و بنەماکانی جێگیربوونی پیشەسازی بەپێی بەشەکانیان بکات.

٤-جیاوازی بکات لە نێوان جۆرەکانی پیشەسازی.

٥- بەروبوومە کشتوکاڵییەکان پۆلین بکات وبیان ناسێت.

٦- کۆسپ و گرفتەکانی سامانی ئاژەڵ چارەسەر بزانێت.

٧-هەڵسەنگاندن بۆ گرنگی سەیران وگەشت وگوزار بکات.

٨-شیکردنەوە بۆ جۆراوجۆری ڕێگاکانی هاتوچۆ و کاریگەریان بۆ گەشت وگوزار بکات.

وانەی یەکەم/

## دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی پەیوەندییان بە دانیشتوانەوە هەیە، لە ڕووی گۆڕان، دابەشبوون، چڕی و پێکهاتە... هتد هەمووی لەبنچینەدا پشت بەئامار دەبەستێت.

لە باسی دانیشتوانی هەرێمدا، پێویستە باس لەو ئامار و سەرژمێرییانە بکەین کە لە عێراقدا هەتا ئێستا ئەنجامدراون وەك سەرژمێرییەکانی سالآنی (١٩٤٧، ١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧، ١٩٨٧ز) کە باشترینیان سەرژمێرییەکەی ساڵی (١٩٥٧ز) بووە، بەڵام لە سەرژمێرییەکانی دوایدا و بە هۆکاری ڕامیاری (سیاسی)، ئامارەکان گۆڕانکارییان تێدا کراوە و ژمارە و ڕێژەی نەتەوەکانی وەك کورد و تورکمان و کلدان و سریان و ئاشوری شێوێندراوە و کەمکراوەتەوە بەراورد بە ڕێژەی عەرەب.

## زۆربوون و گەشەکردنی دانیشتوانی هەرێم:

مەبەست لە زۆربوونی دانیشتوان ئەو گۆڕانە سروشتیە کە لە ئەنجامی جیاوازی نێوان ژمارەی لە دایك بووان و ژمارەی مردووەکان پەیدا دەبێت، ئەگەر بەراوردێك لەنێوان ئەو سەرژمێرییانە بکەین کە لەماوەی ڕابردوودا لە عێراق لە ساڵەکانی (١٩٤٧، ١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧، ١٩٨٧ز) ئەنجامدراون بۆمان دەردەکەوێت کە نزمترین ئاستی گەشەی دانیشتوانی هەرێم لە نێوان سالآنی (١٩٥٧ تا ١٩٦٥ز) بووە بە (٢,٤٪) و بەرزترین ئاستی گەشەی دانیشتوانیش (٣,٨٪) بووە لە ماوەی نێوان سالآنی( ١٩٦٥تا١٩٧٧ز)، ئەم ڕێژەیە بەراورد بە کۆی دانیشتوانی عێراق بە بەردەوامی لە کەمبوونەوە دابووە. بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی(١٩٥٧ز) ژمارەی دانیشتوانی هەرێم گەیشتۆتە (١,٧٢٢,٠٠٠) کەس، بەڵام لە ساڵی(١٩٨٧ز) بەرزبۆتەوە بۆ (٤,٠٩٦,٠٠٠) هەزار کەس، ساڵی(٢٠٢٠) بۆتە زیاتر لە (٦)ملیۆن کەس. سەیری خشتەی ژمارە(٤) بکە.

خشتەی ژمارە ( ٤ )

**ژمارە و ڕێژەی زۆربوون و گەشەسەندی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان**

**لەچاو دانیشتوانی عێراقدا (ماوەی نێوان ١٩٤٧ز - ١٩٨٧ز).**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی بۆ سەرجەم دانیشتوانی عێراق |
|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ١٣٤٧٣٧١ | ٪٢٨ |
| ١٩٥٧ | ١٧٢٢٥٦٤ | ٪٢٧,٤ |
| ١٩٦٥ | ٢١١٨٢٨٨ | ٪٢٦,٣ |
| ١٩٧٧ | ٣٠٦٩٤١١ | ٪٢٥,٩ |
| ١٩٨٧ | ٤٠٩٦١١٥ | ٪٢٥,١ |

## هۆکارەکانی زۆربوون و کەمبوونەوەی دانیشتوانی هەرێم:

بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ئامار و سەر ژمێریەکانی ساڵانی (١٩٤٧، ١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧، ١٩٨٧ز) ئەو بارودۆخە نائاساییە پیشاندەدات کە کوردستان و عێراق تیایدا ژیاوەو هەوڵدراوە هەمیشە ڕاستی ئامارەکان بشێوێندرێت و بشاردرێتەوە، ئەمەش بەهۆکاری حکومەتەکانی عێراق. گومان لەوەدا نییە کە سەرژمێری تازە ئەو ئامارانە تەواو پشت ڕاست دەکاتەوە، چونکە کۆمەڵگەی کوردەواری بە زۆری ئەندامی خێزانی و زۆری ژمارەی لەدایك بووان ناسراوە. بۆیە زۆر ئاساییە ڕێژەی زیادبوونی ساڵانە تا ئێستاش لە نێوان (٣ - ٤٪) دابێت (واتە بۆ هەر ١٠٠ کەس ٣ - ٤ کەس ساڵانە زیادبکات).

## دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان:

هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای چاخە بەردینەکانەوە مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووە و کاری کشتوکاڵی کردووە و گوندو شارۆچکەی دروست کردووە، چونکە باری ئاووهەواو جۆری خاك و سەرچاوەکانی ئاو یاریدەدەر بوون بۆ نیشتەجێبوون لە کوردستان، ئەوە بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت کە بەشێوەیەکی بەربڵاو بەسەر هەموو ناوچەکانی هەرێمدا دابەشبوون، واتە مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوون (گوند و شارۆچکەکان) بە ژمارە زۆرن و بەڵام زۆربەیان بەقەبارە بچووکن و بەشێوەیەکی بڵاو و بە پشت بەستن بە سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی بەسەر هەرێمدا بڵاوبونەتەوە. ئەم دیاردەیە پێچەوانەیە لەگەڵ مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوونی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، کە ئەوان بە شێوەیەکی بەربڵاو پەرت بوونە بەدرێژایی لقی ڕووبارەکانی دیجلە و فوڕات. ئەوەی شایانی باسە لە نێوان ساڵانی(١٩٥٧ تا ١٩٨٧ز) گۆڕانێکی گەورە بەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمدا هاتووە، ئەویش بەهۆی گواستنەوەی دانیشتوانی هەرێم لەگوندەکان و شارۆچکەکانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان، بەبیانووی نابەجێی وەك (سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان، شەڕی نێوان عێراق و ئێران، دوورخستنەوەی کورد لە ناوچەی چاڵە نەوتییەکان). بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) هەر بەهۆی ئەم سیاسەتەوە ڕێژەی گوندنشینەکان کەمی کردووە و ڕێژەی شارنشینیش زۆر بووە.

خشتەی ژمارە ( ٥ )

| پارێزگا | ئاماری سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ز | | ئاماری سەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ز | |
|---|---|---|---|---|
| | لادێ | شار | لادێ | شار |
| دهۆك | ٨٢,٨ | ٧,٢ | ٢٥,٥٤ | ٧٤,٥٦ |
| هەولێر | ٧٣,٢ | ٢٦,٨ | ٢٢,٧ | ٧٧,٣ |
| کەرکوك | ٦١ | ٣٩ | ٢٦ | ٧٤ |
| سلێمانی | ٧٤ | ٢٦ | ٢٩ | ٧١ |
| نەینەوا | ٧٢,٤ | ٢٧,٦ | ٥٨ | ٤٢ |
| کوردستان | ٦٨ | ٣٢ | ٤٧ | ٥٣ |

**چالاکی:**

مامۆستای بەڕێز بە گفتۆگۆکردن لەگەڵ قوتابییان شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی زۆبوون و کەمبوونەوەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان بکەن.

**هەڵسەنگاندن:**

١-مەبەست لەزۆربونی دانیشتوان چییە؟

٢-لەنێوان ساڵانی (١٩٥٧تا١٩٨٧ز) گۆڕانکاری بەسەر دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هاتووە بۆچی؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ئازیز بە بۆچوونی تۆ ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان زۆرە یا کەم ؟ ئەگەر وەڵامەکەت (بەڵێ)یە بۆچی ؟ و ئەگەر (نەخێر)ە بۆچی؟

## پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان

تاوتوێکردن و توێژینەوەی دانیشتوان بە گوێرەی ڕەگەز و تەمەن بایەخێکی گەورەی هەیە، چونکە ڕوخساری دیمۆگرافیانەی ئەو کۆمەڵە ڕووندەکاتەوە، دەریدەخات ژمارە و ڕێژەی ئەو کۆمەڵە چەندە، نیشانیدەدات ئەوانەی توانای کار و بەرهەمهێنانیان هەیە چەندە، هەروەها گەشەسەندن و زۆربوونی دانیشتوان ڕووندەکاتەوە.

### ١- پێکهاتەی ڕەگەزی دانیشتوان:

پێکهاتەی ڕەگەزی دانیشتوان ڕێژەی نێرە بۆ مێ، یان بە پێچەوانەوە، واتە بەرامبەر هەر (١٠٠) کەسی مێ چەند کەسی نێر هەیە، ئەمەش دەناسرێت بە (ڕێژەی جۆری).
لەو سەرژمێرییانەی کە هەتا ئێستا لە عێراقدا ئەنجامدراون، ڕێژەی پێکهاتەی ڕەگەزی دانیشتوان گۆڕاوە و جیاوازی پێوەدیارە.

### ٢- پێکهاتەی دانیشتوان بەپێی تەمەن:

مەبەست لەم جۆرە پێکهاتنە، دابەشکردنی دانیشتوانە بەسەر چەند کۆمەڵەیەکی تەمەندا، ئەمەش بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی تواناکانی کار و دابەشبوونی دانیشتوان بەسەر لایەنە جیاوازەکاندا وەك پەروەردە و فێرکردن، سەربازی، پیر و پەککەوتووەکان، منداڵان، پاشان دیاریکردنی ئەو کۆمەڵگەیە بەگشتی لە قۆناغی منداڵییەتی، یان گەنجێتی یان لە قۆناغی پیری دایە، بەشێوەیەکی گشتی کەمی و زۆری ڕێژەی تەمەنەکان پەیوەندی بە گوزەرانی ژیان و تەندروستییەوە هەیە.

## دانیشتوان بەسەر سێ کۆمەڵەی تەمەندا دابەشدەکرێن:

أ- کۆمەڵەی تەمەن بچوکەکان: ئەمەش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە خوار (٢٠) ساڵەوەیە.

ب- کۆمەڵەی تەمەن مام ناوەندییەکان: ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان (٢٠ - ٦٤) ساڵی دایە، بەرزی رێژەی ئەم کۆمەڵە گرنگی زۆری هەیە، چونکە کار و بەرهەم هێنان و هێزی سەربازی و بەرگریکردن لە خاك و نیشتمان بە زۆری لە ئەستۆی ئەم کۆمەڵە دایە.

ج- کۆمەڵەی تەمەن گەورەکان (بەتەمەنەکان): ئەمەش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان زیاترە لە (٦٥) ساڵ، بە گوێرەی سەرژمێرییەکانی عێراق دەردەکەوێت بە تەمەنەکان لە هەرێمی کوردستان رێژەیان کەمە.

خشتەی ژمارە (٧)

**رێژەی دابەشبوونی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان بەگوێرەی تەمەنیان**

| ماوەی تەمەنیان | رێژە بەگوێرەی تەمەنیان | رێژە بەگوێرەی سەرژمێری ١٩٨٧ |
|---|---|---|
| کەمتر لە (٢٠) ساڵ | ٥٣,٦٪ | ٥٩٪ |
| ٢٠ - ٦٤ | ٤١,٦٪ | ٣٦٪ |
| (٦٥) ساڵ و زیاتر | ٤,٨٪ | ٥٪ |

### ٣- پێکهاتەی دانیشتوان بەگوێرەی ئایین:

شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان و مێژووی دێرینی نیشتەجێبوونی دانیشتوان تیایدا بووەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەك ئایین و بیروباوەڕی ئایینی(ئاینزا) لە هەرێمدا بڵاوببێتەوە، بەڵام سەرەکییەکان ئەمانەن:

أ- ئیسلام: ڕێژەی (٩٤٪) ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان موسڵمانن، ئەمەش بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی(١٩٨٧ز)، بەسەر هەموو پارێزگاکانی هەرێمدا دابەشبوون.

ب- کلدو ئاشور و سریان(مەسیحی): ڕێژەیان (٣٪) ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە، بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧ز) پتر لە (٣٧٪) کریستیانەکانی عێراق دانیشتووی هەرێمی کوردستانن.

ج- ئێزیدی: ڕێژەی ٣٪ ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن، لە ناوچەکانی (شێخان، بەعشیقە، نەینەوا و شەنگال)دا نیشتەجێن.

د- سابیئە: ئەمانە ڕێژەیەکی کەم لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن بە بڵاوی لەناو شارەکاندا نیشتەجێبوون.

خشتەی ژمارە (٨)

**دابەشکردنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی ئایین**

| پارێزگا | موسڵمان | مەسیحی (کریستیان) | ئێزیدی |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٩٩,٧ | ٤,٩ | ٠,١ |
| هەولێر | ٩٧,٩ | ٢ | ٠,٠٤ |
| کەرکوك | ٩٦,٧ | ٢,٤ | ٠,١ |
| دهۆك | ٨٩,٤ | ٦,٦ | ٣,٩ |
| نەینەوا | ٨٦,٧ | ٠,٢ | ٨,٢ |
| کوردستان | ٩٣,٧ | ٣,١ | ٣,٣ |

٤- پێکهاتەی نەتەوایەتی:

شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، بۆ ئەوەی ناوچەکە ببێتە شوێنی مانەوە و نیشتەجێ بوونی گەلێ نەتەوە، پاشان کاریان کردۆتە سەر پێکهاتنی نەتەوایەتی ناوچەکە، ئامار و زانیارییەکانی تایبەت بە پێکهاتنی نەتەوایەتی هەرێم گەلێ کەموکوڕی و ئاڵۆزی تێدایە، لەوانە:

١- ئامارەکان بە گوێرەی پارێزگا پۆلێن کراون.

٢- کاری ڕاگواستن و بە عەرەب کردن ڕۆڵێکی خراپی دیوە لە شێواندنی ڕاستییەکان، بۆیە دەبێت لەم ڕووەوە هۆشیارانە و زانستیانە مامەڵە لەگەڵ ئامارەکاندا بکرێت.

به گشتی نەتەوە سەرەکییەکانی هەرێم ئەمانەن:

١- کورد: کۆنترین نەتەوەی نیشتەجێی کوردستانە، بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی(١٩٥٧ز) لە (٥٦٪)ی دانیشتوانی کوردستان پێکدەهێنن هەرچەندە کە ئێزیدی و شەبەك کوردن بە کەمایەتی ئایینی دانراون، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی(١٩٧٧ز)دا ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بۆ (٥٣٪)، هۆکاری ئەم کەمبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ:

أ- پەیڕەوی کردنی سیاسەتی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن، واتە نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگاکانیان، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی (کەرکوک، دیالە، نەینەوا و سەلاحەدین).

ب ــ هەوڵدان بۆ بەعەرەب ناونوسینی کوردەکانی ئەو ناوچانەی کە بەلای حکومەتی عێراقەوە بە شوێنی ستراتیژی و بوونی نەوت دادەنرێت، وەك (کەرکوک، خانەقین و دەوروبەری نەینەوا).

جـــ بە هۆی باری نا ئارامی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی بەرچاوی کورد لەنێوان ساڵانی (١٩٦١تا١٩٩١ز) و بەرەو دەرەوەی وڵات کۆچیان کردووە.

٢- تورکمان: بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ خێڵە تورکەکانی ناوەڕاستی ئاسیا پاشان گەیشتونەتە هەرێمی کوردستان و لەو ناوچەیەدا نیشتەجێبوون، لە سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧ز) دا تورکمان بە پلەی سێیەم دەهات لە کۆی دانیشتوانی عێراق، ڕێژەکەیان گەیشتبووە(٧٪). بەڵام لە سەرژمێرییەکانی دواییدا واتە ساڵی(١٩٧٧ز) نزم بۆتەوە، بۆ (٣٪) ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، چونکە تورکمانەکانیش بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوتون و کۆچکردن بۆ هەندەران کردووە.

**٣- عـەرەب:** نیشـتەجێ بوونیـان لـە هەرێمـی کوردسـتان، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق، کاتێـك هانـی خێڵـە کۆچەریەکانـی عەرەبـی داوە کـە لـە هەرێمـدا نیشـتەجێ بـن، لـە سـەرەتای چلەکانـی سـەدەی بیسـتەم پـرۆژەی نیشـتەجێبوون شـێوەیەکی بەردەوامـی وەرگرتـووە کە لە دوای سـاڵی (١٩٦٠ز) زیاتـر پـەرەی سـەندووە، پاشـان حکومەتـە یـەك لـەدوای یەکەکانـی عێـراق عەرەبەکانیـان هانـداوە کـە لـە کوردسـتاندا نیشـتەجێ بـن و هەمـوو هاوکارییەکـی داراییـان کـردوون.

**٤- کلدو سریان و ئاشوریەکان:** سـەرژمێری ورد و ڕاسـتەقینە لەبـەر دەسـتدا نییـە، کـە پێکهاتـی ڕاسـتەقینەی کلـد و ئاشـوریەکانی کوردسـتان نیشـانبدات، ئـەم کۆمەڵەیـە، کلدانیـەکان و سـریانییەکان و ئاشـورییەکان دەگرێتـەوە، لـە سـەرژمێری سـاڵی (١٩٥٧ز) دا ڕێژەیـان گەیشـتۆتە (٣٪)ی دانیشـتوانی هەرێـم، بـەڵام لـە سـەرژمێری سـاڵی(١٩٧٧ز) نـزم بۆتـەوە بـۆ(١٪). وەك ئامارەکانـی سـەرەوە دەردەکەوێـت ڕێـژەی کـوردو تورکمـان و کلـدو ئاشـوریەکان بەشـێوەیەکی دیـار و بەرچـاو لەسـەرژمێرییەکەوە بـۆ سـەرژمێرییەکی دیکـە کەمبونەتـەوە. ئەمـەش مانـای ئـەوە ناگەیەنـێ کـە ئـەم پێکهاتـە نەتەوەییانـە ژمارەیـان لەکورتـی داوە، بەڵکـو تەنهـا ڕێژەیـان لـە سـەرژمێرییەکان لەکورتـی دایـە، ئەمـەش بەهـۆی سیاسـەتی هێنانـی ژمارەیەکـی زۆری عـەرەب لـە شـارەکانی ناوەڕاسـت و باشـوری عێـراق بـۆ ناوچەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر دەسـتی حکومەتـی ڕەگـەز پەرسـتی بەعـس کـە کاری کردوەتـە سـەر دابەزینـی ئـەو پێکهاتـە نەتەوەییانـە و بـە قازانجـی نەتـەوەی باڵا دەست تـەواو بـووە، کـە نەتـەوەی عەرەبـە.

### چالاکی ناوپۆل:

قوتابییـان بـە گـروپ هەڵسـەنگاندن و ڕوونکردنـەوە بـۆ پێکهاتەکانـی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان بکـەن.

### هەڵسەنگاندن:

١- مەبەست لە زۆربوونی دانیشتوان چییە؟

٢- پێکهاتەی ڕەگەزەکانی دانیشتوان واتای چییە؟

٣- پێکهاتـە سـەرەکییەکانی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان بـە گوێـرەی ئاییـن بژمێـرە

### چالاکی ماڵەوە:

قوتابـی ئازیـز پێکەوەژیانـی هەمـە جـۆرەو پێکهاتـە نەتەوەییـەکان چ سـوودێکی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان هەیـە؟ بـە چەنـد دێڕێـك بۆچوونـی خـۆت دەربـڕە.

## دابەشبوونی دانیشتوانی کوردستان بەگوێرەی پێکهاتەی نەتەوەیی
## لە سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧ تا ١٩٧٧ز)دا

خشتەی ژمارە (٩)

| پارێزگا | کورد | | عەرەب | | تورکمان | | کلد و سریان و ئاشوری | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ |
| دهۆك و نەینەوا | ٣٠,٧ | ٢٥ | ٥٦,١ | ٧٢,٩ | ٤,٨ | ٠,٨ | ٦,١ | ١ |
| هەولێر | ٨٩ | ٨٦ | ٦,٦ | ١٠,٤ | ٢,٥ | ١,٦ | ١,٧ | ١,٧ |
| کەرکوك | ٤٨,٣ | ٣٧,٦ | ٢٨,٢ | ٤٤,٤ | ٢١,٤ | ١٦,٣ | ٠,٤ | ٠,٩ |
| سلێمانی | ٩٨,٤ | ٩٣,٩ | ١,١ | ٥,٥٤ | - | ٠,١ | - | ٠,١ |
| کوردستان | ٥٦ | ٥٣ | ٣٢ | ٤٢ | ٧ | ٣ | ٣ | ١ |

وانەی دووەم/

## پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا

چالاکی پیشەسازی رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری هەیە لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش بەهۆی دەستکەوتی داهات لە بەرهەمهێنان و بەگەڕخستنی دەستی کار کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی، پیشەسازی جگە لە بایەخە ئابوورییەکەی، لە لایەنی کۆمەڵایەتی و رامیاریش پڕ بایەخە و کۆمەڵگە بە ئامانجی خۆی دەگەیەنێ و پێداویستییەکانی بەهۆیەوە دەستەبەر دەکات.

پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان پێکدەهات لەو کەلوپەلانەی کە خەڵکی کوردستان بەکاریان هێناوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەیان وەك دروستکردنی پێڵاو و جلوبەرگ و مافور و ئەو ئامرازانەی کە لە کشتوکاڵیدا بەکار دەهاتن، لەگەڵ کەلوپەلی ناوماڵ و چەندها دروستکراوی دیکە، تا ئەمڕۆش ئەو پیشەسازییانە بە شێوازێکی کەم بەردەوامن.

**هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی عێراق چەند قۆناغێکی مێژوویی لە پیشەسازی بە خۆیەوە بینیوە، بۆ ئاسان تێگەیشتنی باسەکە بەسەر سێ قۆناغدا دابەشی دەکەین:**

**قۆناغی یەکەم:** لە ساڵی (١٩٢٥ - ١٩٥٨ز)، لەم قۆناغەدا پیشەسازی بریتی بوو لە چەند کارگەیەکی ساکار و سەرەتایی، لە بوارەکانی (ئاسنگەری، دارتاشی، سابون، جلوبەرگ، رایەخ و خواردەمەنی و....هتد) کە لەناو ماڵاندا دروست دەکران و هەر لەوێش دەفرۆشران، بەڵام لەگەڵ دۆزینەوەی نەوت بۆیەکەمجار پیشەسازی بەمانا زانستییەکەی لە هەرێمی کوردستان دامەزرا و یەکەم پاڵاوگە لە ساڵی (١٩٢٧ز) بەناوی پاڵاوگەی (ئەلوەند) لە خانەقین دەمەزرا.

دوابەدوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٥٠ز) ئەنجوومەنێك لە عێراق دامەزرا بەناوی (ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە) کە مەبەست لە دامەزراندنی پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو، بەو هۆیەوە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر پیشەسازیدا هات، بەشی کوردستان لە چالاکییەکانی ئەم ئەنجومەنە تەنها دامەزراندنی دوو کارگە بوو بەناوی چیمەنتۆی سەرچنار و وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای دووبز.

**قۆناغی دووەم:** لە ساڵی ( ١٩٥٨ تا ١٩٩١ز )، پیشەسازی لەم قۆناغەدا بەبەراورد بەقۆناغی پێشتر گۆڕانی زیاتر و بەرچاوی بەسەردا هاتووە کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری خواست لەسەر نەوت، کۆمەڵێك پیشەسازی مۆدێرن و سەردەمی لە هەرێمی کوردستان دامەزرا، وەك پیشەسازییەکانی (شەکر، جگەرە، چیمەنتۆ، پاڵاوتنی نەوت و ڕستن و چنین).

**قۆناغی سێیەم:** (لە ساڵانی دوای ١٩٩١ز) سەرەتای ئەم قۆناغە بواری پیشەسازی کەمتر برەوی پێدراوە، بەڵام دواتر و بەتایبەت دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق و کرانەوەی هەرێمی کوردستان بە ڕووی جیهاندا پڕۆژەی زیاتری پیشەسازی دامەزرا، کە بە گشتی خاوەندارێتییەکەی جگە لە کەرتی گشتی، کەرتی تایبەتیشی گرتەوە، بەڵام هێشتا لە ئاستی داخوازییەکاندا نییە و چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی باشتر دەکرێت لە سەرجەم کەرتە ئابوورییەکان بەگشتی و پیشەسازی بە تایبەتی.

بە شێوەیەکی گشتی لە ئاماری ساڵی (٢٠١٣ز) ژمارەی کارگەو دامەزراوە پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کاریان کردووە و لە بەرهەمهێناندا بەردەوام بوون بریتی بوو لە (١٠٣٨٧) دامەزراوەی پیشەسازی کە بەسەر پارێزگاکانی هەرێمدا دابەشبوون.

## بنەماکانی جێگیربوون و پێشکەوتنی پیشەسازی:

بێگومان پیشەسازی بۆ ئەوەی جێگیر بێت و پێشبکەوێت و سوودی بۆ ئابووری وڵات هەبێت پێویستی بە هەندێ بنەماو پێداویستی هەیە لەوانە:

**١- کەرەستەی خاو:** هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە هەبوونی هەندێ لەو کەرەستە خاوانەی کە پێویستن لە پەرەپێدانی پیشەسازیدا بەکاربێن، بە هەموو جۆرەکانی کانزایی و ئاژەڵی، یان ڕووەکی، بە تایبەت نەوت، جگە لەوەی سەرچاوەیەکی ووزەیە، لە هەمان کاتدا کەرستەیەکی خاوی زۆر گرنگە بۆ زۆر جۆر لە پیشەسازیەکانی ناسراو بە پیشەسازییە پترۆکیمیاوییەکان، کەرستەی خاوی کشتوکاڵی پیشەسازی لەم هەرێمەدا هەیە، وەك (گوڵەبەڕۆژە، لۆکە، توتن، گەنمەشامی ...هتد), لۆکە کە دەچێتە پیشەسازی چنینەوە، هەروەها توتن ئەگەرچی چاندنی لەم دواییەدا لە پاشەکشە دایە، کونجی و گوڵەبەڕۆژە لە کوردستان دەچینرێت و هەردووکیان مادەی خاوی سەرەکین لە پیشەسازی ڕۆنی ڕووەك، چەوەندەری شەکریش کە لە ناوچەی شارەزوور دەچینرێت لە بەرهەمهێنانی شەکردا بەکاردێت.

هەرچی کەرستە خاوە ئاژەڵییەکانە لە جۆری مانگا و مەڕ و بزن و گامێش دەکرێ بەرهەمی ئەو ئاژەڵانە وەبەربهێنرێن بۆ دامەزراندنی گەلێ پیشەسازی وەك (شیرەمەنی و قوتوبەندکردنی گۆشت و چنین و چەندین پیشەسازی دیکە).

**٢- سەرچاوەکانی وزە:** یەکێك لە بنەماکانی دیکەی سەرخستنی پیشەسازی هەبوونی وزەیە ئەویش لە کوردستاندا بە شێوەیەکی سەرەکی سەرچاوەکەی گاز و نەوتە لەگەڵ ئەو کارەبایەی لەبەست و بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان بەرهەم دەهێنرێت. سەبارەت بە گازی سروشتیش هەرێمی کوردستان یەدەگێکی زۆری هەیە، بەڵام تا ئێستا بە پێی پێویست لە بواری پیشەسازیدا سوودی لێ وەرنەگیراوە.

**٣- دەستی کار:** ئەم بنەمایە یەکێکە لە هۆکارەکانی دیکەی سەرخستنی پیشەسازی لە هەرێمدا ئەمەش بە گوێرەی ئەندازەی خوێندن و لێزانی تەکنیکی و پلەی مەشقکردن دەبێت، ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ کارکردن لە کارگەکان بە تایبەتی ئەگەر زانیمان ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە (٦) ملیۆن کەس زیاترە، بەڵام بە گوێرەی ئەو قەبارەیەی دانیشتوان تا ئێستا بە ئەندازەی پێویست سوود لەم هۆکارە وەرنەگیراوە.

**٤- بازاڕ:** ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگە و یەکێکە لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی پیشەسازی بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.

**٥- ڕێگاوبان:** لە پێناو پێشخستنی پیشەسازی ئەبێ تۆڕێکی باش و چڕی ڕێگاوبان هەبێت، ئەمەش بە مەبەستی ئاسانکردنی پەیوەندی نێوان شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرچاوەی کەرستەخاوەکان و هەروەها شوێنی دامەزراوە پیشەسازییەکان، لەو بارەیەوە هەوڵێکی زۆر هەیە لە لایەن حکومەتی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە.

ڕێگاکان لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە جۆری وشکانین، هێڵی ئاسنین و ڕێگای ڕووبار نییە، تەنها لەم دواییانەدا ڕێگای ئاسمانی کرایەوە. هۆیەکانی گواستنەوە لە جیهاندا بە شادەماری ئابووری دادەنرێت.

**٦- سەرمایە:** بنەمایەکی گرنگی دامەزراندن و پێشخستنی پیشەسازییە کە سەرچاوەکەی لە دوو لاوە بۆدێت.

أ- ئەو گوژمەی کە حکومەت تەرخانی دەکات بۆ دامەزراندنی کارگەکان، کەپێی دەگوترێت پیشەسازی کەرتی گشتی، لەکاتی ئیستادا خاوەندارێتی کەرتی گشتی بەرەو کەمبوونەوە چووە.

ب- وەبەرهێنانە تایبەتییەکان: واتە ئەو پارەیەی کە هاوڵاتیان لە سامانی خۆیان بۆ دامەزراندنی پیشەسازی تەرخانی دەکەن و خۆیان دەبنە خاوەن کارگەکان و هەر خۆشیان سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی دەکەن، ئەم جۆرە خاوەندارێتییە تا دێت زیاتر دەبێت.

**چالاکی:**

مامۆستای بەڕێز با قوتابییان بە گروپ بە شێوەی هێلکاری قۆناغەکان و بنەماکانی جێگیربوون و پێشکەوتنی پیشەسازی دروستبکەن.

**هەڵسەنگاندن:**

١-چالاکی پیشەسازی چ ڕۆڵێکی لە پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان هەیە؟

٢-بنەماکانی جێگیربوون وپێشکەوتنی پیشەسازی بژمێرە؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی زیرەك کەرتی تایبەت یاخود گشتی، کامەیان زیاتر خزمەتی پیشەسازی و هاوڵاتیان دەکات ؟ پاساو بۆ وەڵامەکەت بهێنەوە.



**جۆرەکانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا:**

بەشێوەیەکی گشتی پیشەسازی بۆ چەندین بەش پۆلین دەکرێت، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو جۆرانە لە هەرێمی کوردستاندا هەبن، بەتایبەتی هەندێ پیشەسازی کە پشت بەماددەی خاوی وا دەبەستن لە هەرێمدا نییە. لێرەدا پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەما سروشتییەکانی بەرهەمهێنان بەسەر چەند جۆرێك دابەش دەکەین:

**١- پیشەسازی کەرستەی بیناسازی:** ئەم پیشەسازییە لە زۆر کۆنەوە لە هەرێمدا هەبووە و داهاتێکی زۆر و خێرای لێ دەست دەکەوێت، ئێستا لە هەرێمی کوردستان چەندین جۆر پیشەسازی لە بواری دروستکردنی(بلۆك و کاشی و چیمەنتۆ و شتایگەر و بەردی حەلان و کەرپوچ ... هتد) دامەزراوە، لەوانە (پیشەسازی چیمەنتۆی سەرچنار، چیمەنتۆی تاسلوجە، گەچی بازیان و کارگەی مەرمەری هەولێر)، لەگەڵ بوونی چەندین کارگەی بچووك و مامناوەند لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان وەك کارگەی (خشتی سوور ، بلۆك ، کاشی و بۆری ئاوی کۆنکریتی)، شایانی باسە رێژەی پیشەسازی کەرستە بیناسازییەکان دەگاتە (٣٩٪) ی سەرجەمی پیشەسازییەکانی هەرێم.

**٢- پیشەسازی کیمیاگەری و پترۆکیمیاوییەکان:**

بە رێژەی (٣٠٪) بەشداری کۆی پیشەسازییەکانی هەرێم دەکات، پیشەسازییەکە لەسەر پاڵاوتنی نەوت دامەزراوە، سەرەتای پەیدابوونی لە هەرێمی کورستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دۆزینەوەی نەوت، لەکاتی ئێستادا پاڵاوتنی نەوتی خاو لە زیاتر لە ١٠ پاڵاوگە ئەنجام دەدرێت، لەوانە: پاڵاوگەی ئەلوەند(ساڵی ١٩٢٧ز) و پاڵاوگەی کەرکوك(ساڵی ١٩٢٩ز) و پاڵاوگەی سلێمانی(ساڵی ١٩٩٦ز) و پاڵاوگەی کۆیە(٢٠٠٣ز).

**٣- پیشەسازییە خۆراکییەکان و خواردنەوەکان:** رێژەی (١٦٪) ی سەرجەمی پیشەسازییەکانی هەرێم پێکدەهێنن، و پشت دەبەستێت بەکەرستەی خاوی کشتوکاڵی و ئاژەڵی، بەرهەمەکانی وەك (شیرەمەنی، قوتوبەندی، ساردەمەنی، دانەوێڵەلێکردن، هەویرکاری، خواردنەوەی گازی، ئاوی کانزایی و پیشەسازی سەهۆڵ و ... هتد) دەگرێتەوە، ئەم جۆرە پیشەسازییە بەردەوام لە بەرەو پێشچوون دایە، و توانیویەتی تا ئەندازەیەکی باش داواکاری ناوخۆ دابینبکات.

**٤- پیشەسازی بەرهەمە كانزاكان:** پیشەسازییەكە رۆڵی گرنگی هەیە لە پەرەسەندنی ئابووری لە كەرتەكانی پیشەسازی و كشتوكاڵ و گواستنەوە، ئەم جۆرە پێكدێت لەپیشەسازییەكانی(دروستكردنی ئاسن و پۆڵا، بەرهەمهێنانی پلێتی تانكی، شیشی ئاسن بۆ بیناسازی، بۆری ئاسن و ئاسنی دەرگاو پەنجەرە ... هتد)، رێژەی (١٠٪) ی پیشەسازییەكانی هەرێم پێكدەهێنێت.

**٥- پیشەسازی كاغەز:** یەكێكە لە پیشەسازییە گۆڕاوەكان، پێكدێت لە بەرهەمهێنانی كاغەز بەهەموو جۆرەكانییەوە لەوانە كاغەز بۆ بەرهەمهێنانی (كارتۆن، دروستكردنی كلینكس، كاغەزی داپۆشینی دیوار و ... هتد)، ئەم پیشەسازییە بە رێژەی (٤٪) بەشدارە لە كۆی پیشەسازییەكانی هەرێم.

**٦- پیشەسازی چنین و جلوبەرگ:** چنین بە كۆنترین كەرتی پیشەسازی دادەنرێت لە هەرێمی كوردستان، كە پشت بە كەرستەی سەرەتایی وەك (خوری، پەمۆ، پێست، ...) دەبەستێت، وەك پیشەسازی (چنینی قوماش، بەرهەمهێنانی جلوبەرگ، بەتانیا، دروستكردنی مافوور، بەرهەمهێنانی پێڵاو و جانتای دەست و گەڵێ دروستكراوی دیكە) لەسەرەتادا بەشێوازی دواكەوتوو سەریهەڵداوە و دواتر چەندین كارگە و دامەزراوەی گەورە و مۆدێرن دامەزراوە، بەڵام زۆربەیان بە هۆی نەبوونی كەرستەی خاو و كۆنی ئامێرەكانی بەرهەمهێنان داخران، پیشەسازی چنین بە هەموو جۆرە بەروبوومەكانی رێژەی(١٪) ی سەرجەمی پیشەسازییەكانی هەرێمی كوردستان پێكدەهێنێت.

**چالاكی:**

مامۆستای بەرێز قوتابییان بكە بە چەند گروپێك, هەر گروپێك جیاوازی نێوان دوو جۆری پیشەسازی بنووسێت.

**هەڵسەنگاندن:**

١-چەند جۆر پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان هەیە؟


٢-پیشەسازییە خۆراكیەكان و خواردنەوەكان رێژەی سەدی چەندی پیشەسازیەكانی هەرێمی كوردستان پێكدەهێنن؟

٣-پیشەسازی كاغەز بە پیشەسازی چی ناودەبرێت؟

**چالاكی ماڵەوە:**

قوتابی ئازیز بە هاوكاری خێزانەكەت ناوی ئەو پیشەسازییانە بنووسە كە لە ئێستادا هەیە و لێرە ئاماژەی پێنەكراوە.

نەخشەی دابەشبونی جوگرافی بەروبوومی کشتوکاڵ لە هەرێم



وانەی سێیەم/

## کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان

چالاکی کشتوکاڵی گرنگیەکی زۆری هەیە، دابینکردنی ئاسایشی خۆراك پشت بەم چالاکیە دەبەستێت، لەبەرئەوەی بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی خەڵك هەیە، بۆیە ئێستا لە وولاتە تازە پێگەیشتووەکاندا هەوڵی بەکارهێنانی رێگاچارەی زانستییانە دەدرێت بۆ زیادکردنی بەرهەم و چاککردنی جۆرەکەی، تاکو شەستەکانی سەدەی بیستەم کشتوکاڵ تاکە چالاکی کوردستان بووە بەڵام لە ماوەی نێوان (١٩٧٥ - ١٩٨٨ز) بەهۆی وێرانکردنی زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان لەلایەن رژێمی بەعسەوە خەڵکانێکی زۆر لەم چالاکییە دابڕان.



گوندی بێستان سوور

## بەروبوومە کشتوکاڵییە گرنگەکان:

### یەکەم: دانەوێڵە:

#### ١- گەنم:

گەنـم بەرهەمێکـی زسـتانەیە پشـت بـە ئـاوی بـاران دەبەسـتێت، گرنگتریـن دانەوێڵەکانـی کوردسـتان کـە بەرهەمدەهێنرێـت گەنمـە.

ئـەو گەنمـەی لـە کوردسـتان دەچێنـرێ هەمـە جـۆرە، لەوانـە (زەردکـە، سـپیکە، ڕەزاو، قەندەهـاری، بەهـارە، مەکسـیباك) گەنـم لـە کوردسـتاندا بـە شـێوەیەکی بەربـڵاو دەچێنرێـت بەتایبەتـی لـەو شـوێنانەی کـەڕادەی دابارینـی ساڵانەی لە نێـوان (٢٥٠ - ٥٠٠) ملم دایـە. چاندنـی گەنـم زۆرتریـن ڕووبـەری کشـتوکاڵی داگیرکـردووە بـەڵام بەپێـی بارودۆخـی سروشـتی و مرۆیـی ڕووبـەری چانـدراو و بـڕی بەرهەمەکـەی لـە ساڵێکەوە بـۆ ساڵێکی دیکـە دەگۆڕێـت و جیـاوازە.

#### ٢- جۆ:

ئـەم دانەوێڵەیـە لە ڕووی گرنگیـەوە لـە دوای گەنـم دێـت، بەروبوومێکـی زسـتانەیە و بـەوە ناسراوە زیاتـر لە گەنم بەرگەی کـەش و هـەوای سـەخت دەگـرێ وەك دابەزینـی پلـەی گەرمـا و کەمبارانـی و سـوێری خـاك (شـۆرەکاتی خـاك).

لە گرنگترین جۆرەکانـی جـۆ لـە کوردسـتاندا (جـۆری ڕەشـە)، جـۆ وەك گەنـم ڕووبـەری چانـدراو و بەرهـەم و بـڕی هـەر دۆنمێـك لـە ساڵێکەوە بـۆ ساڵێکی دیکـە دەگۆڕێـت.

#### ٣- گەنمەشامی:

گەنمەشـامی بەروبومێکـە سـەرەتای بەهـار دەچێندرێـت، بـە مـاوەی (٩٠) ڕۆژ پێـدەگات، بـە سـێیەم بەروبوومـی گرنـگ دادەنرێـت لـە دوای گەنـم و برنـج، لـەم سـاڵانەی دوایـدا چاندنـی گەنمەشـامی لـە هەرێمـی کوردسـتان پـەرەی پێـدراوە، بـواری بەکارهێنانـی هەمـە جـۆرە بۆنموونـە وەك (ئالیکـی ئـاژەڵ، ئـارد، نیشاسـتە) بەکاردێـت هەروەهـا دەتوانرێـت ڕۆنیشـی لـێ دەربهێنرێـت.



گەنمە شامی

### ٤- برنج:

برنـج بەرهەمێکـی خۆراکـی سـەرەکییە، بەروبوومێکـی هاوینەیـە، و سـەرچاوەیەکی داهاتـە بـۆ ئـەو خێزانانـەی کـە بەرهەمـی دەهێنـن، بـەڵام تـا ئێسـتا رووبـەڕووی هەنـدێ گرفـت دەبێتـەوە لـە چاندنیـدا بۆیـە خەسـڵەتی دواکەوتوویـی پێـوە دیـارە.

دەبـێ ئـەوەش بزانـدرێ کـە بـڕی بەرهەمهێنـراوی یـەك دۆنم برنـج پتـرە لـە بـڕی یـەك دۆنـم گەنـم یـان جـۆ، ئەگـەر زەویەکـە بـاش ئامـادە بکـرێ و بەکاربهێنـرێ، لـە ناوچەکانـی باکـوری هەرێمـی کوردسـتان چاندنـی ئـەم بەروبوومـە زیاتـر سـەرکەوتوو دەبێـت، لـە گرنگتریـن ناوچەکانـی چاندنـی ئـەم بەروبوومـە دەکەوێتـە دەشـتەکانی (هەریـر و دیانـا و ناوچـەی باڵەکایەتـی لـە پارێـزگای هەولێـر) و دەشـتی (شـارەزوور و بیتوێـن لـە پارێـزگای سـلێمانی) و ناوچەکانـی ( سـێمێل و سـلێڤانی لـە پارێـزگای دهـۆك) و هەروەهـا لـە شـێخان و ئاکرێـش برنـج دەچێندرێـت.



وێنەی کێڵگەیەکی کشتوکاڵکردنی برنج

## دووەم: بەروبومە نەختییەکان

(ئەو بەروبومانەی دەچنە ناو پیشەسازی):

**ئـەم بەرهەمانـەش چەنـد جۆرێـك دەگرنـە خۆیـان وەك لۆكـە و توتـن.**

### ١- لۆکە (پەمۆ):

لۆکـەی چانـدراو لـە کوردسـتاندا لـە جـۆری (کوکروسـت)ە، شـایەنی باسـە پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان ریـزی پێشـەوەیان گرتـووە لەبەرهەمهێنانـی لۆکـەدا لەسـەر ئاسـتی عێـراق، لۆکـە لـە پیشەسـازی ڕستن و چندراوە لۆکەییەکانـدا بەکاردەهێندرێـت، تۆیەکـەی ڕۆنـی لێدەردەهێنرێـت و لـە پیشەسـازی ڕۆنـی ڕووەکـی و سـابوندا بەکاردەهێندرێـت، هەروەها پاشماوەکەشـی وەك ئالیکـی ئـاژەڵ بەکاردێـت.

### ٢- تووتن:

ئـەو بەروبوومـە لـە وڵاتـی عێـراق، تەنیـا لـە هەرێمـی کوردسـتاندا دەچێنرێـت بەتایبەتـی لەهەرێمـی شـاخاوی بـەرز و نیمچـە ئاڵـۆز، کـە بەرزاییەکەیـان لەنێـوان(١٠٠٠- ٢١٠٠م) لەسـەر ئاسـتی ڕووی دەریاوەیـە. پارێـزگای سـلێمانی لـە ریـزی پێشـەوە دێـت، دواتـر هەولێـر و دهـۆك. دوو جـۆری سـەرەکی تووتـن دەچێنرێـت لـە هەرێمـی کوردسـتان، کـە ئەوانیـش تووتنـە خۆرهەڵاتیـەکان و تووتنـە ڤێرجینەکانـن، پارێـزگای هەولێـر بـە پلـەی یەکـەم دێـت لـە تووتنـە ڤێرجینیـەکان و پارێـزگای سـلێمانی بـە پلـەی یەکـەم دێـت لـە تووتنـە خۆرهەڵاتیـەکان، شـایانی باسـە لـەم سـاڵانەی دواییـدا چاندنـی تووتـن لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە پاشەکشـێدایە، بەهـۆی هاوردەکردنـی جگـەرە لـە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان.



وێنەی کێڵگەیەکی کشتوکاڵکردنی لۆکە (پەمۆ)



وێنەی کێڵگەیەکی کشتوکاڵکردنی توتن

## سێیەم: ڕووەکە پاقلەمەنیەکان:

جـۆری سـەرەکی ئـەم ڕووەکـە لـە هەرێمـی کوردستاندا نۆکە و لە دوای ئەویش جۆرەکانی دیکـەی وەك پاقلە و لۆبیا دێـن.

سـەبارەت بـە نـۆك، بەروبوومێکـی زستانەیە و پشـت بەئـاوی بـاران دەبەسـتێت، ئـەم جۆرانـەی لە کوردستاندا دەچێنرێ لە جـۆری خۆجێین وەك جۆرەکانـی ( سـلێمانی، دهۆکـی ). لـەم سـاڵانەی دواییـدا جـۆری نـوێ هاتـە نـاوەوە کـە برێکیـان درێـژن و بەرگـەی ئافـات و نەخۆشـی دەگـرن، چاندنـی ئـەم ڕووەکـە لـە خاکـی بەشـەکانی باکـور و باکـوری خۆرهـەڵات و ناوەڕاسـتی هەرێمـی کوردسـتاندا سـەرکەوتووە لەبـەر ئـەوەی خاکەکەیـان شـیاون بـۆ ئـەم ڕووەکـە.

**چالاکی ناوپۆل:**

قوتابییـان ئـەم جـۆرە بەرهەمانـە پۆلیـن بکـەن بـۆ بەروبوومـە کشـتوکاڵییەکانی کـە لێیانـەوە بەرهـەم دێـن (کوکروسـت، نیشاسـتە، ڤیرجینیـەکان، قەندەهـاری، پاقلـە).

**هەڵسەنگاندن:**

١-چالاکی کشتوکاڵی گرینگی چی هەیە؟

٢-کەمـی و زۆری بەرهەمـی دانەوێڵـە لـە سـاڵێکەوە بـۆ سـاڵێکی دیکە؟

٣-بەروبومە نەختینیەکان بژمێرە؟

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابـی ئازیـز بـە هـاوکاری خێزانەکـەت وەڵامـی ئەمانـەی خـوارەوە بـدەوە:

١- چاندنی برنج پێویستی زۆری بە چی هەیە؟

٢- ئایا گەنم لە کوردستان هاوردە دەکرێت، یاخود دەنێردرێتە دەرەوەی هەرێم؟ ئەمە بـە بـاش دەزانی یاخـود نا ؟

## چوارەم: بەرووبومە ڕۆندارەکان:

ئـەو بەروبوومانـەن کـە سـوود لـە تـۆوە (ناوەڕۆکە)چەورەکەیـان وەردەگیـرێ و لـە پیشەسـازییە خۆراکییەکانـدا بەکاردەهێنرێـن، جۆرەکانـی ئەمانـەن:

### ١- گوڵە بەڕۆژە:

گوڵەبـەڕۆژە بەرهەمێکـی هاوینەیـە لـە هەمـوو پارێزگاکانـی کوردسـتاندا دەچێنرێـت، هـەردوو پارێـزگای سـلێمانی و کەرکـوك لـە ڕووی چاندنـی گوڵەبـەڕۆژە لـە پێشـەنگی پارێزگاکانـی دیکـەی هەرێمـی کوردسـتاندا دێـن.

### ٢- کونجی:

لـەو بەرهەمانەیـە کـە لـە زۆر ڕووەوە بەکاردێـت، ڕاسـتەوخۆ دەخورێـت یـان بـۆ پیشەسـازی هەویـرکاری و شـیرینی و دەرهێنانـی ڕۆن بەکاردێـت، ڕێـژەی زیاتـر لـە (٥٠٪) ڕۆنـی تێدایـە. زیاتـر لـە هەرێمـی نیمچـە شـاخاوی دەچینرێـت لـە ناوچـە کوردسـتانییەکانی سـەر بـە پارێـزگای دیالـە و کەرکـوك و نەینـەوا و هەروەهـا هەولێریـش دەچێندرێـت.

## پێنجەم: سەوزە:

سەوزە یەکێکە لەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی کە لە کوردستاندا دەچێنرێت لە رووی گرنگییەوە لەدوای دانەوێڵە دێت، سەوزە دوو جۆرە:

### ١- سەوزەی هاوینە:

ئەم جۆرە لە (تەماتە، خەیار، باینجان، بامیە، گندۆرە(کاڵەك)، شفتی ، بیبەر، کولەکە(کودی) و ..... هتد )پێکدێت، تەماتە لە پێشەوەی هەموو جۆرەکانی دیکە دێت، لە رووی ئەو رووبەرەی بە سەوزەی هاوینە دەچێندرێت لە زەوییە کشتوکاڵیەکاندا، چونکە داواکاری زۆری لەسەرە.

تەماتە لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دەچینرێت و بەرهەم دەهێنرێت و لە بازاڕەکان ساغ دەکرێتەوە، یان رەوانەی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەکرێت.

### ٢- سەوزەی زستانە:

ئەم جۆرە سەوزانەش زۆر بە بایەخن و پێکدێن لە (چەوەندەر، شێلم، پیاز، گێزەر، خاس، کەلەم، سپێناخ و ........ هتد).

رووبەری چاندراو بەو جۆرە سەوزانە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازی هەیە، پارێزگای هەولێر لە ریزی پێشەوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دێت لە رووبەری چاندراوی سەوزەی زستانە.

## شەشەم: رەز و باخەکان:

بنەما جوگرافیا سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان یارمەتی پەیدابوونی ئەو جۆرە چالاکییە کشتوکاڵیە دەدەن لە هەرێمی شاخاوی یان نیمچە شاخاوی دەروێندرێن.

لە بنار و قەدپاڵی چیاکاندا داری مێو(ترێ) و گوێز و هەرمێ و ..... هتد دەچێنرێن واتە لەو ناوچانەی کە لە نێوان (٥٠٠ - ١٠٠٠) ملم بارانیان لێ دەبارێت، جگە لەم درەختانە داری دیکەشی لێ دەڕوێ وەك (هەنجیر، هەڵوژە، خۆخ، گێلاس، بادەم، توو و .... هتد ). بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین تێکرای ناوچەکانی کوردستان بە کەڵکی چاندنی دارو درەختی بەبەر دێن. هەر ناوچەیەك بە گوێرەی ژینگەی خۆی تایبەتمەندە بە چاندنی جۆرە میوەیەکی تایبەتی: بۆنمونە دەتوانرێ ناوچەکانی باشوری هەرێم تەرخان بکرێ بۆ چاندنی خورما و مزرەمەنی لە (بەدرە و مەندەلی و جەلەولا و قزل رەبات) لە کاتێکدا ناوچەکانی(باڵەکایەتی، هەورامان، و دەوروبەریان) تایبەتمەندە بە چاندنی درەختی گوێز و هەرمێ و سێو.

گرنگترین داری چاندراو لە کوردستاندا داری مێوە (ترێ)، بە هەموو جۆرەکانییەوە کە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەروەها هەنار و سێو و هەنجیر و مزرەمەنی و دارخورماش دەچێنرێن.

بە گشتی بەرهەمی رووەك لە هەرێمی کوردستان ساڵ لە دوای ساڵ لە پێشەکەوتن دایە, چونکە کوردستان ئاووهەوایەکی زۆر لە باری هەیە بۆ چاندی جۆرە جیاجیاکانی رووەك.

## سامانی ئاژەڵ:

سامانی ئاژەڵ لە کوردستان بەخێوکردنی چەند جۆرە ئاژەڵێك دەگرێتەوە وەك مەڕ و بزن و مانگا و گامێش و پەلەوەر، لێرەدا باسی ئەو ئاژەڵانەو دابەشبوونی جوگرافی دەکەین.

### ١- مەڕ:

ئەو جۆرە مەڕەی کە لە کوردستان هەیە بە مەڕی کوردی بەناوبانگە، بە پلەی دووەم جۆرێکی دیکە کە بە حەواسی بەناوبانگە، مەڕ لە ناوچەی دەشت و بانەکان بەخێو دەکرێت.

### ٢- بزن:

**بزن لە هەرێمی کوردستان دوو جۆری سەرەکی هەیە، یەکەمیان بزنە مەرەزە جۆری دووەمیان بزنی ئاسیاییە، و لە ناوچە شاخاوییەکاندا پەروەردەدەکرێن.**

### ٣- مانگا:

مانگا سودێکی ئابووری زۆری هەیە، سوود لە شیر و گۆشت و پێستەکەی وەردەگیرێت، وڵاتە پێشکەوتووەکان زۆر بایەخی پێدەدەن، بەڵام لە کوردستاندا تا ئێستا بایەخ پێدانەکەی لە ئاستی پێویستدا نییە، چونکە بە خێوکردن و سوود وەرگرتنی بە رێگای سەرەتاییە و لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێم پەرت و بڵاون، لەم چەند ساڵەی دوایدا نەبێت ژمارەی کێڵگەکانی تایبەت بە پەروەردەکردنیان لە زیادبووندایە.



وێنەی گارانێك

## پەلەوەر:

بە شێوەیەکی گشتی پەلەوەر پێکدێت لە مریشك و قاز و مراوی و عەلەشیش و (قەلەمون)، لەوانەیە لە دێهاتەکاندا هیچ ماڵێك نەبێت ئەگەر جۆرێك یان دوو جۆر یان سێ جۆری پەلەوەری لەم جۆرانە نەبێت، بەڵام مریشك لە هەموویان گرنگترە لە رووی بەشداریکردنی لە چالاکی ئابووری لە بازاڕەکاندا، شایانی باسە گۆشتی مریشك و هێلکەی مریشك داواکاریەکی زۆری لەسەرە لەلایەن دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەگەر چی ژمارەی پرۆژەکانی مریشکی گۆشت گەیشتۆتە (٤٦١) پرۆژە کە ساڵانە نزیکەی (١٨,٥) ملیۆن مریشك بەرهەمدەهێنن، بەڵام برێکی زۆر لە گۆشتی مریشك و هێلکە هاوردەی کوردستان دەکرێ و دەهێندرێنە بازاڕەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و ساغ دەکرێتەوە، هەروەها ژمارەی هێلکە تروکێنەکان لە دەوروبەری (٨ ملیۆن) دایە کە بەرهەمی ساڵانەیان (٢٠) ملیۆن جوجەڵەیە.

**چالاكی:**

بۆ پەرەپێدانی سامانی ئاژەڵ و ڕزگاربوون لە كۆسپ و گرفتەكان، دەكرێت بە گروپ ئەنجامی بدەن:

شێوازی نوێ لە

بەخێوكردنی ئاژەڵ و و

بەكاربهێنرێ

دواتر شیكردنەوە سەبارەت بە هێنانی گۆشتی مریشك و هێلكە لە دەرەوەی هەرێم بكە ن.

**هەڵسەنگاندن:**

١-بەروبومە ڕۆندارەكان بژمێرە؟

٢-كام پارێزگای هەرێم لەڕیزی پێشەوەی ڕووبەری چاندراوی سەوزەیە؟

**چالاكی ماڵەوە:**

قوتابی ئازیز شیكردنەوە و ڕوونكردنەوە بكات بە چەند دێڕێك سەبارەت بە بەروبومە كشتوكاڵییەكان و سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی كوردستان, ئایا بە پێی پێویست گرنگی پێدراوە؟

١- چ دانەوێڵەیەك پێویستی بە دابارینی نێوان لە (٢٥٠ - ٥٠٠) ملم دایە؟

٢- لەبەرچی برنج بە ڕێژەیەكی زۆر لە هەرێمی كوردستان ناچێندرێت؟


٣- چەند جۆرە بەروبوومی ڕۆندار لە هەرێمی كوردستان هەیە؟

## نەخشەی سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان



## وانەی چوارەم/
## سەیران و گەشت و گوزار

سـەیران و گەشـت و گـوزار چالاکییەکـی ئابـووری زۆر گرنگـە، ئـەم گرنگیـەش رۆژ بـە رۆژ لـە گەشـەکردندایە، هـاوکات لەگـەڵ پێشـکەوتنی شارسـتانیەت و ئاسـتی ڕۆشـنبیری و توانـای ئابووریـدا پێشـدەکەوێت.



## بنەما سروشتییەکانی پەیدابوونی گەشتوگوزار

### یەکەم: بەرزی و نزمی

ناوچە شاخاوییەکان توانایەکی گەشتوگوزاری سروشتی زۆر گەورەیان تێدایە، بە هۆی جوانی دیمەنە سروشتییەکان کە کەش و هەوایەکی جێگیر و هێمنانەی هەیە و پڕن لە کانیاو و سەرچاوەی ئاو. بۆنموونە تاڤگەکانی گەلی عەلی بەگ و بێخال لە پارێزگای هەولێر و دەریاچەی دوکان لە پارێزگای سلێمانی و تاڤگەی ئەحمەداوا لە پارێزگای هەڵەبجە و تاڤگەی ئاشاوە و ئانیشکی و سۆلاڤ لە پارێزگای دهۆك، هەروەها ئەشکەوتە دێرینەکانیش دیاردەی سەرنج ڕاکێشن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران، لەم ئەشکەوتانە ئەشکەوتی (قزقاپان، زەرزی، هەزارمێرد، کونەبا لە پارێزگای سلێمانی و شانەدەر و دەرگەڵە لە پارێزگای هەولێر و چوار ستین، هەلامەتا و ئانیشکی لە پارێزگای دهۆك).

### دووەم: دەرامەتی ئاو

بوونی زێیەکانی (خابور، زێی گەورە، زێی بچووك، سیروان) و بەست و بەنداوەکانی سەریان وەك (دوکان و دەربەندیخان و نەینەوا و حەمرین و سماقوڵی و ... هتد) بنەمای گرنگی گەشتیارین لە هەرێمی کوردستان.



ئەشکەوتی شانەدەر

### سێیەم: ئاووهەوا

ئاووهەوای کوردستان بنەمایەکی دیکەی هاندەرە بۆ گەشەکردنی گەشتوگوزار بە درێژایی ساڵ، هاوینان فێنکە بە تایبەتی لە ناوچەی شاخاویەکاندا و ئاسمان هەمیشە ساماڵە و هەواش پاکە لە هەمان کاتدا لە زستان بەفر دەبارێت و دەکرێت وەرزشی خلیسکانی سەربەفر لەم وەرزەدا ئەنجام بدرێت، ئەمەش وایکردووە بە درێژایی هەر چوار وەرزی ساڵ ببێتە ناوچەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ گەشتیاران.

هەروەها هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە ڕووەکی سروشتی، بەتایبەتی بەو دارستانانەی کە لە ناوچە شاخاویەکاندا هەن.

## بنەما مرۆییەکانی
## پەیدابوونی گەشتوگوزار

بنەما مرۆییەکانی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان زۆرن هەندێك لەو بنەمایانە دەخەینە روو:

١- بوونی شوێنەوارە گرنگ و دێرینەکان وەك قەڵای هەولێر و قەڵای کەرکوك و قەڵای شێروانە لە کەلار و چەندین قەڵای بچوکی دیکە، هەروەها ئەشکەوتی شانەدەر کە ئێسك و پروسکی مرۆڤی نیاندارتالی تێدا دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٤٥-٦٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر. هەروەها کۆنترین گوندی کشتوکاڵی (چەرمۆ و بێستانەسوور) و شوێنەواری میرنشینە کوردییەکانی وەك (سۆران و بادینان و بابان و .... هتد) جگە لە هەبوونی کۆنترین شارەکانی کوردستان کە تا ئێستا بە ئاوەدانی ماونەتەوە وەك شاری (هەولێر) کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە.



قەڵای دێرینی کەرکوك

٢-هەبوونی مەزاری ئایینی و گۆڕی پیاو چاکان.

٣- هەبوونی پیشەسازی خۆماڵی و هونەری فۆلکلۆری.

٤-هەبوونی زۆر شوێنی گەشتوگوزاری وەك میوانخانە(هۆتێل)و مۆتێل و گوندی گەشتیاری و چێشتخانە و قاوەخانە و گازینۆی گەشتوگوزاری.

٥- هەبوونی باخچە و پارك و شوێنی گەشتیاری




هاوینە هەواری بێخاڵ



تاقگە و سەیرانگەی ئەحمەداوا

نەخشەی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان



### چالاكی ناوپۆل:

قوتابییـان بەگـروپ بـەراورد بکـەن لەنێـوان بنەمـا سروشـتییەکان ومرۆییەکانـی گەشـتوگوزار و گرنگترینیـان دیاریبکـەن.


### هەڵسەنگاندن:

١-گەشتوگوزار پەیوەندی بەشارستانیەت چییە؟

٢-دەرامەتی ئاوی کاریگەری لەسەر گەشتوگوزار چییە؟

### چالاكی ماڵەوە:

گروپێـك لـە قوتابییـان نەخشـەیەك ئامادەدەكـەن بـۆ ڕوونكردنـەوەی بنەمـا مرۆییەكانـی گەشـتوگوزار و لەپۆلـدا هەڵیدەواسـن.



سەیرانگەی دوکان

## وانەی پێنجەم/

## گواستنەوە و هاتووچۆ

لەم بابەتەدا لەسەر جۆرەکانی ڕێگاو بان دەدوێن، بێگومان ئەمڕۆ یەکێك لەو پێوەرانە کە ڕادەی پێشکەوتنی هەر وڵاتێکی پێ دیاریدەکرێت، چڕی ڕێگاوبانە بە هەموو جۆرەکانیەوە (ئاسمانی، وشکانی، ئاوی ڕووبار و دەریایی)، هەرچەند تۆڕی ڕێگاوبان چڕبێت ئەوەندە دەبێتە نیشانەیەك بۆ پێشکەوتنی وڵات، لەڕاستیدا ڕێگاوبان لە جیهاندا بە شادەماری ژیان لە هەموو ڕوویەکەوە دادەنرێت.



**ڕێگاوبان دابەشدەکرێن بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوە لە هەرێمی کوردستاندا:**

### ١- ڕێگا وشکانییەکان:

ئەم جۆرە ڕێگای قیرتاوکراو و ڕێگای شەمەندەفەر دەگرێتەوە. لە هەرێمی کوردستان تەنها جۆری یەکەم واتە ڕێگای ئوتومبێل هەیە کە (ڕێگا قیرتاوکراوەکان و ڕێگا قیرتاونەکراوەکان) ئەم ڕێگایانە چەند جۆرێکیان هەیە وەك ڕێگا نێودەوڵەتییەکان کە شارەکانی کەرکوك و هەولێر و سلێمانی و دهۆك و نەینەوا بە سنوورە نێو دەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە لەگەڵ ئێران و سوریا و تورکیا و ناوچەی دیکەی عێراق. هەروەها جۆرێکی دیکە لە ڕێگا هەیە کە سەنتەری پارێزگاکان بە سەنتەری قەزاو ناحیەکان دەبەستێتەوە، جۆرێکی دیکەی هەیە قیرتاونەکراوە و بە بەرد داڕێژراوە.

سەبارەت بە هێڵی شەمەندەفەر پێشتر کاتی خۆی زوو هەبوو و شاری هەولێری بە شاری کەرکوك و لەوێشەوە بە شارەکانی دیکەی عێراق دەبەستایەوە.

### ٢- ڕێگا ئاسمانییەکان (هێلە ئاسمانییەکان):

ئەم جۆرە ڕێگایە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) لە هەرێمی کوردستاندا سەری هەڵدا و ئێستا هەردوو فڕۆکەخانەی سلێمانی و هەولێری نێودەوڵەتی ئامادەن بۆ گەشتی ئاسمانی.

سەبارەت بەڕێگای ڕووباری ئەم جۆرە ڕێگایە تا ئێستا هیچ سوودی لێ وەرنەگیراوە لە هەرێمی کوردستاندا سەرەڕای بوونی چەندین ڕووباری گەورەی وەك دیجلەو زێی (خابور و زێی گەورە و زێی بچوك و و سیروان و ... هتد)، بۆیە پێویستە بایەخێکی زۆر گرنگتر بە ڕێگاوبان بە هەموو جۆرەکانی بدرێت بە تایبەتی بۆ مەبەستی سەیران و گەشتوگوزار و دابینکردنی داهات.

**چالاکی ناوپۆل:**

قوتابییان بە گروپ پرسیار ئامادە بکەن و ئاراستەی یەکتر بکەن و شیکردنەوە بۆ بنەما سروشتییەکان بکەن.


**هەڵسەنگاندن:**

قوتابییان لەنێوان ڕێگای وشکانی و ئاسمانی بەراورد دەکەن.

**چالاکی ماڵەوە:**

قوتابی ئازیز لەگەڵ گروپێك لە هاوڕێیەکانت ڕاپۆرتێك سەبارەت بە سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ئامادە بکەن و باس لە گرنگی و چۆنیەتی سوود وەرگرتن و پێشخستنی ئەم بوارە بە پێشنیار و ڕاسپاردەکانتان بکەن.

## نەخشەی ڕێگاو بانەکان لە هەرێمی کوردستان



## سەرچاوەی نەخشەکان

١-ئەتڵەسی (هەرێمی کوردستانی عێراق - عێراق و جیهان) وەزارەتی پەروەردە،
ئامادەکردنی: د.هاشم یاسین حداد و سردار محمد عبدالرحمن.
٢-ئەتڵەسی (هەرێمی کوردستانی عێراق - عێراق و جیهان) وەزارەتی پەروەردە،
ئامادەکردنی: د.هاشم یاسین حداد و سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠٠٩.
٣- ئەتڵەسی مێژووی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان - بەرگی یەکەم - بەشی دووەم
ئامادەکردنی سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠١٢.
٤- ئەتڵەسی سیاسی هەریمی کوردستان - فەرید ئەسەسەرد،
ئامادەکردنی: سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠١٠.
٥- ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر
ئامادەکردن و دانانی: سردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمد امین خۆشناو - ٢٠١٠.


"ئاو
سەرچاوەی
ژیانە."

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

ژمارەی سپاردن ( ٥٥٢ ) ساڵی ٢٠٠٥

تیراژ (          ) دانە

نرخ (          ) دینار

چاپی شانزەهەم    ٢٠٢٢ زایینی    ٢٧٢٢ کوردی    ١٤٤٣ کۆچی